# سندووقی هەزار پیشە

## سندووقی یەکەم

محەمەد فەریق حەسەن

# سندووقی هەزار پیشە

سندووقی یەکەم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر - هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

محەمەد فەریق حەسەن
سندووقی هەزارپیشە – سندووقی یەکەم
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٢٥٠
چاپی یەکەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٨٥ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل. تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەیی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-487-17-1

## پێڕست


پاژی یەکەم: (بەرهەمەکانی خۆم) ........ 7

ڕووبار، شانۆی شیعر ........ 9

سەفەر ژیانە، گەشت ........ 45

ماڵت ئاوا دیاری قەراخی گەورەت کردین ........ 75

کل و کلدان و کولتوور ........ 79

پێکەنین تا سنووری گریان ........ 81

وشەی گۆکراو و وێنەی جووڵاو ........ 90

دە وردیلە چیرۆک ........ 95

پاژی دووەم: (بابەتەیلی وەرگێڕدراو) ........ 103

بەلەمی ئەفسووناوی، لاوشە ........ 105

هەڵبژاردە لە چیرۆکی، زەکەریا تامر ........ 160

مەرگ بەدەم فڕینەوە، چیرۆکی، رشاد أبوشاور ........ 187

ڕاوکار و ماسی، ئەفسانەیەکی ڕووسییە، کاتی خۆی پوشکین... ........ 196

کوردستان ئیسلامییە، نووسینی د. فهمي الشناوي ........ 200

سێ خەون، نووسینی، ئەنتۆنیۆ تابوکی ........ 212

زمانی فیتوو، لە کۆواری ڤۆنئەپەوە ........ 222

پاژی یەکەم

# بەرهەمەکانی خۆم

# ڕووبار

## شانۆی شیعر

ئەم دەقـە، دوای بڵاو بوونەوەی لـە سـاڵـی ١٩٨٠دا، لەلایەن مـحـەمـەدی مـەلا کـەریمەوە کـرا بەعـەرەبی و لە کـۆواری ڕۆژی کـوردسـتـاندا بـڵاو بووەوە. چەندین جـار لەلایەن قـوتابـیـانی ئەکادیمیـای بەغدا و شـانۆکـارانی عـەرەبی عێراقەوە، کـە ناویان نازانم، خراوەتە سـەر شـانۆ. دەیان ئەکتـەری خۆیشـمان کـاریـان تێـدا کـردووە. ئەوەندەی لە یـادم مـابێت و ئاگـەدار بم، لـەلایەن ئەم هونەرمەندانەوە دەرهێنراوە:

١. ئەحمەد سالار (سلێمانی).

٢. زایەر عەبدوڵڵا ڕەش (سلێمانی).

٣. مەجید ساڵح (کەلار).

٤. ئارێز (چەمچەماڵ).

٥. عصـمـان فارس (وەک بەرهـەمی پەیمانگەی هـونەرە جوانەکانی سلێمانی، بەم دەقە بەشداریی لە میهرەجانی شانۆی بەغدادا کرد).

٦. ئیـبـراهیـم دەروێش (لە شـاری کـوێتـەی وڵاتی پاکسـتـان دەری هـێنا. ئەکتـەرەکانیشـی برێتی بوون لە قـوتـابیـانی قـوتابـخـانەی شـەرەفـخـانی بەتلیسی لە هـەمـان شـار. جـێی باسـە کـاتی خـۆی مـانگنامـەی پەیامی لەندەنی، لە یەکێک لە ژمارەکانی خۆیدا، ڕاپۆرتێکی دوو لاپەڕەیی بۆ ئەم نمایشەی شاری کوێتە تەرخان کردبوو.)

حیکایەتخوان:

گەلی دۆست و برادەران
قەدر ئەییامێک لەمەوبەر
لەودەمەدا
بیری ئادەمزاد ساوا بوو
لاوان ئەوسا
مەچەک ئەستوور، دەفەی شان چاڵ
بەڵام هێشتا، فێر نەبووبوون،
کۆڕ و کۆمەڵ یەک بخەن و
بەبیری چاک، نەکەوتبوونە گڕوگاڵ
پادشایەک چون ئەهریمەن فەرمانڕەوا بوو
بەشمشێری ئەو پاشایە،
هێندە گوڵی تەمەنی لاوان وەریبوو
بەزم و شادی، لەو وڵاتە باری کرد و
پێکەنین و زەردەخەنەش
لەسەر لێوان، وێڵ و تەریبوو
هەموو بەیانییەک پاشا،
بۆ سەیری خۆی بۆ تەماشا
دەچووە بەر ئاوێنەیەکی شاهانەی باڵانما
کە ڕووخساری خۆی دەبینی
ئاوێنە ڕاستی لێ دەڵێ و
لە مافی جوانی بێ بەری
هەردوو چاوی دەپەڕینە پشتی سەری!

وەک دڕندەی لێ هاتبوو

چاوسووری خوێن

ڕوو گرژ و مۆن

ئێلچی پاشا

بەدوای حەکیم و دەرمانا

ئەم ولآت چوو، ئەو شار گەڕا

هەتا دار لە دەرمان بڕا

حەکیمێکی هەندەرانی بەپاشای وت:

حەکیم:

هێندە دەستت چووەتە گیانی هاووڵاتی

هێندە سینگیان لێ کوتاوی

چۆنە تاکو ئێستا ماوی؟

پەنا بەخوا لە دیدارت

باوەڕ ناکەم کەس بتوانێ بکا چارت!

حیکایەتخوان:

پاشا تەواو بێقەرار بوو

لە ژیانی خۆی بێزار بوو

بۆیە لە داخ و عەزرەتا

ئەوەندەی دی

دەچوو بەچەقی نەفرەتا

ڕۆژێکیان ڕاوێژکارەکەی

ئەم تەگبیرەی بۆ پاشا کرد:

ڕاوێژکار:

گەورەم پاشا

ڕووت بەتەواوی شێواوە
ڕەنگت لە ڕوو هەڵگیراوە
دەموچاوت پڕە لە لوو
لە چرچ و لۆچ و گەندەموو
بۆیە پاشام، خاوەنی هێز
دەست و پێوەند
لێت کەوتوونەتە قێز و بێز پاشا:
ئادەی ڕاوێژکاری دانا
هانام بۆ هێناوی هانا!
لە تۆ تەگبیر
لە من زێڕ و ئەسپ و خەڵات
لە من موڵک و مووچە و بەرات
بەڵام بەمەرجێ چارم کەی
لەم نەهامەتییەی تێی کەوتووم
ڕزگارم کەی!
ڕاوێژکار:
نە بەتەمای زێڕ و زەمبەر
نە بەهیوای مووچە و بەرات
ئەوەی سەرچاوەی هۆشمە
خۆشەویستیی پادشایە و
دڵسۆزی بۆ گەل و وڵات
با پادشامان پایەدار و سامدار بێ
تەگبیری من یەکاویەک و بێوێنەیە

تەگبیری من، پاشام بەڕاوێژم بکا
نەهێشتن و شکاندنی ئاوێنەیە!
ئاوێنە ڕاستیی ڕووخسارتان دەدرکێنێ
ئاوێنە باس و خواسی زامەکان و
لووەکانی دەموچاوتان
بە گوێی خۆت و بە گوێی خەڵکدا
دەچپێنێ! پاشا:
دەمخۆش دەمخۆش
ڕاوێژکاری بەبیر و هۆش
زۆر لە ڕاستی ترساوم و
ئاوێنەش ڕاستیم لێ دەڵێ!
ئادەی کوڕگەل،
بانگ کەنە گارد و قەرەواش
با بگەڕێن گشت کون و قوژبنی وڵات
هەرچی شووشە و ئاوێنەیە
بیانشکێنن وردوخاش!!

سەرۆکی گارد:

فەرمانی شاهانەی ئێوە لەسەر سەرم
هەرچی ئارەزووی شاهانەی ئێوە هەیە
ئەنجامدانی لە ئەستۆمە و، من نۆکەرم!
ئادەی سەرباز و قەرەواش
بۆ مەنزڵی دوور با سوار بێ
بۆ پایەتەختیش

با پیادە، لە ئێستاوە دەستبەکار بێ
ماڵ بەماڵ دەوار بردەوار
لە گوند و شار
هەرچی شووشە و ئاوێنەی وڵات هەیە
لەتوپەتی کەن وردوخاش!
تەنانەت بووک
بەبێ ئاوێنە بەڕێی کەن
چیم پێ وتن،
بە زیادەوە جێبەجێی کەن!
کۆرس:
( تێکەڵ لە کوڕ و کچ)
ئەگەرچی ئەمڕۆ ئاسمانی وڵات
سەری بەتەمە،
ئەگەرچی ئەمڕۆ ئاھ و هەناسەی
دەروونی خەڵکی بەپێچ و خەمە
ئەو ڕۆژە دادێ، کە تەم بڕەوێ
کاروانی هەتاو
لە دەم کەلەوە
بۆ سڕینەوەی تاریکاییی شەو
بەڕێ بکەوێ!
حیکایەتخوان:
گارد و سەرباز
گوێ بەوتەی شا ئاودراو

وەکو ئامێر قورمیشکراو
دەست لەسەر باڵچوغەی شمشێر
لە دوژمن ترس
بە دۆست و هاووڵاتی فێر
وەک زەردەواڵەی ورووژاو
وەربوونە نێو کۆڵانی شار
وەربوونە نێو هۆبە و هەوار
بۆ پشکنین و چاوڕاو
خۆیان بەهەر ماڵێکدا کرد
بۆ سندووقی بوراق نیشان
بۆ ئاوێنەی باڵانوێن و
بەر و بوخچەی نازەنینان
گەڕان گەڕان
چی ئاوێنەیان بەردەست کەوت
گشتیان شکان!
جارچی بەناو شاران کەوت..

**فەرمانی شاهانە**

(دەهۆڵکوت دەهۆڵ دەکوتێ و جارچی فەرمان دەخوێنێتەوە)

دەهۆڵکوت: دم دم دم
جارچی: فەرمانێکی شاهانە
دەهۆڵکوت: دم دم دم
جارچی: لە دەرباری پاشاوە
بۆ هەرچی ڕۆح لەبەرە

لەسەر ئەم نیشتمانە
دەهۆڵکوت: دم دم دم
جارچی: ناڵێم بۆچی و نەبڵێن بۆ
فەرمانێکە و داومانە
لەمڕۆوە، ئەم وڵاتە
خاوێنە لە ئاوێنە
دەهۆڵکوت: دم دم دم
جارچی: ئەوەی ئاوێنە بکڕێ
دەهۆڵکوت: دم دم دم
جارچی: ئەوەی فرۆشیاری بێ
دەهۆڵکوت: دم دم دم
جارچی: توندترین سزا دەدرێ
لە کونە ڕەش توند دەکرێ
دەهۆڵکوت: دم دم دم
جارچی: ئیمزا؛ پادشای زەمان
کە سێبەری خواوەندە
لەسەر خاکی نیشتمان!
حیکایەتخوان:
ئیتر لەو ڕۆژەوە شوفار
ڕژانە دێ، ڕژانە شار
هەڵیان خست گوێ
هەر چاوێکیان لێ کرد بەچوار
گوێ ڕایەڵ و زگ لەوەڕێن

میر و کەیخودای سەرلەقێن
دڵی پاشایان مەبەست بوو
کەی شادیی خەڵکیان دەربەست بوو؟
ئەوەی لەو حاڵە بێزار بوو
ئەوەی بۆ سازدانی کۆڕێ
وردە وردە دەستبەکار بوو
ئەوە پاڵە و کرێکار بوو..

کۆرس:

(ژمارەی زیاتر دەبێ)
پاشا دزێوە، ڕەنگ و ڕووخساری
ئادەمزادی لە ڕوو بڕاوە،
ئاوێنەش نەبێ، ڕاستیی لێ بڵێ
هەموومان ڕاستی دەبینین بەچاو
بە تەفرەی پاشا ناکەوینە داو!

حیکایەتخوان:

گەلی دۆست و برادەران
دارۆغە شەو
ماڵ بەماڵی شار دەگەڕا
بۆ ئاوێنەی پشتی چرا
ئەو لاوەی بە
ئاوێنەوە بگیرایە
ون دەبوو هەتاهەتایە!
پیرەمێردان پشتگوێیان خست

بەڵام لەنێو دڵدارانداً،
بوو بە بەهاترین دیاری،
کوڕە لاوی سەرکەشی کورد
لە جێ ژواندا
دەیکردە خەڵاتی یاری!

**دیمەنێک لە جێ ژوان**

کات: (دوای تێپەڕینی مانگێک بەسەر فرمانەکەی پاشادا)
شوێن: بن کەپرێک.
ئەکتەرەکان: لاوەند، هێلین
(لاوەند و هێلین دوو دڵدارن. لەبن کەپرێکدا دانیشتوون و گفتوگۆیانە.)

لاوەند: پێ دەچێ، دوودڵ بی، گوڵەکەم
هێلینی ئازیزم، دڵەکەم
هێلین: لاوەند گیان، پێم وایە،
وەسوەسە و دوودڵی، بۆ دڵدار. ڕەوایە!
لاوەند: سوێند بێ بەبالای ئەو، چیایە
سوێند بێ بەهاژەی ئەو، ڕووبارە
هێلینم، جوانترین، دولبەری، دنیایە!
هێلین: ئەو ڕۆژەی، سندووقی، بوراقیان، تێک نام و
بوخچەیان، پشکنی و، شێواندیان،
ژوورەکەم، سەروبن، لەوساوە
وەک هاڕەی، ئاوێنەی، باخەڵم
دڵیشم شکاوە!

وابزانم، ڕوخسارم
وەک جاران، نەماوە!

لاوەند:

گەڵوازەی، باڵندەی، کۆچەری
لە تەشقی، ئاسمان
جیوەی مەل، زریوەی ئەستێران
بڵێسەی، مەشخەڵان
داستانی، دڵبزوێن
گۆرانیی خەمڕەوێن
لارەی گیای، دەم شنەی، بەیانی
هەتاوی، زەردەپەڕ
لزگەی دوڕ،
بۆنمی، بارانی، سەرپەڵە
شۆڕابەی، شۆڕەبی
دەم سروەی، نەرمەبا
بریسکەی، ماسیی دەم، تەنکاوان
ئەستێرە، بەندانی، کاکێشان
گولاڵە و، ڕەنگی وی
بانگخۆشکە و، دەنگی وی
شەکشەکەی، لاوەندی، سوارچاکان
لە تاوی، سەڵەفدا
جریوەی، ئەستێرەی، پرشنگدار
ڕۆشنایی، ئاوێزە

خرمەی پێی، نۆزینی، تاوی غار
سەرلەبەر، بۆ شایی، هێلینم، وا خۆیان
ساز داوە و، گۆڕیوە.
ڕەنگجاڕی، سروشتیان، پۆشیوە!
هێلین: گوتارت، چەند خۆشە
لاوەند گیان، بەڵام من، سەد حەسرەت
ناتوانم جوانیی خۆم، ببینم
بۆیە وا، نتم و، خەمگینم!
لاوەند: (دەست بەگیرفانیدا دەکات و ئاوێنەیەکی بچکۆلە دەردەهێنێ و
پێشکێشی دەکات.)
با بەس بێ، دڵاودڵ
هێلینی، ئازیزم
گەردنت، هەڵێنە
فەرموو ئەم، دیارییەت
پێشکێش بێ، ئەمجا تێر
لە سیمات، بڕوانە و، پرشنگی، ڕووخسارت ببینە!
هێلین: ( بەخۆشییەوە لێی وەردەگرێ)
زۆر سوپاس، لاوەند گیان،
چەند سافە؟ چەند لەبەر، دڵانە؟
ئەگەرچی، زۆر جوانە
بەڵام حەیف، لەمرۆدا
قەدەغە و، تاوانە!
لاوەند: ئاوێنە، بڵێ چێ، کە دەردی،
پاشامان، دژوار و، گرانە؟

بەڵێن بێ، هێلینم، ئەی جوانێ
ئاوێنە، لە قوڵڵەی، قافیش بێ
بۆ خاتری، چاوی تۆ
دەیهێنمە، جێ ژوانێ!
هێلین: (بەشادییەکی زۆرەوە لە ئاوێنەدا سەرنجی خۆی دەدات)
تۆی هێزی، ئەژنۆم و
تۆ تۆوی، چاومی
دەزانم، لاوەندم، بمێنی
چی دڵم، بیخوازێ، لە قوڵڵەی
قافیش بێ، بۆم دێنێ.
لاوەند: بڕوانە، لێوت وەک، گێلاسی، گەییوە
پرچت وەک، بەڕەزە، وەختێ کە، لێی دەدا، نزەبا
بەماهی، زەردەوە.
خەم مەخۆ، ئازیزم، بلەنجی و، بڕەقسێ
با پاشا، بناڵی، بەئاخ و، دەردەوە
ئەمجارە، چوومەوە، کاروانێ
لە چالآنچەقیلە، بۆت دێنم، سوراوێ
لە گوڵی، وەنەوشە، بۆیە بۆ، نینۆک و
لە سورمەی، حیجازێ، کل دێنم، بۆ چاوت
لە زێڕ و، مرواریش، تەوقەیەک
شیاو بێ، بۆ پرچی، شێواوت..
هێلین: دەخوازم، ئەو کاتەی، دەبێتە،
تێکرژان، لە ڕۆژی، دەعوایە

ئەو ڕۆژەی، هەڵدەکا، باهۆز و، دەبێتە، هەرایە
لەسەری، مەیدانا، سەرباشقەی، لاوان بی
بەسواری، شێتاڵ و، بریسکەی، شیرەوە
پێشەنگ و، سەردەستەی، سواران بی..

لاوەند: ئامادەم، هێلینم، قسەی تۆ، لە جێیە
به خۆم و، بە ئەسپ و، شیرەوە
لە ڕۆژی، دەعوادا، سەرم وا، لە ڕێیە!
(هەڵدەسن و پێکەوە سەما دەکەن.)

حیکایەتخوان:
شەوێک لەسەر، پێشنیازی
ڕاوێژکار و
ڕەزامەندیی حرەم سەرا
فیستیڤاڵێک، بۆ پادشای،
زیز و دڵتەنگ، بەرپا کرا..
بوو بە بەزم و شایی لۆغان
لاوژە و شیعری پێدا هەڵدان..

**ئاهەنگێک**

شوێن: هۆڵێک لە کۆشکی پاشا
کات: شەوە
بەشداران:
پاشا
شاژن
ڕاوێژکار

میرغەزەب

فەرمی، شاعیری دەربار

ژمارەیەک سەماکار

ژمارەیەک لێبووک بەجلکی ڕەنگاوڕەنگ و کڵاوی قووچ و ڕووخساری بۆیەکراوەوە.

(پاشا لەسەر کورسییەکی بەرز دانیشتووە و شاژن لە پاڵی. ژمارەیەک گەورە پیاوان لە دەوری. چەند ئافرەتێک بە هاوکاریی موسیک سەما دەکەن.. دوای سەما نۆرەی لێبووک دێ. ئەوان هەندێ جووڵە و بزاقی پێکەنیناوی دەنوێنن تاکو دڵی پاشا خۆش بکەن. بەدەم نواندن و ئاماژەوە، نوکتەوە بەسەرهاتی خۆش دەگێڕنەوە.)

لێبووک (١): هەبوو نەبوو

لێبووک (٢): کەس لە خوا گەورەتر نەبوو

لێبووک (٣): کەس لە قەراڵی مەزنمان سەر و سوورەت جوانتر و بەشان و شکۆتر نەبوو!

سەماکار (١): (بەچپە، بۆ ئەوەی تەنیشتی) ئای لەو درۆیە!

سەماکار (٢): (بەچپە) وسبە، سەرم بەفەتارەت مەدە؛ ئێمە بەزۆر هێنراوین!

لێبووک (١): سەردەمی زوو، جووتیارێک هەبوو کاکلی ناو بوو، خاوەن دەوڵەت بوو

پاشا: ئای قسەی قۆڕ.. جووتیار و دەوڵەت!

شاژن: عەجایەب!

لێبووک (١): پاشامان بەرقەرار بێ، دەوڵەت بەواتای تەرش و تەواڵ، یاخۆ مەڕومالات دێ.

پاشا: دە ئاوا بڵێ، چووزانم! (ئاماژە بۆ لێبووکەکان دەکات تاکو بەردەوام بن)

شاژن: عەجایەب نییە.. دە ئاوا بڵێ، چووزانم!

لێبووک (٢): جا ئەم کاکل ناوە، خاوەن دەوڵەتە، ژنێکی هەبوو، گوڵچینی ناو بوو.

پاشا: جا توخوا گوڵچین ناوە؟

لێبووک (١): پاشا پایەدار بێ، ئەی ناوی چی بوایە باش بوو؟

پاشا: ناوی چی بوایە؟ ناوی چی بوایە؟ لەسەر خەیاڵ نیم. ئا ڕاوێژکار، هەر ئێستا یەک تەغار ناوی ژنانەی خۆشی بۆ بژمێرە؟

ڕاوێژکار: (بیر دەکاتەوە) ئا بیرم کەوتەوە.. بەفراو خان.. سوراحی خان.. سەبیح.. مەلیح.. مەنیجە.. مەلەکە.. فەلەکناز.. قەمەرناز.. هەروا بێتەوە..

شاژن: (بۆ ڕاوێژکار) عەجایەب! ناو هەیە لە ناوی من خۆشتر بێ؟ ئەوە بۆ خستتە دوای دواوە هەی...

ڕاوێژکار: (دەست بەسینگەوە دەگرێ و لەپێشیدا دەچەمێتەوە) بمبوورە خاتوونی یەکەمی وڵات، شاژنە قەمەرناز!

پاشا: (ئاماژەیان پێ دەدا تاکو لە گێڕانەوەدا بەردەوام بن)

لێبووک (٢): ئەم کاکل و گوڵچینە زوو زوو لێیان دەبوو بە مشتومڕ و چەلەحانێ.

لێبووک (٣): ئێوارەیەکیان، لەبەر هەیوان دانیشتبوون، شیویان دەکرد. ئا لەو دەمەدا، لەسەر کێشەیەک زمانیان تێک گیرا.. لەو کاتەشدا ژمارەیەک مانگا، لەپێشی بەرهەیوانەکدا پاڵ کەوتبوون، کاوێژیان دەکرد. لەم قسەیەک و لەو قسەیەک..

لێبووک (١): کاکل گەیشتە تینی و بە گوڵچینی وت: ئاخر هەڵسام بەشاپێک سواری مانگازەردت دەکەم!

لێبووک (٢): گوڵچینیش بەگژ دەمیدا هاتەوە و وتی: ئەیەڕۆ حەدت چییە

سواری مانگازەردم دەکەی؟

پاشا: گوڵچین ناماقووڵیی کرد. ژن بۆی نییە بەگژ دەمی مێردەکەیدا بچێتەوە، پیاو چەتری سەری ژنە!

هەموو: بۆی نییە.. بۆی نییە!

لێبووک (٣): ئیتر کاکلیش کەللەی گەرم بوو، خۆی ڕاپسکان و بۆی هەڵسا!

لێبووک (١): هاوکات گوڵچینیش هەڵسا، تاکو هەڵێ و خۆی لە دەستی ڕزگار کا.

لێبووک (٢): لەم مرخێش مرخێشەدا، مانگازەردیش کە نەختێ لەولاتر پاڵ کەوتبوو کەوتە جووڵەجووڵ و..

لێبووک (١): کاتێ گوڵچین ویستی بازی بەسەردا بدات. ڕێک لەو دەمەدا مانگازەردیش هەڵسایەوە. گوڵچینم گوڵچین کاتێک بە خۆی زانی، ڕێک سواری مانگازەرد بووە!

لێبووکی (٢): کاکلیش بەسینگ دەرپەڕاندنەوە بەگوڵچینی وت: دەبخۆ گۆڕ گیانت بێ. ئاوا سواری مانگازەردت دەکەم!

پاشا: قسەی قۆڕ و بێ واتا! ئادەی میرغەزەب!

میرغەزەب: (شمشێر دەکێشی. لەخرژنی ترسناکی شمشێر، هەموو لایەک ڕادەچەنن) با پاشامان سێبەر و سایەی بەسەر تەواوی وڵاتدا بەرکەماڵ بێ! شمشێرەکەم تازە ساوە، لالا موو دەکا!

لێبووکەکان: (دەترسن و دەلەرزن) خوایە لێمانی لادەی!

پاشا: (ژیوان دەبێتەوە، بۆ میرغەزەب) ئەمجارەیان هیچ! (بۆ لێبووکەکان) ئەمە سەرگورشتەی خەڵکانی ڕەشۆکی بوو. دەبوایە سەربوردەی قەراڵ و پادشایانتان بگێڕایەتەوە!.. ئادەی بزانم؟

(لێبووکەکان دوای نواندنی هەندێ جووڵەی سەرنج ڕاکێش، دەست پێ دەکەنەوە)

لێبـووک (١): هەبوو نەبوو پـادشـایەک هـەبوو، لە نـزیک کۆشکەوە زەوییـەکی بەپیـتـی فـراونـی هـەبوو، پاڵەکـانـی وڵات بە گـەنم بۆیان داچانـدبوو. زەوییەکەی پاشا لارەی ناوبوو.

هـەموو: لارە.

لێبـووک (٢): سـاڵ وشکەسـاڵ و شـیناوەرد لەوەدا بوو لە تینـواندا بەتەواوی وشک بێت و وەرزیش بەهـار بوو.

لێـبـووک (٣): بەئـەمـری خـواوەنـدی تاک و تەنیـا، ڕۆژێکیـان لە پڕ هـێنای. گەواڵـەهـەورێکی ڕەش بەگرمـەگرم بەری ئـاسـمـانـی گـرت و هـات.. هـەر هـات.

لێبووک (١): پاشای وڵات هـەڵی کردە سـەربانی کۆشک. سـەرنجی ئاسـمـانـی دەدا و بەسـێ دەنگان بـانگی پەڵـە هـەورەکـەی دەکـرد و لێکدا لێکدا هـاواری دەکرد: لارە.. خوایە گیان لارە!

هـەموو: لارە.. خوایە گیان لارە!

لێـبـووک (٢): پاشـا مـەبـەسـتی پێ ئەوە بوو: خـوایـە لەسـەر لارە دای ڕێژە باران!

پاشـا: قسـەی قۆڕ، وازانێ نـازانم مـەبەسـتی پاشـا چی بوو. پاشـا لە هـەر کـوێیـەکی ئـەم دنیـایەدا بێت، هـەردەم لە فـەرمـوودە و ئامـاژەی پادشایان تێ دەگات!

لێـبـووک (٣): لەسـەر ڕەزامـەندیی پەروەردگـار، گـەواڵەهـەوری ڕەش هـێنای هێنای، لەسـەر ئـەو هـەمـوو زەویـوزارە تینووەی جـووتیـاراندا، ڕێک لەسەر لارەی پادشا دایدا.. ئەمما چۆن دادانێک؟

هـەموو: ماشـەڵڵا لە قودرەتی خوا!

لێبووک (١): بـەڵام پاشـا، بەم پێشـهـاتە تەواو تێکچـوو. وەختـابوو لە داخـا شێت و شبر بێت!

شاژن: عەجایەب!

هەموو: عەجایەب، عەجایەب!!

لێبووک (٢): چونکە لە بریی باران، تاوە تەرزە بوو..! بەم شێوەیە تاوە تەرزە بەجارێ پەڵە گەنمی پاشای کوتا و تەختی زەویی کرد!

شاژن: نە عەجایەب!

هەموو: نە عەجایەب، نە عەجایەب!

لێبووک (٣): دەمودەست پاشا لەبزی گۆڕی. ئەمجارەیان بە سێ دەنگان لە خوای تاک و تەنیا پاڕایەوە و هاواری کرد: عوموومی.. خوایە گیان عوموومی!

هەموو: عوموومی، خوایە گیان عوموومی!

لێبووک (١): پاشا مەبەستی ئەوە بوو: گشتگیر بێ، واتە بەسەر شیناوەردی هەموو شانشیندا داکاتە تاوە تەرزە!

پاشا: قسەی قۆڕ وازانێ نازانم مەبەستی پاشا چی بوو؟ (ڕوو دەکاتە ڕاوێژکار و دەپرسێ) چۆن پادشایەک بوو؟

ڕاوێژکار: هەتا بڵێی پادشایەکی دادپەروەر بووە! چونکە بە یەک چاو سەیری خۆی و ڕەعییەتی کردووە. بەموو جیاوازیی نێوان خۆی و ئەوانی نەکردووە!

لێبووک (٢): ئێستاش نۆرەی شاعیری دەرباری کۆشکی شاهانە جەنابی فەرمییە.

شاژن: (بۆ پاشا) ئەرێ بەڕاست فەرمی مانای چی؟

پاشا: واتە ئەو بە ڕەسمی شاعیری کۆشکە!

شاژن: عەجایەب!

پاشا: بۆچی عەجایەب؟ چۆن دەبێ پاشا بێ شاعیر بێت؟ ئەی کێ وێنەی جوانیی ئەو، کرداری شاهانەی ئەو پەسند بدات؟ ئەی کێ خەمی لە

دڵ دەرکات؟ ئەی کێ بەنەمری بیهێڵێتەوە؟

شاژن: نە عەجایەب!

نۆکەری پاشا: با جەنابی فەرمی، شاعیری دەربار بفەرمووێ؟

(فەرمی دەردەکەوێ. عەبایەکی مەرەزی شانسورمەی بەشان داداوە. کڵاوێکی قووچی بەگوڵنگەی لەسەر ناوە. بەرەو لای پاشا دێت. کڕنووش دەبات و چەند جارێک هەردوو دەستی ماچ دەکات.) پایەدار بێت پادشای مەزن. بەختیار بێت پادشای وڵات. بەرقەرار بێت سێبەر و سایەی.

سەماکار (٣): (بەچپە بۆ ئەوەی تەنیشتی) بەخوا ماستاوچییە!

سەماکار (٤): (بەچپە) هەر ماستاوچی؟ کاسەلێسیشە! ئێرە شوێنی قسەکردن نییە، دار و دیوار بووە بە شۆفار!

فەرمی: (پاشەوپاش بۆ شوێنی دیاریکراو دەکشێتەوە و تیلماسکە کاغەزێکی درێژ لە باخەڵی دەردێنێ. بەچەند نەرمە کۆکەیەک قوڕگی پاک دەکاتەوە. لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکەیدا ئاماژە بۆ پاشا دەکات):

خاقانی تاقانەی زەمان

پاشای پاشایانی جیهان

هەموو: (تا کۆتایی شیعرەکە دێر بەدێر لە دوای فەرمییەوە بە دڵگەرمییەوە دەیڵێنەوە و دەسرۆکە بادەدەن و شانی لەگەڵدا هەڵدەتەکێنن. پاشایش زەردە دەیگرێ و جاروبار شان هەڵدەتەکێنێ)

فەرمی:

خاوەنی سێبەر و سایە

باڵات چون داری ئاڵایە

مانگ لە عەزرەت هەتاوی ڕووت

شەرمەزار بووە هەڵنایە!
ئەی نامدار و سامدار
قەراڵی بەحەزم و ویقار
هەڕەتی عەدل و سەڵتەنەت
فیدات بێ ئەهلی مەملەکەت!
خۆت سەروەر و تاجی سەری
بۆ دوژمنانی ئەم گەلە
شێری نەڕ و دەردیسەری!
بۆ ڕەعییەتی ڕەش و ڕووت
هەتوانی زام و کەسەری!
شنەبای خاوی سەگرمە
فێنک وەک ئاوی کەوسەری!
دەستی سەوزی بەخشندەیت
دەگاتە زوهرە و مشتەری!
ڕووت هەتاوی بەیانییە
وەختێ دەیدا لە ماهی زەرد
هەر کەس پاشملەتان بڵێ
خوا بۆی بنێرێ دڵەدەرد!
ئەوەی چاوی پێت هەڵنایە
یاڕەبی کوێراییی دایە!
(فەرمی) لە ئاستی عیلمی تۆ
ئاوەزی لارەسەنگ بووە
فریشتەی شیعری نوستووە

قافیەی بەیتی لەنگ بووە...

پاشا: (چەپڵەی بۆ لێ دەدا) فەرمی، ئەوا لە گەنجینەی تایبەتی خۆمانەوە کوپەیەک شەرابی حەوتساڵەم پێشکێش کردی!

سەماکار (٥): (بەچپە بۆ ئەوەی تەنیشتی) ئەی بەدڵە دەردی بێ!

سەماکار (٦): (بەچپە) وەی هەزار جار!

نۆکەری پاشا: با هەر ئێستا، کوپەیەک شەرابی حەوت ساڵە، لە گەنجینەی تایبەتیی پاشای مەزنەوە بێت؟

فەرمی: بەزیاد بێ.. لە پادشای خاوەن شکۆمان هەزار جار بەزیاد بێ.

نۆکەری پاشا: کوپە شەرابەکە تایبەتییەکە گەیشت!

حیکایەتخوان:

رۆژێکی سەرەتای بەهار
پاشا لەگەڵ، گەورە ڕاوچییانی دەربار
چوونە چیا بۆ ڕاووشکار
لە گەڕانەوەدا پاشا
لای دایە سەر، ڕووبارە گەورەی وڵات،
تاکو دەموچاوی بشوات.
کە پاشا لە زین دابەزی و
پێی نایە سەر زیخی کەنار
لە قووڵاییی گۆمەکەدا
وێنەی درێوی خۆی بینی،
هەڵی کردە هات و هاوار!

پاشا:

ئادەی گەورە نێچیرەوانانی وڵات
وەرنە ئێرە

تەماشا کەن چەند ڕووبارێکی بێخێرە!
وەرە ڕاوێژکاری دانا
زاری گوتارم لە تۆیە
ئەم ڕووبارە هەتا بڵێی سەرەڕۆیە
بێرە پێشی سەرۆکی گارد،
ئاگەدار بووی
هەرچی شار و شارۆکەیە
جارچیم بۆ نارد
تەنانەت دێیشم نەبوارد
فەرمانم دا
چی ئاوێنەی وڵات هەیە
وردوخاش کرێن وەکو ئارد
کەچی ئێستا، ئەم ڕووبارە
لە فەرمانی شا یاخییە
بووەتە یەکپارچە ئاوێنە و
لە هەر کوێوە سەرنج دەدەم، خۆم دەبینم
ئا لەم ڕووبارە یاخییە
زۆر بەقینم!
کە سەرنجی ناوی دەدەم
دەری دەخات ڕووخسای پڕ لە برینم..
ئەم ڕووبارەش وەک ئاوێنە
ڕاستیبێژە
داخم ناچێ!

لە ئاستی چارێکی گونجاو
بۆ ئەم ڕووبارە سەرکێشە
دەستەوستان، سەرم گێژە!
ڕاوێژکار:
دەبا پاشام پایەدار بێ
لە دەرد و بەڵا ڕزگار بێ
ئەگەر پاشام مەبەستی بێ
تاج و تەختی بەرقەرار بێ
دەبێ بەسەر، نەک هەر مرۆڤ
سروشتی ئەم وڵاتەشدا
وتەی سوار بێ.
پاشا:
گوفتار شیرین
ڕاوێژکاری پاراو زمان
فەرموو پێشنیازتان چییە؟
بۆ ئەم یاخیبوونەی ڕووبار
لەبەر چی ڕاوێژتان نییە؟
ڕاوێژکار:
ئا ئەم ڕووبارە ڕکۆیە
ئا ئەم ڕووبارە ملهوڕە
ئەوەی کە پێوەی بنازێ
کەف چەڕینە و هاژە و خوڕە
ئەگەر بە بەست یەخسیر کرا

نامێنێ هاژە و قەڵبەزی
نەوی دەبێ سەری بەرزی!

پاشا:

ئەی تۆ، سەرۆک گاردی ئازا
لە تاوانی ئەم یاخیبوونەی ڕووباردا
چیت لا ڕەوایە بۆ سزا؟

سەرۆکی گارد:

بۆ یاخی بوو، گوناهکاران
سزا مەرگە و تیرەباران!

پاشا:

نێچیرەوانانی دەربار
ئێوە چیتان کرد بەبڕیار
بۆ سەرپێچیی چاوەڕواننەکراوی ڕووبار؟

نێچیرەوان (١):

ڕووبار بێ ماسی وەک مردوو وایە
بڕیار بفەرموون
چی ژارەماسیی هەندەران هەیە
بیهێنن بەبار
ڕووبارە گەورە لە سەرچاوەوە
پڕ بکرێ لە ژار
چی زیندەوەر و ماسیی تێدایە
سەر ئاو بکەون وەکو گەڵای دار!
ئەوسا کە ژینی تێدا هەڵگیرا

کەس بێزی نایە پێی بڵێ ڕووبار!
نێچیرەوان (٢):
دای چێنن بەتۆڕ
ئەو باڵندانەی، کە تینووون بۆ ئاو
با ئەو مەلانەیش، دێنە کەناری
بۆ سایە و سێبەر
بۆیان ڕایەڵ کەین
تۆڕی قوڵفەداو!
پاشا:
تەگبیر و ڕاتان بەجێیە
ئا لێرەدا، فەرمان دەدەم
ئەنجوومەنێک پێک بهێنرێ
لە گەورە پیاوانی وڵات
تاکو چی بەباش دەزانێ
لەم ڕووە جێبەجێی کات!
فەرمانی شاهانە:
(دەهۆڵکوت دەهۆڵ دەکوتێ و جاڕچی فەرمان دەخوێنێتەوە.)
دەهۆڵکوت: دم دم دم
جاڕچی: فەرمانێکی شاهانە
دەهۆڵکوت: دم دم دم
جاڕچی: لە دەرباری پاشاوە
بۆ هەرچی ڕۆح لەبەرە
لەسەر ئەم نیشتمانە

دەهۆڵکوت: دم دم دم
جارچی: ناڵێم بۆچی و نە بڵێن بۆ
فەرمانێکە و داومانە
ڕووبارە گەورەی وڵات
لەبەرئەوەی گومڕایە
فەرمانی دەرباری شا
لەلای ئەو بێ بەهایە
بۆیە فەرمانمان داوە
یەخسیری کەین بە بەربەست
تاکو بۆ یاخیبووان
ببێ بەپەند و عیبرەت،
ئیمزا؛ پادشای زەمان
کە سێبەری خواوەندە
لەسەر خاکی نیشتمان!
حیکایەتخوان:
بڕیاری دەربار یاسایە
دواخستنی، تاوانێکی نارەوایە
هەر ئەو ڕۆژە، بۆ پڕۆژەی
بەرزکردنەوەی بەربەستێ
تا بەرەوڕووی
ڕووبارە گەورە بوەستێ
لە کۆشکی شا
ئەنجوومەنێک پێک هێنرا..

سەرۆکی گارد:

بەڵێ منم سەرۆکی گارد
پارێزگاریی ئەم پرۆژەیەم هەڵبژارد..

بازرگان:

منم گەورەی بازرگانەکانی وڵات
بۆ کڕینی ژارەماسی، بڕیارم دا
کاروانی دوور
بەڕێ بکەم بۆ ئەودیو سنوور..

نێچیرەوان:

منیش وەکو ڕاوچیی دەربار
بۆ چنینی تان و پۆی تۆڕ
بۆ هۆنینەوەی قوڵفەداو
دەستەونەزەر
سەر لە پێناو!

میر:

ئێمە کە میر و میرزادەین
ڕێمان دیار و، جێمان دیارە
ڕەنجی ئێمە
بۆ دانینکردنی وەستا و کرێکارە.
بۆ پرۆژەکەش بەگشتی
ئەرکی ئێمە
چاودێرییە و سەرپەرشتی..

ئاغا:

ئێمەی ئاغا و کوێخای گوندان

چووینە ژێر بارێکی گران
ئەرکی هێنانی قسڵ و تەڵەبەردمان
کەوتە سەرشان.
لەبەرئەوەی ئەرکی ئێمە، لە کێش نایە،
بۆیە ناچار دەبین بڵێین:
جووتیار بۆ ڕۆژێکی وایە!

کۆرس:

گەر هەوری چڵکن، بۆ پەندی بسات
نیازی گرتنی هەتاوی بووبێ
ڕەشەبای تووڕەی لێ ڕاپەڕیوە،
گەر شەوی پایز
بەتاریکایی، ئەنگوستەچاوی، خۆیدا نازیبێ
گزنگی هەتاو، بەگژیا چووە و
گیانی چنیوە..
ڕووبارە گەورەش، هەرچەند پایزان
قەوزە لیخنە و، تۆڕی ماسیگر
ڕوویان تەنیبێ
بەتین و تاوی، شەستەباران و
دوای توانەوەی، بەفری سەر چیا
بووژاوەتەوە
نە قەوزە، نە تۆڕ، نە قولاپی تیژ
ئاوەڕۆی خۆیان، پێ نەگۆڕیوە
پاشا دزێوە و، دەردی کارییە

بەڕا و تەگبیری، پیاوانی دەربار
ڕووبارە گەورەی، بۆ نایەتە بار..
ڕووبارە گەورە، دۆستی درەخت و
ڕێبواری ماندوو، کێڵگە و ماسییە
کەنارەکانی، جێ ژوانن لەبۆ
دڵدارانی شار.
چ ڕابەردارە و
چۆن دەبێ پاشا، پڕی کا لە ژار؟
بۆ ئەو مەلانەی، عەزرەتین بۆ ئاو
چۆن دەبێ داکەن، تۆڕی قوڵفەداو؟
ڕووبارە گەورە، سالانی ساڵە
جۆگە و ئاوبارەی، لێ هەڵدەگیرێ و
بەدەربەس نایە
ڕووبارە گەورە،
نرخی مرۆڤی دڵداری لایە
بەفرمانی شا
چۆن زەوت دەکا، لەو دڵدارانە، سێبەر و سایە؟
ئێمە ژیانی، جاویدانیمان، بۆ ڕووبار دەوێ
بۆیە پادشا، هەر هەوڵێ بدا، ڕەنجی بەبایە!
حیکایەتخوان:
گەلی دۆست و برادەران
کاری سەخت و، ئەرکی گران
کەوتە ئەستۆی گەلی هەژار

جووتیار دەستی نەدەچووە کار
چونکە بەچاکی دەیزانی
ئەو پڕۆژەیە سەربگرێ
ئیتر ئاوی ئاواسایی
نەگاتە باخ و بێستانی
گارد و سەرباز
سەرپێچییان، لە هەر کەسێ، ببینیایە
دەیانهێنایە گیروگاز
نێچیرەوان، سەرگەرمی نانەوەی داو بوون
بازرگانان بۆ هێنانی ژارەماسی
چاوەچاو بوون
خەڵکی وڵات، سەر تا بەخوار
لە هۆبە و زۆمی خێڵەوە
تا بەدەربار
دەمەتەقێی ڕۆژانەیان
هاتبووە سەر
باسی یاخیبوونی ڕووبار
ڕۆژێکیان پاشا و ڕاوێژکار
بۆ دیتنی بەربەستەکە
چوونە سەر کار
پاشا هەر گەیشتە ئەوێ
ویستی چاوی
بە بەربەستەکە بکەوێ

کاتێک دیتی، بەست لە چەند لاوە شکاوە
پاشا ڕاسا و چەند هەنگاوێک
لە جێی خۆی کشایە دواوە!

پاشا:

(بە دیمەنی بەربەستی ڕووخاو تووڕە دەبێ)
لەگەڵ تۆمە سەرۆکی گارد
سەرۆکی گارد هەر ئێستاکە
ئەندامانی ئەنجوومەن و
وەستاباشیم بۆ پەیدا کە!

سەرۆکی گارد:

فەرمان فەرمانی پاشایە
فەرمانی پاشام ڕەوایە!

(ئەندامانی ئەنجوومەن، کە ئەرکی ڕاپەڕاندنی بەربەستەکەیان پێ سپێردرابوو، دەگەنە جێ. سڵاو لە پادشای تووڕە دەکەن و هەریەکە پاکانە بۆ خۆی دەکات.)

بازرگان:

کاروانی دوور
کە چووبوو بۆ ژارەماسی
گەڕایەوە ئەمدیو سنوور

نێچیرەوان:

بۆ ژار تێکردنی ڕووبار
هەموو ئامادەین دەست بەکار
بەڵام لافاو لەسەردا دێ و بوار نادا
دەیفڕێنێ سەر بەرەوخوار

بۆ مەسەلەی تۆڕ و پێداو

هەرچی کۆششێکمان دەکرد

بێهوودە بوو

ڕووبار لەگەڵ خۆیدا دەیبرد

وەستاباشی:

پادشای، ڕاوەستاو

باش وەستای، پڕۆژەم

پێم بڵێن، فەرمانتان، بەچییە، ئامادەم!

پاشا:

بڕیار وابوو

ئێستا بەربەست تەواو بووبێ

بێدەنگ بووبێ هاژە و خوڕە

تۆ نازانی چەند دڵم لە ڕووبار پڕە؟

دەبینم بەربەست شکاوە

هاژە و کەفچەڕینی ڕووبار

وەک خۆی ماوە

بۆیە تەواو

قینم لە ئێوە هەڵساوە!

وەستاباشی:

با پاشام، گوێ بگرێ

ڕاوێژم، وەربگرێ،

چی هێزی، دنیایە، بۆ ڕووبار، تەرخان بێ

هێشتا هەر، ناتوانێ و، لە هەقی، ئەو نایە

ڕووبار بە سێڵاوی بارانی بەهاری
ڕووبار بە بەفری قەد نساری
نموونەی، نەمری و، ژیانە
ڕەمزی کۆڵنەدانە!
پادشام، نە تۆڕ و، نە داو و، نە بەستی
ناتوانن، لە ڕووبار
زەوت بکەن، سەربەستی!

حیکایەتخوان:

لەودەمەدا
هەور زگی دادایە سەر لووتکەی چیا
باران دای دا سەربەکڵاوە
بە تافەتاف بەفراو بەرەو داوێن خزا
کارێز و شیو و جۆیبار
سەریان هەڵگرت، سەر بەرەوخوار
بۆ کۆمەککردنی ڕووبار
لەو هەرا و هەنگامەیەدا
گاردێ، یەک بەخۆی بانگی کرد:

گارد:

فریا کەون، خۆ ڕزگار کەن
هورووژمی ڕووبارە گەورە
بە تەواوی
بەستەکەی برد!

ڕاوێژکار:

چەند دژوارە، چەند دژوارە!

وای لەم هەرا و هەنگامەیە و
ئای لەم لافاوە زۆرداره!
هاوار لە خۆم، چ ڕووبارێکی
سەرەڕۆ و چ کەشێکی نالەباره
هەموو لەگەڵ مندا بڵێن
با نغرۆ بێ ئەم ڕووباره!

«خەڵکەکە دەبنە دوو بەش، گارد، نێچیرەوان، بازرگان، لەگەڵ پاشادان و هەنگاو هەنگاو دێنە دواوە.. ئەوی دەمێنێتەوە دەچنە پاڵ کۆرس و هەنگاو هەنگاو دێنە پێشی. هێلین و لاوەند لە ڕیزی پێشەوەی خەڵکەکەدان.»

کۆرس:

درک هەرچەندە وەک نەشتەر تیژ بێ
لە کوێ دەتوانێ بگرێ بەری خۆر
پاشای وڵاتیش مەیلی لەسەر بێ
ڕووبارە گەورە بەند نابێ بەزۆر
ئاوی چۆمەکان بۆ خاوەن شکۆ
قەتیس ناکرێن بە پاڵەپەستۆ
پاشا دزێوە، ڕەنگ و ڕووخساری
ئادەمزادی لە ڕوو بڕاوە
هەر ڕێیەک بگرێ بۆ شاردنەوەی
خەیاڵی خاوە

حیکایەتخوان:

ئێوەم نەمرن،
لەو ڕۆژەوە، بەرەی پاشا

کەوتوونەتە پاشەکشێ
لەو ڕۆژەوە بەرەکەی تر
هەنگاو هەنگاو
دێنە پێشێ
بەقەد گوڵاڵەی لە دەشتان
بەقەد ئەستێرەی لە ئاسمان
بەقەد داری لە دارستان،
سڵاو بێ لە ئێوەی گوێدێر
چەپکێ گوڵ و چەپکێ نێرگز
مەرگتان نەبینم هەرگیزاوهەرگیز.

تێبینی: ئەم دەقە کاریگەریی (دۆتمیری دزێو)ی ک. م. فالۆی لەسەرە.
بڕوانە: مەلی ئاوات، سێ شانۆگەری، وەرگێڕانی، محەمەدفەریق حەسەن، دەزگای ئاراس، ٢٠٠٢.

ئاماژەیەک: لێرەدا دەقەکە دوو دیمەنی نوێی زیاد کردووە: (دیمەنێک لە جێ ژوان و ئاهەنگێک).

# سەفەر ژیانە

ئەم ناونیشانەی سەرەوە قسەی نووسەری دانیمارکی (هانس کریستیان ئەندەرسن ١٨٠٥-١٨٧٥)ە، کە خۆیان کورتیان کردووەتەوە و هەردەم بە شانازییەوە بە (هۆ. سی. ئەنەس) ناوی دێنن. ناوبراو لەوە ناسراوترە من لێرەدا بەخوێنەری بناسێنم. بەرهەمەکانی بۆ پتر لە (٦٠) زمان وەرگێڕدراوە. ئەو نووسەرێک بوو زۆر وازی لە گەشت و گەڕان بوو. لە سالانی (١٨٤٠- ١٨٤١)دا سەفەری ئەستەمبوڵی کردووە، کە ئەوسا پێتەختی دەوڵەتی عوسمانی بوو. پاشان ئیسپانیا گەڕاوە و لەوێوە ڕووی کردووەتە (جبل طارق) و ئەوجا پەڕیوەتەوە بەری ئەفریقیا و لە شاری (تەنجە) ماوەیەک ماوەتەوە، کە خەڵکەکەی تێکەڵ بوون لە مسوڵمان و مووسایی و کەمایەتییەک لە کریستیان. (هۆ سی ئەنەس) زۆر ئەم شارە پەسند دەدات و دەخوازێ ئەگەر تەمەن باقی بێ، جارێکی تر سەری بداتەوە.

وەلێ ئێمە لێرەدا تەنیا باسی سەفەر ناکەین بگرە لەبارەی سەفەرەکانیش دەنووسینەوە. لە دۆخی وەهادا دەکرێ ناوی سەفەرنامەی لێ بنێین. داخۆ ئەو (نامە)یە چییە کە سەفەر لە خۆیدا هەڵی گرتووە؟ سەفەریش بۆ زۆر مەبەست بەڕێ دەخرێت. دەکرێ، بۆ نموونە سەفەری حەج بێ. واتە مەبەستێکی ئۆلیی لەپشتەوە بێت. یان دەشێ سەفەری گەشتوگوزار بێت و خۆمان هەڵمان بژاردبێت.

هەر گەشتێک بگریت، ئەگەرچی لە خۆیدا ئەزموونێکی نوێیە، سەرەڕۆییەکیشە، بەتایبەت ئەگەر بۆ شوێنە بە کێشە و ئاڵۆزەکانی جیهان بێت. وەک ڕۆژنامەنووسان کردوویانە بە پیشە. تاکو لەوێوە هەواڵەکانی

شـەڕ و ملمـلانێیـەکـان بۆ دنیـا بگوێزنەوە. لەوانەیە سـەفـەر بۆ جـێـیـەکی نەگـونجـاو و لە کـاتێکی نەگـونجـاویشـدا بێت. وەلێ ئـەگـەر بەپێی ڕێنوێنییـەکـانی ئـاینی بودا بێت، «ئەوەی دنیـا نـەگـەڕێ بەخـتـیـار نـابێت» گـەشت، کـۆچ، کـۆچەڵکـۆچ، ڕەو، سـەرهەڵگرتن.. هـەریەکـەیان واتای خـۆی هەیە و هەمووشـیان هەر سـەفـەرن. کـۆچ وەک لە کتێبی (تەئریخی جاف)دا هـاتووە، بە لای خێڵی گەڕیاوەوە (یەکسانە بە ئازادی!).

ئەزمـوونی سـەفـەر، بـۆی هـەیە لە بنەڕەتەوە دید و بۆچوونی ڕێبوار لـەمەڕ ئەو وڵاتانەی کە سەردانی دەکات بگۆڕێ. چونکە ئەوی ڕێبوار، یان گەشتیار بەچاوی خـۆی و لە نزیکەوە دیاردەکـان دەبینێ، نەک لە دەسـتی دووەمـەوە و بۆیان گێڕابێتەوە. بیاوانشینەکان کاتێ بە سـەفەر دەچن، بۆ یەکـەم جار و لە نزیکەوە کێوی بڵندی سـەربەتەم و بەفرگرتوو دەبیـنن، بە دیارییەوە ئەوق دەبن و دەحەپەسێن.

«سـەفـەر لە تۆ قـەدەغـەیە/ سـەفـەر بـۆ دێهـات قـەدەغـەیە» «هـامـشـۆکـردن قـەدەغـەیە/یمنـع التـجول» ئەمـانە بڕیاری دەسـەڵاتە لە دوای یەکـەکـانی وڵاتی عێراق بوون، بۆ زۆرینەی هاونیشتمـانیانی خـۆی. ئەوان دەیانویست دەست و پای مـرۆڤی ژێر سـایەی خـۆیـان ببـەستن و لـەنێو چوار دیواری مـاڵەکـەی خۆیدا قەتیسی بکەن. مرۆڤیش لە ئەزەلەوە وەک گیاندارێکی ڕەوتەنی لەسەر ئەم عـەردوبوومە خـولـقاوە، کـەچی ئەوانی فـەرمانڕەوا بە تۆپزی بەسـەر تاکی ئەم وڵاتەیـاندا سـەپاندبوو، لە زێد و شـارەکـەی خـۆی دوور نەکـەوێتـەوە. لە نێوان شـاری سلێمانی و کـەرکووکدا، بۆ پشکنین نزیکەی دە جـار ڕێبواریان دەوەسـتـاند. پرسـیـاری ناسـنامـەیان لێ دەکـرد و لە سـەرومـێـقلی ورد دەبوونەوە. وەک ئـەوەی، تۆی ڕێبـوار دزیت لێ کـردبن، جـەسـتـە و جـانتـای سـەفـەرەکـەتیـان بەوردی دەپشکنی. لە دۆخی وەهـایشـدا مـرۆڤ دەبوو بە کۆتری باڵشکاو.

تۆ چەندیش هەوڵت بدایە، هێشتا گوزەرنامەت (پاسپۆرت) بۆ دەرنەدەهات. ئەو دەفتەرە گچکەیەت لێ دەبووە لۆتۆیەکی چەند ملیۆن دۆلاری و شەوانە خەونت پێوە دەبینی. پێم وایە مرۆڤی بێ پاسپۆرت، مافی هاووڵاتیبوونی لێ زەوت کراوە، کۆت و زنجیر و بەکۆیلە کراوە. چونکە بەسەریدا سەپاوە گردەنشین لە ماڵەکەیدا بکەوێت و چاوەڕوانی دوا سەفەری تەمەن بێت کە دەکاتە مەرگ!.

تۆ بڵێی (مەقامی سەفەر) کە هەوایەکی خەمناکی هەیە و بە دەڤەری سلێمانی تایبەتە، دەرهاویشتەی ئەو بارودۆخە ناجۆرە نەبێت، کە لە مێژوودا بە (سەفەربەر) ناسراوە، کاتێک سوپای عوسمانی هاووڵاتییانی بندەستی خۆی وەک مێگەل بۆ بەرەکانی شەڕ دەدایە بەر و ئیتر نەدەگەڕانەوە؟ کەسوکاریش هەر فریای ئەوە دەکەوتن گۆزەیەک ئاوی بە شوێندا قلێپ بکەنەوە و ئایەتەلکورسیی بەدوادا بنێرن، بەڵکو خوا لەوەی بیپارێزێ. ئەودەمە، لە تافی سەفەردا خوتوورەی خراپ بە دڵیاندا هاتووە. تا ئێستایش وەک لە مەقامی سەفەردا هاتووە، بە خەمباری و بێ هیواییەوە باسی سەفەر دەکرێ، چونکە ئەودەمە ئومێدی گەڕانەوەی خۆشەویستان زۆر کز بووە. وەک دەڵێن (دیدار و ئاخرەت بوون!) بەو هیوایەی، ئەوانی بەئاردی نێو دڕک بوو، لەوە دنیا بەیەکتر شاد و شوکر ببنەوە.

گۆرانی شاعیریش، هەڵوەدای سەفەر بوو. ئەو گەیشتووەتە کەنارەکانی دەریای سپیی ناوەڕاست و سەردەمێک لە (ئێستگەی ڕادیۆی حەیفا) کاری کردووە. لە دوا ساتەکانی تەمەنیدا بۆ چارەسەر، ڕووی لە یەکەتیی سۆڤیەتیش کرد. ئەی ئەوە نییە درێژترین شیعری ئەو «گەشتی قەرەداغ و گەشتی هەورامان»ن. تۆ هەروا لە نێوەرۆکی ئەم دوو شیعرە بڕوانە و بزانە لەو دوو گەشتەدا چ خۆشییەک بە ڕۆحی ڕاڕا و هەڵوەدای ئەو شاعیرە بۆ کەشفکردنی جوانی و نهێنییەکانی سروشت گەیشتووە و چلۆن کارێزی

شیعری بەو سەفەرانە ژیاوەتەوە. سەفەری نالی و حاجییش سەرهەڵگرتنی بێ گەڕانەوە بوون.

لە جیهانی هەقایەتدا سەفەرەکان ئەگەرچی ئەفسانەیین و بۆ جێگەی نادیار و نامەئلووفن، بەڵام پڕن لە ڕووداوی کتوپڕ و ئەفسووناوی. گیانداری خورافییان تێکەڵ دەبێت و ڕووداوی چاوەڕواننەکراویان دێنە ڕێ و کەسانی نوێ دەبنە هاوڕێ و هاوکاریان. خودی سەفەرەکانیش ئەفسانەیی بەڕێوە چوون. گا بەسەر پشتی ئاسکەکێویی شاخدار و گا بەسەر پشتی ئەسپی سپیی چاوکووژەکەییی باڵدارەوە، یاخۆ بەسەر پشتی دێوەوە، کاتێ لە پڕ، لەنێو کوپەیەکدا لە بنکی دەریاوە بە قولاپی ماسیگرێکی هەژاری بێچارەوە دەبێت و سەرئاو دەکەوێ و ئیدی (لە پڕێ ماسیگری کردووە بە کوڕێ). بەرەو دنیایەکی نرتونوێی پەی پێنەبراو فرِاندوویەتی و لە چاوترووکاندنێکدا گەیاندوویەتییە جێی مەبەست. بێ ئەوەی گۆڕانی کەشوهەوا، زمان و کولتوور و داوونەریتەکان هێندەی نووکە دەرزییەک کێشەی بۆ دروست کردبێت. بەرماڵی، یان قاڵیچەی فڕیویش سەفەرە دوورەکانی نزیک کردووەتەوە.

زۆرجار، سەفەر بۆ وڵاتێک یان شارێکی ئەفسانەییە و کەوتووەتە بنکی دەریاوە، بێ ئەوەی هەناسەدان لەنێو قووڵاییی دەریادا، بۆ قارەمانانی ئەو ئەفسانەیە بووبێت بە ئاستەنگ. ئیدی ئێمەی گوێدێر یان خوێنەری ئەفسانەی گۆرینیش هەستمان ڕاگرتووە و بەسەر باڵی خەیاڵەوە، کەوتووینەتە تەک قارەمانی ئەم ئەفسانانە و چێژی زۆریشمان لەم سەفەرانە وەرگرتووە.

## سەفەرەکەی گلگامێش

گلگامێش، یەکێکە لە هەرە کۆنترین داستانە ئەفسانەییەکان لەنێو کەلەپووری مرۆڤایەتیدا. لەسەر تاتی قوڕین بە پیتی بزماری هەڵکۆڵراوە،

یان نووسـراوە. گلگامـێش خـۆی سێ بەشی لـە خـواوەندە و بەشـێکی لە مرۆڤـە. کاتێ بـەبەرچاویەوە (ئەنکیدۆ)ی برادەری دەمرێ، ئیـدی ئەو بەرگی پادشـاهی فـڕێ دەدات و کـەوڵی گـیانـداران دەپۆشـێت و بەشـوێن نەمـریدا سـەفـەری دوور و درێژی ڕێی هات و نەهات دەگـرێتـە بەر. ئەگـەرچی بەهۆی (ئۆتۆناپشتم)ەوە، لە بنکی دەریادا گیـای نەمری دەدۆزێتـەوە. ئەو گیـایەی، هەر کـەسێک لێی بخـوات جوان دەبێتـەوە.. بەڵام کاتێک لە ڕووبارێکدا مـەلە دەکات، مـار فرسـەتی لێ دێنێت و گیـایەکەی لێ دەدزێ. ئیـدی گلگامـێش نکونائومـێد دەگەڕێتـەوە (ئۆرۆک)ی پایەتەخت. کـەواتە یەکـەمین سـەفـەری ئەفسانەیی، بۆ بەدەستهێنانی نەمری بووە.

لە ڕووی ناچارییەوە، کەسـانی ڕووناکـبیـر، سـەرکـردە و پەیامبـەرانیش کۆچیان هاتووەتە بەر و ملی ڕێی غـەریبییـان گرتووە. ئەوانە خـاوەنی پەیام، هزر و زانسـتـیـیـەکی وەها بـوون، پێش سـەردەمـەکـەی خـۆیان کـەوتوون و بەدحاڵیبوونی کوشندە لە نێوان ئەوان و هاووڵاتییاندا، یان لە نێوان ئەوان و فـەرمـانڕەوای سـەردەمـەکـەیاندا چێ بـووە. ئەوانە، ئەو زانا و نووسـەر و پەیامبـەرانە بوون، کـە وەک پێـویست لە زێدی خـۆیان ڕێز لێنراو و گـوێ لێگیـراو نەبـوون. بۆیە بەناچاری سـەری خـۆیان هەڵگرتـووە و دوور لە وڵاتی خۆیان هونەر و توانای خۆیان سەلماندووە، بەو ئومێدەی لە دواڕۆژدا بەسەر فەرشـی سووردا بگەڕێنەوە زێدی خۆیان.

زۆر سەفەریش هەیە بە نیازی پەڕینەوەیە لە ئاشووب و سەرکوت و مەرگی لەسـەرخـۆی ڕۆهـەڵات. پەڕینەوەیە بۆ بـەری ئەوبەر، کـە لەوێ ژیان بەهەمـوو واتاکانیـەوە ئامـادەیە. یان سـەفەر برێتـییـە لە کۆچکردن بەشوێن زانست و زانیـاریدا.. جـاری وایش هەیە کـۆچ لە خـۆیدا بـە سـەبارەتی ڕاونانی تاکـەکـانەوەیە لەسـەر پرسی ئەوێتی (ناسنامـە).. ئیـتـر تاک لەوبەر، لە تاراوگە، لە سنووری گیتـۆیەکدا، بەو نیـازەی لەنگەری ئەوێتیی شێوێندراوی

خۆی بگرێتەوە و خۆی و نەوەکانی لە مەترسیی دێوانگۆڕی (مسخ) نەتەوە، یان ئاینی زاڵ بپارێزێ، سەری خۆی کز دەکات.

کاتێکیش تاکەکانی سەر بە کەمینە ئیتنییەکان لەبن پاڵەپەستۆی زۆرینەی سەردەستدا هەراسان دەبن. ئیدی لە وڵاتانی پاشکەوتوو لە هەموو ڕوویەکەوە، بەرەو جیهانی پێشکەوتوو، دیسان لە هەموو ڕوویەکەوە ناچار بەکۆچ دەبن. سا بەڵکو لەوێندەرێ، لەو ترس و ڕاڕاییەی، کە هەراسانی کردوون و ناخیانی وێران کردووە ڕزگاریان ببێت و لەوێ یەکچاو و یەکدڵ ببنەوە و بەئارامی ژیان بەسەربەرن.. وەلێ ئەمجارەیان لەوێ، بە حوسن و ڕەزای خۆیان دەبنە خاوەنی ئەوێتیی دووەم. واتە دەبن بەخاوەنی جووت ئەوێتی. کۆنەکە و ئەوێتی وڵاتی خانەخوێ.

لە سەردەمی فەرمانڕەواییی بەعسدا، سەفەر لە هاووڵاتی چووبووە کۆڵی شێر. بەعس تاکەکانی بن سێبەری خۆی وەک کۆتر باڵ کردبوو، سەفەری لێ قەدەغە کردبوون، تاکو نهێنییەکانی نێو ئەو دۆزەخەی وا نێڵەنێڵ دەسووتا و تێیدا دەژیان لەگەڵ خۆیاندا نەبەنە دەرێ. یان نەبادا بەخەیاڵیاندا بێت، جارێکی تر سەر بەو دۆزەخەدا نەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا خەڵکانێک هەبوون، ژیانی خۆیان لە گریو سەفەردا دادەنا. نەشارەزا دەکەوتنە نێو سنووره مینڕێژکراوەکانەوە و خۆیان دەدایە دەست قەدەر، بەو ئاواتەی، بە دنیای ئازاد شاد بن و جیهان کەشف بکەن.. سەفەری تاکی ڕۆهەڵاتی بۆ ڕۆئاوا، بەو نیازەیە، لە دوورەوە، بەڵام ڕوونتر و بەرجەستەتر کاولە نیشتمانی خۆی ببینێ. دواتر لە دەرفەتێکی گونجاودا بە توێشووی پڕەوە بگەڕێتەوە.

لە تافی منداڵیمدا لە (قوتابخانەی قەرەداغی سەرەتاییی کشتوکاڵی کوڕان) لە شارەدێی قەرەداغ، یەک لەباری ئێمەی منداڵ، سەیرانی بەهاران بۆ سەر (چەمی دێوانە)، یەکەم ئەزموونی سەفەر بوو. بەڵام ئەوە تەنیا

سـەیرانێک بـوو، بە پێـیـان دەچووین. تا دەمـەوئـێـوارە لە گـوێ ئەم چەمـە دەماینەوە، کە لە هەڕەتی خۆیدا بوو، تافی دەهات.

کـاتـێ مـامـۆسـتـا یەکـەم سـەفـەری (لە قـەرەداخـەوە بۆ سلێـمـانی) بە ئۆتۆمـۆبێل پێ لەبەر کردین من هێشتا (سلێمانی)م نەدیبوو. ئیتر سەفەر لەبەرکردن لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا بە ئۆتۆمۆبێل، ئەوجا لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا بە شـەمـەندەفـەر دەست پێ کرد.. بەوێنەی تووتی ناوی دەیان شـار و شـارەدێ و وێستگەی قـەتارم لـەبەر بوو، بێ ئەوەی بۆ تەنیا سـاتێکیش هیچ کامێکیانم ببینیبێ؛ یان شەمەندەفەرم بینیبێت. گوایە بەخێرێ ئەم سەفەرانە وانەی (جوگرافیا) بوو. کەچی سمێڵم لێ ڕوا و بوویشم بەپیاو، هێشتا هەر ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆم نەلوا، هێڵە سوورەکانی نەخشەی وڵاتی عێراق ببەزێنم.

تا لە (نیـسـانی ١٩٩١) ڕێژیمی بەعس، نزیکەی هەمـوو کـوردی باشـووری کـوردسـتـانی ناچار بە ڕەو کـرد. بەڵام چلۆن ڕەوێک؟ کـەسـێـک ئومـێـدی گـەڕانەوەی لە خـەیاڵیـشـدا نـەمـابـوو. بەندەیش بە خـۆم و ژن و منداڵەوە لە خێوەتگەیەکدا بەناوی (خێوەتگەی دووەمی ئیمام خومەینی) لە دەم ڕێگەی (بانە سـەقـز)، لەبن چادرێکی سـپیی گـچکەدا، کە لـەنێـو قـوڕ و چڵـپـاودا هەڵدرابوو خۆمان دۆزییەوە. ئەم کۆچڕەوەیان سێ چوار مانگێکی خایاند.

زۆرێکیش لەوانەی هەڵوەدای سـەفـەرن، کـەسـانی مـاندووی جـەسـتـە و مـێـشـکن. خـەڵکی شـارە جـەنجـاڵە بە نرکـە و ناڵە و ژاوەژاوەکـانـن. ئەو شارانەی فرە ئۆل و فرە کەمایەتین و شـەو و ڕۆژیان چوونیەکە. ئەوانە ساڵ دوازدەی مـانـگ بە دوای ژیاندا دەڕەتێن و ڕادەکـەن. بۆیـە ئەوان لـەدووی دەروویەک دەگەڕێن تاکو ئاهێکیان تێ برژێ. بەتایبـەتی لە پشووی هاوینەی خۆیاندا، گـەرەکیانە برێک خـۆیان تـازە بکەنەوە و گـوڕێکیـان تـێ بڕژێتـەوە. ئەوان ڕوو لەو شـوێنانـە دەکـەن کـە هێـمنن؛ کـەشـوهـەوایان برێک گـەرمـە و سروشتی ڕازاوەیان هـەیە، تاکو لەوێنـدەرێ قەرەبووی سـاڵێک ڕەتاندنی نێـو

هارەهارِی مـەكـینـە و ژاوەژاوی شـەقـام بكەنەوە. لەوێ لـەنێـو لمی كـەناری دەریادا پشـوویەک بدەن و یـەكتـەختـە لێی ڕاكـشـێن و بەشی سـاڵێک (دی ڤیتامین) لەبن پێستیاندا ئەمبار كەن. مەلە بكەن و وێنـەی یادگاری بگرن و دنیای بەرین ببینن.

## گەشت و ڕووداوێكی شەماوەر

قـوتابیی قـۆناغی سـەرەتایی بووم. هـاوینێک لەگـەڵ بـاوكـمدا بـە پێـیـان لە شـارەدێی قـەرەداغـەوە بۆ (قـازانقـایە)ی زێدی هـەردووكمـان چووینەوە. وەلێ ڕێ ئەوەندە هەوراز و نشێوی تێ كـەوت من بەتەواوی شەكەت بووبووم. لەوێ هـەر ئێـوارەی لێ هـات تلیسـامـەوە و خـەوم لێ كـەوت.. لەوێ شـەوانە گـوێم لە لوورەی گورگ و باقـەی چەقەڵ و ورِەورِی ڕەوینەوەی شـەوانـەی مێگەلی دێ و تەقەی گورگرِەوێن دەبوو.

سـەفەر شكاندنی ڕۆتینی وشكی ژیانە كە سـاڵانێكە خدەمان پێوە گرتووە. تۆ ئـەگـەر بـۆ وڵاتێكی بیـانی سـەفـەر بكەی، ئەوا یەكـەم كـۆسـپـێک كـە بەرەورووت دەبێـتـەوە، زمـانە. زۆرێک لـە ئەوروپاییـیـەكـان زمـانـی ئینگلیـزی دەزانن، كـــە دەكـــرێ بڵـــێین، بووەتـە زمـــانـێكی ناوكـــۆیی بـۆ تێـگەیشتن. زۆرێكیشیان بەر لەوەی سەفەر بكەن خـولێكی تایبەت بۆ فێربوونی شتێک لە زمـانـی ئەو وڵاتـە دەبینن، كـە سـەفـەری بۆ دەكـەن. لای ئـەوان بۆ فـێـربوون، تەمـەن كێشـەیەک نییـە، ئاساییـە ئەگـەر حـەفتـا سـاڵییەک لە خـولی زمـانی ئیـتـاڵیـاییـدا لەسـەر مـێزێک، لە پاڵ لاوێكدا دانیـشـتبێت. ڕێژەیەكی زۆری ئەوانەی وا هـەمـوو وەرزێكی سـاڵ سـەفـەر دەكـەن خـانـەنشـینەكـانن، چونكە ئەوان چیی تر وابەستەی كـار و فـرمـان نین. بۆیە ئەو كـاتانە هەڵدەبژێرن كـە بلیتی فرِۆكە هەرزانە. واتە مەرج نییە ئەوان هـەر لە هاویندا سەفەر بكەن.

زمانی جـەستەش بۆ خۆی زۆر گرینگە، كاتێک جووڵەی دەستـەكانت دەبنە وشە و ڕستە. زمانی جـەستە جیهانییە و گەلێک جاران لە سەفـەردا فریات

دەکەوێ. زمانی جەستە لەنێو توخمی مرۆڤدا هاوبەشە. ڕەنگە ئەکتەرەکانی شانۆ و سینەما لەم ڕووەوە بەختەوەر بن، کاتێ زمانی وڵاتی خانەخوێ نازانن و سەفەریشی بۆ دەکەن.

لە تافی سەفەردا، هەندێک هەستی وورووژاوی ناخ هەیە مرۆڤ ناتوانێ هەروا بە ئاسانی بیانخانە نێو چوارچێوەی ڕستەوە. سەیرە، زمان بۆ نووسەر وەک هەویرە. دەتوانێ چ شکڵێکی بوێ لێی دروست بکات. بەڵام سەبارەت بەو هەستە وورووژاوانەی لە سەفەری جێیە غەریبەکاندا چێ دەبن، بەئاسانی بە وشە گوزارشتیان لێ ناکرێت.

لە سەمتی سەفەردا تووشت بە تووشی دەیان کەسەوە دەبێ، کە لەبنی دنیاوە هاتوون. ئەگەرچی وەک ئینسانی سەر بە دوو نەتەوەی بەیەک نامۆن، بەڵام لە هەناسەیەکدا شوورە و پەردە دەروونییەکانی نێوانتان، هەرەس دێنن و دەتوێنەوە. تۆ دەشێ بە زمانی ناوکۆیی لەگەڵیاندا بکەویتە گفتوگۆ و پێکەوە بخۆنەوە و دانسیش بکەن. لە سەفەردا، جیاوازیی ڕەگەز، ڕەنگ و ئۆل نابنە لەمپەر. لە تافی سەفەردا هەموومان بە ڕاستی ئینسانین. لە دۆخی وەهادا مرۆڤ لە ناخەوە هەست بە بەختیارییەکی لە ڕادەبەدەر دەکات و بە درێژاییی ئەو ساڵە چەندیش ماندوو بووبێت و چرووسابێ، هەموویت لە بیر دەچێتەوە. دەبێتەوە بەمرۆڤێکی فریسک و بێخەم. بە وزە و تەحەمول و بزەی سەرلێو و سادەیی بارگاوی دەبێتەوە.

دەسا تەمەنی مرۆڤیش لە خۆیدا سەفەرێکە. هەیە لەو سەفەرەدا خێر دێتە ڕێی، هەیشە دڕکوداڵ و کۆسپ. یان هەر بەجارێ ڕێ وێڵ دەکات، وەک گۆران لە شیعری (بۆ هیوای کوڕم)دا دەڵێ:

هەیە وەک من بەسەر دڕکا ئەنێ هەنگاوی کوێرانە
هەیە هی وایش کە فەرشی ژێرپێی ئاوریشمی گوڵزارە

هەر جارێک باسی سەفەر و گەشتوگوزار دێتە پێشی، من بەسەرهاتێکی

شـەرمـاوەرم بیـر دەکـەوێتـەوە. بەتایبـەت ئێـسـتـا کـە بۆ خـۆم جـاروبارە سـەرهەڵدەگرم و سـەفـەری دوور دەکـەم. لە نزیکەوە ئەو وڵاتانە دەبینم، کـە لەمـێژە لێ ڕاهـاتوون مـیـوان و گـەڕیدە ڕوویان تێ بکات. ئاگـام لێیـە چەند بەتەنگ مـیوانەوەن و چلۆن دڵیان ڕادەگرن. ئەوان لە خـەڵکانی شـوێنانی تر، کە شـوێنـی گـەشـتـیاری نین و سـەفـەریان بۆ ناکرێ، گـەلێک ڕووخـۆشـتـر و کــراوەترن. گــیــانی یارمــەتیــیــان بەرانبــەر بە نەناس پتــر تێــدایە. کـۆمـەڵایەتیـتـریش. بێ ئەوەی مـێژوویەکی هـاوبەشت لەگـەڵیـاندا هـەبووبێ، دەسـتپـێشـخـەری دەکەن و لەگـەڵتدا دەکـەونە قسـە، گـەلێ جـاران بێ ئەوەی لێیشـان تێ بگەیت، تۆیش بەدەمیانەوە دەخنێیتەوە و سـەری ڕەزامەندییان بۆ دەلەقــێنی. وەلـێ ئەگــەر پرســیــاریان لێ کــردی، ئەوا بە ئینگلیــزییــەکی تێکشکاو، بە داوای لێبووردنەوە پێیان دەڵێی، ببوورە بەڕێز، من گەشـتیارم، یان بمبـوورە لێت حـاڵی نابم. وەلێ ئەوان ڕێزت لێ دەنێن و ڕێزگـرتنی بیـانی لای ئەوان بووە بە بەشـێک لە کولتووریان. چونکە ئەو گەشـتیـارانە بەنیـازی گـەڕان و لـەبەر خـاتری جـوانی و هەوای خـۆش و مـیـواندۆسـتـییـەکـەی، ئەو وڵاتەیان هـەڵبژاردووە و خێریشیان بۆ هێناون.

ئەمــەی وا لێـرەدا دەیگێـڕمــەوە و لە خـۆمـان ڕووی داوە، بەو واتایە نیـیـە گوایە خـەڵکی هـەڵەبجە میـواندۆست نین. گرینگ ئەوە، ئەمەی دەیگێڕمەوە، لە شـارێکی زێدە ئازیزی کـوردسـتـان ڕووی داوە. شـیـمـانە هـەیە لە شـاری تری کوردستانیش شتی وا ڕووی دابێت، بەتایبەت ئەودەمە هۆشیاریی خـەڵک لەم ئاسـتــەی ئێـسـتــادا نەبوو. وەلـێ من، کـە لەو دەمــەدا لەوێ ژیاوم، ئەمــەیانم بەچاوی خـۆم دیوە، بۆیە لێـرەدا وەک نموونـە دەیگێـڕمـەوە. دڵنیـابـە لە هـەر شارێکی تریشم دیتبا هـەر وەک خۆی دەمگێڕایەوە.

هـاوینە ڕۆژێکـی پەنجـایەکـانی سـەدەی ڕابردوو بوو. ئەو دەمـە هـەڵەبجـە لە هـەرەتی جـوانیی خـۆیدا بوو. لە پڕ لـەبەر دەروازەی مـزگـەوتی پاشـادا، سێ

گەشتیاری بیانی دەرکەوتن. لەو گوزەرەدا هەندێ دوکانی پەڕپووت هەبوون لە بابەتی دارتاشی، ئاسنگەری و بەقاڵی وشکە. وەلێ بەهەموویان بایی دووسەد دیناری ئەو حەلە کەلوپەلیان تێدا نەبوو. ئەوەی لەوێدا سەرنجکێش بووبێت، دوکاندارێک بوو بەناوی (قەتە چەتە). من نازانم (قەتە) کورتکراو، یان سووکەڵەناوی، چ ناوێکە، وەلێ هەمووومان واتای (چەتە) دەزانین. دەیانوت ئەم قەتە چەتەیە، ژنێکی زێدە ئازا بووە و سەردەمانێک لە حکوومەتی پاشایەتیی ئێران یاخی بووە. دواترێ دەستبەرداری ژیانی چۆڵ و هەرد بووە. چەکی داناوە و لە هەڵەبجە گیرساوەتەوە. قەتە چەتە هەموو کات جلکی پیاوانەی دەپۆشی. تەنکە موو لە ڕووی ڕوابوو. تەمەنیم بە سەروو چل ساڵ مەزندە دەکرد. لە پاڵ دەرگەی مزگەوتی پاشادا دوکانێکی پەڕپووتی بەقاڵیی هەبوو. لەو ڕۆژگارەدا، ژنێک دوکانداریی بکردایە، نیشانەی ئەوە بوو، کە ئەو سەربەستە و چاو لە دەستی باوک و برا و مێرد نییە. تۆ هەروا بیهێنە پێش چاوی خۆت. لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا ژنێک بە بەرگی پیاوانەوە دوکاندار بووبێت! ئەم دیاردەیە، بۆ ئەو سەردەمە زۆر بوو. ئاسمان کۆڵەکەی دەویست.

سێ گەڕیدەکە دوو کوڕەلاوی تا دەست هەڵبڕی کەڵەگەتی پرچ زەرد و چاوشین بوون. کیژێکی هاوتەمەنی خۆیان لە تەکدا بوو، وەک مانگ دەدرەوشا. لەو گوزەرەدا خاویان کردەوە و لە دەوروبەری خۆیان ڕادەمان، بەتایبەت لە قەتە چەتە.. وەلێ ئەوەندەم زانی منداڵە ورتکە تێیان مرووکان. وەک لە پڕ ڕەوەیەک بەرازیان لەنێو شاردا بینیبێت حەپەسابوون. نەخێر دیتم وا تەماتەیان تێ دەگرن. تا دەهات ئاپۆڕای مێرمنداڵانیش زیادی دەکرد. تەماتەبارانیش بە چڕی بەردەوام بوو. نەمزانی ئەوانە چلۆن پڕکێشیی ئەم کارەیان کرد؟ پێدەچوو هان درابن. جێی وتنە کچەکە قۆڵی ڕووت بوو، تەنوورەی لەبەردا بوو!

له حەشمەتدا، لەلای خۆمەوە وەک مێرمنداڵێک، وەختابوو ببم بە دڵۆپە ئاوێک و بەزەویدا ڕۆبچم. داخ لەوەدا بوو، نە کەسێک بەو مندااڵنەدا هەڵشاخا و نە پۆلیسێک لەو ناوەدا ئامادە بوو تا دووریان بخاتەوە. گەڕیدەکانیش تۆزقاڵێک، لێڵ نەبوون. وەک نە بایان دیبێ و نە باران. بەبن تەماتەی تەرزەکوت داباریودا خامۆش ڕێیان دەکرد. نە لێیان هەڵگەڕانەوە و نە قسەیان پێ وتن و نە بێزاریشیان دەربڕی. ئەوەندە هەبوو لە ڕوویاندا تووڕەیی دەخوێندرایەوە. داخۆ ئەو گەشتیارانە، ئەگەر ڕۆژنامەنووس، یان نووسەر بووبێتن، چلۆن وێنەی ئێمەی کوردیان کێشابێ؟

کەشوهەوای سەفەر و سەرڕۆیی

هەرکە بەنیازی سەفەر، هەنگاومان هەڵهێنایەوە و بڕێک لە ماڵەکانی خۆمان دوور کەوتینەوە، ئیدی هەستێکی نوێی شاد تێمان دەئاڵێت و ئەم هەستە سەر بەدوا خانەکانی لەشماندا دەکات. وا هەست دەکەین ئیتر لە کۆت و بەندی کولتوور و داوونەریتە کۆن و سواوە ناجۆرەکان، کە ساڵانێکە لە گەردنمان، لە دەست و پامان ئاڵاوە و بێ بەزەییانە دەمانچرووسێنێ، ڕزگارمان بووە. لەوێ، لەو جێیە نوێیەی وا بە شادییەوە سەفەری بۆ دەکەین ئازادانە، بێ پەردە و لەمپەری دەروونی، لەگەڵ ئەوانی تردا، کە سەر بەگەلێکی ترن و بە زمانێکی تر دەدوێن، پێشینە و مێژووی هاوبەش و سەروساختیمان لەگەڵیاندا نەبووە، دەکەوینە مامەڵە و دەمەتەقێ.

مرۆڤی ڕۆهەڵاتی، لە کەشی وەهادا دەبێتە خاوەنی جۆرە جورئەتێکی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیی ئەوتۆ کە پێشتر لە وڵاتی خۆیدا بەخۆیەوە نەیبینیوە. بۆیە هەست بەخۆشییەکی لە ڕادەبەدەر دەکات، کاتێ دەبینێت لە پڕێکدا جووتێک باڵی لێ ڕواوە و لە زۆرێک لە کۆت و بەندەکانی کولتوور، کە نابەدڵ، بە تۆپزی و لە ترسی چاوەیلی زیتی خێڵ پەیڕەوی کردوون دەربازی بووە. چیی تر (عەیبە حەیامان چوو) بەسەر زاریدا نایەت.. (ت. س. ئەلیوت)

دەڵێت: «سەفەر بکەن.. برۆن ئەی گەشتیارەکان.. ئێوە ئێستا هەمان ئەو کەسانەی دەستپێکی گەشتەکە نین.»

تەواوی ئەو کۆت و بەندە بەناو ئەخلاقییانەی، کە کەس پێ نازانێ لە کەیەکەوە هەن و نابەدڵ پەیڕەویان دەکەین، لە هەناسەیەکدا دەبن بە وەهم و نامێنن. لە ڕاستیشدا، تەواوی ئەو (دەبێ و نابێ)یانە دوور بوون لە واتای ئەخلاق و مۆراڵی ڕاستینەوە. بگرە ئەوانە تەنیا شتگەلێک بوون خوومان پێوە گرتبوون. باشە ئەگەر گەرمای هاوین، زۆرت بۆ بهێنێت و پانتۆڵی کورت لە پێ بکەیت، ئەمە چ بێ مۆراڵییەکی تێدایە؟ یان ئەگەر بۆ پاراستنی چاوەکانت چاویلکەی دژە خۆر لە چاو بکەیت، بۆچی بە بەدڕەوشتی بۆت حساب بکرێت؟ لە ڕاستیدا ئەم لەمپەرانە نە ڕەوشت بەرزین و نە مۆراڵپارێزی، بگرە وەهمن و داتاشراوی هۆشیاریی خێڵ و کۆمەڵگەی دواکەوتوون. هەر ئاکارێک لە زبریی نێرینە کەم بکاتەوە، خێڵ بە عەیب و شوورەیی لەسەر تاکەکانی خۆی حیسابی دەکات.

لە کولتووری گەشتکردنەوە، جۆرە ئەدەبیاتێک هاتووەتە ئاراوە، لە ڕۆئاوادا گرینگیی پێ دەدرێ و دەخوێندرێتەوە. کاتی خۆی پادشاکانی ئەورووپا بودجەیان بۆ گەلێک لە ڕووناکبیرانی لای خۆیان دەستەبەر کردووە و بە گەشت بەرەو ڕۆهەڵاتیان ناردوون. ئەم ڕووناکبیرانە لە تەک خۆیاندا گەشتنامەی ئەستوور ئەستووریان نووسیوە، کە لەوێدا بە وردی باسی باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ژیاریی ئەو هەرێمانەیان نووسیوە و بە تانایدا هاتوونە خوار. هەندێکیان دەستڕەنگین بوون، چەندین کەڤاڵی ڕەنگییان لەمەڕ باری کۆمەڵایەتی، ئەتنۆگرافی، پۆشاک و قەڵافەتی شەڕوانی ئەو میللەتانەیان بە چەکوچۆڵەوە کێشاوە، کە تاکو نەهۆ لە دێرینخانەکاندا پارێزراون و بوونەتە بەشێک لە کولتوور و سامانی هونەری شێوەکار. گەشتنامانەکانیش بوون بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو بۆ مێژووی ئەو وڵاتە گەشت بۆکراوانە.

تۆی گەشتیار بەزۆری بۆ شوێنێک بەسەفەر دەچی، کە پێی نائاشنای. بۆیە سەفەر لە خۆیدا جۆرێکیشە لە پرکێشی و سەرەڕۆیی. تۆ بەزۆری بە فڕۆکە بەگەشت دەچیت. ئەو بۆڕییە فافۆنییە فڕیوەی لە بەرزاییی نزیکەی بیست هەزار پێوە بەرز دەفڕێ و بەسەر هەورەوەیە. هەندێک جاران نزیکەی پێنجسەد کەسی بە یەکتر نائاشنای لەخۆ گرتووە. بڕێ جاران گەرما لە دەرێی ئەو بۆڕییە فڕیوەدا نزیکەی پەنجا تا شەست پلەی سەدی لەژێر سفرەوەیە، کەچی لەنێو فڕۆکەکەدا لە بیستەکاندایە. فڕۆکەکە بە خێراییەکی زۆر دەفڕێ، کەچی تۆی ڕێبواری دانیشتوو لەرەی بۆ ناکەیت. لەگەڵ ئەوەیشدا هەردەم وەسوەسەیەک لە ناخەوە پێت دەڵێت: ئەدی ئەگەر ئێستا تووشی کێشەیەک هات، بەربوومەوە و پەراش پەراش بووم! مرۆڤ بۆ هەر کوێ دەچێت، هێشتا هەر ترسی مەرگ لە کۆڵی نابێتەوە. ناوە ناوە مەرگ لەبن پەردەیەکی تەنکەوە، سەر دەردێنی و وەک عەزیایەک خۆی پێشانی مرۆڤ دەدات.

هەرچۆنێک بێت، چێژی سەفەر لە بیرەوەریدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. بارگاویبوونەوەیە بە وزەی ڕۆحی. وەک ئەوەیە ئاو بکەیتە بن گوڵە سیسەوەبووەکان. ڕەنگیشە سەفەر، گەڕان و بەشوێنداچوون بێت بە نیازی کەشفکردنی هەقیقەتێک.. دەشێ بێژم، گەڕانە بە دووی ژیانێکی نرت و نوێدا، دوای بێزاریی نێو ژیانێکی چەقبەستوو. ئێمە لە تافی سەفەردا زیاتر لە جاران زێدی خۆمان دەناسین، کاتێک لە دوورەوە دەیبینین و بەم وڵاتە نوێیەی وا گەشتمان بۆ کردووە بەراوردی دەکەین.

هەندێ جاران گەشت بەو پاپۆڕە ڕێبوارهەڵگرە گەورانەیە، کە بەجارێک حەشیمەتی شارۆکەیەکیان تێدا جێ دەبێتەوە. ئێمەی کورد نەبوونی دەریا، بووە بە خولیا و بە گرێکوێرەیەک و تێمان ئالاوە. بۆیە بەزۆری بەرەو کەناری دەریا و دوورگە دوورەکان سەفەر دەکەین، تاکو لەوێ، لە نزیکەوە سیحری

دەریا و زەریا ببینین. ئەو نیعمەتەی، کە ئێمەی کورد لێی بێبەشین. دەریا ئەو ڕووبەرە شینە بەجووڵەیە، کە دەڵێی ئاوێنەیەکی زەبەلاحە بۆ پەرچدانەوەی تیشکی خۆر و دەدرەوشێتەوە. چیا ناجووڵێت، وەلێ دەریا دەجووڵێت و ناخیشی پڕێتی لە گیاندار. وەکو تر ڕووەکەی بەرینترین ڕێگەیە، کە ئێمە بەسەریدا دەخزێین.

تۆ هەرگیز ناتوانی لە کەناری دەریا دابنیشیت و پشتیشی تێ بکەیت. دەریا بە سروشت شینە، بە ئاسمانی شینیشەوە پەڵە هەوری پەرش و بڵاوی سپی دەبینرێ. نزیک بە کەنارەکانیش بەلەمی سپی بەچارۆکەی سپییەوە، بەشنەی با دەخزێن. دیمەنەی وەهایش لە خۆیدا تابلۆیەکی دلڤەکەر و شادیگەیێنە. تۆ ئەگەر هونەرمەندی شێوەکاریش بیت، ناتوانی لەم ڕەنگانە ئارامتر و شادیگەیێنتر بدۆزیتەوە، بۆ ئەوی کەڤاڵە ڕەنگییەکەتی پێ بکێشی. ئەوە بۆیە ناتوانی پشت بکەیتە دەریا. هەموو کات ئەو تەلار و ماڵانەی بەسەر دەریادا دەڕوانن، نرخیان، یان کرێیان زیاترە.

سەفەرنامە

لە پیشانگەکانی کتێبدا بە زۆری بەشێک بۆ (گەشتنامە) جیا کراوەتەوە. کەچی لە کن خۆمان ئەم جۆرە ئەدەبیاتە بەرچاو ناکەوێت. پێشتر باسمان کرد، کە لە سەردەمی زوودا پادشاکانی وڵاتانی ئەوروپا خۆیان هانی نووسەرانیان داوە بۆ گەشتکردن، بە تایبەتی بەرەو ڕۆهەڵات. هەر خۆیشیان خەرجی گەشتەکانیان کێشاوە. ئەمەیشیان بەو نیازە بووە تاکو هەمەڕەنگ زانیارییان بۆ بهێننەوە. ئەوسا مەرج نەبووە گەشتیار، یان گەڕیدە، خۆی سەربوردەی گەشتەکەی بهۆنێتەوە. جار هەبووە، ئەم کارە بەنووسەرێکی هاوسەفەری گەڕیدەکە سپێردراوە. ئەو وردەکاریی گەشتەکەی بۆ هۆنیوەتەوە و بە تانیدا هاتووەتە خوار.. کاتی خۆی، سوڵتانی (فاس) نووسەرێکی (کاتب) خستووەتە تەک (إبن بطوطە)ی گەڕیدە تاکو تەواوی

سەرگورشتەی گەشتەکەی بۆ تۆمار بکات. لە جێیە لێرەدا ئاماژە بەوەیش بدەین کە جیاوازی لە نێوان گەڕیدە و گەشتیاردا هەیە.

مەرجیش نییە گەشتنامە باس لە وردەکاریی چیا و ڕووبار و پێدەشتەکانی ئەو وڵاتانە بکات کە گەڕیدە ڕوویان تێ دەکات. بەڵکو ئەو پتر باس لە دامەزراوە و شوێنە شارستانییەکان، باری ڕامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکات. پێوەندی لە تەک سەرکردە و پادشا و فەیلەسووف و زاناکاندا گرێ دەدات و گفتوگۆیان لەگەڵدا ساز دەکات. لە دەستپێکەوە تا کۆتایی چی دیوە و چێ بەسەرهاتووە، بە ڕاستگۆیی و وردەکارییەوە دەیگێڕێتەوە. وێنە و بەڵگەنامە لە تەک خۆیدا دەهێنێتەوە. بەجۆرێکی ئەوتۆ گەشتنامەکە دەهۆنێتەوە، کاتێک کەوتە بەر دیدەی هەر خوێنەرێک، وا هەست بکات خۆی ئەو گەشتەی کردبێت، یان ئەویشیان لە تەکدا بووبێت. لە ڕاستیدا خوێنەری زۆر هەن متووی خوێندنەوەی ڕووداوی سەیروسەمەرە و وردەکارییەکانی سەفەرن.

لە ڕۆئاوایشدا، گەشتە گرینگەکان، بە فاسکۆ دیگاما و کریستۆفەر کۆڵۆمبس و ماجەلان دەست پێ دەکات. کە جیهانیان کەشف کرد و چاوی خەڵکیان کردەوە. خاک و پارزەوینی کەسنەدیتەیان بە دنیا ناساند. کاتێک ئەو دۆزەرەوانە لەو هەلومەرجە دواکەوتووەی ئەوسادا، کە ڕێگەکان پڕ مەترسی بوون و هۆیەکانی هامشۆی نوێی ئاوی و ئاسمانی و زەوینی لە ئارادا نەبوون. گەشتکردن بە نەشارەزایی جۆرێک بووە لە سەرەڕۆیی و گرتنەبەری ڕێی هات و نەهات. لێرەدا جێی باسە، لە چەقی شاری (بەرسەلۆنە)دا، (کە برایانی عەرەب بەهەڵە بە (بەرشەلۆنە) بە ئێمەیان ناسیوە) مەزنە مینۆمێنتێک بۆ کریستۆفەر کۆلۆمبس چێ کراوە، خۆیان دەڵێن دووەم بەرزترین مینۆمێنتی جیهانە. بەرسەلۆنە یەکێکە لە بەندەرە گرینگەکانی ئیسپانیای سەر دەریای سپیی ناوەڕاست و شارێکی

گەشتیاریی هەرێمی کەتەلۆنیای شانشینی ئیسپانیایە و زمانی یەکەمیش لەو شارەدا کەتەلۆنییە.

ڤیکینگەکان، کە باپیرانی نەرویجی و سوێدی و دانیمارکییەکانی ئێستا بوون، کۆمەڵە خێڵێکی چەتە بوون، پتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر، بە نیازی ڕاووڕووت، بە سواری کەشتی، لە وڵاتی خۆیانەوە بەڕێ دەکەوتن و بەسەر شار و وڵاتانیاندا دەدا و تاڵانیان دەکردن. ئەوان بەمەبەستی ترش و تاڵانی، بە دەربەندە ئاوییەکاندا سەفەریان دەکرد. وەلێ هەر خۆشیان بوون کە دوورگەکانی گرینلاند و ئایسلاندیان کەشف کرد.

لە ڕۆهەڵاتیش گەشتەکانی (سوندباد) ئەفسانەیین و تا ئێستایش، وەختایێ بە فیلم دەکرێن، بینەر بە دیاریانەوە ئەوق دەبێ. پێشتریش گەشتی ئەفسانەییی (گلگامێش) بە شوێن نەمریدا جێی ڕامانە و دواترێ داستانی (ئۆدێسە)ی یۆنانی تا نەهۆیش هەم خوێنەری زۆری هەیە و هەمیش هونەرەکانی شانۆ و سینەما تاکو ئێستا لێی بەهرەمەندن.

ئەدەبی خەیاڵی زانستییش بە زۆری لە ڕێی گەشتی خەیاڵییەوە چێ دەبێ و دەنووسرێت. ئەدەبێکە نوقڵانەیە بۆ داهاتوو و دوارۆژ دەخوێنێتەوە، کە بەزۆری گەشتن بۆ دوورگە دوورەدەستەکان و ئەستێرە پەی پێ نەبراوەکان، بەشێوەیەکی نوێی لە ئێستادا پەی پێ نەبراو ڕایی دەکرێن. هەرچۆنێک بێت، گەشتنامە گرێدان و ئاوێزانبوونی دوو شتی گرینگە پێکەوە، گەشت و ئەدەب.

لە کۆندا سەفەر لەپێش هەر تاکێکدا کراوە بووە. وڵاخی بەرزە و پاسەوانی ویستووە. زۆری خایاندووە. پڕ مەترسی بووە. ئەودەمانە ئاسایش لە نێوان وڵاتاندا بەرکەماڵ نەبووە. یاسای پاراستنی گەشتیار و بەڵگەنامەی وەک پاسپۆرت لە ئارادا نەبووە. تەریدە دنیای تەنیبوو، وەلێ خەڵکی خوێندەواری ئەوسا لە خەڵکی ئێستا پتر متووی خوێندنەوەی

گەشتنامە بوون. چونکە هەر گەشتنامـەیەک لە خۆیدا کەشفکردنی دنیایەکی نەبینـراو و نەزانراو بووە، کە بەلای خـوێنەرەوە نرتونـوێ بووە. وێڕای ئەوەی ئەو حەلە هیچ کام لە هۆیەکانی پێوەندی، کە لەم سـەردەمەدا بەربڵاون، هەر بیریشیان لێ نەکراوەتەوە.

بەپێی ئەفسانەکە و لە دیدی ژمارەیەک لە ئاینەکانیشـەوە، یەکەم گەشتی مـرۆڤ لە خـۆیدا گەورەترین تراجیدیایە، کە تاهەتا، توخـمی مـرۆڤ پێـوەی دەناڵێت. لە ڕاسـتیدا بە زۆر ئەو گەشـتـە بەمرۆڤ کراوە. لە هـەمـان کـاتدا توندترین سـزایش بووە بـۆ توخـمـاتـی مـرۆڤ. کـاتێـک (ئادەم و حـەوا) لە بەهەشتەوە هەواریان پێ گوێزرایەوە بۆ سـەر زەوین.

سەیرترین گەشتی ئاوییش، گەشتەکەی نووح پێغەمبەرە، بەسـەر شەپۆلە تووڕەکانی تۆفانەوە. ئەو گەشتـەی، کە ناوبراو توانی مـرۆڤ و گیانداران لە خاشەبرکردن بپارێزێت و کەشتییەکەیش لەسـەر چیای جودی، کە پاژێکە لە کوردسـتـان، لەنگەری گرتووە. ئەم دوو گەشـتـە، هەم ئەفسـانەیی، هەمیش چارەنووسساز بوون بۆ توخمی گیانەوەر و مرۆڤ.

هەروەها گەشتی (ئیبراهیم پێغەمبەر) بە (سارە و هاجەر)ی خێزانییەوە، بەرەو وڵاتـی (مـیـسـر)، پاشـان لەوێوە بەرەو شـاری (مـەککە).. دواتـریش گەشـتی چارەنووسسـازی حەزرەتی (مـحەمـەد) بۆ شـاری (مـەدینە)، کە ئیـتر لەوێوە مێژووی ئیسلام (کۆچی) دەست پێ دەکات و درێژ دەبیتەوە.

## سەفەر لە پای چی؟

سـەفـەر واتـە دیتنی جێیـە نـەبینراوەکان، کەشـفکردنی لایەنە پەنهـانەکانی گــەردوون. گــەڕان لـە دووی ســیــحــری شــوێن بـە هـەمــوو جــوانـی و نهێنییەکانییەوە. هەر سـەفەرێک بگریت، بە تاڵی و شیـرینییـەوە ئەزموونێکە لە یاد ناچێتـەوە و لە بیرەوەریدا دەپارێزرێت. ئێستـا، سـەردەمی کـامێرای

دیجیتاڵ و ڤیدیۆیە، کە دەتوانن گەورە و گچکەی ڕووداو و شوێنەکانمان بۆ تۆمار بکەن. دەشێ بۆ وێنەگرتنی گوڵێک کە لە دەڤەری خۆماندا نارِوێ، یان پەپوولەیەک، کە لەو ڕەنگە لەلای خۆمان نەبینراوە. کەناری دەریایەک، کە لە نیشتمانی خۆمان شوێنی وەها بەدەست ناکەوێت، سوودیان لێ دەبینرێ. سەفەر بۆ ناسین و لە نزیکەوە بینینی گەلانی ترە، کە ئێمە هێشتا بەباشی نایانناسین. هەر لە دوورەوە ناو و ناوبانگمان بیستوون.

چێژی بینینی فیگەرە نوێیەکان، خولیای مرۆڤە. تۆ ئەگەر دە دانە کتێبیش لەسەر شارێک بخوێنییەوە هێشتا هەر هێندەی یەک جار بینینی ئەو شارە چێژی لێ نابینی. بینین، شوێنەکان لە یاددا جێگیر دەکات و ڕەنگە هەتا مردن لە یادیان نەکەین. واتە چێژێکی درێژخایەنی لێ دەبینین. سەیرە ئێمە هەر جێیەک، کە بەگیانمان خۆش بوو، بەچاومان جوان بوو، ئیتر ئارەزوو دەکەین جارێکی تریش بۆی بچینەوە. لەوێندەرێ، لەو جێیە دوورانە شیمانەی گرتنی هاوڕێی نوێ هەیە. لەوێ بە چێژوەرگرتن لە کات و شوێن، خۆشییەکی بێ ئەندازە دەڕژێتە گیانمانەوە، کە بۆی هەیە ماندوویەتیی چەندین مانگمان لە بیر دەباتەوە.

لەوێ پڕ بە سییەکانمان هەوای فرێشی دوور لە هەوای شارە جەنجاڵ و لەوتاوەکانی ڕۆهەڵات هەڵدەمژین. گەشبوونەوەی ژیان و تەمەن و ڕۆح. لە ڕاستیدا گەشتوگوزار، بۆ دەروونە خەماوی و ماندووەکان دەرمانە. سەفەر ژیانە لە نوێبوونەوە و سەرسووڕماندا، بە چێژی بینینی شوێنی نوێ، پڕۆژەی نوێ، چاوئەندازی نوێ، گەلی نوێ و داوونەریتی گەلانی بە تۆ نوێ. ڕەنگە کاتێک لەوێ ئەو فیگەر و پڕۆژەی نوێیانەی کە دەیانبینی، سروشت پێ ببەخشن و تۆیش بەرەو بیرکردنەوە لە داهێنان پاڵ بدەن.

ڕەنگە دوورکەوتنەوە یەکێک بێت لە پاڵنەرەکانی سەفەر. دوورکەوتنەوە لە دیمەنی ڕۆتینی ڕۆژانە. لە سەرباز و پۆلیس و میلیشیای چەکداری مۆن و

هەنیەگرژی ڕۆهەڵات. وەک ئەوەی تازەکیی کودەتای سەربازی ڕووی دابی، ئامادەبسازن و تەواوی شەقامی شارەکانی ڕۆهەڵاتیان تەنیوە و بەگومانەوە لە هەر کەسێک دەڕوانن، تەنانەت لە منداڵانیش. دوورکەوتنەوە لە خاڵەکانی پشکنین، کە کۆتاییان نایەت و بینینی ڕووبەری بە تێلدڕوو دۆڵپێچکراو، وەک ئەوەی تاکەکان لە سەربازگەی نازییەکاندا بە دیل گیرابن. دوورکەوتنەوە لە وتەی پەندئامیز؛ لە ئامۆژگارییە سواوەکان، کە ڕۆژانە لەگەڵیدا پیر بووین و پشتمان چەما. دوورکەوتنەوە لە تەپەسەری، هەڵات هەڵات، چڕووساندن و زاری خۆداخستن و حێسابکردن، تەنانەت بۆ گێڕانەوەی نوکتەیەکیش لە چایخانەیەکدا.

بۆیە سەفەر بۆ ئەوانەی وا لە تەپەسەری و ژێردەستەییدا ژیان بەسەر دەبەن، هەتا بۆ شوێنی دوورەدەستتر بێ زیاتر خۆشییان پێ دەگات. پتر هەست بە تەناهی و ئارامی و سیحری زیاترە دەکەن. لەوێ هەست دەکەن چیی تر دەستی زۆرداریان پێ ناگات. لەوێ چیی تر دەنگی ناگاتەوە بە نیشتمانی بە زیندانکراودا. لەوێ کەس هەنگاوەکانت ناژمێرێ، کەسێک منەتت بەسەردا ناکات. لەوێ پێویست بەوە ناکات وای هەر چەند هەنگاوێک ئاوڕێک بدەیتەوە، چونکە کەس دوات ناکەوێ و شوێنپێت هەڵناگرێ. لە نیشتمانی ئازیزدا، لە ڕۆهەڵات و لە ئەفریقیا، تاکە ملۆزمێک، بۆی هەیە تا مردن ژیانی گەڕەکە ماڵێک بکات بە دۆزەخ و کەسێکیش نەبێ لێی بپرسێ، لە پای چی وەها دەکات؟

لەوێ کەس قسەکانت تۆمار ناکات و لەسەرت ناکات بەماڵ. لەوێ تاکەکان ئازادن و خۆیان خاوەنی کەرامەتی خۆیانن. لە هەڵسوکەوتی خۆیان بەرپرسن و کەسێکی تر مافی لێپێچینەوەی تاکی نییە، چی دەخوات چی دەپۆشێ، ئازادە. گرینگ ئەوەیە دەستدرێژی نەکاتە سەر مافی تاکەکانی تر. لەوێ ئیدی لە چاوی بزی لاپڕەسەنەکان، کە سوورن لەسەر ئەوەی بزانن لە

کـام حـزبدایت و بەیانی و نیـوەڕۆ و ئێـوارە چی دەخـۆیت، ڕزگـارت دەبێ لەوانەی وا گەرەکیانە وردەکاریی خەونەکانیشت بزانن و بخوێننەوە.

سەفەر گۆڕینە لە ڕۆتینی ڕۆژانەی ژیاندا. گەشت بۆ شوێنە نوێیـەکان، کە پێشتر مەگەر بەچاوی خـەیاڵ دیبێتمـان، وەک ئەوەیە گەشت بەرەو داهـاتوو بکەین. بە تـایبـەت بۆ وڵاتێک، لە ڕووی ئـاوەدانی و شـارستـانی و هـۆیەکانی کـات بەسـەربردنەوە لـە چاو زێدی خۆتدا لە پێشـتر بێت و جیاوازیی زۆریان لە نێـواندا هـەبێ، وەک ئـەوە وایە لە پرێکدا پێت نابێـتـە سـەدەیەکی نوێوە. وەک ئەوەیە بەرەو داهـاتوو سەفەرت کردبێت.

گـەشـتـیـار چێـژ لە گـێڕانەوە وەردەگرێت، چونکە دنیـای نەبینراو و پەی پێنەبراوی بۆ کەشف دەکات. گەشـتـیـار لە خۆیدا حیکایەتخوانیشـە، چونکە جـارێکی تر بینراو و بیسـتـراوەکـان دەگێـڕێتـەوە. ئەو بەسـەر ڕووداوەکانەوە شـایەتحاڵە. لە تەک خـۆیدا دەمـانبات بـۆ ئەو جێیانـە و وەک شتگەلی نامـۆ و ئەنتـیک بۆمـانی بـاس دەکـات. برێک جـار لـەلای خـۆیەوە هـەندێک ترش و خـوێیشی پێـوە دەکات. ئـەو بەوێناکـردنی ئەو دیمەن و بەسـەرهـاتانە، مـینا چیرۆکنووس خەیاڵی ئێمەی خوێنەر دەجووڵێنێ.

## قالاریا و قوولاریا!

سەیرە، من تەمەنم تەنیـا سـاڵێک بووە کـاتێ بەیەکجـاری، بە ماڵەوە لەم دێیە هـەڵکەندراوین، کـــەچی هەردەم دڵـم بۆی لـێ دەدات و ســاڵانـە ســـەرم لـێ داوەتەوە. لە ڕاستیـدا کاتێک هاوینان بە سەردان دەچوومـە (قازانقایە)، لای خـزم و ناسـیـاوەکـانی شـارم لە سلێمـانی، دەمگوت: دەچمـە کـوردسـتـان، دەچمـە (قـالاریا)، لەسـەر ئاهـەنگی بولگاریا و هـەنگاریا. وەک ئەوەی شـاری سلێـمـانی کـوردسـتـان نەبێ. لە ڕاسـتـیشـدا لە قـالاریا نـە سـەرو فـەسـاڵی سـەرباز و ئەمنم دەبینی، نە جاش و نە بەعسی سمێڵ هەشتیی (قطعتین) لەبەر.

گەلێ جاریش، بە تایبەت لە پشووی هاوینان‌دا سەردانی (قووله)ی زێدی خاڵوانم کردووه. ئەگەرچی قووله وەک قازانقایه خۆش نییه، بەڵام قوولەیش چێژی خۆی هەبوو. من لەسەر هەمان ئاهەنگ بە قوولەیشم دەگوت قوولاریا! ئەم دوو گونده، کە لە ڕووی ئاووهەوا و هەڵکەوتی جوگرافیایی و بەروبوومی کشتوکاڵییەوه لەیەک ناچن، بۆ من ئارامگەێین بوون و لێره تەواو پشووم دەدا و ماندوویێتیی ساڵێکم دەحەسایەوه و خەمەکانم تەواو دەڕەوینەوه. جێی باسە، قووله سێ جاران لەلایەن ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانەوه سووتاوه. بەر لەوەی پرۆسەی ئەنفال دەست پێ بکات بە ماوەیەک، ئەم گونده لەلایەن ڕێژیمەوه سووتێنرابوو. خەڵکەکەی، هەر بنەماڵە و بەلایەکدا پەرتەوازە بووبوون.

ساڵی ١٩٨٧ بۆ دواجار سەفەری قازانقایەم کرد. بەڵام سەفەری ئەمجارەیان پڕ مەترسی بوو. چونکە بە فەرمی سەفەری ئەو نێوچانەی پێشمەرگەی لێ بوون قەدەغە کرابوو. «باوکت لەبەر دەرکی ماڵەکەی خۆیدا کەوتووه و ڕانی شکاوه!» ئاوا هەواڵیان بۆ هێنام. ئەو لەوێ لەنێو جێدا کەوتبوو. دەبوایە من لە سلێمانییەوه بەشوێنیدا بچم و بیگەیێنمە خەستەخانەی شار. ئەگەرچی بۆ کەسێک، کە بەنێو تەمەندا چووبێت، ئەو جۆرە شکستە ئیتر چاوەڕوانی چاکبوونەوەی لێ ناکرێ. وەلێ لە گوندێکی دۆڵپێچکراوی وەهادا و لەو هەلومەرجەدا، کە هامشۆی شاریان بە تەواوی لێ قەدەغە کرابوو، لەوێ چارەسەری سەرەتاییش لە بەردەستدا نەبوو. سەرباری ئەوەیش، ڕۆژانە ناوچەکە تۆپباران دەکرا و لە ئاسمانیشەوه چاودێری دەکرا. دەوڵەت تەواوی دەزگەکانی خۆی، وەک قوتابخانە و تیمارخانە و فەرمانگە کشتوکاڵییەکانی کێشابووەوە.

لاندکرۆزێکم بەکرێی دووجا پەیدا کرد و لەگەڵ حەمەی خاڵۆمدا شەوەکی لە سلێمانییەوه بەڕێ کەوتین. کاتێک گەیشتینە سەر پردەکەی تانجەڕۆ،

تاریک و ڕوون بوو. شوفێرەکە وتی: "دوو بەختییە یان ئەوەتا ڕێمان دەدەن یان دەمانگێڕنەوە" تۆی ڕێبوار لە دۆخی وەها شلۆقدا هەردەم چاوەڕوانی ئەوەی بە نەرێنی وەڵامت بدەنەوە. وەلێ کاتێ گەیشتینە پێش یەکەم خاڵی پشکنین، داوای ئەوێتی (هوية)یان لە من کرد و شۆفێرەکە وتی: "هەتا ئەم گوندە دەچین!" شوفێرەکە ئاماژەی بۆ دێیەکی نزیکی بناری دارمازەڵە کرد و ناوی دیوی قەراخی نەهێنا. سەربازەکەی خاڵی پشکنین، سەیرێکی تەسکەرەکەی کردم، ئەوجا بەعەرەبی بەدەم زەردەخەنەوە پێی وتم: "ماشەڵات لێ بێ هێشتا گەنجی!" سەربازەکە مەبەستی ئەوە بوو بڵێ، بە بەراورد لەگەڵ مەوالیدەکەتدا، بە ڕووخسار گەنج دیاریت.

ئیتر کەس دەستی بە ڕوومانەوە نەنا، بەڵام شیمانەی ئەوە هەبوو کاتێک بە چیایەکەدا سەردەکەوین بەر هاوەنمان بدەن. چونکە ئێمە درۆمان لەگەڵدا کردن! هێشتا تەواو دنیا ڕووناک نەبووبووەوە، ئێمە بە پێچە وشکەسییەکانی دارمازەڵەدا تۆزمان دەکرد. واتە پێویستیمان بەداگیرساندنی لایت نەبوو. دیارە ئەمەیان لە چاکەی ئێمە بوو. چونکە ئەوان هەر کاتیک ڕۆشنایی گەڕۆکیان بە چیاکەوە بدیایە لە دوورەوە هاوەنبارانیان دەکرد. یان بە دۆشکا لێیان دەدا.

ئێمە نەمانتوانی بەڕێگە فەرمییە قیرەکەدا باژووین، چونکە دەستەکەمان دەکەوتە ڕوو، دەزانرا بۆ کوێ دەچین. بۆیە هەر بەکۆنە ڕێ وشکەسییەکەی بەر لە قیرتاوکردنی ڕێی قەرەداخ – سلێمانیدا سەرکەوتین. ڕێیەکی زۆر سەخت بوو، مەترسیی هەڵدێران لە ئارادا بوو. لە هەندێ جێدا ئاو دڕیبووی و ڕێیەکە کوێر بووبووەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا شوفێرەکە پشت بە شارەزاییی خۆی، بە خێرایی بە دارمازەڵەدا هەڵگەڕا. کاتێک دنیا تەواو ڕووناک بووەوە، ئێمە لە چاوی سەرباز ون بووبووین و کەوتبووینە نەدیوی. واتە گەیشتبووینە دیوی قەرەداخ.

بەرچاییـمـان لە قـازانقـایە خـوارد و باوکـیـشم لەنێـو جێدا پەرێشـانحـاڵ کەوتبوو. چـەند خزمـێک بەگەیشـتنی ئێـمەیان زانیبـوو، سـەردانـیان کـردین. ئەوان لە دڵەڕاوکـێـدا دەژیان و دڵخـوردی ئەوە بوون، کـە حکوومـەت تەواوی دەزگـەکـانی خـۆی کشـاندبووەوە. ئـەمـەیش واتای ئەوە بوو، کـە دەسـتی لە دێهـات شـۆردووە. ئـەوان زۆر بە زەحـمـەت کـەلوپەل و کـاڵایان بـەدەست دەگەیشت. ئەو شـەوە کاروانێک بە بارەوە لەوێ بوون. زڕەی زەنگوڵەکانیـان دەهات. وتیان کەلوپەلی پێشمەرگەیان پێیە و بۆ سەرەوەی دەبەن.

کـاروان دەبوو شـەوەکی بەڕێ بکـەوێ. شـەوێ ئێـمـە هـەروا لەگـەڵ یەکـتـردا دەدواین و سـەرنجی ئاسـمانیشمان دەدا . ناوبەناو جـووتێک تەنی سوور وەک مـانگە دەسـتکردەکـان، تـەریب بە پاڵ یەکـتـردا ، بە ئاسـمـانی ناوچەی قـەرەداخـدا دەفڕین. لە ئاسـمـانی شـاردا ئەم تەنـە ئاگرینە فڕیـوانە بەرچاو نەدەکەوتن. جـووتیـار دەیـانگوت، ئەوانە گوللەتۆپی نـەمسـاوین، بە جـووت لە سـەربازگـەی تانجـەڕۆوە، ڕووەو دەڤـەری قـەرەداغ ڕەوانەیان دەکـەن. جـووتیـارەکـان بە چاو بەدوایانـەوە بوون و خـافـڵـیـان نـەدەکـردن. ئەوان دەیانزانی لە کوێش دەکەونەوە. دەیانوت هـەر کاتێک بەئاسمـانەوە کوژانەوە، ئیـتـر لە ئاسـتی خـۆیان بەردەبنەوە. ئەو جـووتەی وا هـەمـوو لایەکمـان بەچاو غافڵمان نەدەکردن، جووتیـارێکی خـزمم وتـی، لە دیوی ڕەبات کەوتنە خـوار. ڕەباتیش گـوندێکی عـاسـیـیـە، بە بەرزاییـیـەوە، بەدیوی گـەرمـیـانی قـەدپاڵی چیـای سـەگـرمـەوە هـەڵکەوتووە. ڕووتەن و بێ دارسـتـانـە. کـاتێک لەوێوە بۆ سـاکەدەشـتی گـەرمیـان دەڕوانی، وەک ئەوەیە لە سـەربانەوە دیقـەتی حەوشـە بدەی. خـەڵکی دێی ڕەبات، زەوییـەکـانیـان کـەوتوونەتە تـەخـتـاییی داوێنی سەگرمەوە، کە تێکڕا زەویی دێمن و بە وشکەدان تۆوی دەکەن.

شــەو بۆ حـەوانـەوەی مـرۆڤی ڕەنجـدەر و مـاندووە. تۆ بیـهێنـە پێش چاوی خـــۆت، لـە دەڤـــەرێکدا بژیت شـــەوانـە چاوەڕوانـی ئـەوە بیت دووان لـەو

گوللەتۆپانە بەسەر سەرتدا دابارێن و ناڵە بکەن. وەلێ ئەوان دەیانوت، تاکو ئێستا، زیاتر زیانی بەماڵات و گاوگۆتاڵی ناوچەکە گەیاندووە. مەبەستیان لەم تۆپبارانە بەردەوامەی شەویش ئەوەیە پێیان بڵێن، ئێمە لە هەموو کات و شوێنێکدا هەین و ئامادەین. شەویش بەدواتانەوەین و لێتان نابینەوە. ئەم گوللەتۆپە نەمساوییانەیش زیاتر ترس و دڵەڕاوکێیان بەنێو جووتیاری خانەخوێی پێشمەرگەدا بڵاو دەکردەوە، هەتا خودی هێزی پێشمەرگە.

هەمان شەو، لەگەڵ حەمە و باوکمدا بە هەمان ئۆتۆمۆبێل ڕێ و ڕێ گەڕاینەوە سلێمانی. وەلێ دیسانەکە لە گوندی دۆڵان وچانمان گرت. چونکە نەدەکرا بەو شەوە بەلایتەوە بە دارمازەڵەدا و بەلاڕێدا، واتە بە کۆنە ڕێ وشکەسییە کوێرەوەبووەکەدا دابگەڕێین. بێگومان ئەگەر کاری وەهامان کردبا ئەوا لە تانجەڕۆوە دەبینراین. بۆیە لە گوندی دۆڵان لامان دا و وچانمان گرت. ماڵێکی بەڕێز بە تاریکی خێرئامایەکی گەرمیان کردین و خێرا چایان دەم کرد و بۆ نانخواردن خوڵکێکی تووڕکییان کردین.

وەلێ ئێمە لە قازانقایە شێومان کردبوو، نێوان قازانقایە و دۆڵانیش کەمتر لە نیو سەعات ڕێیە. تاریک و ڕوون لەوێوە بەڕێ کەوتین و چیی تر پێویستیمان بە چرای ئۆتۆمۆبێل نەبوو. دیسان لە ڕێ کۆنەکەوە بەدارمازەڵەدا داگەڕاین. لە خاڵی پشکنینی تانجەڕۆ، کاتێک سەرنجی باوکمیان دا، لەنێو بەتانییەکدا گرمۆڵە بووبوو، هیچیان نەوت. ئیدی هەر گەیشتینە نێو شار، ڕێک و هەوراز بەرەو خەستەخانەی گەورەی شار ئاژوومان.

چیی تر بەو حاڵەوە باوکم نەیتوانی جارێکی تر بگەڕێتەوە بۆ قازانقایەی زێدی خۆی لە دەڤەری قەرەداغ. لەلای ئێمە لە سلێمانی مایەوە. هەر بەئاواتی گەڕانەوەیشەوە کۆچی دوایی کرد. ئەوە بوو ساڵێکی نەخایاند بەعس بە هاوکاریی دەیان لە فەوجە سووکەڵەکانی کورد، لە بەهاری

١٩٨٨دا قـەرەداخ و گـەرمـیـانیـان ئـەنفـال کـرد. ڕێککەوت وەهـابوو، یەکـەم گوللەتۆپی ئەنفـال، کە کەوتبێتە نێو قـازانقایەوە، لە پاڵ دیواری حەوشـەکەی مـاڵـی باوکـمـدا کـەوتەوە. ئیـدی ئەو گـوندەیش وەک هەزاران گـوندی تری باشـووری کـوردسـتـان لەسـەر نەخـشـە سـڕدرایەوە. بۆ منـی شـارنشـینی هەڵوەدای سەفەریش، لە عێراقێکی خڕ داخراودا، نە سەفەری قالاریا ما، نە سەفەری قوولاریا.

## فڕین بەرەو ڕۆهـەڵات

هـاوینی ٢٠٠٣ بوو، دوای زەمـانێک دابڕان، ژمـارەیەکی زۆر ڕێبـواری زۆرینە ئافرەت، پەرۆشـی دیداری کـەسوکار و گەڕانەوە بـۆ باوەشـی نیشتمـان، لەنێو فڕۆکەیەکی بۆینگی گەورەدا بووین، ڕووەو ڕۆهـەڵات، بزە لەسـەر لێو، کراوە و سـوێرقسـە، بەرانبـەر، یان شـان بەشـانەوە، شـاخـەی پێکەنینمـان لێـوە بڵند دەبوو. لە نێـوان دوو ڕیز سـەرنشـینی بەرانبـەر بە یەکتـردا، من تەنیـا پیـاو بووم و کەوبوومە لای پەنجەرەکەوە.

بەر لـەوەی لە مـیـلانـۆوە بەرەو تاران بفــڕین، دوو لاوی دەڤــەری بادینانم ناسـی. ئەوانیش وەک من، بەنیـاز بوون لە ڕێی حاجی هۆمـەرانەوە بگەڕێنەوە زێدی خـۆیان. هـەر لەوێ بەڵێنمـان دا، هـاوڕێی سـەفـەر بین و کـاتێک لە تاران دابەزین، یەکتری بدۆزینەوە و تەگبیری خۆمان بکەین.

دوای نیـو سـەعـاتێک فـڕین، لە مـیـلانۆوە، لە کـابینەی فـڕۆکـەوانەوە، بە زمـانـەکـانی فـارسـی و ئینگلیـزی، ڕاگەیێنرا: "گـەشـتی ژمـارە... نزیکەی... سەعـات دەخـایێنێت... ئێـمە ئێسـتا لە بەرزاییی... هەزار پێـوە دەفڕین. پلەی گـەرمـا لە دەرێی فـڕۆکـەکـە... پلەی سـەدییـە. خـۆراکی ئـەم گـەشـتـە، بە ڕێوڕەسمی ئیسلامی ئامادە کراوە.. بەهیوای گەشتێکی خۆش!)

خـاتوونەکەی بەرانبەرم، بە بـۆدییەکی سـپیی بەدەن چەسـپەوە، سـەرشـانە

سپییەکانی پڕ و ڕێک، گەردن بەرز و ساف، لە ئاستی مەمانیدا ژمارەیەک ڕووبەرە نەخشی ئەبستراکت، بە ڕەنگی شینی کاڵ، پرتەقاڵی، کەسک، ڕەش و تۆنەکانی ڕەش (رصاصیات)، بە شێوازێکی هونەری بەنێو یەکتردا چووبوون. ڕووبەرە ڕەنگییەکان، بازنەیی، لاکێشەیی و چوارگۆشەییی ناتەواو، بەشێوەیەکی هارمۆنی تێکەڵ بووبوون و لەنێو خۆیاندا هاوسەنگییان ڕاگرتبوو. لە باریکاییی کەمەریدا فیگەرەکان لە بەین دەچوون. دەمانەوە سەر تەختە سپییەکەی. ئەویش لەنێو کاوبۆیەکی شینی کاڵی بەدەن چەسپدا ون دەبوو.

خاتوونە چاوشینەکەی بەرانبەرم، بە شینی کاڵتر چواردەوری چاوەیلی ئارایشت دابوو و سنووری بۆ کێشابوون. پرچی خاوی مێشکراو ڕژابووە سەر شان و مل، لەوێیشەوە بۆ بان مەمانی. کاتێک لە تافی گوتوبێژدا سەری دەجوولاند، تاڤگەی پرچی، نەرمەشەپۆلی دەدا. گوارەکانیشی لەژێرەوە، بە دزییەوە دەلەرینەوە و دەبریسکانەوە. مەچەک و قۆڵی ساف لە تەک شان و گەردنیدا ئەندازەیی و گونجاو. ئەبرۆکانی باریک و کاڵ. کچە وەختایێ دەهاتە گۆ، بە دەستیشی ئاماژەی دەدا. ڕەنگە هەر لەبەرئەوەی بووبێت، بە جوانی ئەنگوستیلە سەر بە نقێمە عەنبەرینەکەی، کە تەواو لە پەنجە باریک و درێژەکانی، کە بە نینۆکی درێژ و پەمەیی کۆتاییان دەهات دەوەشایەوە، پێشانی دەوروبەر بدات.

قسەکانی، وەک خۆڕسک ئیکۆیان لەسەر بێت، لەرینەوە و دەنگدانەوەیان هەبوو. ڕەنگە گەر خاتوونی گۆرین، بەو دەنگ و ئاوازە جادووییە گۆرانیی بچڕیایە، پێشی زۆرێک لە خانمخاسە دەنگخۆشەکانی فارسیی بدایەتەوە. هەرچۆنێک بوو تێم گەیاند، کە من یەکەم جارمە سەفەری ئەم وڵاتە جوانە دەکەم. لێرەیشەوە بەرەو نیشتمانی خۆم دەپەڕمەوە. داخۆ ئەو دەتوانێت کەمێک ڕێنوێنیم بکات؟ بڕێک سەری هێنایە پێش و وتی، یان ڕاستتر وایە

بڵێم ئاوای لێ تێ گەیشتم: "من کچی ئەم شارە دوازدە ملیۆنییەم، شوێنە گرینگەکانی شارەزام. خاترجەم بە؛ ئەو شوفێرەی دەتگەیێنێت، هەموو شتێکی تێ دەگەیێنم!)

قسەکانی برێک لەو دڵاودڵەی، وا تووڕکی تێم ئاڵابوو کەم کردمەوە. سوپاسم کرد و پاڵم لێ دایەوە. خۆم بە سەیری دیمەنی گەواڵە هەورەکانی ژێر فڕۆکەکەوە خجڵ کرد، کە لە ڕانەمەڕێکی لە ژمارەنەهاتوو دەچوون، شوانەکەیان نوستبێت و بەنێو پاوانێکی فراواندا بڵاوەیان لێ کردبێت.

دوای چەند سەعاتێک فڕین، هەندێک لەو ڕێبوارانەی وا هەڵاژابوون، قیت بوونەوە.. ژاوەژاو کەوتە نێو سەرنشینانی فڕۆکەکە، کاتێک لە کابینەکەوە ئاگەدار کراین: "ئێمە ئێستا نزیک بە ئاسمانی تاران بووینەتەوە. دوای دە خولەکی تر دەنیشینەوە."

بە سەرێک شاد، بە سەرێکی تر، دڵەڕاوکێی نەشارەزایی گەشتێکی تری دوور و دژوارم تێئاڵا، کە نەمدەزانی چەند دەخایێنێت و چلۆن دەکەوێتەوە. سەبارەت بەڕێبەریکردنی نێو شاری تاران، دڵم بە خانمخاسەکەی بەرانبەرم خۆش بوو. سەرنجێکم دا. پێ دەچوو لە واتای سەرنجەکەم حاڵی بووبێت. یەک دوو قسەی درکاند، وەک بڵێ: "خەمت نەبێ، خۆم بەڕێت دەکەم!"

وەلێ یەکسەر بەدوای ئەم ئاگاییەی کابینەکەدا، لەنێو فڕۆکەی گۆڕیندا بوو بەجموجۆڵ و ورتەورت و لقلقینێک، ئەوسەری دیار نەبێت. ئەوان تەواو خرۆشابوون و بەیەکتردا دەهاتن. هەرچەند دەکۆشام، چاوەیلم فریا نەدەکەوتن تەواوی ئەو گرتە و دیمەنانە کۆ بکەنەوە، کە بە خێرایی، بە شوێن یەکتردا دەهاتن و دەچوون. لە پڕێکدا هەموو شتێک گۆڕا. ئەوەی دەنگی مرۆڤانە بێت لەنێو ئەو ژاوەژاوەدا نەدەهاتە بەرگوێ. تەنانەت کۆکین گڕوگاڵی منداڵیشی تێ نەدەکەوت.

دەنگەکان برێتیبوون لە کرتە، جیڕە، تەقوهووڕی کردنەوە و داخستنەوەی

ڕەفەکانی فرۆکەکە. زیکەی ڕاکێشانی خێرای زنجیری جانتا دەستییەکانم دەهاتە گوێ.. هەر دەست و قامکی سرک و ناسکی بە ئەنگوستیلەی فرە ڕەنگ و میتاڵ بوو، بە گورجی دەهاتن و دەچوون. جلوبەرگیان لەنێو جانتاکانیان دەردەهێنا و خۆیان دەپێچایەوە. دوای ماوەیەکی کورتی پڕ لە جووڵەی سرک و خێرا، کە ڕەنگە دوو سێ خولەکی خایاندبێت، کاتێک سەراپایی ڕوانیم، دیتم تەواوی ئەو ژنە خانومانە سەر و شان و گەردن ڕووتانەی تاوێک لەمەوبەر لە گفتوگۆ و تریقەی پێکەنیندا بوون، ئەمێستا بە بەرگی ڕەشەوە، لە پۆلەقاژووی بەسەر درەختەوە هەڵنیشتوو دەچن. یان وەک مانگی چواردەی گیراو، نیوەی ڕوویان بەدەرەوەیە.. دەیان ژنی ڕەشپۆش، لەنێو بۆڕییەکی سپیی درێژی لە ئەلەمنیۆم چێکراوی فڕیودا، چاوەڕوانی نیشتنەوە بوون.

لە چەند هەناسەیەکدا، تەواوی ئەو ژنە جحێلانە، بوون بە بوخچەگەلی توند گرێدراو. ئەو کچۆڵە تەڕ و ناسکانە، ترس و چاوەڕوانیی تژی لە گومان و دڵاودڵ بە ڕووی نیوە دیار و نیوە بزریانەوە ئاشکرا بوو. وەک لە پرسەی ئازیزاندا بن و دانەیەک فرمێسک، یان تاکە هەنیسکێکیان پێ نەمابێت. کەسیان چرپەیەک، فسکەیەکیان لە زارەوە دەرنەدەهات. ئەو مەزنە فڕۆکەیەی، کە تاوێک لەمەوبەر لە هۆڵی پێشوازی دەچوو، بوو بەئاشی ئاوکەوتوو.

لە ساڵۆنی وەرگرتنەوەی جانتاکاندا، چەند بۆ سۆراخی خانمخاسەکەی، کە قەدەرێک لەمەوبەر، شاد و شەنگوڵ بەرامبەرم دەخنایەوە و پەیمانی پێ دابووم ڕابەرم بێت، چاوم گێڕا، وەلێ نەمدۆزییەوە. ئەوان هەموو ڕەش دەچوونەوە. حەیفێکم، نەمکرد لەنێو فڕۆکەکەدا، بە شێنەیی ناوی بزانم، تاکو ئێستا بەدەنگی بەرز بانگی لێ بکەم.. جانتا دەستییەکەم لە شاندا و گەورەکەیانم بە شوێن خۆمدا ڕاکێشا. سەرم لەبەر خۆم ناو ساڵدانە

ساڵدانە جووڵام. کاتێک لە فرۆکەخانەی تاران دەرهاتم، دیم پۆلێک ژنی ئامبالاڕەش بوون، چاویلکەی جام تاریکی دژە هەتاو لە چاودا، وەک بۆ هەناسەیەکیش کەسیانم نەدیبێت، ڕاگوزەر دام بە تەکیاندا. نابەڵەد و نائارام ملم نا. لە دەرێی فرۆکەخانە، لەگەڵ دوو لاوەکەی دەڤەری بادینان‌دا یەکمان گرتەوە.

ژمارەیەک شوفێری تاکسی لە دەرەوەی فرۆکەخانە چاوەڕوان بوون. دەبوو لە تەک هاوسەفەرەکانمدا بچینە تیرمینالّی غەرب و لەوێوە بەفرۆکە بۆ ورمێ بفڕین. لەوێ زانیم، کە ئەوانیش وەک من سەریان لە زمانی فارسی دەرناچێت. کاتێک ناوی تیرمینالّی غەربم هێنا، شوفێرەکە یەکسەر حاڵی بوو. دوو پەنجەی بڵند کرد و وتی: "دوو تمەن!" لەم وەڵامە سەرم سووڕما و وام زامی گاڵتەم پێ دەکات. چونکە دوو تمەن هیچ ناکات و باوەڕیشم نەدەکرد دوو تمەنی لە پارەی ئێرانیدا مابێت. بۆیە بێ ئەوەی وەڵامی بدەمەوە ملم نا. هاوسەفەرەکانیشم بەشوێنمدا هاتن. هەمان داوام بەرەوڕووی شوفێرێکی تر کردەوە. ئەویش وتییەوە: دوو تمەن. ئیتر بێ ئەوەی قسان بکەم ئەویشم وێڵ کرد و هەمان داوام لە شوفێری سێیەم کرد. دیار بوو ئەمەیان لێم حاڵی بووبوو، وتی: "ئاغا دەکاتە دوو تمەن. ئێمە لە ئێران بە دوو هەزار تمەن دەڵێین دوو تمەن!"

# ماڵت ئاوا، دیاری قەرەداغی، گەورەت کردین

ئێوارەی شەموو، مێژووی ۲۰۰۸/۱۱/۱۵ هونەرمەند (دیاری قەرەداغی) کۆنسێرتێکی بۆ کوردانی کۆبنهاون و دەوروبەری لە هۆلی (ڤیفتن)ی سەر بە شارەوانیی (غۆدەوا) ساز کرد. شوێنەکە هەم سینەمایە، هەمیش هۆڵێکە بۆ ڕاییکردنی بۆنەکان. دەوڵەمەندە بەکەلوپەلی دەنگ و ڕووناکی.

لەم ئێوارە کۆنسێرتەدا نزیکەی ۳۰۰ کوردێک لەوانە خاوەنی چێژ و سەلیقەی هونەرین، ئامادە بوون. پێشتر گەلێک ئاهەنگی موزیک و سەمای کوردی (هەڵپەڕکێ)، لەم شارەدا ساز کراوە. بەڵام ئەمەیان وەک هیچ کام لەوانەی پێشتر نەبوو. لە ڕاستیدا بەدەر لەم بۆنەیە و لە کۆنسێرتە نایابەکەی جووتە هونەرمەندی هێژا (تاراجاف و عەدنان کەریم) ئەوانی تر (ئەوانەی دیومن) زیاتر گەڕەلاوژە بوون. بۆ ناووداوی کورد، وەک میللەتێکی تەمەن هەزاران ساڵ نیشانەی بێ زەوقی دواکەوتن بوون.

لەم ئێوارە کۆنسێرتەدا، بەسەراوردی شانۆکەوە، بەشێوەیەکی هونەری، لەنێو گەواڵەی تەم و ڕۆشناییدا، بەدرێژاییی کۆنسێرتەکە، ئاڵای کوردستان دەشەکایەوە. تیپێکی شەش کەسی، موزیکیان بۆ کاکە دیاری دەژەند، شایانی دەنگ و هونەرەکەی ئەو بوون. دووان لەو موزیکزانانە (کاکە گۆران و کاکە دانا) کوردانی دانیمارک و دووانیشیان بیانی بوون. یەکێکیان بەڕەگەز فارس و ئەوی تریان عەرەب. سەرنج بدە سیاسییەکان بەردەوام سنووری قەڵەمڕەویان قایم و کونبڕ دەکەن و تۆوی فیتنە و دووبەرەکی لەنێو گەلاندا دەچێنن، هونەرمەندانیش سنوور ناناسن و بازی بەسەردا دەدەن، گەلان لەسەر خوانی ئاهەنگەکانیان کۆ دەکەنەوە!

بەندە گەلێک ئاهەنگی کوردیم لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات بینیوە. وەلێ ئەمە یەکەم جارمە ببینم، تیپی موزیک لەگەڵ یەکتردا و لە تەک هونەرمەندی گۆرانیبێژدا بەو ڕادەیە گونجاو و هارمۆنی بن. پێم وایە کاکە دیاری لە کوردستانیش موزیکزانی لەو ئازیزانە چاکتری دەست ناکەوێ. ئەم تیپە، کە پێ دەچوو کاک گۆرانی ئیبراهیم خەیات سەرپەرشتیی کردبێت، جێی سەرنجی تەواوی ئامادەبووان بوو.

دیاری قەرەداغی هونەرمەندێکی ئاسان نییە. دەبێ حیسابی وردی بۆ بکرێت. ئەو ئامادەبوونێکی بەهێزی لەسەر شانۆ هەبوو. بەکەسێتی و دەنگی خۆش و کاریگەریی جووڵەکانی، کە بە هێز گوزارشتی لە شیعر و ئاوازەکان دەکرد و لەگەڵیاندا دەژیا، بە هاوکاریی ئەو تیمە نەجیبەی هاوەڵی، کە بووبووە زەوینەیەکی شیاو بۆ دەنگی ئەو، توانیبووی ڕاستەوخۆ کار لە ناخی ئامادەبووان بکات. دیاری قەراغی کاری لە ویژدان و لە ناخ و زەینمان دەکرد و بە ئازارەکانی نیشتمانی بیر دەهێنایەوە. لە کاتێکدا هەندێک گۆرانیبێژ (لەگەڵ ڕێزمدا)، دەتوانن بەشێوەیەکی کاتی کارمان تێ بکەن و بمانهێننە هەڵەکەسەما و شان هەڵتەکاندن.

کاک دیاری هونەرمەندە. ئەو زانیویێتی، کە بناغەی گۆرانی بەشیعر دەست پێ دەکات. بۆیە هاتووە جوانترین شیعری لە شاعیرانی وەک (ئەحمەد محەمەد)، کە زیندووترین شاعیری (شیعری گۆرانی)ی ئەم سەردەمەیە و تەواو شارەزای بوارەکەی خۆیەتی، خواستووە. هەروەها لە هێژایان حەسیب قەراخی و عەبدوڵڵا پەشێو و...

دەستووری شانۆی برێخت، چۆن بینەر بەشداریی شانۆییەکەی دەکات، دیاری قەراغیش بەشێوەیەکی سەرکەوتوو ئەو جەماوەرەی کردبوو بەبەشداریی خۆی. واتە ئەوان تەنیا گوێگر، یان وەرگر نەبوون، کە ڕەنگە دۆخێکی برێک نەرێنی بێت، بگرە ئەو هاتبوو ئامادەبووانی کردبووە

هاوبەشی خۆی، کاتێک هەندێک کۆپلەی ئاسانی بەرەورِوو دەکردنەوە.

لە ڕاستیشدا ئەو گۆرانیبێژێکی ئاسایی و ڕەوتەنی نەبوو، بگرە دیاری قەراغی توانی، بەهەندێک وتەی سانا و سادە، لەوانەی زوو ڕێگەی دڵ دەدۆزنەوە؛ بەئاسانی ئەو پەردە سایکۆلۆجییەی نێوان خۆی و ئامادەبووان، کە یەکەم جار بوو بەرامبەریان دەوەستا، بسڕێتەوە و وەک کوڕی ماڵێ، مامەڵەی لە تەکدا بکات.

لەسەرێکی ترەوە. ئێمەی گوێدێر کاتێک بە (پلەی باک) گوێمان لە چەند گۆرانییەکی کاکە دیاری بوو. لەوەش حاڵی بووین، کە ئەم هونەرمەندە چەند وا بەتەنگ کوالیتی، یان بابڵێین چلۆنایەتیی بەرهەمەکانی خۆیەوە. ئەو هاتبوو لە هەندێک میلۆدیدا، گۆرانییەکەی بەچەندین (ئیفێکت)ی دەنگی دەوڵەمەند کردبوو، وەک گریان و قیژەی خەڵکی زارەترەک و لایەلایەی بەسۆزی دایک و... هەموو ئەم ئیفێکتانەیش پێکەوە، تەواو لە خزمەتی میلۆدییەکانیدا بوون. بەپێزتر، هونەریتر و دەوڵەمەندتری کردبوون. ئەنجامیش کاریگەریی پتریان لە ویژدانی بیستەری هەڵوەدا دەکرد. بەتایبەت میلۆدییەکانی ئەو لەو جۆرە نەبوون، کە بریتین لە تەنیا ڕستەیەکی کورتی موزیک و لێکدا لێکدا وەک خەرک لە کەناڵە بازارییەکانەوە، دەدرێنەوە بەگوێی وەرگردا. بگرە میلۆدیی فرە ڕستەی دەوڵەمەند بوون و لە جێی خۆیدا سوودیشی لە ئاوازی میللی بینیبوو.

جێی وتنە، کاکە دیاری ڕای تایبەتیی خۆی لەمەڕ موزیک و گۆرانیی کوردی هەیە و ڕاکانی بێ پێچ و پەنا دەردەبڕێت و لەم ڕاشکاوییەشدا پێشخستنی هونەرەکەی لە ڕووی چلۆنایەتییەوە لەلا مەبەستە. دەکرێ خوێنەر بگەڕێتەوە سەر کتێبەکەی هونەرمەند، بەناوی «چەند دیدێک بەنێو گۆرانی و میوزیکی کوردیدا، دەزگای موزیک و کەلەپووری کورد، هەولێر، ٢٠٠٧»

دیاری قەراغی بۆ ماوەی نزیکەی سێ سەعاتان بە ئاوازە خۆشەکانی، دەروونی ئێمەی گوێگرانی خۆی، لە خەوش پاک کردەوە. بۆ دنیایەک، تژی لە سۆز و خۆشەویستی و بەتەنگەوەهاتنی نیشتمان، پەلی گرتین و لە یەکتری نزیکتر خستینەوە. ئێمەی پەڕاگەندە و هەریەکە لە قوژبنەیەک خزاو و گۆشەگیری، لەسەر خوانی ئاوازە جوان و دەوڵەمەندەکانی خۆی کۆ کردەوە. لەو ساتانەدا، ئێمە هزر و ئاوەزمان تەنیا لای خۆشەویستی و سۆزبەندی بوو. هەمووو پێکەوە چەپڵەمان بۆ لێ دەدا. هەمووو پێکەوە، بەدەم شنەی شەپۆلی ئاوازەکانیەوە خۆمان ڕادەژەند.. ماڵت ئاوا دیاری قەراغی گەورەت کردین.

جێی باسە تەواوی ئاهەنگەکە، لەلایەن (کورد تیڤی)ی دانیمارکەوە وێنە دەگیرا، کە ئێستا وەک تیڤی نێت کار دەکات. ئەم کەناڵە و کاک دارای بەڕێوەبەری، ڕۆڵی گرینگیان لە هێنانە بەرهەمی ئەم ئاهەنگەدا هەبوو.

کۆبهاون

١٧/ ١١/ ٢٠٠٨

# کل و کلدان و کولتوور

وشەی (کولتوور) یەکسانە بە (کلدان)، کە بریتییە لەو توورەکە (جۆرک) بچووکەی سالانێک لەمەوبەر، ژنان کلیان تێ دەکرد و بەهۆی میلێکی گچکەوە، کە (کلچوک)یان پێ دەگوت و لە هەمان کولتووردا هەڵدەگیرا، چاوی خۆیان پێ دەڕشت. ژن هەبوو تا مردن کولتووری لە باخەڵدا بوو، ڕۆژانە بەکاری دەهێنا و دەیگوت: "فێری بووم. ئەگەر بێتو ڕۆژێک بەکاری نەهێنم چاوم دەخورێت." تکایە بۆ واتای هەردوو وشەی (کولتوور، کلدان) بڕوانە: فەرهەنگی هەمبانە بۆرینە.

ئینگلیز لە بەرانبەر وشەی (فەرهەنگ/ الثقافة)دا، (Culture) بەکار دەهێنێنت، کە خۆیان بە (کەڵچە، یان کەڵچەر) گۆی دەکەن و دەیخوێننەوە. جا وشەی (کولتوور) ڕێک دەچێتەوە سەر زاراوە ئینگلیزییەکە و ئێمەی نووسەرانی کورد لێمان خواستوون. بڕوانە: هەر قامووسێکی زمانی ئینگلیزی کە لە بەردەستدا بێت.

سکەندناڤییەکان، واتە: (دانیمارکی، نەرویجی، سوێدی)یەکان، لە بەرانبەر وشەی (فەرهەنگ/ الثقافة)دا، (Kultur بەکار دەهێنن و بە (کولتوور، یان کولتوە) دەیخوێننەوە و گۆی دەکەن. ئەوە بۆیە هەندێک نووسەری کوردیش، لە بەرانبەر زاراوەی (فەرهەنگ/ الثقافة)دا، وشەی (کولتوور) بەکار دەهێنن. بڕوانە: هەر قامووسێکی زمانی سوێدی، یان دانیمارکی کە لە بەردەستدا بێت.

کەواتە (کولتوور، کلدان) دوو وشەی بە ڕەچەڵەک کوردی و هاوواتان، پێوەندییان بەئارایشتی ژنی کوردەوە هەیە. هەرچی وشەی (کەلتوور یان

کولتـوور)یش هـەیە، لە ئینـگلیـز و سکەندنـاڤییـەکـانەوە خـواسـتـوومـانن، بە جووتە بەرانبەر بە زاراوەی (فەرهـەنگ/ الثقافة) دێنەوە و هیچ پێوەندییان بە (کــولـتــوور)ە کــوردییــەوە نیــیــە. ئەم کــورتـە نووســینەیش، تەنیــا بۆ بەرچاوڕوونیـیـە؛ بە تایبـەت لـەم سـەردەمـەدا، کـە زۆر نووســەری لاو هـەن، بە هەڵە بەکاریان دەهێنن.

## پێکەنین تا سنووری گریان

ڕۆژانە خەم بەپێی خۆی ڕوو دەکاتە ماڵەکەت و ئەوەندەیش زۆرە لە ژمارە نایەت.. خەمی پچڕانی کارەبا، خەمی ئاوگرتن و خەمی گرانی و پەتای هەمەجۆر... مرۆڤیش ناتوانێت تا سەر فرمێسک بڕێژێت و نێوچاوان تێک بنێت و کۆستکەوتووانە، دەستەوئەژنۆ دابنیشێت. چونکە تا سەر بەرگەی پەستان و پاڵەپەستۆی ئەو دۆخە دەروونییە ناگرێت. بۆیە بۆ بەرگری لەخۆ و گۆڕینی ئەو دۆخە، لە داخرانەوە، بۆ دۆخی کرانەوە. پێچەوانەکەی هەڵدەبژێرێت. ئەو پەنا بۆ جەفەنگ و گاڵتەوگەپ دەبات. خۆی نوێ و سارددەکاتەوە و کوڵی دەروونی خۆی دادەمرێنێتەوە.

کاتێک لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، بارگرژی ڕوو دەکاتە دەڤەرێک. هەژموون و بێ ئۆقرەیی، فشار لەسەر مێشکی خەڵک، بەتایبەتی لەسەر تاکی خوێنەر دادەنێت و بیر لە زۆر شیمانەی ناخۆش دەکاتەوە، لە دۆخی وەهادا، وتاری گاڵتەئامێز، کارکاتێر و کۆمیدیا دەکارن خەڵکەکە سارد بکەنەوە و فێنکاییەک بەدڵیان بگەیێنن. لە دۆخی شپرزەیی و گرژییەوە بۆ دۆخێکی هێمنتر بیانپەڕێننەوە. دەکرێت کێشەکان بەو توندی و زەقی و تووڕەییە نەخرێنە پێش چاوی خوێنەر، بەڵکو برێکیش گاڵتە و جەفەنگیان تێکەڵ بکرێت.

سروشتی مرۆڤ وەهایە، چەند لە دۆخی سەختیشدا بژی، هێشتا هەر، بیر لە ڕووبەرێک بۆ جەفەنگ دەکاتەوە؛ تاکو خۆی بۆ مملانێیەکی نوێی ژیان، تەیار و ئامادە بکات. هەندێک جاران، وەک ئامرازێک بۆ بەرگری لە خۆی، جەفەنگ دەخاتە کار. کۆمیدیایش (Comedy) دووکەڵکێشێکە لەوێوە

مرۆڤی زوڵم لێکراو خەمەکانی خۆی بەبا دەکات، دژ بەچەپاندن و تابوی، سێکس، ئاین و سیاسەت دەوەستێتەوە. بۆیە زۆرینەی نوکتەکانی ئێمەی مرۆڤی ڕۆهەڵاتی لە دەوری سیاسەت و سێکس و ئاین دەسوورێنەوە. (عەلائەدین سەجادی ١٩٠٧-١٩٨٤) خۆی زانای ئاینی بوو، کەچی زۆرێک لە نوکتەکانی ڕشتەی مرواری، ڕەمزە ئاینییەکانیان کردووەتە نیشانە.

وەک چۆن هەر تاکێکی ئاسایی بۆی هەیە نوکتە دابهێنێت، نووسەریش بۆی هەیە شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و دەقی شانۆیی ساتیر ئامێز دابهێنێت. زۆر دیاردەی دزێویش لە کۆمەڵگەدا هەن، بۆ بەگژداچوونەوەیان، چاکتر وایە ڕوو بکەیتە کۆمیدیا. وەلێ ئاگەدار بە، کە ئەو جووڵە و قسانەی زەمانێک، قاقا خەڵکیان بە پشتدا خستووە، ئەمڕۆکە، مرۆڤ ناخەنە پێکەنین و مووشیان پێ نابزوێت. بۆ نموونە، کاریکاتێری سەردەمی (نووری سەعید) بۆ ئێستای سەردەمی (نووری مالیکی) دەست نادات. کێ بێت ئێستا بە گێڕانەوەی نوکتە لەسەر (عیزەت دووری) بزە بیگرێت؟ ڕەنگە هۆکارەکەیشی ئەوە بێت، ناوبراو ئێستا ئەو هێز و دەسەڵاتەی جارانی نەماوە. ئێمەیش سەردەم و قۆناغی ئەومان جێ هێشتووە. نوکتە و کۆمیدیاش ئەو دەمە کارکردی هەیە، بە ملهوڕێک پێ بکەنێت. لە کاتێکدا ڕەنگە ئەو ئێستا جێی بەزەیی بێت.

کاتێک ئێمەی کورد، نوکتە لەسەر دیکتاتۆرێک دەگێڕینەوە، ئەم کردەیە لە خۆیدا واتای ئەوە دەگەیەنێت، ئەگەرچی ئەو کەسییەتییەکی بەهێز و خاوەن دەسەڵاتیشە، وەلێ ئێمە لە زەین و گۆشەنیگای خۆماندا، بەجۆرێک لە جۆرەکان پشتیمان لە زەوی داوە و بەسەریدا زاڵ بووینە، چونکە لە سەمتی گێڕانەوەی نوکتەکاندا، ئێمەی هاووڵاتی بە زەین و ئاکار و ڕەوتاری ئەو پێ کەنیوین. لە سەرێکی ترەوە، ڕابواردن بەئاوەز و ڕەوتاری هەر دیکتاتۆرێک، نیشانە و سەرەتای یاخیبوونی خەڵکەکەیە لەو سیستم و دیکتاتۆرە، کە بە

ڕووی گـرژ و ئەبرۆی تێک پەڕیوەوە، لە پەردەی تیـڤـیـیـەکـانەوە دەبینرێ و کەیفیشی بەگاڵتە و ئەدەبی گاڵتەئامێز نایەت.

ئەو نـووسـەرەشـی لە زمـانی تەوسـدا شـارەزا بـێ، ئەگـەرچی بەکـردەوە زۆریشی لە دەست نەیەت، بەڵام ئەو کەسێکی زۆرزان و بوێرە. خەڵکی لاسار و بەدکـار لە هەر ئاسـتـێکی کۆمـەڵایەتیـدا بن، لە زمـانی دەترسـن، کە وەک تیغی مووکار دەبڕێت. بۆیە سڵی لێ دەکەنەوە. ڕەنگە دیکتاتۆرێک، ئەوەندەی لە پەڕەمووچی کاریکاتێریستێک دەترسێت، نیو ئەوەندە حیساب بۆ حزبێکی نەیار نەکـات. ڕەنگە کـاتی خـۆی، بـەرپرسـەکـانی دەوڵەت، لە ناوچەکـەدا، ئەوەندەی لە زمانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی ترسابن نیو ئەوەندە حیسابیان بۆ سەرووی خۆیان نەکردبێت.

ئامـۆز ئۆز دەڵێت: "مـەیل و حـەز لە گـاڵتـەوگـەپ، دەرمـانێکە یەکـاویەک. من قەت دەمارگیرێکم نەبینیوە حەزی لە شۆخی بێت، هەرگیز مرۆڤێکم نەبینیوە مـەیلی لە گاڵتـەوگەپ بێت و بووبێت بەدەمـارگیـر، ئەگەر مـەیل و حـەزی خۆی بەرانبـەر بە گاڵتـەوگەپ لە دەست نەدابێت. دەمـارگیـرەکان زۆربەی کـات زۆر قسەڕەق و قسەتڕنن. هـەندێکیـان مەیل و حەزێکی ئاشکرا و ڕوونیان بۆ تانە و تەشـەر و قسـەڕەقی هـەیە، بەڵام حـەز بەگـاڵتەوگـەپ ناکەن. گـاڵتەوگـەپ ئەو توانستەیشـی تێدا جێ دەبێتەوە، کە کەسێک نـە بەتەنیا هـەر بەخەڵک، بەڵکو بۆ خۆیشـی پێ بکەنێت.»[1]

کۆمـیدیا، وەک چۆن بەپێـی سەردەم گۆڕانی بـەسـەردا دێت، لەگەڵ گـۆڕینی ئاسـتـی شـارسـتـانـی و ژیاریی کـۆمـەڵیـشـدا، وەک هـونەر و نێـوەڕۆک لە گۆڕاندایە. ئەو نوکتـەیەی کـوردێک دەخـاتە پێکەنین و بەبیسـتنی بە پشـتدا دەکەوێت و چاوی فرمـێسکی تێ دەزێت، هێندەی تـاڵە مـوویەکیش بابایەکی خـەڵکی ئەو وڵاتە سـاردانەی سکەندناڤـیـا ناجـووڵێنێت. بۆ نمـوونە، باوەڕ ناکەم کەسێک لەوێ بەگێڕانەوەی ئەم نوکتەیە پێکەنینی بێت:

جارێکیان نەخۆشێک چوو بۆ لای دوکتۆر. دوای ئەوەی دوکتۆرەکە لە پشکنینی بووەوە، پرسی: "جەنابی دوکتۆر لە چ جۆرە خواردنێک پارێز بکەم؟" دوکتۆر وتی: "هەموو شتێک بخۆ بێجگە لە کرێیەکەی من!"

بەڵێ، کەسێک لەوێ بەم نوکتە کوردییە مووشی نابزوێت، چونکە نوژدار لەو وڵاتانە بەپارە نەخۆش چارەسەر ناکات. بۆیە، ئەگەر ئەم نوکتەیەیان بۆ بگێڕییەوە، تەقەی سەریان دێت و لێیشی تێ ناگەن. هەروەها تۆ چەند نوکتە لەسەر دیاردەی درۆ بگێڕییەوە، مەگەر دەگمەن، دەنا تاکی ئەوروپایی پێی پێ ناکەنێت، چونکە لەوێ، کەمتر تاک دەخرێنرێتە گۆشەیەکی وەها تەنەگەبەرەوە، ناچار بە درۆکردن ببێت.. وەکی تر هەتا کۆمەڵگە ئاڵۆزتر و بەگرێ و گۆڵتر بێت، سەختترە تۆ بتوانی تاکەکانی بخەیتە حیلکەحیلکی پێکەنین. جا چونکە سەمتی ژیان و کێشەکانیشیان لە هی ئێمە جیاوازن؛ بۆیە تێکەوتن و هەڵوێستە پێکەنیناوییەکانیشیان هەر جیاوازن.

ئەو نوکتەیەی بۆ پێش ڕاپەڕین دەبوو بوو، دوای ڕاپەڕین کاریگەریی ئەوتۆی نەما. چونکە ئێستا دەبێ بەکێشەکانی ئێستەکانێ و بەو کەسانەی کێشەکانی ئێستایان دروست کردووە پێ بکەنین. کۆمیدیایش بە گشتی دوو لایەن دەکاتە ئامانجی و جێی گاڵتەوگەپ و پێکەنینی خەڵک: ملهوڕیی ملهوڕان و گەمژەییی گەمژەکان.

کاتێک هاووڵاتییەکی ئاسایی بەگێڕانەوەی نوکتەیەک لەسەر سەدام یان هەر دیکتاتۆرێکی تر دەکەوتە پێکەنین، واتە دوو لایەن لێرەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. ئەو کەسەی دەیگێڕێتەوە و ئەوانەیشی وا گوێیان لێ گرتووە. چونکە لەو تافەدا مادام تۆی نوکتەزان بە دیکتاتۆر پێ کەنیویت، واتە بەسەریدا زاڵ بوویت و لە ڕووی زەینی و هزرییەوە سەرکەوتنت بەسەریدا بەدەست هێناوە. ئەوت کردووە بەمەزە و بابەتی پێکەنین. بەخەڵکیش دەڵێی: ئەهای خەڵکینە ئاگەدار بن، من لەو دیکتاتۆرەی، کە

وڵاتێکی لە زەواق ناوە وریاتر و ژیرترم. واتە لە فاقی گێڕانەوەدا، دیکتاتۆر لە خوار خۆت و لە خوار ئەو جەماوەرەیشەوە دەبینیت، کە نوکتەیان بۆ دەگێڕییەوە.

گرینگیی ساتیریش لەوەدایە، بتوانێت گوێگر، یان خوێنەر ڕابچڵەکێنێت و ئازاریشی بدات؛ چونکە ئەو ساتیرە بۆ یەکەم جار، دیاردەیەکی دزێوی شاردراوە ئاشکرا دەکات، کە تۆ پێشتر لەلای خۆتەوە هەستت پێ نەکردبوو، دۆخەکە بەو ڕادەیە دزێو و کارەساتبار بووبێت. بۆیە ئەوەندە پێی پێ دەکەنیت تا سکت ژان دەکات، وەلێ پێکەنینی فرمێسکاوی.

بەرنارد شۆ (١٨٥٦–١٩٥٠) دەڵێت: "هەموو ئەدەبێکی مەزن، ئەدەبی ساخیرە" لەگەڵ ئەوەیشدا، کە بێجگە لە ڕۆمان و دەقی شانۆیی، بە سەدان چیرۆکی عەزیز نەسین بۆ کوردی وەرگێڕدراون، کەچی کارکردی ئەوتۆیان لەسەر ئەدەبی کوردی نەبووە. ئەو گەلەی نەیتوانیبێت ئەدەبی ساتیر بەرهەم بهێنێت، ئەوا بە دووری مەزانە، ئەگەر نووسەرانی ئەو گەلە دووچاری ڕەشبینی و نائومێدی بووبن.

ئەدەبی ساتیر بەر لەوەی سەرخستنە سەر کەسانێک بێت، دەربڕی ئەو خەم و کۆڤانەیشە، کە ڕۆژانە بەرەوڕووی مرۆڤی چەوساوە و بارگران دەبێتەوە. چەکێکە، چەوساوەکان هێرشی پێ دەکەنە سەر چەوسێنەران و ئامانجیش دەپێکن. ئەدەبی ساتیر، ئەدەبێکی باڵایە، نووسینی کارێکی ئاسان نییە. بۆیە پێویستی بە زەینی زیندوو و تێگەیشتن لە کێشەکانی کۆمەڵ هەیە. زمانێکی زیندووی ئەوتۆی دەوێت، ئازارەکان بەزەقی و هونەری پێشان بدات.

کاتێک ئەو خەوشێک، دیاردەیەکی ناجۆر دەبینێت، ئەوەندە بە زەقی و قووڵی بیخاتە پێشچاو، قوربەسەری پێ بخاتە پێکەنین.. بۆ ئەوەی ئەدەبی ساتیر و کۆمیدیا گەشە بکات، نووسەر پێویستی بە ڕووبەرێک لە ئازادییش

هەیە. وەلێ ساتیر و گاڵتەجاڕی (تهریج) هەودایەکیان نێوانە و زوو تێکەڵ بەیەک دەبن، ئەگەر نووسەر بەوردی ئاگای لە قەڵەم و زەینی خۆی نەبێت.

هەردەم گەورە نووسەران بوون، کە ئەم تەرحە ئەدەبەیان نووسیوە. تۆ هەروا سەرنجیان بدە لە وڵاتی ئیسپانیادا، سێرڤانتێس، لە وڵاتی میسردا، تۆفیق ئەلحەکیم، لە تورکیادا، عەزیز نەسین. لە ئیرلەندە، بەرنارد شۆ. ئەدەبی ساتیر هەر تەنیا بۆ ئەوە نییە خەڵکی بخاتە پێکەنین، بگرە ڕۆشنایی بەهێزیش دەخاتە سەر دیاردەیەکی دزێو و بەگژیدا دەچێتەوە. گۆڕینیش لە زەینی گوێگر، یان خوێنەردا، بەرانبەر بەو دیاردەیە، دێنێتە ئاراوە. دەشێ بڵێین، چالاکییەکی ڕەخنەگرانەیشە لە فۆرمی جیاوازی ئەدەبی و هونەریدا خۆی دەنوێنێت. لە دێرزەمانەوە، دۆڵی میزۆپۆتامیا نیشتمانی ئەم تەرحە ئەدەبە بووە.

ئەم نموونەیەی لای خوارەوە، کورتە حیکایەتێکە بەناونیشانی (مێشوولە و فیل)، کە لانی کەم تەمەنی سێ هەزار ساڵ دەبێت، بە خەتی بزماری لەسەر تاتی قوڕین نووسراوە و لە کتێبخانەکەی ئاشووربانیپاڵدا دۆزراوەتەوە:

جارێکیان مێشوولەیەک لەسەر پشتی فیلێک نیشتەوە، فیلەکەیش دەڕۆیی. مێشوولەکە پێی وت: "داخۆ بارم قورس نەکردووی؟.. ئەگەر ماندووم کردووی، ئەوا هەرکە گەیشتینە دەم ئاوێک دادەبەزم!" فیلەکە وەڵامی دایەوە: "تۆ کێیت؟.. هەستم نەکردووە تۆ لەسەر پشتم بیت. کاتی دابەزینیش هەر هەستی پێ ناکەم!"[٢]

ئەدەبی گاڵتەجاڕی (الساخر) تەرزە ئەدەبێکە پشت بە موفارەقە (پارادۆکس) دەبەستێت. لە ڕاستیدا بەتاڵکردنەوەی دەروونێکی نائارامە، کە لە ئاکامی بەرەوڕووبوونەوەی ڕۆژانەدا لەگەڵ چەندین گرفت و کێشەی چارەسەرنەکراو، بەگرژی و تووڕەبوون و ناڕەزایی بارگاوییە، نووسەر لە ڕێی نووسینەوە دەری دەبڕێ. دەرکەوتنی ئەم تەرزە ئەدەبە نیشانەی

هەڵکشـانی هۆشـیـاریی کـۆمـەڵایەتی و ئاگـەداریی مـرۆڤـە لە ژینگە و دەوروپشتی خۆی و هەوڵدانیشە بۆ هەڵسەنگاندنی کێشەکان بە زمانێکی تری جـیـاواز. ڕەخنەگرتن لە کـۆمـەڵگە بەشـێکیـشـە لە ئەرکی ڕۆژنامـە بەتایبەتی لە ڕێی وتاری ساتیرئامێز و هونەری کاریکاتێرەوە.

نووسینی سـاتیر کارێکی هەروا ئاسـان نییە. لە هونەری کـاریکاتێرەوە نزیکە وەک، شـێـوەکـار. یان لە کـۆمـیـدیاوە نزیکە وەک هونەری درامـا و شـانۆگەری و فـیلمی کـۆمـیـدی. دیارە گەرەکـە هەسـتی ڕەخنەگرتن لەلای نووسـەرەکـەی چالاک و ئامـادە بێت؛ لە پاڵ توانای سـازدانی دیمەنی پێکەنیناویی وەهادا، کە خوێنەر بهێنێتە پێکەنین و بە پشتدا بیخات. ئاستی دەربڕینی بەرز بێت. پێـوەندیی مکۆمی لە تەک خـەڵکی سـادەدا هەبێت و چووبێتە نێویانەوە. هەروەک ئەم تەرزە ئەدەبە زمانێکی دەوڵەمەند و پاراوی دەوێت، گەرەکە گوێ لە خەمی خـەڵک بگرێت و بۆ خۆیشی کەسێکی کراوە بێت و مەیلی گێڕانەوەی نوکتەی هەبێت و نوکتەزان بێت. لە هەمان کاتدا خەیاڵفراوانیش بێت.

دەکرێت بڵێم، کورد بناغەیەکی سەرەتاییی لەم بوارەدا هەیە. ئیـمـاژەی سـاتیر لە شـیعرەکـانی شـێخ ڕەزای تاڵەبانیدا بەدی دەکرێت، کـاتێک ئەو بەشێوەیەکی کاریکاتێری باسی (مـاینە کوێت و کەڵەشێر) و گەلێک دیاردەی سـەروەختی خۆی دەکات، کە مەردمی ئەم سـەردەمـەیشی پێ سـەرسامە و دەهێنێتە قاقای پێکەنین.

نووسـەر دێت، کەمـوکـوورییەکـان زەق دەکاتەوە و دەیانخـاتە پێش چاو. زمـانێکی تەواو پاراوی هەیە. ئەو ڕەخنە لە کـەسـەکـان و دیاردەکـانی سـەردەمی خۆی دەگرێت. بەوەی تێر پێیـان پێ دەکەنێت، دیاردە دزێوەکان سزا دەدات. دیارە لە تەک خۆیدا ئێمەی خوێنەریش دەهێنێتە پێکەنین، تاکو خـەم و قـەهرەکـانمان بەتاڵ بکەینەوە و تێـریش بەو دیاردە ناجـۆرانە پێ

بکەنین و لاقرتییان پێ بکەین. بۆ ئەوانەشی وا ڕاستەوخۆ ئەو گاڵتەجاڕییە دەیانگرێتەوە، با بەخۆیاندا بچنەوە و هەستیش بە شەرمەزاری بکەن.

ئەوی ساتیرنووس، وەک نوکتەزان، یان ڕۆنەری نوکتە، دیاردەیەک دەهێنێت و دەیخاتە ژێر وردبینەوە، گەورەی دەکات و ڕۆشناییی بەهێزی دەخاتە سەر. دەیکاتە جێی پێکەنینی خەڵک. دەشێ بڵێین، ساتیر کەناڵێکە بۆ هەناسەدان و پشوودانی کۆمەڵ لە بەرانبەر قەهر و دڵتەنگییەکانی شار و جەوری زەمانەیشدا، چەکێکی کاریگەرە. لە هەمان کاتدا هونەرێکیشە هەموو کەس پێی ناوێرێت و هێزی بەسەریدا ناشکێت. ئەوەتا لە کن ئێمە هێشتا ساتیر نەبووە بە باو، ئەوەندە هەیە، جاروبارە، لێرە و لەوێ، چەند نووسەرێک خۆیانی پێوە خەریک دەکەن.

کۆمیدیا لە یەک کاتدا دوو ئەرک ڕادەپەڕێنێت. بەلایەک ڕەخنە لە دیاردەیەک دەگرێت، بەلایەکی تر ئێمەی بینەریش دەهێنێتە پێکەنین. ئەمەیش ئەگەر وردی بکەینەوە بەو واتایە دێت، دەرهێنەر و ئەکتەری بواری کۆمیدیا، لە چاو درامای تردا، ئەرکیان دووجایە. بەرهەمی کۆمیدی دوو هێندە ماندووبوونی گەرەکە. چونکە ئەکتەر لێرەدا گەرەکە جووڵەی وەها بنوێنێت بینەر لێی قەبووڵ بکات و بهێنێتە پێکەنین. گەرەکە ئەو کارە هەم لە ڕووی جووڵەی ئەکتەرەوە جیاواز بێت، هەمیش لە ڕووی دەق و دەرهێنانەوە.

لێرەدا جێی وتنە، کە کۆمیدیای کوردی پشت بەقسەی خۆش دەبەستێت و بە جەستە بەشداری لە گێڕانەوەدا ناکات. ئەو لەسەر شانۆ نوکتە بۆ بینەران دەگێڕێتەوە. لەو بڕوایەدام، بینەر، یان گوێگری بیانی پێکەنینی بە کۆمیدیای کوردی نایەت. چونکە ئەکتەری کورد، تەنیا بەهۆی زمانی ئاخافتنەوە مەبەست دەگەیەننە وەرگر و لە زمانی جەستەدا تێی ناهێنن. تۆ سەرنجی چارلی چاپلن، یان میستەر بین بدە. ئەوان تەواو بەپێچەوانەی ئەکتەری کوردەوە کار دەکەن. ئەوان لە ڕێی زمانی جەستەوە، کە ڕاستگۆتر

و کاریگەرتر و ڕەوانبێژتریشــە، ڕووداومـان بۆ دەگـێڕنەوە. جـاری وا هـەیە تاکە ڕستـەیەکیش دایەلۆگیـان نییـە، کەچی ئەو کاریگـەرییـەشیـان لەسـەر زەینی بینـەران هـەیە، جـا ئەوانی بینـەر، یان وەرگـر سـەر بەهـەر نـەتەوەیەک بن.

ئەدەبی گاڵتەجاڕییش (ساتیـر) هـەوڵێکە بۆ ڕاستکردنەوەی چـەوتییەکانی کۆمـەڵ، جـا ئەو چەوتییـانە دەشێ لە بەرزترین جـومگەکانی ئەو کـۆمـەڵەدا ڕوویان دابێت. لەوانـەیە جـۆرێکیش بێت لـە بەرەنگاری و بەگـژداچوونەوە. کـەواتە مـەبـەست لە ئەدەبی ساتیـر، هـەر بەتـەنیـا خـولقـاندنی پێکەنین بۆ ڕابواردن و کـات بەسـەربردن نیـیـە، بەڵکو لـەپشت ئەو قـاقـای پێکەنینەوە ئامانج و نیازی تر هـەن، ساتیرنووس لە منەی ئەوەدایە بیانهێنێتە دی.

.............................................................

١. بڕوانە ئامۆز ئۆز، چۆن دەمارگیرێک چارەسەر دەکرێت، و. خەبات عارف، فەرهەنگ ژمارە (٦٨) هەفتەی (٧)، شوبات ٢٠١١.

٢. بڕوانە؛ مقدمة في أدب العراق القديم، طه باقر، بغداد، ١٩٧٦.

## وشەی گۆکراو و وێنەی جووڵاو

دەشێ لەلای خۆتەوە سەردێری ئەم وتارە بە "جیاوازیی نێوان زمانی تیڤی و زمانی ڕادیۆ" بگۆڕیت. ڕاستت دەوێت وێنەی جووڵاو زمان نییە، بگرە لەودیو توانا و دەسەڵاتی زمانی ئاساییەوەیە. دەکرێ بڵێین وێنە خاوەنی زمانی ئاماژەیە. ئێمە لە باشووری کوردستان، ئێستا لە هەر سەردەمێکی مێژوویی زیاتر وشەی گۆکراو و نووسراو بەکار دەهێنین و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاویشی دەکەینەوە. ئەم گۆڕانەیش لە سۆنگەی پەیدابوونی هەموو ئەو ئێستگەی رادیۆ، ڕۆژنامە، هەفتەنامە و مانگنامانەوەیە، کە لە هەرێمەکەدا چالاکن. وێڕای ئەوەیش ژمارەیەک دەزگای چاپ و پەخش هەن، چالاکانە کتێب چاپ و بڵاو دەکەنەوە و هەدادانیان نییە.

گەرچی تاکو ئێستا ئێمە پەیڕەوی سیاسەتی زۆر و بۆر دەکەین. وەلێ ئەم دۆخە نوێیەی وا ماوەیەکە لە بەستێنی ڕاگەیاندندا هاتووەتە پێش، برێکی زۆر ڕۆشناییشی تێدایە. ئەم دیاردەیە لە خۆیدا نیشانەی جووڵەی سیاسی و هزری و فەرهەنگی و بەرەوپێش چوونیشە. نیشانەی گواستنەوەی کۆمەڵی ئێمەیە لە قۆناغی فەرهەنگی زارەکییەوە بۆ قۆناغی تۆمار و پەخشکردن. تۆمارکردنیش واتە بە دیکۆمەنتکردن و کەڵەکەکردنی بەڵگەکان. ئەمەیش لە خۆیدا هەنگاوێکی بەرین و زانستییە، چونکە بەو واتایە لێک دەدرێتەوە، ئێمە لەمەولا دەبین بە خاوەنی ئەرشیڤی بەڵگەنامەی خۆمان. ئێمە ئێستا لێبڕاوین بیرەوەری و وتارەکانمان تۆمار بکەین و بیانپارێزین، کە جاران دوای ئەوەی لە زاری پیر و سەرکردەکان دەردەهاتن با دەیبردن و لە بەین دەچوون.

پێشتر، سا لەبەر هەر هۆکارێک بووبێت، ئێمەی کورد گەلێکی بێ یادەوەری بووین. وەلێ لەمەولا چیی تر بۆ هەر نەختاڵە زانیارییەک، لەمەڕ دێروک، ئەدەبیات، فەرهەنگ و بەسەرهاتمان دەستەودامێنی، گەڕیدە، مێژوونووس و نووسەرانی بیانی نابین، زانیارییان لێ قەرز بکەین. ئێمە ئێستا لێبڕاوین بیرەوەری و وتارەکانی خۆمان تۆمار بکەین، تاکو نەوەکانی دوای خۆمان بیانبینن و ببنە خاوەنی ئەزموونی باو و باپیرانی خۆیان، کە جاران بەناچاری ئەزموونی ئەم و ئەومان لاسایی و فۆتۆ دەکردەوە. نەوەکانی ئێمەیش بۆ هەر زانیارییەک دەستەودامێنی مێژونووسی بیانی و ئەرشیڤی وەزارەتخانەکانی دەرەوە و سەفارەتخانەکانی وڵاتانی داگیرکار نابن.

لاتان ڕوونە زۆرجاران بۆ مەبەستی تایبەت، یان بەچاکەی خۆیان، داگیرکاران مێژووی ئێمەیان شێواندووە. وەلێ مایەی شادییە ئێستا لە هەر کاتێکی تر زیاتر، تاکە هۆشیارەکان بیرەوەرییەکانی خۆیان دەنووسنەوە، چاپ و بڵاویان دەکەنەوە. لەم ڕووەوە ئەگەر بەراوردێک لە نێوان ئێستا و سەدەی ڕابردوودا بکەین، ئەوا گۆڕانی گەوهەری لەم بوارەدا دەبینین. بە درێژاییی سەدەی ڕابردوو، دەتوانین تەنیا چەند ڕووناکبیرێک بدۆزینەوە، لێبڕا بن بیرەوەریی خۆیان یاداشت کردبێت. لەپێش هەموویانەوە ڕەفیق حیلمی دێت. یاداشتەکانی ئەم ڕووناکبیرە بەڵگەی زیندوون. شایانی ئەوەن وەک سەرچاوەی مێژوویی پشتیان پێ ببەسترێ و هەر کاتێک پێویستیمان بە زانیاری لەمەڕ شۆڕش و سەردەمی مەلیک مەحموود بوو، بگەڕێینەوە سەری.

ئێستا وێڕای سەدان ڕۆژنامە، هەفتەنامە، کۆوار و بڵاڤۆک، چەندین ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیشمان هەن. وەلێ ماڵپەڕ دەتوانن لە پاڵ وشەی نووسراودا، دەنگ، وێنەی وەستاو و بزۆکیش بڵاو بکەنەوە و

بەدیکۆمـەنتـیـشـیـان بکەن.. واتـە دەتوانن هـاوکـات سـوود لە توانای وشــە و وێنەیش وەربگرن. بەڵام تیڤـیـمـان هەن، ئەم دوو ئەرکەیان لـەلا تێکەڵ بووە. هەندێک کەناڵی تیڤی وەک رادیۆ کار دەکەن. واتە تیڤـی، کە ئامێرێکە سـەر بە فــەرهـەنگی وێنـەیە، ئەوان زۆرجــاران وەک رادیـۆ بەکــاری دەهێنن و لێی سوودمـەند دەبن، کە ڕادیۆ لە خۆیدا دەنگە نەک ڕەنگ و وێنەی جووڵاو، واتە ڕادیۆ کەناڵێکە، سەر بە فەرهەنگی وشەی گۆکراوە.

کەچـی هەندێک هاتوون ئامـێری تیـڤـیـیـان لە فـەرهـەنگی وێنەی بـزۆکـەوە کـردووە بە فـەرهـەنگی وشـەی گـۆکراو. بەم کـارەشـیـان دەتوانین بڵـێین، ڕۆڵی ئەم دەزگەیەیان سفر کردووە. یان بابڵێین لە ئەرک و ڕووگەی دروستی خۆی بەتاڵیان کردووەتەوە. وەک ئەوەی بێژەرێک بە قات و ملبەندەوە دانیشتووە، لە شــێـوەی وتاردانـدا دەنـگوبـاس بـۆ بینـەر دەخـوێـنـێـتـەوە، بێ ئـەوەی ئەو دەنگوبـاســە، وەک بەڵگە بـۆ ســەلمانـدنی هـەواڵ و ڕووداوەکــانـی ئەو ڕۆژە، لزگێک وێنەی جووڵاوی لە تەکدا بێت.

ئەگـەر وشـەی گـۆکـراو مـاوەیەکی گـەرەک بێت، تـا ئێـمـەی (بیـسـتـەر) لە مـێـشـکی خـۆمـانـدا وێـنـای ڕووداوەکــە دەکـەین، ئەوا یەک لـەباری وێنە، ڕووداوەکـە لەوێدا وێنا کـراوە و بەئامـادەکراوی خـراوەتە بەرچاوی ئێـمـەی (بینـەر). واتە ئەوان، کـە لـە بواری تیـڤـیـدا چالاکن، بەم کـارەیان بینـەر و بیستەر، کە دوو دۆخی جیاوازن، لەیەک جیا ناکەنەوە. بگرە هاتوون ئێمەی جەماوەریان لە بینەرەوە بۆ بیستەر گۆڕیوە.

زمانی وێنە و خاسیەتەکانی زمانی وێنە، بە بـەراورد لە تەک زمانی وشەی گۆکراودا جیـاوازییـان زۆرە. دیارە لەپشت هەر وێنەیەکیشـەوە چیرۆکێکی ڕاســتـینە هەیە. وێنە خــەیاڵ نیـیــە، بگرە دەشێ بڵـێـین لە خــەیاڵ بـەتاڵ کراوەتەوە و بە بەڵگە، یان بە دیکۆمەنت بووە، جوگرافیایەکی دیاریشی هەیە و دەناسریتەوە، کە بەسەرهاتی ئەم وێنەیە لە کامە شار و کامە وڵات ڕووی

داوە. بۆیە زیاتر کار دەکاتە سەر زەینمان. لە کاتێکدا وشە تەنیا گێڕانەوەی لە دەست دێت، وێنە کارەکە وەک بەڵگە تۆمار دەکات.

وێنەی جوولاویش کاریگەریی بیستەکی و بینەکیی لەسەر زەینی وەرگر هەیە و مالیجەی خەیاڵیانەی ڕووداو ناکات، بگرە دێت بە ئاوایەکی ڕیالیستیانە دەنگوباس پێشانی وەرگر دەدات. پشت بە ڕاستی و هەقیقەت دەبەستێت. خۆی لە هەر کاریگەرییەکی خەیاڵی و فانتاسیایی دەپارێزێت. خۆ هەواڵ و ڕاپۆرتی تیڤی، چیرۆک و شیعر نین تاکو بچنە ڕیزبەندیی خەیاڵەوە، فیکشن، یان خەیاڵیان ئامێتە ببێ. وێنە ئەسڵی ڕووداوەکە پێشان دەدات. دەشێ بڵێین واقیعە و وێنەگیراوە، بۆیە بینەر وەک ڕاستی وەری دەگرێ. دەیبیستێ و دەیبینێ. یەکسەر بەزەینی خۆی وەری دەگرێت. چونکە بە بەڵگە بووە، ڕەتی ناکاتەوە. وێنەی وەها، کارکرد لەسەر هۆشیاریی تاک و کۆیش دادەنێت، بەتایبەتی ئەگەر بێتو وێنەی پرسە مرۆڤانەکان بێت.

ئێستا بیهێنە پێش چاوی خۆت، بێژەرێکی تیڤی هەر بەتەنیا بە قسان باس لە بوومەلەرزەکەی ئەم دواییەی شاری وان بکات و بێژەرێکی تر بەوێنەی جوولاو، لە ڕێی پەیامنێرەوە، کە لەوێندرێ، لە شوێنی ڕووداو ئامادەیە، ڕاپۆرت بدات و بە ئاوایەکی زیندی، خۆی لەنێو داروپەردووی ماڵە ڕووخاوەکاندایە، کە لەوێدا سەگەکانی تیمی فریاکەوتن بەدەم کلکبادان و نووسکەنووسکەوە، بۆن بە داروپەردووی ڕووخاوەوە دەکەن. شۆڤڵ لێکدا لێکدا هارەیان دێت، کرێکارانی تیمەکانی بەرگریی شارستانی و فریاکەوتن یونیفۆرمیان پۆشیوە، بە ئەسبابی تایبەتەوە کار دەکەن. ئەمبولانس لەوناوە دەلوورێنێت و دوای چەند ڕۆژێک لە ڕوودانی کارەساتەکە، تیمەکان لاوێکی نیوەگیان لەبن داروپەردوودا ڕزگار دەکەن و تۆیش لەبنی دنیاوە بە چاوی خۆت سەربانی ماڵەکان دەبینی تەختی زەوی بوونە. ژنێک بەدیار کەلاوەی ماڵەکەیەوە دەگری. خێزانە خەمبارەکان لەبن دەوارەیلی مانگی سووردا هەڵکورماون. ئەوان بەلێوی بەبارەوە چۆقەی ددانیان دێت و پۆلیس ئەو

دەوروناوەیان تەنیوە. ئاخۆ کام لەم دوو شێوازی هەواڵ پێشکێشکردنە، کاریگەرن و جێی بڕوان؟ یەکەمیان کە تەنیا وشە گومان دەبات، یان دووەمیان، کە لە ڕێی وێنەی جووڵاو و وشە پێکەوە هەواڵمان پێشکێش دەکات؟ بێگومان بینەر زیاتر دەکەوێتە، بن هەژموون و دەسەڵاتی وێنەوە.

دیارە وێنەی بزۆک نێوەندێکی ڕاگەیاندنی کاریگەرە و لە خۆیدا بەڵگەی حاشاهەڵنەگرە. ئەوەیش دەگەیەنێت تۆی بێژەر بە بەڵگەوە دێیتە گۆ. بەدەربەستەوە دەدوێی و هەواڵمان پێشکێش دەکەیت. بە خۆت و کامێراکەتەوە تێکەڵ بە خەڵکە کارەساتبارەکە بوویت و سۆزبەندیت لەگەڵیاندا هەیە، بەتەنگیانەوەی. موعاناتیان دەخوێنییەوە و لێبڕاوی ئەو موعاناتە پێشانی ئێمە و ئەوانی تریش بدەیت.

دەشێ بڵێین تۆ بەم کارەت فیلمێکی بەڵگەنامەییت لەمەڕ پرسەکە چێ کردووە. لە فەرهەنگی وشەوە چوویتەتە سەر فەرهەنگی وێنە، کە فەرهەنگی وێنە، بۆ نەوەکانی داهاتوویش دەبێتە سەرچاوەی باوەڕپێکراو. هەم بەلایانەوە گرینگە، هەمیش بەزیندوویی دەمێنێتەوە.. لە ڕاستیدا، کردەی خوێندنەوە، بۆ شیعر و پەخشان و چیرۆک شیاوە، کە خۆیان فیکشن و زیاتر پشت بە ڕەگەزی خەیاڵ دەبەستن.

# دە وردیلە چیرۆک

## نیشتمان

گـوێ بگرە ئازیز.. ئـەم گوڵـەبەڕۆژە برژانگزێڕینـە بەژنزراڤـانـە بەم ڕۆژگـارە بەبێ چاویلکەی دژە هـەتاو چاویان لە چاوی خـۆر ناوە و ئاوی چاویشـیـان دانایە. ئەم سـۆلاڤـەی لەسـەردا هاژە دەکات، بۆیمـبـاخی گـەردنی ئەو کـەژە باڵابەرزەیە. ئەم گردە سەرگۆنا ئاڵانەیش چەند گێڕایەڵی ئەو چیا شکۆدارە سـەر سپییـە باڵابەرزەن؟ ئەم گوندەی خـۆیشمـان سـەدان ساڵە بەسـەر زینی ئەم چیا کەڵەگەتەوەیە و پیادە نابێ. ئەم ڕێگەیەیش پشتـوێنێکە، حەوت قەف لە کـەمـەری سـەوزی ئەو کـەژە بۆشنـاخـە ئاڵاوە. ئەم جـۆگـەلە ڕوونـە، بەوردە مـوسـیـکـەیش نامــەی ڕووبارێکـی خـوڕ و سـازگـاری بۆ شـەتڵـە سـاوا دەمـوشکەکـان پێـیـە، دەست مـەهێنە ڕێی، با خـێـرا ڕەت بێ. لەو باخـەوە گژەبایەک بە شـووشـەیەک عـەتری سەربەتاڵەوە هەڵی کرد و لێرەوە ڕەت بوو، ڕەنگە لەولاتـر دڵدار و دولبـەرێک ژوانیـان هەبووبێت. ئەم گـوڵە پەمـبـانەیش لەسەر گۆنای تۆ نیشتنەوە. جوانترین ڕاناوی زمـانەکەیشم هـەر (تۆ)یە. ئەم پشـیلەیەیش سـمـێڵی بەخـوێنی کـۆترە سپیـیـەکـانم و ئەم فـایلڕەشـانەیش دەستیان بە خوێنی نیشتمانەکەم سوورە.

٢٠١١/٩/٦

## بێوەژن

وەک هـەر بێـوەژنێکی لەسـەر هەست و شـینپـۆشـی ڕۆهـەڵاتی گـوێسـووک، چاوتیـژ و چـاوەڕوان و لە تەنیـاییـدا شـەلاڵ.. ئەم بێـوەژنەی گـەڕەکـیش،

ژنێتییەکی لەیاد کراوە، جوانییەکی خاپوور و شەنگە کۆشکێکی چۆڵ و بێدەنگییەکی پڕ لە قەهر و نائومێدییە. ئەوەندەی فنجانی قاوە دەخوێنێتەوە، سەدیەکی ئەوە کتێب بەدەستەوە ناگرێت. ئەم بێوەژنە هیچ کوێیەکی لێوە دیار نییە، ئاخوندێکی بەڵمەڕیش، شەقام و کۆڵانەکەیانی گەڕەکی بە تاریکی لێ تەلبەند کردووە.

٢٠١١/٩/٧

## ئێستا و ئەوسا

من باسی ئێستام بۆ دەکردن، ئەوان لە باسی ئەوسا و سەدەکانی ڕابردوودا گیریان خواردبوو، من لە خەمی زیندوواندا بووم ئەوان مردووان. من سوێندم بە جوانی و بێگەردیی کچە ژیکەڵە تەمەن شەش مانگانەکەم دەخوارد و ئەوان سوێندیان بەکێلی گۆڕی مردووان. من بۆ ئێستا و لە ئێستادا دەژیام، ئەوان لە ڕابردوودا و بۆ ڕابردوو. چەندم کۆشا بیانهێنمەوە بۆ ئێستا بێهوودە بوو. لەوێ، لە بەیانییەوە تا ئێوارە، مردووان چنگ لە سەرشان زیندووان ڕاو دەنێن، بۆیە شەوێکیان خۆم پێچایەوە و نیشتمانم جێ هێشت، تاکو لێرە لە ئێستایەکی هەمیشەییدا بژیم.. پیاوە ڕۆهەڵاتییە پرچ ڕەشە ماندووەکە، ئاوا وەڵامی فەرمانبەری کۆچی دایەوە، کاتێک ئەو لە سەمتی لێپێچینەوەدا لێی پرسی: لەسەرچی نیشتمانی خۆت جێ هێشت؟

٢٠١١/٩/١٩

## لە دوا هەناسەدا

هەندێک جاران باڵندەکانیش لە نیازی مرۆڤەیل دەگەن. ترسی مەرگیش کاردانەوەی چاوەڕواننەکراو بە توخمی مرۆڤ و گیاندار ئەنجام دەدا. ئەوە بۆ مانگێک دەچێت ئەم سۆنە سەر سەوزەم بۆ مراوییەکان هێناوە، بێ

ئەوەی چالاکییەکی لێ ببینم. دەخوا، مەلە دەکا، دەڕی و لە پەنایەکدا هەڵدەنیشێ. بەسەری سەوز و جەستەی درێژکۆلە و پەڕە سپییە هەڵگەڕاوەکەی کلکییەوە بێ نموود هۆ لەوێ هەڵنیشتبوو.. هەڵسام، دابەزیمە حەوشە، باوەشم کردەوە و بۆی چووم، سەریبڕم و بۆ نیوەڕۆژە دەرخواردی منداڵەکانی بدەم.

من جووڵام سۆنەیش ڕابوو. باڵەکانی کردەوە، دەیویست بەسەر دیواری حەوشەدا بفڕێ و نەیدەتوانی. ئەو لەبەرم هەڵدەهات و من لە کۆڵی نەدەبوومەوە. هەر مراوییەکیش بەلایەکدا هەڵدەهات. سۆنەی تاینیش بندیوار و بندیوار بەدەم هەڵفڕەهەڵفڕەوە دەیقیڕاند، غاری دەدا و نەدەکەوتە بەر قەمچم. لە پڕ ئەو لای دا، نیشتە سەر مراوییەک، منیش بەشوێنییەوە. دەنووکی لە سەری مراوییەکەی پێشی گیر کرد و بەیدەستی کرد. منیش بەدیاریانەوە وەستام. سۆنەی تاین پەڕییە سەرپشتی و مراوییەکەیش لە جێی خۆی فسیدایەوە و سینگی بە زەوییەوە نووساند، منی ماندوویش، بە واقبوونەوە لێم دەڕوانی. وەک ئەوەی سۆنەی سەر سەوز، لە دوا هەناسەدا، لە نیازی من و هۆی تووڕەبوونەکەم حاڵی بووبێ. بۆیە بەدەنگی بەرز پێم وت: "منیش تۆم بۆ ئەم بەزمە هێنابوو، ئەی گوایە تا ئێستا ئەو جووتە مراوییە سپییە خرپنەت نەدیبوو؟"

٢٠١١/ ٩/ ٢١

## لە لووتکەوە ئاسمان ڕوونترە

لەهیکڕا بوونەوەری گرگن و ورگن، سەریان کێشایە بناری ئەم چیایە، کەڵبەکانیان نیشان دەدام و چاویان شیر و تیری لێ دەباری و نەمزانی چییان لێم دەوێ. کە ئەوان دەستیان لێ دامە پەل، من بەچیادا هەڵگژام. پێڵاوە بن زبرەکانم هاریکاریی هەنگاوەکانم بوون. من سەر دەکەوتم. ئارەقە نیشتبووە هەنیەم و ئەوان پەڵیان تێ دەگرتم. پەڵەکان خلۆر دەبوونەوە

بەرپێی خـۆیان. ئەوان چەند هـەنگاوێک بەشـوێنـمـدا سـەردەکـەوتن و دواتر بەشـوێن یەکـتـردا خل دەبووونـەوە. من هـەر سـەردەکەوتم، مـاندوو دەبووم و نەدەوەسـتـام. من یەکێک ئەوان دەیان. بـەر لاسـامـەی جنێـویـان دام. کـاتێک پێـیـان دەوتم هـەی ترسنۆک، ئـەشکەوتەکـە بەسـەداوە بەخـۆیانی دەگـوتەوە، هـەی تـرسنۆک. مـن سـەردەکـەوتم و بـەرد و کـۆتـەرە لەبـن پێم دەردەپـەڕین، بەگـوڕ خل دەبـوونـەوە. دارکـەوتێک پـێی وتم، وەڵام نەدەیەوە، دارگـۆیژێـکیش فەرمـووی، مەوەسـتـە درێژە بەسەرکەوتن بدە. پێم لە چیا و دەسـتم لە بەرد و بنـچک و لکـی دەوەن گـیـر دەکـرد و هەڵدەکـشـام. بەزاری وشک و لێـوی ترەکـیـوەوە خـۆم دایە بـەر دڵۆپەی ئـەو زنـە ئاوە سـەرتەزێنـەی لە هـەیـوانی ئەشکەوتێک دەچکا. من هـەڵدەکشـام و تیشکـی خۆرم لە نێـوان گەڵای مـازوو و دارەبەن بەوزەوە دەبـینی. گـوێم لـە زریوەی وردەمـەل دەبوو، بۆنی ڕێـحـانـە کێـولە دەگەیـیـە دەماخم. ئەوان لەژێرمەوە یەکی هێـندەی مشکێک دیاربوون. کاتێک گەیشتـمـە لووتکە، کڵاو و مشکـیـیەکەم داکەند. کزەی شـەماڵ ئارەقەی گەردن و سـەر و لاجـانگمی سڕی و فێنکاییـیـەک گەیشتە جـەستەم. لەوێوە نە بەردیان پێم دەگـەیشت نە جـمێنیـان. ئەوان بەحـاڵ بە زەوییـەوە دیار بوون. هـەرچی بەردیان تێ دەگرتم بـەر زەردومای چیا دەکـەوتن و بۆ سـەروپۆتەڵاکی خـۆیان دەگـەڕایەوە. ئـەسـتـێـرە هێـندە لێـمـەوە نزیک بوون لـەوەدا بوو دەسـتـومـۆچانی بکەین. کـەڤرێکی مـیـهرەبان وتی، خـاترجـەم بە تۆ نەوەی چیای. لەوسـاوە بووم بە بەشێک لە نهێـنییەکانـی چیا، چیایش نـهێنیی خۆی بەکەس ناڵێت. لە لووتکەوە، ئاسمان شینێکی ڕوونتر و ئەستێرە بەجریوەتر، خۆر گەشتر.. نە دەنگی ئەوانم دەگاتێ نە پەڵیان.

٢٠١١/٩/٢٩

## گوناهێکی تری حەوا

سوارێکی مەندیل بەسەر، گەیشتە سەر کانییەک و پیادە بوو. مەندیلە سپییەکەی لەبان تاوێری دەم کانییەکە دانا. سەری تازە تاشراو و ڕووخسارە شەمسییەکەی فێنک کردەوە، دوو مشت ئاوی خواردەوە و بەدەوروبەردا هەڵی ڕوانی. دیمەنی دەیان جووت دەست و پاشوو، دەیان سەری قۆچدار و بێ قۆچی ئاسکەکێویی بەجێماوی مێش و مەگەز تێی مروکاوی نزیک ئەو تاقانە کانییەی قووڵاییی ساکە دەشتی گەرمیان سەغڵەتی کرد. ڕەشسواری مەندیل سپی هەناسەیەکی بۆکرووزی هەڵکێشا و لەبەر خۆیەوە مرتاندی: "ئەمەیش گوناهێکی تری حەوا. ئەگەر دایکە حەوای فریوخواردوو، باوکە ئادەمی تەفرە نەدایە، لە بەری درەختە قەدەغەکە بخوات، کوڕاوکوڕی بەرەی مرۆڤ بە خۆیشمەوە، بە بەهەشت شاد دەبووین و زەوینیش دەبوو بە بەهەشتی ئاژەڵ و تەیرو تواڵ و بەدەستی کوڕانی حەزرەتی ئادەم بەم چەشنە قەڵاچۆ نەدەکران، ئاخ لە دەست حەوا! داخ لە دەست حەوا!"

٢٠١١/١٠/١٧

## فێڵێکی کۆن

کەوێک لە جەنگەڵێکدا تانوپۆی هێلانەیەکی چنی و بەدڵی شادەوە وتی: "لێرە نە دڕندەی کێو دەمناسێ، نە ڕاوچی هێلانەم دەدۆزێتەوە.) ژمارەیەکی زۆر هێلکەی کرد، لەسەریان کڕ کەوت، ئەو بەیانییەی هەڵی هێنان، لە هێلانەکەی دەرهات تاکو خۆراکیان بۆ پەیدا بکات. لە پڕ ڕێوییەک، گورگێک و چەقەڵێکی بینی. گورگ پێشی پێ گرت وتی: "لەو ڕۆژەوە پێت ناوەتە ئەم جەنگەڵەوە لەبن چاودێریدای تا ئەم بەیانییە گوێمان بە زریوەی بارەکەو زرنگایەوە، کاری تۆ لێرەدا تەواو، بۆت نییە جارێکی تر سەر بەم ناوچەیەدا بکەیتەوە."

کەوەکە وتی: "باشتر وایە هەفتەیەک لەسەرم بوەستن تا گوارەکان گەورە دەبن، گۆشتیان زۆرتر و تامیشیان خۆشتر دەبێ."

ڕێوی وتی: "ئەوە فێڵێکی کۆنە. بارەکەو بەهەفتەیەک تەواو باڵفرە دەبێ و بەئێمە ناگیرێ!"

چەقەڵەکەیش وتی: "من لە فەرموودەی گورگ و ڕێوی دەرناچم"

ماکەوەکە بەناچاری نەگەڕایەوە هێلانەکەی. ئەو بەمجۆرە دڵخۆشیی خۆی دەدایەوە: "هوان سیانن و وردیلەکانم نۆزدەن، لەسەر بەشکردنیان لێیان دەبێت بەشەڕ!"

١٩/ ١٠/ ٢٠١١

## سوورە گوڵ

لە حەوشەی ماڵەکەی خۆمدا قەڵەمی گوڵەباخی فرانسیم ناشت. بەتەنگییەوە بووم، تا کەوتە گوڵگیری. بەیانییەکیان تراشم کرد و شیک خۆم گۆڕی. بەسەر گوڵەباخەکەدا داهاتمەوە، لەوەدا بوو خونچەیەکی سوور لێ بکەمەوە و بیدەم لە یەخەی چاکەتە شینەکەم. لەودەمەدا دەستێک هێندەی دەمە خاکەنازێک، توند لە پشتملەوە یەخەی چاکەتەکەی گرتم و ڕاستی کردمەوە، بەدەنگێکی گڕ وتی: "بکشێوە.. بۆت نییە گوڵی من بڕنیت!" بە خونچەکەوە دەستم لەرزی؛ کە ئاوڕم لێ دایەوە، بەدرێژاییی ژیانی خۆم نە دەنگی وەهام بیستبوو، نە ڕەنگی وەهام دیبوو.

١٩/ ١٠/٢٠١١

## میوانی ئازیز

دوای ساڵانێک دابڕان، بەیادی جاران، ئەو شەوەیان بەدەم تاوڵە و کۆنکەن و خواردنەوە و باسوخواسی دنیاوە دوولاییی کرد. هەر خواردنێک، مەزەیەک، بەخەیاڵیدا هاتبێ و لە یادی مابێت، کە میوانە ئازیزەکەی مەیلی لێیە، بۆی

هێنابووە سەر مێز.. سبەی هەتا وێستگەی قەتار یاوەری بوو، چەند گەرم بەخێری هێنا، ئەوەندەیش گەرم بەڕێی کرد. میوان ئۆغری کرد و خانەخوێی ماندووی شەو، بەدەم باوێشکەوە بەنزیکترین پاس گەڕایەوە ماڵەکەی. کاتێ دەرگەی شوقەکەی کردەوە، هەستی کرد لە ژووری نووستنەوە هانکەهانکێکی گومانپڕژێن دێ. لەوەدا بوو دڵی بەربێتەوە نێو قەفەزەی سینگی، وەختایێ لە درزی دەرگەوە دیتی میوانە ئازیزەکەیەتی، ڕۆڵی خانەخوێ لەگەڵ ژنەکەیدا دەبینێ. بێدەنگ کشایەوە دەرگەی شوقەکەی بەکراوەیی جێ هێشت و وێڵی شەقامەکانی شار بوو.

٢١/ ١٠/ ٢٠١١

ئەفەرۆز

حەیفێکم لەم تەمەنەدا جەستەم لە ناخم ناچێ، هەر چۆنێک بوو، هەر ئەو شەوە بەمگێزی منداڵی و سەرگەرمیی تافی هەرزەکارییەوە، وەختێک ئەوان لە جەنگەی خواردن و خواردنەوە و سەمادا بوون، بەو سەرمایە خۆم پێچایەوە و لە ماڵ دەرهاتم، هەر بەو پێڵاوە ڕەشانەوە، لەبن ڕەشماڵی تاریکی و پچڕانی کارەبادا جووڵام. وردە وەردە ئاوازی موزیک و گۆرانییش هەراشتر دەگەییە بەربای گوێم، تا گەیشتمە بەر پەنجەرەی سەر کۆڵان.. ئێوارە، وەختایێ گەیشتمە بەر دەروازەی ماڵەکەیان، لاوێک بە قاتی ڕەش و کراسی سپی و بۆیمباخی قردێلەییی ڕەش و جووتێک چاوی تەلسکۆپییەوە سەرنجی خستە سەر پێڵاوە ڕەشە لووت خوراوەکانم و هەر بە ئاماژەی پەنجەکانی ئەفەرۆزی کردم.. بەردێکی هەڵماقۆم لە گیرفانی شەرواڵەکەم دەرهێنا، خستمە دوو توێی چەرمی دارلاسیکەکە، هەتا تاڵی لاستیک کشی هات و دەست و مەچەکم هێزیان تێدا بوو ڕام کێشا، شریخەیەک مینا ناڵەی بڕنەو لە پەنجەرەکەیان هەڵسا. تا گەیاندمییەوە ماڵەکەی خۆم، تاریکی چەتری بۆ هەڵدابووم.. سەرنجی پێڵاوە لووت کەچەڵبووەکانم دا و بزەم

هاتێ، پێڵاوە ڕەشە بن لووسە، لووت خوراوەکانیشم بەو تاریکییە لە هەڕەتی کەیف و چالاکیی خۆیاندا بوون، نە قاپاوێژیان کرد، نە هەڵنووتان، نە هەڵخلیسکان. منیش تەواوی ئازادیم پێدا بوون تۆڵەی ئەو سووکایەتییەی پێمان کرا بسێنن.

٢٠١١/١١/٦

پاژی دووەم

# بابەتەیلی وەرگێڕدراو

# بەلەمی ئەفسووناوی

## شانۆییی منداڵان

نووسینی: لاوشە

### بەشی یەکەم

دیمەنی یەکەم

کات: سەردەمی کۆن

شوێن: لە دۆڵێکدا، پردێکی لە قەدی درەخت چێکراو، دوو چیای بەیەک گەیاندووە.

ئەکتەرەکان:

سوارە

باپیرە کوردۆ

"کاتێک پەردە لابرا، دیمەنێکی شاخاویی قەشەنگ دەردەکەوێ، کە لە جوانیدا کەڤاڵی هونەریی ناگاتێ. بەنێوان دوو چیادا ڕووبارێکی قووڵ هاژە دەکات و پردێکی لە قەدی درەخت چێکراوی بەسەرەوەیە، کە بەگران هامشۆی بەسەردا دەکرێ. باڵندەکانی دارستان دەخوێنن.. لە پڕ بێدەنگ دەبن. لە دووررا ئاوازی گۆرانی دەگاتە گوێمان. بەرەبەرە نزیک دەبێتەوە. ئەوە سوارەیە، کە منداڵێکی وریا و کارگوزارە و گۆرانی دەچڕێ.. لە چیاوە بەکۆڵە دار و چیلکەوە دێتە خوار و ڕێی ماڵەوەی گرتووەتە بەر."

سواره: (گۆانی دەڵێ)

بەیانیان سپێدێ
دەچمە چیا بۆ داران
ئەو دەمەی، کە خۆر هەڵدێ
من داری خۆم بڕیوە
من کاری خۆم زانیوە
کاتێ بەگوریس پێچام
ڕێ و ڕێ هەڵی دەگرم
بەچیادا دێمە خوار
دەیبەمە بازاڕی شار
گورج و وریا و نەسرەوتم
وەک ئاسکە ڕۆین و ڕەوتم
ئەم ڕەنجەم بۆ ژیانە
ڕەنج گەوهەری ئینسانە
دەیدەم بەبرنج و خوێ
دەگەڕێمەوە ناو دێ
هەرکە دایکی شیرینم
برنج و خوێم لێ دەگرێ
دەڵێ: بژی کوڕەلاو
هەر تۆی کۆڵەکەی ژینم..

"کاتێک سوارە گەیشتە جەمسەری پردەکە، کۆڵەکەی لەسەر زەوی دادەنێ تاکو کەمێک بحەسێتەوە. دواتر خۆی بۆ پەڕینەوە ئامادە بکات.. بۆ بەردێک دەگەڕێ لەسەری دابنیشێ. ڕووی لە دارستانەکەیە و دەڵێ":

گۆرانییەکەی من تەواو، دە ئەمجا ئێوە تێ هەڵکەن ئەی باڵندەکان. نۆرەی ئێوەیە! (لە نوێ چریکەی باڵندە دەبیسترێ) بۆچی لەسەر تاکە ئاوازێک دەخوێنن باڵندەکانم؟ بیر بکەنەوە، ئەوجا گۆرانییەکی نوێم بۆ بچڕن!

(لەم دەمەدا باپیرە کوردۆ دێت و دەیەوێ بپەڕێتەوە.)

باپیرە کوردۆ: (لەبەر خۆیەوە): ئای کە پردێکی کۆنە! پەڕینەوەی چەند زەحمەتە!.. ئەوا من چوومەتە ساڵەوە، ئەدی لاوەکانمان بۆ پردێکی پان و پۆڕ و بەهێز لە بریی ئەم کۆنە دروست ناکەن؟

سوارە: (هەڵدەسێ) باپیرە بۆم باس بکە و فێرم بکە، چۆن پرد دروست دەکرێ؟ لێرە بەرد و تەختە ئامادەیە.

باپیرەکوردۆ: (سەیری دەکات) بەڕاستی تۆ منداڵێکی چاکیت! بەڵام حەیف منداڵیت و باڵیشت کورتە. هێزێکی ئەوتۆیشت نییە!

سوارە: چۆن؟ وتت بێهێزم، وا نەبوو!.. چاوەڕوان بە، هەر ئێستا هەڵت دەگرم و دەتپەڕێنمەوە. ئەوجا دەزانی.. دەزانی داخۆ بەهێزم یان نا!.. لە بەردەمتدا خۆم هەڵناکێشم. ئەرکی سەرشانمە، کە یارمەتیی پیرێکی بەڕێزی وەک تۆ بدەم!

باپیرە کوردۆ: باشت وت!. سوپاس بۆ تۆ. جارێ وازم لێ بێنە با لەسەرخۆ بپەڕمەوە. ئەگەر هەڵم بگری لەوانەیە لاقەکانت نەتوانن و ترست لێ بنیشێ. ئەو حەلەیش شەلپ بەجووتە دەکەونە ڕووبارەکەوە! (بەلەرزەلەرز دەست بەپەڕینەوە دەکات.)

سوارە: لەسەرخۆبە باپیرە! سەیری خوارەوە مەکە!

باپیرە کوردۆ: دەزانم. (بەڵام پێی دەترازێ و دەکەوێتە ڕووبارەکەوە.)

سوارە: ئا!.. ئای.. چیت کرد باپیرە! (بەپەلە خۆی هەڵدەداتە ڕووبارەکەوە. ئاسک و ورچ بەپەلە دەگەنە کەنار و بە دڵەڕاوکێوە سەرنجیان

دەدەن. سوارە، پیرەمێرد ڕزگار دەکات. پاڵی بە گابەردێکەوە دەدات. ئەمجا ئاسک و ورچ هەڵدێن و دوور دەکەونەوە.)

سوارە: باپیرە باپیرە!

باپیـرە کوردۆ: ئای چەند مـنداڵێکی دەست و دڵ پاکـی! چەند دڵ و دەروونت باشە! لە مردنی تەواوەتی ڕزگارت کردم!

سوارە: بەپەلە جلوبەرگەکانت دابکەنە با وشک ببنەوە باپیرە!

باپیـرە کـوردۆ: قـەیدی ناکـات. بەبای چیـاکان وشـک دەبنەوە. ئا! خـۆ ئەوە جلکەکانی تۆیش تەڕ بوون!

سوارە: قـەیدی ناکات. ئەگەر ئەوانی تۆ وشک بوونەوە ئەوا هـینەکانی منیش لەگەڵیاندا وشک دەبنەوە. وانییە؟

باپیرە کوردۆ: ڕاستە.. تۆ لە پیرەمێردەکان زیرەکتری!

سوارە: باپیرە تۆ لە کوێ نیشتەجێی؟ با بتگەیێنمەوە ماڵی خۆتان؟

باپیرە کـوردۆ: پێویست بەو ئەرکە ناکات. ماڵم لەناو ئەو زنجیرە چیایەدایە. جـا لەبەرئەوەی چیاکان پێکەوە نووسـاون، خـۆشـم نازانم چۆن چۆنی بۆ ماڵەکەم بگەڕێم!

سوارە: نازانی چۆن بۆ ماڵەکەت بگەڕێی؟ زۆر ئەنتیکەیە! بەڵام ئەمە تووشـی نارەحەتیت دەکات!

باپیرە کوردۆ: ئەدی تۆ لە کوێ نیشتەجێی کوڕی باش؟

سـوارە: مـاڵێک وا لە بناری چیـایە. لەپێشـیـدا بەرداشـێک هەیە و لە پـاڵیـدا داربییـەکی گەورە ڕواوە. بەسـەر داربییـەکەیشـەوە جـووتێک بولبـول دەچریکێنن. دایکم دەیوت، یان خوشک و بران یان ژن و مێردن.

باپیرە کوردۆ: لە زستانیشدا دەچریکێنن؟

سوارە: ئەوە تۆ لە کـوێیت باپیرە؟ ئەوان هـەمـوو زستـان دەنوون. وەک ئێـمـەی مرۆڤ نین. ئێمە هەر چوار وەرزەکە ڕەنج دەدەین.

ب کــوردۆ: ڕاست دەکــەیت. چەندم ئەو لاوانــە خــۆش دەوێ، کــە حــەزیـان لە کارکردنە!.. ناوت چییە؟

سوارە: سوارە

ب کـوردۆ: تۆ هـەر ئەو سـوارەیە نیت، کـە سـاڵ لـە دوای سـاڵ ژیانی تـاڵتـر دەبێ. ساڵ بەساڵ خۆزگەم بەپار!

سوارە: کێ وای وت؟ من هەر ئەو سوارەیەم، کە هەر ساڵێک تێ دەپەڕێ ئەو باڵای بەرزتر و بەهێزتر و توانای کارکردنیشی زیاتر دەبێ!

ب کوردۆ: بەم نزیکانە نیازی ژنهێنانت هەیە؟

سوارە: نەخێر.. هێشتا لە کوێمە!

ب کوردۆ: ئەی لەگەڵ دایک و باوکت دەژی؟ باوک و دایکت کێن؟

سـوارە: دایکم باشـترین دایکە. لە هـەمـوو دایکێک زیاتر حـەزی بەکارە. بۆیە پێشـی ماڵەکەمـانی کردووە بەسـەوزەی هەمەڕەنگ. هـەر لێـی دەخۆین و تەواو نابێ. هەمـوو کات کاسـە و کـەوێڵ، کـەنوو، گەنجینەمـان پڕن لەوشکەدان و خواردەمەنی.. پشیلەیەکی سپیی خرپنیشمان هەیە.

ب کوردۆ: ئەو پشیلە سپییەت خۆش دەوێ؟

سـوارە: بێگومـان. لە ڕاوەمـشکدا یەکەمـە. ئەوی ڕاسـتی بێ من مـشکیشم هـەر خۆش دەوێ!

ب کوردۆ: عـەیبی تۆ لەمـەدایە!.. ئێمـە دەبێ شـتـە باشـەکانمان خـۆش بوێ. نەک بـەپێــچــەوانـەوە.. باشـــە تۆ دەتـوانی بـاڵندەیەکی نۆ ســـەر و گـورگـێکی چـوارچاوت خـۆش بـوێ؟.. تۆ دەتوانی قــەراڵێکت خـۆش بوێ، کـە هـەمـوو ڕۆژێک خـەڵکی بکوژێ؟.. یان شـەیتـانێک شـەوانە منداڵ بفـڕێنـێ و بیـخـوات؟ بێگومـان نەء.. تۆ مـنداڵێکی دڵ و دەروون باشی. ئەگـەر توانیت جیـاوازی لە نێـوان چاک و خـراپدا بکەی، ئەوا بەهـەموو دڵنیاییەکەوە دواڕۆژت ڕوون دەبێ.

سواره: چاکە بەئامۆژگارییەکانت دەکەم.. باپیرە تۆ دایکت هەیە؟

ب کوردۆ: دایکم هەبوو بەڵام لەمێژە ئێوە خۆش. ئێستا من هەشتا ساڵم.

سواره: بەڕاست هەشتا ساڵی؟

ب کوردۆ: بەڵێ.. ئاخر بۆیە باپیرە کوردۆم پێ دەڵێن. بڕوانە ڕدێنم دەڵێی کلووی بەفرە!

سواره: جا خۆ سمێڵی پشیلە سپییە خرپنەکەی منیش سپییە!

ب کوردۆ: تۆ چۆن بەراوردی من لەگەڵ پشیلەیەکدا دەکەی کوڕی باش؟

سواره: تووڕە مەبە باپیرە. هەستیش بەوە دەکەم، کە بەراوردێکی نادروستە!

ب کوردۆ: وەرە منداڵە خۆشەویستەکەم، من منداڵی وەک تۆ پاکم خۆش دەوێ. ئەمڕۆ تۆ خزمەتێکی چاکی منت کرد. منیش لەسەرمە دیارییەکت پێشکێش بکەم!

سواره: نا، پێویست بەوە ناکات باپیرە!.. دایکم هەموو کات دەڵێ: ئەرکی سەرشانمانە یارمەتیی خەڵکی بدەین. پێویستە بەدوای دیاریدا هەڵپە نەکەین!

ب کوردۆ: قسەی دایکت تەواوە. بەڵام ئەگەر دیارییەکە شتێکی ئەفسووناویش بێ هەر وەری ناگری؟

سواره: بێگومان نەء.. خۆشم شتی ئەفسووناویم هەیە!

ب کوردۆ: ئاوا؟.. شتە ئەفسووناوییەکەت پێیە؟ ئادەی با بیبینم؟

سواره: (تەورێک لە کەمەری دەردەهێنێ) سەیرکە! ئەم تەورە شتێکی ئەفسووناوی نییە؟ (تەورەکە چەند جارێک دادەهێنێتەوە) داری پێ دەبڕم. ئەگەر ئەمەم پێ بێ، نە گورگ و نە پڵینگ و نە شێر ناوێرن توخنم بکەون! هەر کامێکیان پرکێشییان کرد و لێم نزیک بوونەوە

سەریان دەپەڕێنم!

ب کوردۆ: چاکە، زۆر چاکە! بەڵام ئەگەر هاتو ڕۆژێک بوو بەلافاو، خانوو و درەختی بەجارێک ڕامالّی. هەموو شتێکی لەم جیهانەدا نوقم کرد و ناوچەکەت بوو بەدەریایەکی فراوان و بەئاسۆوە نووسا، ئەوسا ئەو تەورە بەکەڵکی چی دێت؟

سوارە: بۆچی لافاوی وەهایش ڕوو دەدات باپیرە؟

ب کوردۆ: دڵنیابە! تۆ سەرنجت داوە قەراڵ چەند تەمبەڵە؟ ئەو هەموو ڕۆژێک درەنگ لە خەو هەڵدەسێ. کە هەڵسا لەگەنێک ڕۆنی کونجی هەڵدەقوڕێنێ. ئەمجا دەستەوارەیەک کولێرە چەورە بەپیازی سوورەوەکراوەوە هەڵدەلووشێ و بەسەریدا دەنوێ.. ئەو بۆ خواردن نەبێ خەبەری نابێتەوە. فەرمان نادات ڕووبارەکان ڕام کرێن و جۆگەیان لەبەر هەڵگیرێ. ئیتر چۆن لافاو ڕوو نادات؟

سوارە: ئاوا، جا چارمان چییە؟ ئۆف لەدەست ئەم قەراڵە نەفرەتییە! لە پشیلە سپییە گەورەکەی ئێمە دەچێ، هەر هەتا نوستن و خواردن شارەزایە!

ب کوردۆ: بەس نییە پشیلە سپییە گەورەکەی تۆ دەتوانێ مشک ڕاو بکات. خۆ قەراڵمان توانای ڕاوەمێشوولەیشی نییە! خێرا وەرە. ئەمە بگرە! (قوتوویەکی تەختە لە گیرفانی دەردەهێنێ و بەلەمێکی گچکەی لە کاغەز دروستکراوی لێ دەردەهێنێ) سەیرکە! سەیرکە!

سوارە: بەلەمێکی کاغەزی بچکۆلە! جا سوودی چییە؟ تەنانەت جێی دەستیشمی تێدا نابێتەوە!

ب کوردۆ: شتە ئەفسوونییەکان پێویست ناکات هەموویان قەوارەیان گەورە بێ! بۆچی تەورەکەی تۆ لە درەخت گەورەترە؟ کەچی دەتوانێ درەختیش ببڕێتەوە. بەڵام درەخت ناتوانێ ئەو ببڕێتەوە. ئەم بەلەمە

بچکۆلەیە بەلەمێکی ئەفسووناوییە!

سـوارە: تێ گـەیشـتم. کـەوابوو ئەگـەر لافـاو ڕووی دا نوقم نابم، مـادام ئەم بەلەمـەم پێ بێ! بەڵام دایکم چۆن دەرباز دەبێ؟ ئەدی پشـیلە سـپییـە گەورەکـەمان چۆن ڕزگـار دەبێ؟ جێیـان بـهێڵـم و خـۆم هـەڵێم؟ وابزانم ئەمەیان کاری کردەنی نییە!

ب کوردۆ: خۆت، دایکت و پشیلەکەت و تەنانەت بەرداشـەکەیش، هـەموویان لە بەلەمی ئەفسووناویدا جێیان دەبێتەوە!

سوارە: تۆ گاڵتەم لەگەڵدا دەکەیت باپیرە!

ب کـوردۆ: نەخـێـر، هـەرگـیـز.. سـەیرکـە و گـوێ بگرە و لەبـەری بکە: گـەورەبە زوو، بچـۆ دەریای سـەرهـەڵگرتوو! (دەسـبـەجێ بەلەمـەکە گـەورە دەبێ) سـەیرکـە! نابیـنـی گـەورە دەبێ! ئەگـەر بەکـاریشـی نەهـێـنـی، دەڵێی: با لافـاو بـنیشـێـتـەوە، بەلەمــەکـەم بچـووک بێـتـەوە! (بـەلەمـەکە بـچـووک دەبێتەوە.)

سوارە: هـەر بەڕاستی بەلەمـێکی ئەفسووناوییە باپیرە! ئەگەر لافاو ڕووی دا دەتوانم زۆر گیانەوەری پێ ڕزگار بکەم!

ب کوردۆ: پێم بڵێ، نیازت وایە کێی پێ ڕزگار بکەی؟

سوارە: وەک مێروولەیەک سەرئاو کەوتبێ، ڕزگاری بکەم یان نەء؟

ب کـوردۆ: بێگومـان پێـویسـتـە ڕزگـاری بکەی: چەند ئازا و کـارگـوزارە.!.. شتی تر ماوە؟

سـوارە: هـەنگ، پێـویسـتـە فـریای ئەویش بکەوم، چەند ڕەنجکێـشـە!.. ئەو هـەنگوینەیش، کە دروستی دەکا چەند بەتام و شیرینە!

ب کوردۆ: ڕاستە.. سێیەم؟

سـوارە: مـاسـیگرەی جـوان. یان تووتەڵە سـەگ. دەبێ ئەوانـیش ڕزگـار بکەم. بەڵام پێویستە لەپێش هەموو شتێکدا مرۆڤ ڕزگار بکەم!

ب کوردۆ: ئاوا؟ پیاوخراپیش ڕزگار دەکەی؟ ئاگەداربە سوارە، نەکەی مار ڕزگار بکەی! ئەگەر ڕزگاری بکەی دڵنیابە پێتەوە دەدات و هەناسەت لەبەر دەبڕێ! پیاوخراپیش لەوانەیە لە مار پیستر بێ!.. ئەوەی نەختێ لەمەوبەر پێم وتی لەبەرت کرد؟

سوارە: لەبەرم کرد.. «گەورەبە زوو، بچۆ دەریای سەرهەڵگرتوو».. «با لافاو بنیشێتەوە بەلەمەکەم بچووک بێتەوە!» وانییە؟

ب کوردۆ: تەواوە.. پێویستە ئاگەداری بەلەمە ئەفسووناوییەکەت بی. نەکەی بیفەوتێنی.. بیدە بەدایکت با بیپارێزێ.. سەیرکە وا خۆر هەڵات!

(سوارە سەر هەڵدەبڕێ. تەماشای خۆر دەکات. ئەمجا ئاوڕ لە پیرەمێرد دەداتەوە. دەبینێ ون بووە.)

سوارە: باپیرە، باپیرە ئەوە تۆ لە کوێی؟.. باپیرە، هۆ باپیرە هۆو!

(گوێی لە دەنگدانەوەی قسەکانی خۆی دەبێ. بەڵام نایبینێ) ئۆی، سەیرە!.. لە کوێ خۆی شاردووەتەوە؟

ب کوردۆ: هۆ سوارە هۆو، بگەڕێوەماڵی خۆتان.. خوات لەگەڵ!

سوارە: خوات لەگەڵ! (لە هەر چوارلاوە گوێی لە دەنگدانەوەی قسەکانی خۆی دەبێ.) خوات لەگەڵ.

## دیمەنی دووەم

کات: دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەیە، کە لافاو تێیدا ڕووی داوە.

شوێن: دەرەوەی ماڵی سوارە

ئەکتەرەکان:

سوارە

دایکی سوارە

پشیلە سپی

ماسیگرە

مێروولە

شاهەنگ

ڕەحیمی سێنە

پەردە لادەبرێ. لەسەر تەختەی شانۆوە ئاسمان دەردەکەوێ، بەهەور و هەلآیە. لافاوی زەرد هەڵدەقوولێ.. دەنگی زەنگ و هات و هاواری خەڵکی دەبیسترێ:

لافاو هات! لافاو هات! باهەڵێین! با سەرکەوین.

سوارە: (لەپشت پەردەوە هاوار دەکات): هۆ دایە هۆو! مەترسە ئێمە بەلەمی ئەفسووناویمان هەیە! ئەی بەلەمە ئەفسووناوییەکەم گەورەبە زوو، بچۆ دەریای سەرهەڵگرتوو.. هۆ دایە هۆو، پشیلە سپییە گەورەکە هەڵگرە، منیش کەلوپەلەکان دەگوێزمەوە!

(دەنگی زەنگەکە لە نوێ نزیک دەبێتەوە. باڵندەکان زارەترەکن و دەفڕن. مانگا دەبۆڕێنێ، بەرخۆلە لە ترساندا دەباڕێنێ.. بەلەمە ئەفسانەییەکە گەورە دەردەکەوێ، سەرئاو کەوتووە.) دایە تۆ کەشتیرانی بکە و منیش سەوڵ لێ دەدەم.. تۆش ئەی پشە سپییەکەم مەترسێ. سەیری ئاوەکە بکە بەڵکو زیندووەکان ڕزگار بکەی.

دایکی سوارە: نەختێ چاوەڕوانی بکە سوارە، بەرداشەکە نەگوێزراوەتەوە بۆ ناو بەلەمەکە. (بەلەمەکە دەوەستێ)

سوارە: ماوەمان نییە بیگوێزینەوە. با لەوێ بێ زۆر قورسە. لافاو ناتوانێ لە جێی خۆی بیجووڵێنێ.

دایکی سوارە: (ئاوڕ بۆ دواوە دەداتەوە. پێی ناخۆشە ماڵەکەی جێ دێڵێ) چەند کارەساتێکی کتوپڕ بوو. ئای، خانووەکە دەتەپێ و چیمان هەیە

لافاو ڕای دەماڵێ! ئیتر لە دواییدا چۆن چۆنی بژین؟

سوارە: خەفەت مەخۆ دایە! دوای نیشتنەوەی لافاوەکە، ئەگەر خانووەکەمان ڕووخابوو ئەوا یەکێکی تر بنیات دەنێین. ئەگەر باخەکەمان لافاو ڕای ماڵیبوو، جارێکی تر سەوزە دەڕوێنینەوە.. بەلای ئێمەوە کاری زەحمەت لە دنیادا نییە. چونکە خاوەنی دەست و بازووی خۆمانین، کە دەتوانین چیمان بوێ پێی بکەین.. ئەگەر ئاسۆ ڕووخا دەست و بازوومانی بۆ دەکەینە کۆڵەکە.. ئەگەر لافاویش ڕووی دا بۆمان هەیە...

دایکی سوارە: بۆمان هەیە چی بکەین؟

سوارە: بۆمان هەیە سواری بەلەم بین و بگوێزینەوە بۆ شوێنێکی تر.

دایکی سوارە: ئەیەڕۆ سوارە، چۆن دڵت دێنێ بەو شێوەیە لاقرتی بکەی، لە کاتێکدا ئێمە ئەم کارەساتەمان بەسەردا هاتووە؟

سوارە: بۆچی ئەگەر بەدڵتەنگی و مڕومۆچی بمێنینەوە، لافاوەکە دەنیشێتەوە؟

پشیلە: میاو! میاو!

سوارە: چی ڕووی داوە پشە سپی؟ مشکت لە ئاوەکەدا دیوە؟.. وازی لێ بێنە، بابڕوات بە پای کاری خۆیەوە.!

پشیلە: (چنگی درێژ دەکات و هێما بۆ ئاوەکە دەکات) نەء، مەبەستم مشک نییە!

سوارە: کەواتە ئەوەی دەتەوێ ڕزگاری بکە و لە ئاوەکەدا دەری بێنە.

پشیلە: (زات ناکات) میاو!

سوارە: تۆ ترسنۆکی! لەوە دەترسی تێی بکەوی! کەواتە من کلکت دەگرم، ئیتر ناکەویتە ئاوەکەوە. (کلکی بۆ دواوە ڕادەکێشی و پشیلەش مێروولەیەکی گەورە لە ئاوەکەدا دەردەهێنێ. مێروولە گەورەکە خۆی

ڕادەوەشێنێ. ئاوەکە لە خۆی دەکاتەوە.)

پشیلە: (هەست دەکات مێروولەکە ڕووخۆشە، بەپێکەنینەوە چنگی بۆ درێژ دەکات. ئاماژەی بۆ دەکات.) میاو! میاو!

سوارە: بۆچی پێی پێ دەکەنی و بەزەییت پێیدا نایەتەوە پشە سپییەکەم؟ خۆت دەزانی تەڕ بووە. ئەو ئێستا سەغڵەتە! بەپەلە سەیری سەر ئاوەکە بکە! (بەمێروولە دەڵێ) خوشکم خۆت بەتەنیا لێرەدا بووی؟

مێروولە: (دەوەستێ) نەخێر. بێچوویەکی زۆر لێرەدان. (سوارە گیرفانی دەبینێ)

سوارە: ئای !.. ژمارەیان یەکجار زۆرە!

مێروولە: سوپاست دەکەم، کە ڕزگارت کردین. هیچ کارێکی وەهات نییە پێم بسپێری؟

سوارە: گوێت لێ بوو پشیلەکەم؟ بزانە چەند ئیشکەر و ڕەنجکێشە؟ هەر گەیشتە ئێرە، داوای کارم لێ دەکات!.. بەڵام تۆ بێ سێ و دوو تەمبەڵی.. (پشیلە بەناڕەزاییەوە کلکی بادەدا)

مێروولە: با لە سەوڵ لێداندا یارمەتیت بدەم. (سەوڵەکەی لێ وەردەگرێ و وەک سوارە سەوڵ لێ دەدا)

سوارە: چاکە.. یەک دوو..! قایم.

مێروولە: یوهە!

سوارە: های

مێروولە: یوهە!

پشیلە: میاو میاو!.. های یوهە! (لە شوێنی خۆی دوور دەکەوێتەوە)

سوارە: ئەوە چییە پشە سپی؟ (بەلەمەکە بۆ جاری دووەم دەوەستێ)

دایکی سوارە: هەنگێکی گەورە لە ئاوەکەدایە. پشە سپی جارێکیان هەنگ

پێـوەی دا و چەند ڕۆژێـک سـەری ئـاوسـا . بـۆیە تاکـو ئێـسـتـاش لێی دەترسێ!

سـوارە: با ڕزگـاری بکەم. (سـەوڵەکـەی بۆ هەنـگەکـە درێژ دەکـات و ئەویش خۆی پێدا هەڵدەواسێ)

شـاهەنگ: سـوپاس.. چەند لافـاوێکی بێ ئـامـانە! ئـای.. گوڵەکـانی کـردووە بەژێرەوە. درەخـتـەکانی ڕیشـەکـێش کـردووە. ئەم زسـتـانەمـان زۆر بەزەحمەت لێ دەڕوا!

سـوارە: دڵ لە دڵ مـەدە. جارێ کـار بکە، نـۆرەتە.. لە بریی دایکم بچـۆ سـەر ڕانگەکە، با ئەو چێشتمان بۆ لێ بنێ.

شـاهـەنـگ: چاکـە. (دەچێ بۆ لای دایکی سـوارە و لە بریی ئەو کـەشـتـیـڕانی دەکات)

پشیلە: (دوای دایکی سوارە دەکەوێ) میاو! میاو!

دایکی سـوارە: دەزانم بۆچی دەمـیـاوێنی. داوای هەندێک مـاسی دەکـەی. دەبڵێ وانییە؟

سوارە: هەوڵ بدە خۆت ڕاو بکەیت پشە.

مـێرووله: ئەگەر کلکت شۆڕ بکەیتەوە ناو ئاوەکە، ڕەنـگە ماسـیی گەورە ڕاو بکەی!

پشیلە: میاو! میاو!

سوارە: هۆ مێرووله. پێویستە ئەوە بزانی، کە پشیلە سپی زۆر فێڵبازە. لەوە ترسـاوە مـاسـیـیـەک کلکی بگرێ و شـڵـپ بیخـاتە ئاوەکـەوە. دەبڵێ وانییە پشەکە؟ ئەی نەفرەتی!

پشـیلە (مـیاو! مـیـاو!.. (پێکەنینێکی سـاختـە پێ دەکـەنێ. لەودەمـەدا ماسیگرە لە ئاسمانەوە بەسەریاندا دەکەوێ)

ماسیگرە: ئۆی!

پشیلە: میاو! میاو!..(باز دەدات و لە جێی خۆی دوور دەکەوێتەوە.)

ماسیگرە: (لەناو بەلەمەکەدا درێژ دەبێ و دەمە داچەقێی پێ دەکەوێ.) ئای، ئەم شەکەتییە بەتەواوی پرزەی لێ بڕیوم!

سوارە: پشوو بدە! پشوو بدە!

ماسیگرە: بەحەواوە بووم.. یەک ڕۆژی ڕەبەقە دەفڕم.. بەڵام شوێنێکم نەدۆزییەوە ئۆقرەی تێدا بگرم و بحەوێمەوە! ئای چەند کفتم!.. وازم لێ بێنن با ئاهێکم تێ بگەڕێ ئەی پیاوچاکینە!

سوارە: فەرموو پشوو بدە.. ئێمە جیاوازیمان لە نێواندا نییە!

دایکی سوارە: بەخێرهاتی سەر چاوان. ماڵی خۆتە ماسیگرە.

مێرووله: منیش وا تاوێکە لێرە دابەزیوم. خۆشحاڵم لەگەڵیاندا بمێنمەوە. لێرە لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکدا هاوبەشین. دڵنیابە برام!

شاهەنگ: یەکەم جار پشوو بدە. دوای ئەوەی ماندووت حەساوە دەتوانی هەندێک ماسی بگری. چونکە پشە سپی، هەر کاتێک بیر لە ماسی خواردن بکاتەوە، لیک بەدەمیدا دێتە خوارێ!

ماسیگرە: بەوپەڕی شادییەوە. من لە ڕاوەماسیدا وریام.

پشیلە: (هەڵدەبەزێتەوە. لە ماسیگرە دەچێتە پێشەوە و پەڕەکانی دەلێسێتەوە) میاو!.. شی شی!

مێرووله: تۆ چاک دەزانی خۆت بەریتە پێشەوە. ماستاوی خەست دەزانی!

پشیلە: میاو! من گۆشتی ماسییەکە دەخۆم و تۆیش دڕکەکانی!

سوارە: چەند خۆپەرستی پشەکە!

هەموو: هاها..

ڕەحیم: (لەناو ئاوەکەدایە، هاوار دەکات) فریام کەون!.. خەڵکینە بگەنە

فریام!

سوارە: ئادەی، زەلامێک لە ئاوەکەدایە و هاوار دەکا، فریای کەون با بەپەلە ڕزگای کەین!.. با بەپەلە ڕزگاری کەین!

دایکی سوارە: ئادەی سوارە. باپیرە کوردۆ نەیوت لەسەرمانە پیاوچاکان ڕزگار بکەین؟.. بەڵام چوزانین ئەم کابرایە پیاوچاکە یان پیاوخراپ؟

سوارە: تۆ پیاوچاکیت یان پیاوخراپ؟.. ڕاستیم پێ بڵێ؟

ڕەحیم: من پیاوچاکم، زۆریش چاکم.. نە پێ بەمێرووڵەدا دەنێم و نە هەنگکوژم.. نە باڵندەش ڕاو دەکەم و نە لە پشیلەیش دەدەم!

سوارە: ناوت چییە؟

ڕەحیم: ڕەحیمی سێنە، برای کەریمی چوارنە!

دایکی سوارە: ئاگەداربە سوارە، ئەم کابرایە لە پیاوخراپ دەچێ!

سوارە: ناتوانین بەڕواڵەتیدا لەوە دڵنیا بین، کە پیاوخراپە!

دایکی سوارە: با لێی ورد ببمەوە. (سەیری دەکات) ئۆی ئەمە لەوە دەچێ ڕەحیمی کوڕی حاجی غەنی بێ! بە خاووخێزانەوە پیاوخراپن!

ڕەحیم: نەخێر من ئەو نیم. باوکیشم ناوی حاجی غەنی نییە. بگرە من ڕەحیمم.. ڕەحیمی سێنە.. دەتۆ بیر بکەرەوە پووریێ. ئەگەر لە بنەماڵەیەکی حاجیزادە و دەوڵەمەند بوومایە، بەلای کەمەوە دەبوو بەلەمێکم هەبووایە!.. خێراکە ڕزگارم کە! وا خنکام!

سوارە: دایە با ڕزگاری کەین!.. سەیرکە چەند بەستەزمانە!.. ئا ئەو گوریسەم بدەرێ دایە؟

دایکی سوارە: (گوریسەکەی دەداتێ) جا تۆ لەوە دڵنیای، کە پیاوێکی چاکە؟

ڕەحیم: ڕزگارم کە پووریێ!

سوارە: بەڕاست تۆ کوڕی حاجی غەنی نیت؟

ڕەحیم: بێگومان نەخێر.. بۆ بڕوام پێ ناکەی؟ ئەگەر خراپەم لێ وەشایەوە دەتوانی فڕێم بدەیتەوە ناو ئاوەکە!

سوارە: باشە، ئەم گوریسەم لێ وەربگرە! (ڕەحیمی سێنە بۆ ناو بەلەمەکە ڕادەکێشێ)

ڕەحیم: سوپاست دەکەم، تۆ ژیانت ڕزگار کردم..! پووریێ بەکوڕی خۆت حیسابم بکە، منیش تۆ بە دایکی ڕاستەقینەی خۆم دەزانم! تۆیش (هێما بۆ سوارە دەکات) برامی!.. تۆیش (بۆ مێرووله) خوشکمی!.. تۆیش (بۆ شاهەنگ) هەروەها خوشکمی!

پشیلە: میاو!

ڕەحیم: تۆ؟ تۆیش هەر برامی! تۆیش ماسیگرە، ماسیگرەی جوان، کە دەتبینم شادی دەخەیتە دڵمەوە. بڕوام وایە لە کەسوکارم لەپێشتری بۆم!.. چاکە خزمینە، ئێمە ئێستا ڕوو لە کوێ دەکەین؟

سوارە: هەر چوارکەنارمان ئاوە. ناتوانین جیاوازیی نێوان ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا، باشوور و باکور بکەین.

ڕەحیم: (بەپەنجە ئاماژە دەکات) بڕوانن، ئا ئەوانە چیا نین؟ شتێکی ئاساییە، خەڵکی ڕوو لە بەرزایی دەکەن و ئاویش ڕوو لە نشێو. وای بەباش دەزانم ڕوو لە چیا بکەین. بە هەموو دڵنیاییەوە لەوێ جێگەی حەوانەوەی باش دەدۆزینەوە.

سوارە: دایە سەیرکە، چەند زیرەکە!

دایکی سوارە: (تا ئێستاش گومانی لە ڕەحیم هەیە) بۆم هەیە لێی بپرسم بۆچی ناوی خۆی ناوە ڕەحیمی سێنە؟

ڕەحیم: سێنە واتە: یەکەم نە زۆرخۆرم، دووەم نە تەمبەڵی لە ئیشدا دەکەم، سێیەم نەماڵی خەڵکی دەدزم!

پشیلە: لە خۆم دەچێ!

سواره: بەڕاستی شەرم لە چاوتدا نییە پشە سپی!

دایکی سوارە: ئەدی براکەت بۆ پێی دەڵێن چوارنە؟

ڕەحیم: ئەوە دەگەیێنێ کە: نە زۆرخۆرە، نە تەمبەڵی لە ئیشدا دەکات، نە شتی خەڵکی دەدزێ، نە لە لافاویش دەترسێ!

سوارە: ئەدی بۆ نەهات بۆ ئێرە؟

ڕەحیم: بەڵێ، ئێستا لەناو ئاوادا لە خەوێکی قووڵدایە پووریێ.. خزمینە بڕوام پێ بکەن من پیاوچاکم!.. وەرنەوە..! وریابن! با هەریەکە و کارێک بگرێتە دەست. تۆ سەوڵ لێ دەدەی. تۆ کەشتیرانی دەکەی. تۆ چێشت لێ دەنێی. تۆ چاودێریی دەکەی. تۆش ڕاوەماسی دەکەی. منیش سەرپەرشتیاری گشتیم بەسەر هەموو شتێکەوە.. ئامادەی بەڕێکەوتن بن!

(هەرکە بەلەمەکە بەرەو ئەو ڕووگەیەی، کە ڕەحیم ئاماژەی بۆ کرد دەجووڵێ، ئیدی هاواری فریاکەوتن و بارەی مەڕ و بۆڕەی مانگا دەبیسترێ)

سوارە: نەختێ چاوەڕوان بن!.. خێرا بەلەمەکە بسووڕێنن!

ڕەحیم: بۆچی؟ ئاوەکە لەوێ قووڵترە تاکو ئێرە!

سوارە: بەڵام خەڵکەکە لە ئاوەکەدان. پێویستە ڕزگاریان بکەین! بەپەلە! قایم! های یوهە!

هەموو: های یوهە های یوهە!

سوارە: (گۆرانی دەڵێ)

با هەموو خزمەتگوزار بین

ڕزگار بکەین لە مەرگەسات

هەموو: های یوهە!

سواره: گاو و گۆتاڵ، مەڕوماڵات

هەموو: های یوهە!

سواره: هەتا یەک بین

ناترسین لە لافاوی تووش

گەمێکەمان وەک تیر دەڕوا

هیچ کۆسپێ ڕێی لێ ناگرێ

دەریا دەبڕێ بەبێ پەروا!

هەموو: های یوهە!

(بەرەبەرە بەلەمەکە خێراتر دەبێ)

بەشی دووەم

دیمەنی یەکەم

کات: دوای چەند ڕۆژێک. لافاو نیشتووەتەوە. خێزانی سواره گەڕاونەتەوە ماڵی خۆیان. دوای نیوەڕۆیەکی هاوین.

شوێن: ماڵی سواره

ئەکتەرەکان:

ڕەحیمی سێنە

پشیلە سپی

ماسیگرە

شاهەنگ

مێرووله

سواره

دایکی سواره

کاتێ پەردە لادەبرێ، لافاو تەواو نیشتووەتەوە. بەرداشەکەی ماڵی سوارە هێشتا هەر لە شوێنی خۆی چەسپە. داربییەکەیش نەکەوتووە. بولبولەکان گەڕاونەتەوە و سەرلەنوێ دەخوێنن. بەشی زۆری ئەو شوێنانەی ڕووخابوون، پینەوپەڕۆ کراون و تاکو ئێستا هەر ئیشی تێدا دەکەن. ڕەحیمی سێنە کار ناکات. بەتەنیا لەسەر بەرداشەکە دانیشتووە و لەگەڵ خۆیدا دەدوێ.

ڕەحیم: ئەم ئەحمەقانە چەند دڵیان پاکە! هەر چیم وت بڕوایان پێ کردم! کە وتم من کوڕی حاجی غەنی نیم یەکسەر بڕوایان کرد. تەنیا ئەو پیرەژنەیان تێدایە نەختێ وریا بێ. بەڵام ئەویش، کە بە دایە دایە بانگم کرد ئیتر گومانی لێم نەما. پێویستە هەتا زووە فێڵێکی تری وەها بدۆزمەوە پێی ببمە خاوەنی بەلەمی ئەفسووناوی، کە بەهۆیەوە دەبمە خاوەنی پلە و پایەیەکی بەرز و گیرفانەکانم پڕ دەبن لە پارە! ئەگەر بێتو لەمەیاندا سەرکەوتوو بم؛ ئای کە گوزەرانم خۆش دەبێ! (پشیلەی سپی بە سەبەتەیەک گڵەوە لەسەرخۆ دەڕوات)

پشیلە: ئای، ئای لەم سەبەتە نەفرەتییە! کوڕە خۆ ئەوەندە قورسە پشتمی چەماند!

ڕەحیم: پشە سپییە خۆشەویستەکەم گورج کە، بێزار مەبە!

پشیلە: ئاوا!.. جا منیش ئەگەر وەک تۆ لەسەر بەرداشێک لێی دانیشم خەمی چیمە؟

ڕەحیم: پێویستە تێ بگەی پشە سپییەکەم، کە من چاودێریی ئیش دەکەم. بۆیە هیچ خەوشێکی تێدا نییە ئەگەر لەسەر بەرداش دابنیشم!

پشیلە: تۆ چاودێرێکی خراپی!

ڕەحیم: ئەم قسانە چین: من باشترین مرۆڤم لە جیهاندا!

پشیلە: کەوایە بۆچی دوێنێ بەوە تاوانبارت کردم گوایە ماسیی دایکی

سوارەم خواردووە، کەچی خۆیشت دزیبووت و هەڵت لووشیبوو؟
(گڵـەکە ڕۆ دەکات و دەگـەڕێتـەوە) نەخـێـر تۆ ئەو پیـاوە نیـت، کـە نـە زۆرخۆریت و نە تەمبەڵی لە کاردا دەکەیت و نە شتی خەڵکی دەدزیت، وەک فـەرمـووت.. بگرە تۆ پیـاوێکیت، لە خـواردندا چـاوبرسـیـت و لە کـاردا تـەمـبـەڵیت و شـتـی خـەڵکیش دەدزی و نیـازی خـراپیشت پێیـان هـەیە! (دەڕوات)

ڕەحیم: ئای، پێویستە بەزووترین کات، تا هـەقیقەتی منیان بۆ دەرنەکەوتووە، بە بەلەمی ئەفسـووناوی تۆڵەیان لێ بکەمـەوە! (ماسـیگرە و شـاهـەنگ دێن. ئەوان خشتی سووریان هەڵگرتووە و گۆرانی دەچڕن)

ماسیگرە و شاهـەنگ: (گۆرانـی دەڵێن)

بابێ بابێ، بابێ خشت بێ
خاوەن بەهرەین، خاوەن هێزین!
بنیات دەنێین کەلاوەکۆنێ بۆ ژیان!
چین لەسـەر چین!
هـا بگرە، هـا بگرە!
ماڵەکەمان، پایەکانی
هـەڵدەسێنەوە سـەرلەنوێ!
دەبێتەوە بە هێلانـە!
بە هێلانەی کامـەرانی!
دەستخۆش، دەستخۆش..

ڕەحـیم: (لە بەرداشــەکـە دێتـە خــوار) مـاســیگرە ئازیزەکـەم! شـاهـەنگی خۆشـەویستم! تـەمـبـەڵی ناکـەم. دانیـشـتنم تەنـیـا بۆ ئەوە بوو تـاکـو چراوگی بیرم داگیرسێنم!

ماسیگره: ئەم بیره سەرسوورهێنەرەی تۆ چی دەڵێ؟
ڕەحیم: سەیرکە، بەختیاری و نازی نیعمەت وا خەریکە لە دەرگەکەمان دەدات، بەڵام خۆمان نازانین چۆنی بخۆین!
شاهەنگ: مەبەستت چییە؟
ڕەحیم: ئێمە گەنجمان لە بەردەستدایە ئیتر بۆچی سوودی لێ وەرنەگرین؟
ماسیگره: مەبەستت لە بەلەمی ئەفسووناوییە؟
ڕەحیم: بەڵێ!
شاهەنگ: ئەوە بوو کاتێک لافاوەکە ڕووی دا سوودمان، لێ بینی. وا نەبوو؟
ڕەحیم: ئێستاش هەر دەتوانین سوودی لێ ببینین.!
مێروولە: (دێت و دوو سەبەتەی پڕ لە گڵی هەڵگرتووە) گورج کەن، بەپەلە، بەهێز!
ڕەحیم: مێروولە ئازیزەکەم، تۆ کورتەباڵایت و کەچی زۆرت هەڵگرتووە. تۆ مەزنیت! نەختێ پشوو بدە!
مێروولە: هەرچەندە باڵایەکی کورتیشم هەیە، بەڵام خاوەنی توانای بەرز و هێزی لەبن نەهاتووم!
ڕەحیم: کۆڵەکەت دابنێ و پشوو بدە! (مێروولە سەبەتەکەی دادەنێ) دەمەوێ نیازی خۆمت پێ بڵێم. ئەگەر بەلەمی ئەفسووناویمان پێشکێش بە قەراڵ کرد، ئەوا ئەویش خەرمانێک زێڕ و خەرمانێک زیو و جامی لە ئاقیق دروستکراو و بەرداشی زمردوود-مان پێشکێش دەکات.. ئیتر بۆچی خشت بگوێزینەوە و خۆڵ بەکۆڵدا بدەین؟ بۆ بەم کارە نالەبارەوە خۆمان ماندوو بکەین؟
ماسیگره: ئێمە حەزمان لە خشت گواستنەوە و کۆڵەکێڵ هەڵگرتنە. ئەم کارە لە خۆیدا ڕابواردنە!

شاهەنگ: بەلەمی ئەفسووناوی موڵکی سوارەی برامانە. بۆمان نییە قسەی لەسەر بکەین!

مێروولە: ئەگەر وێرات بەلەمی ئەفسووناوی بدزی، ئەوەندەت دەکوتێ، ئەوەندەت دەکوتێ هەتا دەمری!

ڕەحیم: کێ وتی دەیدزم؟ مەبەستم ئەوە بوو ڕاوێژ لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین تا دەگەینە ڕایەکی یەکگرتوو. ئەوسا پرسیش بەسوارە دەکەین.

هەموو: ئێمە گوێڕایەڵی سوارەی برامانین. گوێڕایەڵی تۆ نابین!

(کاتێ لە گفتوگۆ بوونەوە، دەست بە کۆڵەگڵ و خشت گواستنەوە بۆ شوێنی کار دەکەنەوە)

ڕەحیم: بەهەرحاڵ. من وابزانم هەموو لایەک قایلن، چاکە!

(چەپڵە بۆ خۆی لێ دەدات. هەموو لە خشت و گڵ گواستنەوەدا کۆشش دەکەن قسەکانی ڕەحیم پشتگوێ دەخەن. سوارە دێت؛ کۆڵەکەیەک لەسەر شانێتی)

سوارە: (گۆرانی دەڵێ)

من سوارەم، من بێدارم
من لە سستی بێزارم!
من وریام، من چالاکم
من دۆستی مرۆڤی چاکم
چین چین.. هەڵدەسێم دیوار
دارەڕای دەکەم بەسپیدار
کۆشکێ ڕەنجدەر دای مەزرێنێ
هیچ لافاوێ نایڕووخێنێ!

ڕەحـیم: (بۆ داگـرتـنی کـۆڵەکـەکـە یارمــەتـیی سـوارە دەدات) سـوارەی برام ئاگات لێیە ڕەزامەندیی خۆیان دەربڕی؟

سوارە: لەسەر چی؟

ڕەحیم: من نا، ئەوان خـۆیان وتـیان، کـە ئیشکردن لـێرە مـاندوویان دەکات، ئیتر بۆچی بەلەمی ئەفسووناوی پێشکێش بەقەراڵ ناکات؟

سوارە: چۆن چۆن؟ ئەدی ئەگەر جارێکی تر لافـاو ڕووی دایەوە چارمان چی دەبێ؟

ڕەحــیم: لافــاوی وەها لەوانـەیە دە هـەزار ســاڵی تـر ڕوو نەدات. هـەڵگرتـنی بەلەمی ئـەفسـووناویش بۆ مـاوەی دە هـەزار سـاڵ زیانێکـی گەورەیە! خـۆ ئەگـەر پێشـکەشی قـەراڵمـان کـرد، دەتوانـین داوای زێڕ و زیو و مرواری و ئاقیقی لێ بکەین. ئەو حەلەیش دەوڵەمەند دەبین و تووشی مـاندووبـوون و ناڕەحـەتی نابین. هـەمـوو ڕۆژێکیش خـواردنی چەور و خۆش دەخۆین!

سوارە: هەموو ڕۆژێک لە پاڵەوە بخۆین؟ نەخێر، من حەزم لە کارکردنە!

ڕەحـیم: کـە دەوڵەمــەند بووین، دەتوانین زەوییــەکی فـراوان بکڕین. ئەوسـا گەنمەشـامی و گوڵ و گوڵزاری تێدا دەڕوێنین.. بێجگە لەوەیش مانگا و مـەڕومـاڵات و مریشک و مراوی بـەخێو دەکـەین. ئەمـانەیش هـەمـوو پێویستییان بە کاری بەردەوام هەیە!.. وانییە؟

سوارە: جا ئەم هەمووە چی لێ بکەین؟

ڕەحیم: سـوارەی برام تۆ دایکی خـۆت خۆش دەوێ؟ دەتەوێ چاکـەی لەگـەڵدا بکەی؟

سوارە: خۆشم دەوێ و دڵی ڕادەگرم!

ڕەحـیم: دەتۆ سـەیرکە بزانە چـی لەبەردایە؟ چیش دەخـوات، بەچیش خـۆی دەڕازێنێتـەوە؟ من دڵم پێی دەسووتێ! کە پارەمان دەسـتکەوت ئەوسا

دایکت دەتوانێ خواردنی باش بخوات و پۆشاکی نایاب بپۆشێ و بە زێڕ و زەمبەر خۆی بڕازێنێتەوە. ئەمەیە بەڵگە ئەگەر تۆ دایکی خۆت خۆش بوێ و چاکەی لەگەڵدا بکەی! جگە لەوەیش هەڵگرتنی بەلەمی ئەفسووناوی لە پای چی؟ بۆ سوودی لێ وەرنەگرین؟ چاک بیری لێ بکەرەوە!

سوارە: قسەکەت ڕاست و ماقووڵە. دایکم بەدرێژاییی ژیانی هەژاری و بێدەرەتانی چێشتووە. با ڕاوێژی پێ بکەم.

ڕەحیم: پێویست بەوە ناکات. ئەو حەزی لە ڕەنجکێشانە. بێزاری و ناڕەزاییش دەرنابڕێ. بۆیە هیچ پێویست بەوە ناکات پرسی پێ بکەی!

سوارە: بەڵێ، بێ کەم و زیاد ئەمە ڕەوشتی دایکمە!

ڕەحیم: کەواتە بێ ئەوەی بەدایکت بڵێی بچۆ بەلەمی ئەفسووناوی بێنە! هەرکە پێشکێشی قەراڵمان کرد، دەبینە خاوەنی زێڕ و زیو و گەنجی خۆمان!.. ئەوسا مانگا و مەڕومالات و ئەسپ و ئاوریشم و ئەتڵەس دەکڕین. بەمەیش دایکت دەتوانێ خواردنی نایاب بخوات و بەرگی ڕێکوپێک بپۆشێ. ئەمجا ئیتر زەردەخەنە ڕوخساری بەجێ ناهێڵێ. هەمیشە ئاوا زمان هەڵدەهێنێتەوە: بەڕاستی کوڕی شیرینم تۆ ڕۆڵەی بەوەفامی!

سوارە: چاکە، با هەر ئێستا بڕۆین!

ڕەحیم: خۆم بەتەنیا بڕۆم بەسە. ئەگەر تۆ بێیت، ئەوا دایکت هەر دەبێ هەواڵت بپرسێ. ئەو حەلە نەخشەکەمان بەتاڵ دەبێتەوە!.. لەپێش هەموو شتێکدا بڕۆ بەلەمی ئەفسووناوی بێنە! من لە دیدەنیی قەراڵ ناترسم. من لە کڕینی ئەو شتانەشدا، کە پێم وتی تەواو شارەزام. ئەسپێک بەکرێ دەگرم خێرا خۆم بە پایەتەختدا دەکەم.. دوای

ئەوەی، کە زێڕ و زیوم دەستکەوت، ئەو کەلوپەلانەیش دەکڕم، کە دایکت ئارەزوویان دەکات و دەیانهێنمەوە.. خێراکە، بڕۆ بەلەمی ئەفسووناوی ئامادەکە!

سوارە: چاکە، لێرە چاوەڕوان بە، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە! (دەڕوات)

ڕەحیم: بیرێکی نایابم بۆ هات! نەخشەکەم سەری گرت. من چەند بەڕێز و مەزنم!

سوارە: (بەڕاکردن دەگەڕێتەوە و قوتووەکەی بەدەستەوەیە) بیگرە و چاک ئاگەداری بە!

ڕەحیم: براکەم، خۆ تۆ بڕوام پێ دەکەی؟

سوارە: جا ئەوە قسەیەکە دوو جاری بکەی؟ ئەی گوایە چۆن بڕوات پێ ناکەم؟ ئێمە برادەرین. لە هەموو خۆشی و تەنگانەیەکی یەکتردا بەشدارین. بڕۆ، بەڵام زوو بگەڕێوە!

ڕەحیم: بەهەموو دڵنیاییەوە بەپەلە دەگەڕێمەوە. چونکە ئەگەر ڕۆژێک نەتبینم سوێم دەبێتەوە و خەو و خۆراکم لێ هەڵدەگیرێ.. هەر بەڕاستی نامەوێ لێت دوور بکەومەوە! (فرمێسک دەڕێژێ)

سوارە: خێرا بڕۆ! من دڵنیام هەتا پێت بکرێ بەپەلە دەگەڕێیتەوە! پێویست بەوە ناکات خۆت دڵتەنگ بکەی.

ڕەحیم: خانووەکە بەچاکی دروست بکەن! ئێستا دەڕۆم بۆ ئەوەی زوو بگەڕێمەوە.. بەهیوای دیدار!

(ڕەحیم بەپەلە دەردەپەڕێ. سوارە دیسان کۆڵەکەکە هەڵدەگرێ. ماسیگرە و پشیلە و شاهەنگ و مێرووله دەگەڕێنەوە، خشت و گڵیان پێیە)

ماسیگرە: سوارەی برام، خشت و گڵ بەش دەکات.. دەست بەبناغە هەڵکەندن بکەین چاکتر نییە؟

سـواره: ڕاسـتـه با کـۆڵەکـەکـه دابنێم، ئەمـجـا دەست بەهەڵکەندنی زەوی دەکـەین. با دیوارەکـانیش ئەسـتـوور بن. بەبێ بناغـەی چەسـپـاو خانووی بەهێز دروست نابێ!

پشیله: گۆرانیی پاچکاری بچڕین؟

شاهەنگ: با بیڵێین. سـوارەی برام، له گۆرانیـیەکەدا سەرەوکـایمان بکه! (هەمـوو لایەک، هەریەکـه و بەجـیـا جـەمـسـەری پەتەکـه دەگـرێ. سوارەش له گۆرانی وتندا سەرەوکارییان دەکات)

سواره: (گۆرانی دەڵێ)

لافاو وەک جوانووی تۆڕ بوو

سرک بوو، سەری خۆی هەڵگرت

دەنگ و ڕەنگی لێ بڕا

هەموو: ها هم!

سواره: دادەچێنم زەویزار

نوێی دەکەمەوه هەوار

هەموو: ها هم!

سواره: مێرووله‌م وریا و چوسته

بەهێز و پاچ له مسته!

هەموو: ها هم!

سواره: شاهەنگ خزمەتگوزاره

لەگەڵماندا هاوکاره!

هەموو: ها هم!

سواره: ماسیگره بەکاره

خەریکی ڕاووشکاره!

هەموو: ها هم!

سوارە: پشە سپی نەرم و نۆڵە

سەبەتە گڵ بەکۆڵە!

هەموو: ها هم، هاهاها

پشیلە: بەسە چیی تر هەڵکۆڵم

ماندووم و لەش داهێزراو

بووم بەگاڵتەچیی ئێوە

وەختە خوێنم بێ بەئاو!

سوارە: گاڵتەیەک بوو زیز مەبە

ئەوەندە بەفیز مەبە

(دایکی سوارە دێت. سەتڵێک ئاو و سەتڵێک خواردنی پێیە. زەردەخە دەیگرێ)

دایکی سوارە: کورەکانم دەستان بشۆرن و ئامادەی نیوەڕۆژە بن!.. ئۆی، ئەوە لە کوێیە: ڕەحیمی سێنە لە کوێیە؟

سوارە: ڕۆیی.. ئەو ڕۆیشتووە.

دایکی سوارە: ڕۆیشتووە؟ بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟

سوارە: بۆ پایەتەخت.

ماسیگرە: چووە قەراڵ ببینێ!

دایکی سوارە: لەبەرچی ببینێ؟

سوارە: تاکو... تاکو...

ماسیگرە: تاکو بەلەمی ئەفسووناوی پێشکێش بکات. وا نییە؟

هەموو: بەڕاستیتە؟

سوارە: ڕەحیمی سێنە وتی ئەمە ڕای ئێوە هەمووتانە!

پشیلە: چۆن؟ من ئاگەداری ئەم کەینوبەینە نیم! بەلەمەکەمان ئاسایی نەبوو. بەلەمێکی ئەفسووناوی بوو. چۆن دەهێڵم بیبات بۆ پایەتەخت؟

ماسیگرە: لەم کارەدا ڕای ئێمە وەرنەگیراوە. ڕەحیمی سێنە فێڵی لێ کردووی.

مێروولە: با شوێنی کەوین. بەلەمی ئەفسووناوی لێ بسەنینەوە و بیدەینەوە بەسوارەی برامان.

هەموو: ئەمە ڕایەکی دروستە! با شوێنی کەوین!

دایکی سوارە: کوڕەکانم گوێم لێ بگرن. لەو ڕۆژەوە، کە ڕەحیمی سێنەم بینیوە گومانم لێ کردووە. بەڵام بەقسە شیرینەکانی خەڵەتاین، هۆیەکەیشی ئەوەیە ئێمەمانان خۆمان ڕاستگۆ و ساکارین. من لە ئێوە زیاتر ئاگەداری کۆمەڵم و لێی تێ دەگەم. من چوومەتە ساڵەوە.. لەگەل ئەوەیشدا، کاتێک بە دایە دایە بانگی کردم توانی بمخەڵەتێنێ. ئیتر فێڵ لە سوارە چۆن ناکات؟ نیگەران مەبە سوارە. ئەم ڕووداوە بوو بە پەندێک بۆمان. با لەمەولا وشیارتر بین تاکو فێڵی فێڵبازان بەسەرماندا تێ نەپەڕێ!

سوارە: دایە ئێستا دوای دەکەوم. بەڵکو بەلەمی ئەفسووناویی لێ بسێنمەوە!

دایکی سوارە: هەر دەبێ لێی بسەنیتەوە! ئێمە ئەگەر بەلەمی ئەفسووناویمان هەبێ. نەک هەر ژیانی خۆمان، بگرە ژیانی خەڵکی تریشی پێ ڕزگار دەکەین!

سوارە: ئەمەیان چاک دەزانم. بەلەمەکە بەدەست قەراڵەوە بێ کەڵکە! چونکە ئەو بە بووکەشووشەی دەزانێ. نازانێ خەڵکی پێ لە مردن ڕزگار بکات.. چاکە هەر ئێستا دەڕۆم!

ماسیگرە: وازم لێ بێنن با بەتەنیا بڕۆم. من لەسەر هەقم. ئاگەداری خۆشم دەبم لەوەی ڕوو بدات. لە هیچیش ناترسم!

پشیله: با گوێ لە قسەی دایکمان بگرین و بەگوێرەی فەرمایشتی ئەو هەڵسوکەوت بکەین. ئەگەر بڕۆن منیش لەگەڵتان دێم. بەڵام پایەتەخت دووره ها!... دوای ئەوەیش لە ڕێگە چی بخۆین؟

ماسیگره: دڵ لە دڵ مەدە پشە. هەموو ڕۆژێک ماسییەکی گەورەت بۆ ڕاو دەکەم. بۆ خۆت بیخۆ. ئەمجا چی دەڵێی؟

پشیله: باشتر وایە ماسییەکی قەڵەو و کەم دڕکم بۆ ڕاو بکەیت! چاکە ئەدی ڕای پوورمان چۆنە؟

دایکی سواره: من وای بەچاک دەزانم لەپێشدا سواره بڕوات. ئێمەش دەبێ بەر لەوەی باران لە عەرد بدا، پەلە لە خانووەکە بکەین. دوای تەواوبوونی خانووەکە ئەگەر نەگەڕایەوە ماڵ، ئەوسا ئێوەش بڕۆن بەدوایدا بگەڕێن. ڕاتان چییە؟

هەموو: قایلین. با ئێستا هەوڵ لەگەڵ خانووەکەدا بدەین.

سواره: ماسیگره، پێویستە هێلانەیەک بۆ خۆت ساز کەیت.. تۆ ئەی شاهەنگ. تۆیش مێرووله گەورەکە، ماڵ بۆ خۆتان بنیات نێن. پشە سپییەکەم، هەندێ پووش کۆ بکەرەوە، سەبەتەیەکی چکۆلە بۆ خۆت بچنە تا زستانی تێدا بەسەر بەریت.

پشیله: بەڵام دەستەکانم بەچنین ڕانەهاتوون، چار چییە؟

هەموو: یارمەتیت دەدەین.

سواره: دایکە تۆ ئێستا بڕۆ.

دایکی سواره: نەختێک ڕاوەستە، توێشوو بۆ ڕێگە. (خواردنی بۆ دەپێچێتەوە)

ماسیگره: تەورەکەت لەگەڵ خۆت ببە! (دەیداتە دەستی)

شاهەنگ: لە شاڕێوه بڕۆ، نەبادا ڕێ هەڵە بکەی!

مێرووله: گورچ برۆ! گورجیش بێرەوە!

پشیله: له بیرت نەچێ، کە نووستیت بپرخێنە، تاکو مێش و مەگەز و شتی تریش بترسێنی!.. ئەئاوا: خولو.. خولو..

سواره: (توێشەبەرەکە دەبەستێتە پشتی و تەورەکە دەکات بەبەر پشتوێنەکەیدا) خواتان لەگەڵ.. بەنیازی دیدار!

هەموو: (بەڕێی دەکەن) خوات لەگەڵ.. هیواداریین زوو بگەڕێیتەوە ناومان.

دیمەنی دووەم

کات: بەیانییەک، دوای تێپەڕینی پتر لە مانگێک.

شوێن: ئەودیو دەروازەی شار

ئەکتەرەکان:

ژمارەیەک له دەست و پێوەندی سەرۆک وەزیران

ڕەحیمی سێنە

سواره

ماسیگره

شاهەنگ

مێرووله

پشە سپی

باپیره کوردۆ

نۆکەری (١)

نۆکەری (٢)

پەرده لادەبرێ. له بەردەم پەردەی دووەمدا نۆکەر زەنگ لێ دەدەن تاکو ڕێگە بکەنەوە.

نۆکەرەکان: ڕێگە بەردەن.. ڕێگە بەردەن.. جەنابی سەرۆک وەزیران هات!

(بەکەش و فشەوە دێت.. پاڵتۆیەکی سووری سورمەچنی لە بەردایە. قامچییەکی بەدەستەوەیە.. لەدوایەوە ژمارەیەک لە دەست و پێوەند، چەترێکی گەورەیان بۆ هەڵداوە، بەلووت بەرزییەوە ڕمیان هەڵگرتووە..

(گۆرانی دەڵێن)

ڕەحیم: کێ دەیەوێ پلە و پایە

کێ دەیەوێ ئایە و مایە؟

دەبا فێڵی خۆی بنوێنێ

زیرەکیی خۆی بسەلمێنێ!

کەس ناتوانێ ئاشکرای کا نیازی گڵاو

ئەو نیازەی، کە ڕابەرم بوو

منی کردووە بەکەڵەپیاو!

بەو هۆیەوە

بووم بەسەرۆکی وەزیران!

ئەی ئاسمان!

دەیان هەزار پیاوی گەورەم

وا بەدواوە

ئەوە خۆمم

کە ڕەحیمی سێنەم ناوە!

(سوارە بەرەوڕووی دەچێت)

نۆکەری (١) و (٢): ڕێگە بەردەن! ڕێگە بەردەن!

سوارە: ڕەحیمی سێنە هاتووم بۆ دیدەنیت!

ڕەحیم: تۆ کێی؟

سوارە: وا دیارە بیرت چووەتەوە و نامناسی؟ من سوارەم سوارە!

ڕەحیم: من سەرۆک وەزیرانم وەزیران، ئیتر لە کوێ تۆ بناسم؟

سوارە: ئای کە موخەننەتی!

ڕەحیم: بڕۆ ونبە لە بەرچاوم!

سوارە: ڕەحیمی سێنە، بەفێڵ بەلەمی ئەفسووناویت لە دەست دەرهێنام و هەڵاتیت. ئێستاش وا خۆت پێشان دەدەی، کە نامناسی. چەند بێ ئامانی! نامەوێ لەگەڵتدا درێژەی بدەمێ! بەلەمی ئەفسووناویم بدەرەوە!

ڕەحیم: پێشکێشی قەراڵم کرد. ئەویش کردمی بەسەرۆک وەزیران. تۆ ئەگەر حەوت سەریشت هەبێ هێشتا هەر ناتوانی هیچم لێ بکەی. ناتوانی خراپە لەگەڵ قەراڵدا بکەی، ئەگەر هەشت سەریشت هەبێ!

سوارە: (لەگەڵ قەراڵ) ئەویش دەبێ گوێ لە دەنگی هۆش و ژیری بگرێ.. وەنەبێ ئەویش هەشت سەری هەبێ!

ڕەحیم: کەواتە با سەیری ئەنجامەکەی بکەین! ئادەی دەست و پێوەند وەرن بیگرن و دای پڵۆسن! (دوو سەرباز بۆ سوارە دێن)

سوارە: (دەست دەداتە تەورەکەی) کێ ڕایەکی دەکەوێ توخنم کەوێ؟

ڕەحیم: سوارە ناتوانی لە فەرمانڕەوایان یاخی ببی. زیان بەخۆت مەگەیێنە!

سوارە: ئەگەر پرکێشی بکەیت و بێ بەڵگە لێم بدەی، ئەوا منیش بەهەمان شێوە بەرەوڕووت دەبمەوە!

ڕەحیم: باشتر وایە بگەڕێیتەوە ماڵی خۆت.. سەد زێڕیشت دەدەمێ.

سوارە: بەلەمی ئەفسووناویم لێت دەوێ؟

ڕەحیم: چاکە. هەر ئێستا پەلکێشی بکەنە دەرەوە و چل داریشی لێ دەن! (بەرگری دەکات بەڵام ڕای دەکێشنە دەرەوە)

ڕەحیم: هاهاها!.. تێروپڕی لێ دەن! (دەڕوات)

(لەپشت پەردەوە هاوار بەرز دەبێتەوە): دە..! بیست.. سی.. چل..!

سەرباز (١): (دێتە ژووریّ) بەڕاستی سوارە ئازا و خۆڕاگرە!

سەرباز (٢): ئۆف! لەوانەیە پێی بمرێت!

(ماسیگرە و ئەوانی تر بەپەلە دێنە ژووریّ)

ماسیگرە: ئەوە باسی سوارە دەکەن؟

سەرباز (١): بەڵیّ، داوای لە سەرۆک وەزیران کرد بەلەمە ئەفسووناوییەکەی بداتەوە.

شاهەنگ: سەرۆک وەزیران کێیە؟

سەرباز (٢): ڕەحیمی سێنە.. جەنابی ڕەحیم!

هەموو: ڕەحیمی سێنە! ئەی سوارە لە کوێیە؟

سەرباز (١): لەوێیە.. (لەگەڵ سەربازی دووەم دەچێتە دەرەوە)

ماسیگرە: ئادەی..! با بە گورجی بەشوێن کاکە سوارەدا بگەڕێین.

هەموو: ئادەی..! هۆ کاکە سوارە هۆو!.. هۆ کاکە سوارە هۆو.. تۆ لە کوێی!

(جارێکی تر پەردە لادەبریّ. ماسیگرە و ئەوانی تر ڕادەکەن)

ماسیگرە: هۆ کاکە سوارە هۆو!.. هۆ کاکە سوارە هۆو!

هەموو: هۆ کاکە سوارە هۆو!.. تۆ لە کوێی؟.. هۆ کاکە سوارە!

(سوارە لەسەر زەوی درێژ بووە، ناتوانین بیبینین.. باپیرە کوردۆ لە کۆشکەوە دەردەکەویّ)

ب کوردۆ: ئەوە کێیە بانگی سوارە دەکات؟

هەموو: ئێمەین باپیرە. تۆ سوارەت نەدیوە؟ ئێمە هاوڕێی گیانی بەگیانی ئەوین!

ب کوردۆ: منداڵینە خێرا وەرن!.. زامەکانی دەمیان کردووەتەوە.. زۆریان لیّ داوە.

ماسیگرە: هۆ باپیرە، من گیای پیرۆزم پێیە!

شاهەنگ: من هەنگوینم پێیە!

ب کوردۆ: سەرکەون بۆ ئێرە.

ماسیگرە: (لەگەڵ شاهەنگدا بۆ کۆشک سەردەکەون) ئەوا هاتین بۆ لات کاکە سوارە!

(مێرووله و پشیلەش دەیانەوێ بۆ لای باپیرە کوردۆ سەرکەون.. باپیرە کوردۆ دێتە دەرێ و ناهێڵێ)

مێرووله: وازم لێ بێنە با سەرکەوم باپیرە!

پشیلە: با سەرکەوم باپیرە!

ب کوردۆ: شوێنەکەی تەنگەبەرە، باشتر وایە لێرە چاوەڕوان بی.

مێرووله: ناکرێ باپیرە. دەمەوێ کاکە سوارە ببینم!

پشیلە: من لە هەموو هاوڕێکانی لەپێشترم. ڕێم بدە با سەرکەوم؟

ب کوردۆ: ئاقڵ بن کوڕەکانم. دابەزن!.. زامەکانی سوارە ترسناکن.. گیای پیرۆزمان لەلایە.. هەر دەبێ پێی چاک ببێتەوە! وەرن لەگەڵم!

(دایان دەگرێ و لەسەر بەردێک دادەنیشن)

پشیلە: ئای کاکە سوارە گیان! (بەگریانەوە)

ب کوردۆ: مەگری! مەگری!

مێرووله: مەگری!.. ئادەی با بەدوای ڕەحیمی سێنەدا بگەڕێین. ئەو جارێک لە سوارەی برامانی داوە، با ئێمە سێ جاری لێ دەین!

پشیلە: بابڕۆین! (لەتێ ماسیی وشک دەردەهێنێ) وەرە لەتێ ماسیم پێیە. بگرە پلێک. بخۆ و بڕۆ.. بابڕۆین.

(دەڕوات و دەخوات)

ب کوردۆ: هۆ منداڵینە گوێم لێ بگرن.. دوای چاکبوونەوەی سوارە، پێکەوە

دەڕۆین و دەتوانین ڕەحـیـمـی سـێنـە تێک بشکێنین! لە ڕۆیشتن پەشیمان نەبنەوە!

مێرووله: (ڕوو دەکاتە کۆشک و دەپرسێ) حاڵی کاکە سوارە چۆنە؟

ماسیگرە: (لە کۆشکەوە سەر دەردەکێشێ) هۆشی هاتووەتەوە، چاویشی کردووەتەوە، نەختێکی تر وەرن! (هەڵدەپەڕێ)

شاهەنگ: (ئەمیش لە کۆشکەوە سەر دەردەهێنێ) دەڵێن دوو پاروو هەنگوینی خواردووە! (هەڵدەپەڕێ)

پشیلە و مێرووله: پێی بڵێن وا ئێمەش هاتین!

(دڵنیا دەبن و لە پاڵ پیرەمێرددا دادەنیشن)

پشیلە: کوا ماسییەکەم؟

ب کوردۆ: خۆت خواردت!

پشیلە: ئۆی، ئەوە ئەم دڵەڕاوکێیە لە بیری بردمەوە!

مێرووله: تۆ کێی باپیرە؟

ب کوردۆ: گەورەبە زوو بچۆ دەریای سەرهەڵگرتوو!

مێرووله و پشیلە: دە وابڵێ، تۆ باپیرە کوردۆیت!

ب کوردۆ: ڕاستە.. ئەو باپیرە کوردۆیەی، کە منداڵانی خۆش دەوێ!

مێرووله: چۆنت زانی، کە سوارە تووشی کارەسات هاتووە؟

ب کوردۆ: بیستم، کە ڕەحیمی سێنە بەڵەمی ئەفسووناویی پێشکێش بەقەراڵ کردووە و پێی بووە بەسەرۆک وەزیران. دەیشزانم لەم دنیایەدا تەنیا یەک بەلەمی ئەفسووناوی هەیە. ئیتر چۆن ڕەحیمی سێنە بوو بە خاوەنی؟ بۆیە هاتم تاکو بزانم چی ڕووی داوە. هاتم بەسەر سوارەدا ئا لێرەدا ڕەهێڵ بووبوو. هەڵم گرت و خستمە ناو کۆشکەوە.

(دەنگی زەنگ بەرز دەبێتەوە)

مێرووله: دیسان سەرۆک وەزیران هات. وانییە؟ گوێ بگرن زایەڵەی زەنگ دێ.. هۆ پشیلەی سپی ئامادەی جەنگ بە!

(شاهەنگ ڕادەپەڕێ و سەیری دەرەوە دەکات.)

شاهەنگ: چی ڕووی دا؟ بۆ زایەڵەی زەنگ بەرز دەبێتەوە؟

مێرووله: کاکە سوارە ئێستا حاڵی چۆنە؟

شاهەنگ: (لە کۆشک دێتە خوار) دەتوانێ دابنیشێ.. دوای تۆزێک دێتە خوارێ!

(دوو نۆکەر دێن. یەکێکیان جاڕ دەدات و ئەوی تریان زەنگ لێ دەدات)

نۆکەری (١): ئێستا فەرمانێکی قەراڵانە دەرچوو.. لەسەر هەمووان پێویستە بەوردی گوێ ڕادێرن!

نۆکەری (٢): (زەنگ لێ دەدا) دانگ! دانگ! دانگ!

نۆکەری (١): شازادە خان کیژۆڵەی قەراڵی مەزنمان نەخۆش کەوتووە.. قەراڵی مەزنمان داوای حەکیمێکی شارەزا دەکات!

نۆکەری (٢): (زەنگ لێ دەدات) دانگ! دانگ! دانگ!

نۆکەری (١): ئەوەی بتوانێ چاکی بکاتەوە، ئەوا داستانێک تۆمار دەکات.. ئەگەر کوڕە لاو بوو دەبێتە زاوای قەراڵی مەزنمان. ئەگەر پیریش بوو ئەوا پلە و پایەی دەدرێتێ.!

نۆکەری (٢): (زەنگ لێ دەدات) دانگ! دانگ! دانگ! دانگ! دانگ!

(لەگەڵ نۆکەری (١) دەچنە دەرەوە)

شاهەنگ: ئەم شازادەیە کێیە باپیرە؟

ب کوردۆ: کیژی قەراڵە.

مێرووله: ئەی زاوای قەراڵ کێیه باپیره؟

ب کوردۆ: زاوای قەراڵ دەکاته مێردی شازاده خان!

شاهەنگ: ئۆی! ئەوەی شازاده خان چاک بکاتەوه دەیخوازێ؛ وا نییه؟

ب کوردۆ: بەڵێ.

شاهەنگ: (ڕوو دەکاته کۆشک) ئێستا چۆنه؟

پشیله و مێرووله: ئێستا چۆنه؟

ماسیگره: (لەنگەری سواره دەگرێ) بڕوانن! کاکه سواره چاک بووەتەوه!

(لەگەڵ ماسیگرەدا دادەبەزن. هەموو دەست دەکەنه ملی و ماچی دەکەن)

سواره: سوپاس بۆ تۆ باپیره. سوپاس بۆ هەموو لایەک!

هەموو: ئێمه ئەو شتانەمان له نێواندا نییه. یارمەتیی یەکتر دەدەین! (چەپڵه لێ دەدەن و هەڵدەپەڕن) شادییەکەمان چەند مەزنه! کاکه سواره بەگیای پیرۆز چاک بووەتەوه. ئەی برا دەست و دڵ چاکەکەمان، چەند دڵشادین! (هەموو بەئاوازەوه ئەم دێره شیعره دەڵێن):

بەگیای پیرۆز کردمان چاره

چاک بووەتەوه کاکه سواره

سواره: دانیشن ئەی باپیره و هاوڕێکانم. با ڕاوێژ بکەین چۆن بەلەمی ئەفسووناوی بسەنینەوه؟ (بێدەنگی باڵی کێشاوه و دانیشتوون)

ماسیگره: باپیره تۆ یەکەم جار قسه بکه؟

ب کوردۆ: بەلەمی ئەفسووناوی لەلای قەراڵه. کەواته دەبێ هەتا لای ئەو نەوەستین!

هەموو: ڕاسته. فەرموون بابڕۆین.. فەرموون بابڕۆین!

سواره: تاوێک چاوەڕوان بن. ئەگەر مەسەلەکان تاقی نەکەینەوه، ناتوانین

زیاتر لەبارەیانەوە بزانین. پێش کەمێک لێیان دام، بۆچی؟ چونکە خۆم ئامادە نەکردبوو.. دەبێ بەر لەوەی بچینە لای قەراڵ بیر لە رێگەیەکی گونجاو بکەینەوە. داخۆ قەراڵ قایل دەبێ بەوەی پێشوازیمان لێ بکات؟

پشیلە: ئۆف!.. قەراڵ لە من تەمبەڵترە. بۆیە هەر دەبێ پێشوازیکردنی ئێمە رەت بکاتەوە!

ماسیگرە: شتێک بە بیرمدا هات. شازادە نەخۆشە. ئەی گوایە پێویستیی بە حەکیم نییە؟ کاکە سوارە وەک حەکیمێک دەچێتە لای قەراڵ و گیای پیرۆزیشی پێیە. وابزانم لەوەیاندا رێگر نابێ!

هەموو: (چەپڵە لێ دەدەن) بیرۆکەیەکی زۆر جوانە! بیرۆکەیەکی زۆر جوانە!

شاهەنگ: کاکە سوارە تاوێک لەمەوبەر تووشی لێدان هاتووە. چونکە بەتەنیاباڵی لە بەرامبەر کۆمەڵێکدا بەرگریی کردووە. با ئەمجارەیان ئێمەش لەگەڵیدا برۆین؟

سوارە: ئەمە راستە. قەراڵ و سەرباز و رەحیمی سێنە هەموو لەوێن. پێویستە ئێمەش ژمارەمان زۆر بێ. شاهەنگ بەچکەکانت دێنی؟

شاهەنگ: (هێما بۆ توورەکەکەی دەکات) پێنجسەد هەنگم هێناوە. یەک بەیەکیان جەنگاوەرن!

مێروولە: (هێما بۆ توورەکەکەی دەکات) منیش هەزار مێروولەی شەڕانیم هێناوە. ئەگەر بەگژ یەکتردا چووین ئەوا بەدڵنیاییەوە سەرکەوتن هەر بۆ ئێمە دەبێ!

سوارە: چاکە، بەڵام دەبێ وریا بین؛ تەواو وریا، نەبادا بکەوینە بۆسەوە! ماسیگرە هەموو کات لەسەرخۆ و ئارام ماسی راو دەکات. ئەو سەنگینە. شاهەنگیش دیسانەوە زیرەکە. مێروولەی گەورەیش جاروبار ترسی لێ دەنیشێ. بەڵام پشە سپی تەمبەڵ و زۆرخۆرە.. ها

نەکەی لە کۆشکدا هەر بخۆیت و بنووی وا پێم وتی پشە!

پشیلە: بەسەرچاو کەموکوورِییەکانی خۆم زانی.

مێرووله: گوێرِایەڵت دەبم کاکە سوارە. کە فەرمانی لێدانت دەرکرد، ئەوسا لێیان دەدەم! هیچ کردەوەیەکی سەرکێشانە نانوێنم!

سوارە: چاکە، هیچ ئامۆژگارییەکت نەبوو باپیرە؟

ب کوردۆ: تەگبیر و رِاتان ورد و پتەون، بەڵام شێوەیان ناچێتە دڵەوە. ئەوان بوارتان پێ نادەن بەم شێوە نائاساییە بچنە کۆشکی قەراڵەوە!

سوارە: بەڵێ.. هیچ فێڵێک شک دەبەی باپیرە؟

ب کوردۆ: با بیری لێ بکەمەوە. کە منداڵ بووم، دایکم دوو وشەی فێر کردبووم. ئەوەی ئەو دوو وشەیەی بوتایە دەگۆرِدرا!

سوارە: زوو بیری لێ بکەرەوە.. بێدەنگ بن. مۆڵەتی باپیرە بدەن با بەهێمنی بیر بکاتەوە.

ب کوردۆ: (دوای تاوێک بیرکردنەوە) بیرم کەوتەوە. ئەگەر بتەوێ ببی بەپیاو دەڵێی: کتوپرِ، با کیژان ببن بەکورِ.

پشیلە: ئەدی ئەگەر بتەوێ ببی بەئافرەت، چی دەڵێی؟

ب کوردۆ: بەخێرایی و بەگورجی، با کورِان ببن بەکیژ.. لەبەرتان کرد؟

هەموو: لەبەرمان کرد. کتوپرِ، با کیژان ببن بەکورِ... بەخێرایی و بەگورجی، با کورِان ببن بەکیژ!!

ب کوردۆ: رِاستە، رِاستە.. ئێوە زیرەکن.. چاکە.. بەیارمەتیتان.

سوارە: ئەدی لەگەڵماندا نایەی بۆ کۆشک باپیرە؟

ب کوردۆ: پێویست بەوە ناکات. من ئێستا لە سەرکەوتنتان دڵنیام. ژمارەتان زۆرە و قسەتان یەکە. ئەگەر تووشی هەر کۆسپێک هاتن، هاوار بکەن: هەشتا و نەوەت، سەد و حەفتا. دەمودەست دەگەمە

لاتان.. بەنیازی دیدار منداڵینە!

هەموو: بەنیازی دیدار باپیرە، لەسەرخۆ بڕۆ!

(باپیرە کوردۆ دەڕوات.)

مێرووله: یاڵڵا بەپەلە! با لە پڕ بەسەر ڕەحیمی سێنەدا بدەین!

ماسیگرە: ئەوی ڕاستی بێ تۆ پەشۆکاویت. ئێمە هێشتا نەگۆڕدراوین.. کاکە سوارە پێمان بڵێ چۆن چۆنی دەگۆڕدرێین؟

سوارە: کوڕ دەبێ بەکچ، کچیش دەبێ بەکوڕ.. قایلن؟

هەموو: چاکە.

پشیلە: زۆر جوانە! خۆشم ئارەزووم لێ بوو، حەزم دەکرد ببمە کیژۆڵەیەک!

سوارە: کەوابوو بگۆڕێن؟

ماسیگرە و شاهەنگ: ئادەی! کتوپڕ، با کیژان ببن بەکوڕ. (ڕادەکەنە پشتی چیایەکە)

پشیلە و مێرووله: ئادەی! بەخێرایی و بەگورجی با کوڕان ببن بەکیژ. (ڕادەکەنە پشتی چیایەکە)

سوارە: (بانگ دەکات) هۆ ماسیگرە، دەستێک بەرگم بۆ بنێرە لەبەری دەکەم! ئەوانەی خۆم بەهۆی لێدانی دەستەودایەرەی ڕەحیمی سێنەوە شڕوهوڕ بوون. تیتۆڵم بەبەرەوە نەماوە!

ماسیگرە: (لە ناوەوە) هەر ئێستا.

ماسیگرە و شاهەنگ: (دێنە دەرێ.. ماسیگرە بەرگی سپییە و شەپقەی سووری لەسەرە. شاهەنگیش بەرگی زەردە و شەپقەی ڕەشی لەسەرە.) سەیرکە چۆن چۆنی گۆڕدراین؟

سوارە: زۆر باشە. ئێوە قوتابیی خۆمن. ناوی نهێنیت. (هێما بۆ ماسیگرە دەکا) نوقڵەیە. ناوی نهێنیی تۆیش (هێما بۆ شاهەنگ دەکا) چەتۆیە.

پشیلە و مێرووله: (دێنه دەرێ. پشیله جلکی سووری لەبەره و مێروولەیش سەوز) سەیر کەن چۆن چۆنی گۆڕدراین؟

سواره: زۆر باشه پشه سپییەکەم، هاهاها.. (هەموو پێ دەکەنن)

پشیله: (سەری سووڕماوه) ئەوه چیتانه؟

سواره: بۆچی بەتەواوی نەگۆڕدراوی تەمبەڵ؟ کوا کیژۆڵه کلکی هەیه؟

پشیله: (دەست له کلکی خۆی دەدا) هاهاها!.. جا قەیچێکه! لەژێر جلکەکانمەوه دەیشارمەوه! (کلکی دەشارێتەوه)

ماسیگره: (جلکەکه دەدات بەسواره) ئەمه بگره کاکه سواره. لەبەریشی کە؟

سواره: (بەدەم جلک لەبەرکردنەوه دەڵێ) ناوی نهێنیت پشەکه گوڵەباخە. ناوی نهێنیی تۆیش مێرووله، تافانه. هەردووکتان خوشکن. گیای پیرۆزیشتان پێیه؟ ئەدی سەربازانی هەنگ و مێرووله؟

هەموو: هێناومانن. هەموویان ئامادەن.

سواره: بابڕۆین؟ (نوقڵه و چەتۆ له پێشەوه، سواره له ناوەڕاستدا، گوڵەباخ و تافان له دواوه دەڕۆن) بابڕۆین..

(دەچنه دەرەوه)

## بەشی سێیەم

کات: دوای تەواوبوونی دیمەنی دووەمی بەشی دووەم، بە ماوەیەکی کورت.

شوێن: کۆشکی قەراڵ

ئەکتەرەکان:

قەراڵ

نۆکەری قەراڵ (١)

نۆکەری قەراڵ (٢)

ئێشکچی

سواره

ماسیگره

شاهەنگ

مێرووله

پشه سپی

ڕەحیمی سێنه

شازاده خان

ژمارەیەک کەنیزه

باپیره کوردۆ

(پەرده لادەبرێ. له هۆڵێکی کۆشکی قەراڵدا، قەراڵ له ناوەڕاستدا دانیشتووه. جووتێک نۆکەر له چەپ و ڕاستییەوه وەستاون. لەسەر مێزەکەی کولێره چەوری زۆر لەگەڵ بەلەمێک هێلکەی کوڵاو هەیە. قەراڵ یاری به بەلەمی ئەفسووناوی دەکات. قوتووی بەلەمی ئەفسووناوی لەسەر مێزەکەیه)

قەراڵ: گەورەبه زوو، بچۆ دەریای سەرهەڵگرتوو! (بەلەمەکه گەوره دەبێ) زۆر ئەنتیکەیه!.. زۆر ئەنتیکەیه!.. هاهاها! (هێلکەیەک هەڵدەگرێ، به نێوچاوانی دەیشکێنێ، له خوێی هەڵدەکێشێ و دەیخوات) با لافاو بنیشێتەوه، بەلەمەکەم بچووک بێتەوه!.. (بەلەمەکه بچووک دەبێتەوه) زۆر ئەنتیکەیه!.. زۆر ئەنتیکەیه!.. هاهاها! (به نێوچاوانی هێلکەیەکی تر دەشکێنێ و دەیخوات) له ئەنتیکەییدا هیچ شتێکی ناگاتێ!

ئێشکچی: (دێت) هەواڵێک ئەی خاوەن شکۆ! سواره ناوێک دەیەوێ بێته خزمەت قەراڵی پایەدار.

قەراڵ: نامپەرژێ.. سەرم قاڵە!

ئێشکچی: دەڵێ دەتوانم شازادە خان چاک بکەمەوە!

قەراڵ: دەتوانێ نەخۆش چاک بکاتەوە؟ با بێتە ژووری!

(خێرا بەلەمی ئەفسووناوی لە باخەڵیدا دەشارێتەوە)

ئێشکچی: فەرمایشتە.. (بانگ دەکات) با سوارە بێتە خزمەت قەراڵی پایەدار! (دەڕوات)

سوارە: (وەڵام دەداتەوە) وا هاتم.. (لە هاتندا سەرەوکاریی ماسیگرە و ئەوانی تر دەکات. پێکەوە دەڵێن): سەلامەت بێ قەراڵی خاوەن شکۆمان!

قەراڵ: قسەی قۆڕ. قەراڵ و سەلامەتی؟ ئادەی نۆکەر بیانبەن لەودیو دەروازەی شار سەریان بڕن!

ماسیگرە: ناتوانی سەرم ببڕی، من باڵدارم فجووق دەکەم!

شاهەنگ: منیش لە فڕیندا یەکەمم!

مێروولە: منیش چاک دەزانم ژێرزەوینی بۆی دەرچم!

پشیلە: منیش دارەوانم. بە ئاسانی دەتوانم سەر خانوو کەوم!

سوارە: چ یاسایەک مافی ئەوەت پێ دەدا سەرمان ببڕی؟

قەراڵ: ئەدی بۆچی لە بەردەم قەراڵدا کڕنووش نابەن؟.. هەر ئەم تاوانە لە خۆیدا ئەوە ناهێنێ سەرتان بڕم؟

سوارە: ناردووتە بەشوێن حەکیمدا. وا ئێستا حەکیم هاتووە. کەوابوو کێ دەبێ کڕنووش بەرێ؟

قەراڵ: حەکیم؟.. داوا لە سەرۆک وەزیران بکە با ئامادە بێ؟

نۆکەری قەراڵ (١، ٢): با سەرۆک وەزیران بفەرمووێ بۆ کۆشک!

(مێروولە و ئەوانی تر بەنیازن پەلاماری ڕەحیم بدەن بەڵام سوارە ناهێڵێ)

ڕەحیم: تەمەنێکی درێژ بۆ قەراڵی مەزنمان! (چەند جارێک کڕنووش دەبات)

سوارە: (بە ماسیگرە و ئەوانی تر دەڵێ): سەیر کەن، ئەوەی حەزی لە کڕنووش بردنە، ڕەحیمی سێنە و کەسانی وەک ئەون!

قەراڵ: (بەسوارە دەڵێ) سەیرت کرد چەند سەرۆک وەزیرانێکی ڕەوشت بەرزە؟

سوارە: ئێستا وا خۆی بەڕەوشت پێشان دەدا. پاشان پیلانێکت بۆ دەنێتەوە و لەناوت دەبات!

پشیلە: دزێکی زۆرزانە. ڕۆڵە لەبەر دایک هەڵدەگرێ!.. وریای کولێرە چەورەکانت بە قەراڵ!

ڕەحیم: (ڕاست دەبێتەوە و سوارە دەبینێ. بەترس و لەرزەوە دەڵێ): ئا، ئەوە خۆیەتی!

سوارە: بەڵێ. هێشتا هەر زیندووم، نامرم!

ڕەحیم: (لەبەر خۆیەوە) پەنا بەخوا!.. شتێکی سەیروسەمەرەیە!.. ئەوە چۆنە نەمردووە؟ (بەقەراڵ دەڵێ): قەراڵی بەڕێز، ئەوانە شەرم و شکۆ لە چاویاندا نییە! تەنیا کوتەک لە هەقیان دێ!

قەراڵ: ڕاستت وت. ئادەی بەسەریاندا داباڕێن!

سوارە: ئەگەر کاری وەها ڕووی دا، ئەی ئەوسا کێ چاری شازادە بکات؟

قەراڵ: بەڵێ، کاری وەها مەکەن!

ڕەحیم: (بەبینەران دەڵێ) جا خۆ ئەگەر سوارە ببێتە زاوای قەراڵ، ئەوا من ئاو دەچێتە ژێرم.. (بە قەراڵ دەڵێ) ئەمە داربڕە؛ چارەسازی چووزانێ گەورەم؟

سوارە: بەقسەی ئەو چارەسازی نازانم. ئەدی تۆ دەیزانی؟

ڕەحیم: ئا ئەمە...

قەراڵ: (نازانێ چۆن وەڵام بداتەوە) شازادە خان بانگ کەن؟

نۆکەری (١): با شازادە خان بفەرمووێ.

ڕەحیم: بۆچی شازادە خان بانگ دەکەن خاوەن شکۆ؟

قەراڵ: بەسێتی چەنەبازی، بێگومان بۆ چارەسازی!

شازادە: (دێتە ژووری، دوو کەنیزەی لەگەڵە) لەسەر ڕێز و فەرمایشتی باوکی قەراڵم هاتم!

قەراڵ: پێویست بەخۆ سەغڵەتکردن ناکات. با سوارە هەوڵی چارەسەرکردنت بدات.

ڕەحیم: ئەی پایەدار؛ ئەمە داربڕێکی هەژارە و خۆی لێ کردووین بە حەکیم!

شازادە: خەریکە دەمرم. بۆچی ناهێڵی چارەسەرێکم بۆ بدۆزێتەوە؟.. چەند بەدنیازی؟

ماسیگرە و ئەوانی تر: بەدنیاز، بەڵام چۆن بەدنیازێک!

سوارە: تووشی چ ناساغییەک هاتووی: هەست بەچی دەکەی؟

شازادە: هەست بەماندووبوون و بێ تاقەتییەکی زۆر دەکەم.

هەموو: هەست بەماندووبوون؟

سوارە: ڕۆژانە چ کارێک دەکەی وا هەست بەم ماندووبوونە زۆرە دەکەی؟

قەراڵ: باوەڕ بە قسەکانی مەکە، هیچ ناکات.. ئەوەندە هەیە ڕۆژانە بەفەرمانی ئێمە تەنیا پازدە ژەم نان دەخوات!

شازادە خان: ئاخر چۆن دوای پازدە ژەم هەست بەماندووبوون ناکەم؟ هەست دەکەم ئازار لەشم دەرزی ئاژن دەکات!

قەراڵ: ئەم کچەی من دواڕۆژی ڕوون نییە! ئەگینا ئێمە ڕۆژانە بیست و چوار ژەمیش دەخۆین و هیچ هەستیش بە ماندووبوون ناکەین!

سوارە: من دەتوانم چاکت بکەمەوە شازادە خان. ئادەی نوقڵە، گیای پیرۆزم بۆ بێنە؟

ڕەحیم: گیای پیرۆز خۆ سیر و پیاز نییە؟ پەیداکردنی زەحمەتە.. باوەڕت بەقسەی نەبێ شازادە خان!

ماسیگرە: (لە گیرفانیدا گیای پیرۆز دەردەهێنێ) فەرموو ئەمە گیای پیرۆز!

سوارە: (گیایەکە بە ڕووخساری شازادە خاندا دەهێنێ) ئێستا هەست بەچی دەکەی؟

شازادە خان: چەند ئەفسووناوییە! ئێستا هەست بەئازار ناکەم!

سوارە: بازدە!.. قایم بازدە!

شازادە خان: (باز دەدات) ئاوا.. هەست بەئارامیی زیاتر دەکەم!

سوارە: ڕاکە؟

هەموو: ئێمەش لەگەڵتدا ڕاکەین شازادە خان؟ (لەگەڵیدا ڕادەکن)

شازادە خان: ئێستا چەند ئارام و دڵخۆشم! من ئارەق دەکەمەوە!

سوارە: ئەوە چاک بوویتەوە شازادە. ئەگەر لەمەولا ڕۆژی دوو ژەمت خوارد. ڕات کرد و کارێکت گرتە دەست، ئەوا ئیتر دڵنیابە تووشی هیچ نەخۆشییەک نابی!

شازادە خان: چاکە، بەئامۆژگاریت دەکەم، کێ هەیە لەشی ساغی بۆ خۆی نەوێت؟

سوارە: برۆ پشوو بدە!

شازادە خان: سوپاس بۆ تۆ!.. سوپاس بۆ ئێوەش.. (بە قەراڵ) ئەی خاوەن شکۆ ئێوەش وا چاکە کەمتر بخۆن!

(لەگەڵ کەنیزەکاندا دەڕوات)

ڕەحیم: سەیرکە خاوەن شکۆ، بزانە هەر سوارە گەیشتە ئێرە، شازادە خانی کرد بەکچێکی ئینکار؟ بۆیە پێویستە دەری کەیت!

قەراڵ: ڕایەکەت پەسندە.. گیای پیرۆز بێنە و لێرە مەمێنە!

سواره: ئەگەر بەلەمی ئەفسووناویت دایەوە پێم ئەوا دەمودەست دەڕۆم!

قەراڵ: بەلەمی ئەفسووناوی؟ سەرۆک وەزیران پێشکێشی کردووم!

سواره: بەفێڵ لە منی داگیر کرد!

ڕەحیم: خاوەن شکۆ باوەڕی پێ مەکەن.. دەری کەن و فەرمان بدە لێی دەن!

سواره: چاکە ڕەحیمی سێنە. تاوێ لەمەوبەر لێتان دام. گەلەکۆمەکێتان لێ کردم بۆیە بردتانەوە. با ئێستا زۆرانبازی بکەین، بزانین کێمان سەردەکەوێ؟ (خۆی ئامادە دەکات) وەرە پێشەوە ڕەحیمی سێنە؟

قەراڵ: زۆر جوانە!.. ئەم زۆرانبازییە شتێکی ئەنتیکەیە! ئادەی سەرۆک وەزیران زۆرانی لەگەڵ بگرە؟

ڕەحیم: من فەرمانبەرێکی مەدەنیم و زۆرانبازی نازانم!

سواره: تۆ ترسنۆکی!

ڕەحیم: من ترسنۆکم، بەڵام ژیرم، با لە زیرەکیدا پێشبڕکێ بکەین؟ ئەی خاوەن شکۆ من مەتەڵێکی لێ دادەهێنم، ئەگەر زانی ئەوا بەلەمە ئەفسووناوییەکەی دەدەینەوە. بەڵام ئەگەر نەیزانی، تکام وایە هەشتا جەڵدەی لێ دەن؟

قەراڵ: باشە، بڵێ؟

ڕەحیم: سواره گوێ بگرە؟ چ جۆرە گوڵێک گوڵە گەرمە؟

پشیلە: قسەی قۆڕە، لە دنیادا گوڵی گەرم نییە!

سواره: گوڵەباخ گوێ بگرە. ڕەحیمی سینە ناتوانێ سەغڵەتمان بکات و تەنگمان پێ هەڵچنێ!

ڕەحیم: چ جۆرە گوڵێک گوڵە گەرمە، چ جۆرە گوڵێکیش ساردە: چ جۆرە گوڵێکیش تەختەییە؟

شاهەنگ: هەرچی گوڵ هەیە دەیانناسم؛ ئەوانە نەبێ، کە تۆ وتت!

سوارە: وسبە چەتۆ با چاک بیری لێ بکەمەوە.

ڕەحیم: ئادەی نۆکەر، لەوحە دارەکە بهێنن و بەر جەڵدەی دەن. ناتوانێ مەتەڵەکە هەڵبێنێ!

سوارە: ڕەحیمی سێنە گوێ بگرە، گوڵی پڵیتەی چرا ئەگەر داگیرسابێ گەرمە!

ماسیگرە و ئەوانی تر: ڕاستە!.. (چەپڵە لێ دەدەن)

سوارە: گوڵی پڵیتەی چرا ئەگەر داگیرسابێ گەرمە. گوڵی بەفریش ساردە. گوڵێکیش لەسەر ڕووی تەختە کێشرابێ ئەوا تەختەییە!

ماسیگرە و ئەوانی تر: ڕاستە.. زۆر جوانە! (لە خۆشییاندا باز دەدەن)

سوارە: خاوەن شکۆ بەلەمی ئەفسووناویم بدەرەوە؟

قەراڵ: پەلەت نەبێ. بابزانم دەتوانی مەتەڵی من هەڵبێنی؟ دوو گوڵم هەیە، هەردووکیان دوو مەتەڵی تر پێک دێنن. ئەگەر هەڵیان نەهێنی لەسەرت دەدەم!

سوارە: ئەدی ئەگەر هەڵم هێنان بەلەمی ئەفسووناویم دەدەیتەوە؟

قەراڵ: دڵنیابە!

سوارە: باوەڕم وایە کە هەڵیان دەهێنم. گوێ بگرە. جووتە گوڵەکەت، یەکێکیان خوێی هاڕدراو و هێلکەیە. ئەوی تریشیان پیازی جنراو و کولێرەیە!

ماسیگرە و ئەوانی تر: ڕاستە، ڕاستە.. هێلکە و کولێرە.. قەراڵ زۆرخۆرە!

سوارە: وتتان چی خاوەن شکۆ؟

قەراڵ: هەڵت هێنا.. بەڵام هاوڕێکانت بەزۆرخۆر ناوم دەبەن. هەر دەبێ سزایان بدەم. دەست بەسەر بەلەمەکەی تۆشدا دەگرم!

سوارە: ئەگەر زۆرخۆر نەبیت، ئەی چیت؟

قەراڵ: من.. من.. من کێم؟ ڕای خۆت دەربڕە سەرۆک وەزیران؟

ڕەحیم: فەرمان بدە با شازادە خان و حەوت کەنیزەکە بگۆڕن، بەمەرجێک یەک جۆر بەرگیان لەبەردا بێ و هێندەی نینۆکێکیش جیاوازییان لە نێواندا نەبێ. با سەری خۆشیان تەواو داپۆشن. ئەمجا داوا لە سوارە بکەن بە یەک تەماشا شازادە خان لەناویاندا بدۆزێتەوە.. ئەگەر توانی، ئەوا بردوویەتییەوە. ئەگەرنا، نە دەبێتە زاواتان و نە دەشبێتە خاوەنی بەلەمی ئەفسووناوی!

ماسیگرە و ئەوانی تر: ئەمەیان ناڕەوایە.. ئەمەیان ناڕەوایە!

قەراڵ: ناڕەوا؟ جا ئێمە چ پێویستییەکمان بەڕەوا هەیە؟ ئامادە بن.. شازادە خان بگۆڕن.

نۆکەر (١): فەرمایشتە! (دەڕوات)

قەراڵ: دەست بەئاو دەگەیێنم.. ڕێ بەردە سەرۆک وەزیران!

ڕەحیم: فەرمایشتە! (لەگەڵ قەراڵ و نۆکەری (٢)دا دەڕوات)

پشیلە: چارمان چییە؟ چۆن شازادە خان بناسینەوە؟

مێرووله: با لەگەڵیاندا بەشەڕ بێین!

ماسیگرە: با پێش ئەوەی هێز بەکار بێنین، بیر لە چارەسەرێک بکەینەوە. با بە بەڵگە قایلیان بکەین و قەناعەتیان پێ بکەین؟

شاهەنگ: تۆ ڕاستی.. سوارەی برام من دەزانم چۆن بیناسمەوە، ئەدی تۆ نازانی؟

سوارە: منیش دەزانم چۆنی بناسمەوە. (هێما بۆ سەری دەکات) ئەمە..!

شاهەنگ: تەواوە!

پشیلە: چۆن چۆنی؟ خێرا بیڵێ؟

سوارە: شازادە تاجە گوڵینەی ڕاستی لەسەرە!

شاهەنگ: سەری قەرەواشەکان، تاجە گوڵینەی کاغەز.

ماسیگرە: بێ کەم و زیاد.. گوڵی ڕاستەقینەش بۆنی خۆشە!

سوارە: کاتێ شازادە خان هات، شاهەنگ هەندێ هەنگی بۆ ڕەوانە دەکات.

مێروولە: (باز دەدا) تەواوە.. کامیان هەنگ بەسەرێوە نیشتەوە ئەوەیان شازادەیە!

پشیلە: دەی دەی.. ئێستا تێ گەیشتم!

قەراڵ: (لەگەڵ ڕەحیم و نۆکەری (٢)دا دەگەڕێنەوە.) هێشتا شازادە نەهاتووە؟ بەپەلە!

نۆکەر (١): (دێتە ژوورێ) شازادە خان گەیشت.

قەراڵ: بەپەلە لەگەڵ کەنیزەکاندا بیانکەنە ژوورێ. (حەوت کەنیزە و شازادە بەیەک ڕیز دێنە ژوورێ. سەریان بە تەواوی داپۆشراوە. لەسەرخۆ دەڕۆن و سەما دەکەن. شاهەنگ سەربازەکانی، کە هەنگن دەنێرێ. ماسیگرە و ئەوانی تریش سەما دەکەن)

قەراڵ: ئەنتیکەیە.. ئەنتیکەیە! ئەم هەشت کیژۆڵەیە یەک باڵا و یەک شێوەن. دە بزانم چۆن شازادە خانیان تێدا دەناسیتەوە؟

سوارە: سەرنجیان دەدات و ئەمجا لە کیژۆڵەیەکیان دەچێتە پێشەوە و دەستی ڕادەکێشێ) وەرە دەرێ شازادە خان!

شازادە خان: (پەردە لەسەر ڕووی لادەبات) هاها!.. منم شازادە خانی ڕاستی.. خۆشم دەوێی.. حەز دەکەم پێکەوە بڕۆین سوارە.. یاڵڵا!!

سوارە: لەپێشدا گوێم لێ بگرە.. دەبێ هەموو ڕۆژێک خەریکی کێڵگە بی، گوڵەکان ئاو بدەی، کەلوپەل بشۆی، خوری بچنی، ئەمانە بکەی تاکو لەشولارت بەهێز بێت.. منیش ساڵی داهاتوو دێم بەدواتدا و دەتگوێزمەوە بۆ ماڵی خۆمان.

شازادە خان: یەک ساڵی ڕەبەق؟

سوارە: بەڵێ ساڵێکی ڕەبەق.

شازادە خان: جا بەڕاستی دێیتەوە بۆ ئێرە؟

سوارە: بێگومان.. جا ئەوسا دەتبینمەوە ڕووت پەمەیی هەڵگەڕاوە.. چاوەکانت دەبریسکێنەوە و قەدت باریک و باڵەکانیشت بەهێز بوون. ئەوسا پێکەوە دەڕۆین.. وا باشتر نییە؟

شازادە خان: چاکە، لە سبەینێوە دەستبەکار دەکەم.

سوارە: بۆ لە سبەینێوە؟ لە ئێستاوە.

شازادە خان: (بەکەنیزەکان دەڵێ) با بڕۆین کار بکەین. (ڕووپۆشەکانیان لادەبەن. بەدەم سەماوە دەڕۆنە دەرێ) بەنیازی دیدار سوارە.

سوارە: بەنیازی دیدار. (ڕوو لە قەراڵ دەکات.) خاوەن شکۆ دۆڕاندووتە. بەڵەمی ئەفسووناویم لێتان دەوێ؟

قەراڵ: ئەوەندە بەسە، کە بوویتە زاوامان. بەڵەمی ئەفسووناوی مەبە؟

سوارە: بەڵەمی ئەفسووناویم هەر دەوێ!

قەراڵ: ئەگەر لای هەر کامێکمان بێت وەک یەکە!

سوارە: نەخێر.. هەرگیز!.. لای ئێوە وەک بووکەشووشەیەکە، بەڵام من بۆ ڕزگارکردنی لێقەوماوان بەکاری دێنم.

قەراڵ: ئاوا.. ئەدی چار چییە؟.. باشە توورەکەیەک زێڕت دەدەمێ!

سوارە: زێڕیشم ناوێ!

قەراڵ: کەواتە کۆشکێکی گەورەت دەدەمێ!

سوارە: ئەویشم ناوێ!

قەراڵ: سەرۆک وەزیران تۆ ڕات چییە؟

ڕەحیم: من ڕایەکم لەسەر ئەم کێشەیە هەیە خاوەن شکۆ.. سوارە، تۆ دەڵێی

بەلەمی ئەفسووناوی مولْکی منە. ئاخۆ هیچ بەڵگەیەکت بەدەستەوەیە، ڕاستیی ئەم قسەیەت بسەلمێنیّ؟

سوارە: کەوابوو تۆ، کە بەمولْکی خۆتی دەزانی بەڵگەت چییە؟

ڕەحیم: من بەمیراتی لە بنەماڵەکەمەوە بۆم ماوەتەوە!

سوارە: چاکە، من شایەتێک بانگ دەکەم، با گوێمان لێی بێ. (هەموو بانگ دەکەن) هەشتا و نەوەد، سەد و حەفتا!

ب کوردۆ: (کوتپڕ ئامادە دەبێ) منداڵینە ئەوە من لێرەم!

قەراڵ: ئەم پیرمێردە لە کوێوە پەیدا بوو؟

ب کوردۆ: ناوم باپیرە کوردۆیە. من بووم بەلەمی ئەفسووناویم بەخشییە سوارە!

ڕەحیم: تۆ پێت بەخشی؟ بەڵگەت چییە؟

ب کوردۆ: بەڕاستی تۆ پیاوخراپیت! چونکە من بەدرێژاییی تەمەنم تاکە جارێکیش درۆم نەکردووە!

ڕەحیم: بەڵام ئێستا درۆ دەکەی!

ب کوردۆ: ڕاتان چییە منداڵینە؟

هەموو: ناماقووڵیی کرد بەباپیرەمان دەڵێ درۆزن.. با لێی دەین. (دەوری ڕەحیم دەگرن)

ڕەحیم: (دەترسێ) سوارە، برا شیرینەکەم، هاوڕێ ئازیزەکان، ماوەم بدەن بڕۆم، هێشتا نانم نەخواردووە.

سوارە: ئیتر باوەڕ بەقسە شیرینەکانت ناکەین.

ماسیگرە: ئەم چەپەڵە تاوێک خۆی بە تووڕە و تاوێک خۆی بەدڵنەرم نیشان دەدا. چەند لە بێباریدا زۆرزانە!.. با بیگۆڕین!

هەموو: قایلین!

سواره: با بیکەین بەگورگ! باپیره دەبێ بڵێین چی ئەگەر بمانەوێ بیگۆڕین بۆ ئاژەڵ؟

ب کوردۆ: دەڵێین: هەشتا نەوەدی لێ دەرچێ تا ڕادەیەک گرانە!

هەموو: (ڕەحیم دەگرن و هاوار دەکەن) هەشتا نەوەدی لێ دەرچێ تا ڕادەیەک گرانە! (ڕای دەکێشنە پاڵ پەردە، ڕەحیم دەلوورێنێ و بووە بە گورگ. ڕای دەکێشنە دەرەوە، گورگەکە سەری بادەدات و کلکی دەلەقێنێ. جۆره دەنگێکی نامۆی لێ بەرز دەبێتەوە، کە خەڵکی لێی تێ ناگەن. لە خۆشییاندا بەدەوریدا هەڵدەپەڕن) ئەی ڕەحیمی سێنە، ئەی نەفرەتی، ئەی سپڵە، ئەوا بووی بەگورگ!

سواره: خاوەن شکۆ لەگەڵ ئێوەمە، بەلەمی ئەفسووناویم دەوێ!

قەراڵ: (قوتووی سەر مێزەکە هەڵدەگرێ و دەیدا بەسواره) بیگره!

(هێلکە و کولێرەکان کۆ دەکاتەوە و بۆ هەڵاتن خۆی ئامادە دەکات)

ب کوردۆ: بیکەرەوە سواره؛ بزانین چی لەناودایە؟

سواره: (قوتووەکە دەکاتەوە) ئای، خۆ بەتاڵە! ئادەی نوقڵە، چەتۆ، گوڵەباخ، تافان شالاو بەرن! (هەموو شالاو دەبەنە سەر قەراڵ. هەنگ بەسەریوە دەدات و مێرووله لەشی دەگەزێ.. بەردەوام بەدەم هاوارکردنەوە داوای لێبووردنیان لێ دەکات)

قەراڵ: پیاوی چاک بن بمبەخشن.. لێم مەدەن، دەتاندەمێ. (بەلەمی ئەفسووناوی دەردەهێنێ) بگره!

سواره: (بەلەمەکە وەردەگرێ) ئیتر لێی مەدەن. (بەلام مێرووله و پشیله سینگ دەردەپەڕێنن و وریایی خۆیان پێشان دەدەن.) بەسە، بەسە.. (دەوەستن)

ب کوردۆ: سەیرکە سواره، با بزانین بەلەمی ئەفسووناویی ڕاستەقینەیە؟

سواره: گەورەبە زوو، بچۆ دەرای سەرهەڵگرتوو! (بەلەمەکە گەوره دەبێ)

بەلەمە ئەفسووناوییەکەی خۆمانە. بابڕۆین باپیرە!

ماسیگرە: ئەم قەراڵە دڵڕەقە، با بیگۆڕین؟

شاهەنگ: با بیگۆڕین بەبەرازی کێوی! بیکەین بە یەکانە!

هەموو: جێی خۆیەتی! هەشتا نەوەدی لێ دەرچێ تا ڕادەیەک گرانە!

(پڕمەی بەراز دێتە گوێ، قەراڵ دەبێت بە یەکانە) ئەوەیش قەراڵی بێ مێشک و بوودەڵە، کردمان بەبەراز!

ب کوردۆ: هۆ منداڵینە، دە ئەمجا بەبۆنەی گەڕانەوەی بەلەمی ئەفسووناوییەوە گۆرانی بڵێن و سەما بکەن!

(لە سەمادا سەرپەرشتییان دەکات. منداڵان گۆرانی دەڵێن و بەدەوری پیرەمێرددا سەما دەکەن)

هەموو: (گۆرانی دەڵێن)

لەگەڵ خۆمان

سروودمان هێنا بەدیاری

بۆ جیهانێکی ڕووناکتر

بۆ جیهانی بەختیاری!

***

قەراڵمان تێک و پێک شکان

کەسمان نەکەوتینە داوی

هاتەوە باوەشی خۆمان

بەلەمەکەی ئەفسووناوی

***

وەختە لە خۆشیدا باڵ بگرین

هێندەی نەماوە، کە بفڕین

دایە بیپارێزە بەچاو
لە قەراڵ و لە چاووڕاو
فریادڕەسە بۆ لێقەوماو
هەر کاتێ کردی بەلافاو

***

دەبا تا دوا هەناسەی ژین
سروود بڵێین
بۆ سەرکەوتن و بۆ ئەوین
لەگەڵ خۆمان
سروودمان هێنا بە دیاری
بۆ جیهانێکی ڕووناکتر
بۆ جیهانی بەختیاری!
(هەموو دەچنە دەرێ. بەراز دەپڕمێنێ و گورگ دەلوورێنێ)

سەرچاوە: القارب السحري، لاو شە

# هەڵبژاردە لە چیرۆکی زەکەریا تامر

## ژنان و پیاوان

پادشا و وەزیر بەرگی گەداییيان پۆشی و لە خۆرکەوتنەوە هەتا خۆرئاوا . بە شەقام و کۆڵانەکاندا سووڕانەوە. بە لاپرەسەنییەوە، بەو خەڵکەدا هەڵیان دەڕوانی. کاتێ پادشا شەکەت بوو، گەڕایەوە کۆشک. وەزیریش بەگورگەلۆقە شوێنی کەوتبوو. دوای ئەوەی پادشا ماندووی حەسایەوە، لە وەزیری پرسی:

«داخۆ لە کاتی گەڕانەوەدا ئەوەی من دیم تۆش هەر بینیت؟»

وەزیر وتی: «ئەوەی چاوی پادشا دەتوانێ ببینێ وەزیر ئەگەر دە جووت چاویشی پێوە بێت هێشتا هەر ناتوانێ ببینێ!»

پادشا وتی: «من کەسێکم نەدیت زەردەخەنە لەسەر لێوی بێت، یان پێ بکەنێ!»

وەزیر وتی: «خواوەند ڕۆژی بۆ کار و فرمان داناوە. جوان نییە بۆ عەبدی خوا، سەرپێچیی ئارەزووی خواوەند بکات و کاتی کار و فرمان بە گاڵتە و مەزاق بەسەر بەرێت!»

پادشا وتی: «کەوابێ کەی ئەو خەڵکە زەردەخەنە دەیانگرێت و پێ دەکەنن؟»

وەزیر وتی: «هیچ پاساوێکیان بۆ زەردەخەنە و پێکەنین بەدەستەوە نییە. زەردەخەنە و پێکەنین پێویستییان بە ڕەنج و کۆشش هەیە. باشتر وایە ئەو ڕەنجە پاشەکەوت بکەن و لە پێناوی وڵات و پادشادا خەرجی بکەن.»

پادشا وتی: «تەنانەت منداڵانیش.. نەمدی منداڵێک بزەی لەسەر لێو بێت.»

وەزیر وتی: «ئاخر ئێستا کاتی تاقیکردنەوەی قوتابخانەکانە.»

پادشا وتی: «ئەوەی بەجارێک ئەوقی کردووم ئەوەیە، لەو گەشتەدا تاقە ژنێکیشم نەدی. تەنیا پیاو و منداڵم دی. بەڕاست ژنەکان لە کوێن؟»

وەزیر وتی: «جا ژن چ ئیشێکی بەڕێگەوبان هەیە؟.. ژن بۆ ئەوە خەڵق بووە لە ماڵدا بژی.. جلک بشوات. ماڵ خاوێن بکاتەوە. چێشت لێ بنێ.. منداڵ پەروەردە بکات. چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێردەکەی بێت لەسەر کار و دڵخۆشی بکات.. کاتێک پادشام ژنێک لە ڕێگە نابینێت بەڵگەی ئەوەیە بنەما ڕەسەنەکان سەلامەتن. کۆمەڵەکەمان سەلامەتە. ئەوە بارودۆخێکە هەموو دڵسۆزێک ئاواتی بۆ دەخوازێت بەرقەرار بێت. بەڵام درێژە ناکێشێت! زەمانێکی گەندەڵی وەها دێتە پێشێ، ژنان یاخیبوونی خۆیان ئاشکرا دەکەن. لە ماڵ دێنە دەر. وەک پیاوان پۆشاک دەپۆشن. وەک پیاوان کار دەکەن. لە پیاوانیش زێتر ماف وەردەگرن!»

پادشا وتی: «تۆ هەڵەی. ئەوەی لە داهاتوودا ڕوو دەدات، تەنیا پەروەردگاری ئەم گەردوونە دەیزانێت. بەشەر لێی بێ ئاگایە.»

وەزیر وتی: «ئەوەی دەماودەم کفر بگێڕێتەوە بەکافر حیساب ناکرێت. من تەنیا قسەی ئەو کتێبانە دەگێڕمەوە، کە باشترین زانا ڕۆیان ناون.»

پادشا زەردەخەنە گرتی، وتی: «ئادەی سەبارەت بە پێشبینییەکانی پاشەڕۆژ قسەم بۆ بکە.»

وەزیر وتی: «لە داهاتوودا پادشایەکی تەواو نامۆی ئەوتۆ پەیدا دەبێت، قینی لە گۆشتی مەڕ و مامر و ماسییە و حەزی لە گۆشتی ژنانە. هەر ڕۆژی ژنێک دێنێت و بۆ ژەمی شێوان دەیخوات. ڕۆژێک ژنێک دێنێت ئارەزووی لە گۆشتی پیاو دەبێت. لە بریی ئەوەی پادشا ژنەکە بخوات، ئەو پادشا دەخوات!!»

پادشا وتی: «ئەوە پادشایەکی هەڵەشەیە. ئەگەر بەڕاستی پادشا بێت،

حیساب بۆ هەموو کارێکی کتوپڕ دەکات، فرمان دەدا، ددانی دوابەژنی وڵاتەکە دەربێنن!»

وەزیر بەسەرسامییەوە هاواری کرد: «ئەمە فەرمایشتێکی مێژووییە. پادشایەک ئەگەر بەتەنگ تەختی خۆی و بەختیاریی گەلەکەیەوە بێت، ئەوا ددانی میللەتەکەی دەردەهێنێ و تەنیا خۆی بەخاوەن ددان دەمێنێتەوە.»

پادشا پێ کەنی، ددانەکانی وەک ئەو کەڵبانەی لەسەر قەپاڵ گرتن لە گەردن ڕاهاتبوون دەیاننواند. ئەمجا لە وەزیری خۆی پرسی: «لە داهاتوودا چیی تریش ڕوو دەدات؟»

وەزیر وتی: «هیوادارم ئەوەی دەیڵێم درۆیەکی پەتی بێت. یەکێکیان پێشبینیی کردووە، گوایە وڵاتەکەمان دوای هەزارساڵی تر دووچاری کارەساتێکی سەرتاپاگیر دێت. هیچ بوارێک لە بوارەکانی ژیان لە چنگی ڕزگاری نابێت. بەڕادەیەک، ئەم نیشتمانە ئاوەدانەمان دەبێتە کاولترین وڵاتی دنیا!»

پادشا وتی: «ئەو کارەساتە چییە؟»

وەزیر وتی: «خۆت دەزانی گەورەم، پیشەسازیی چنین بەنێوبانگترین پیشەسازیی وڵاتەکەمانە. دەسا کارگەکان لە بەرهەمهێنان دەکەون. بازاڕەکان پڕ دەبن لە قوماشە کۆن. چونکە بازاڕ نامێنێت!»

پادشا وتی: «ئەمەیان پێشبینییەکی پووچە. خەڵکی هەردەم پێویستییان بەپۆشاک دەبێ. پۆشاکیش لە قوماش دروست دەکرێ. قوماشیش لە کارگەی چنین بەرهەم دێ.»

وەزیر وتی: «ئەوەی ڕوو دەدات ئەوەیە، ژنان، کە گەورەترین کڕیاری جلوبەرگن، جۆرە بەرگێک دەپۆشن، لە بریی چەند مەترێک پێویستییان بە چەند بستێک قوماش دەبێت!»

پادشا وتی: «وتت کارەساتەکە سەرتاپاگیرە.. بەڵام کارگەکانی چنین

تەنیا بەشێکی کارەساتەکەن و هەمووی نین.»

وەزیر وتی: «ئەوەی ڕوو دەدات ئەوەیە، کاتێک ژنان لە ڕێگەوبان بەو جلکە ئابڕووبەرانەیانەوە دەردەکەون، ئیدی پیاوان ئەقڵ و هۆشیان نامێنێ و واز لە کار و فرمان دێنن. هەموو کارێکیان دەبێتە هەڵڕوانین بەبالای ژناندا و کوناوکون دوایان دەکەون، وەک چۆن گەلەگورگ دوای مەڕ دەکەون!»

پادشا نەختێک بیری کردەوە، ئەمجا بە وەزیری وت: «ئەوەی لە داهاتووی دووردا ڕوو بدات، بۆی هەیە لە داهاتووی نزیکیشدا ڕوو بدات و ئێمەش بیبینین. بۆیە دانا ئەو کەسەیە هەر لە ئێستاوە خۆی دەپارێزێت و حیسابی بۆ دەکات.»

ئیدی ئەوە بوو، بەفرمانی شاهانە خانووەکان لە شێوەی زیندانندا بنیات نران. چارشێوی ڕەش کەوتە بازاڕەوە و دنیای پڕ کرد، بەو حیسابەی گوایە ڕێگەیەکە بەرەو بەهەشت.

سەرچاوە: زكريا تامر، نداء نوح. ط١، لندن، رياض الريس للكتب والنشر، ١٩٩٤. ص/٢١٦ ـ ٢١٨.

## کۆڕی ئەدیبان

کامل گەیلانی، لەو چایخانەیە دانیشتبوو، کە مردووەکان کردبوویان بەشوێنی کۆبوونەوەی خۆیان. ئەو بیری لەو ساڵانە دەکردەوە، کە وەک هاونیشتمانییەکی عەرەب، لەسەر زەمین ژیاوە.. لەوە دڵنیا بوو، کە بەدرێژاییی تەمەنی خۆی کاری چاکەی کردووە و ژیانی هەورێکی پڕ باران بووە. درەختێک بووە چوار وەرزە بەردار بووە.. زەردەخەنەی لەخۆڕازیبوون کەوتە سەر لێوی. لەو دەمەدا گوێی بەدەنگێکی گڕ زرنگایەوە.. پێی دەوت: «ماوە هەیە لەگەڵت دانیشم؟»

لای لە خاوەن دەنگەکە کردەوە. دیتی پیاوێکی ڕوخسار نامۆیە. بە

ڕواڵەتیدا هەم لاو بوو هەم پیر. پێی گوت: «سەرچاوم، فەرموو دانیشە.»

پیاوەکە لەسەر کورسییەک دانیشت. کامیل گەیلانی هەوڵی دا بزانێ پێشتر لە کوێ دیویێتی.. پیاوەکە پێی وت: «چاوەکانت ماندوو مەکە. واش مەزانە زەینکوێریت. تۆ نامناسیت. ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ڕێوبانێک منت نەدیوە. بەڵام من دەتناسم.. تۆ کامیل گەیلانیت. ئەو نووسەرە پێشەنگەی هەستی بە گرینگیی نووسین بۆ منداڵان کرد. بەشێکی زۆر لە توانای خۆی بۆ تەرخان کرد. تۆ توانیت ئەوەندەیان پێشکێش بکەیت، ببێتە بناغە بۆ نامەخانەیەک، کە پڕ بێت لە بابەتی بەکەڵکی فەرهەنگی و کات بەسەربردن.. منیش ناوم "امل دنقل"ە.. شاعیرێکم بڕوام بەو ئاگرە هەیە، کە بت و خاوەن بتەکان دەسووتێنێت. من شیعرم بۆ بێدارکردنەوەی نوستووەکان دەنووسی. بەڵام بەر لەوەی ئاواتم بێتە دی، نەخۆشی دای ڕزاندم. ئەوەی ئازارم دەدا ئەوەیە، ژمارەی نوستووەکان کەم نەبوونەتەوە، بگرە ڕوو لە زیادییە.»

کامیل گەیلانی: «خۆت سەرکۆنە مەکە. وشە هەرچەندە نیازی خێریشی هەبێت هەر وشەیە و هیچی تر. بێدارکردنەوەی نوستووەکان پێویستیی بە گرمەی تۆپە. وشەیش توانای تۆپی نییە.»

ئەمەل دەنقل: «بەر لەوەی بتدوێنم، بە چاودێریکردنت خۆشحاڵ بووم. هەستم کرد تەواو بەختیار بووی. جا لەبەرئەوەی لەم ڕۆژگارەدا، بەختیارەکان کەمایەتین و گریاوەکان زۆرینەن، دەکرێ بزانم چی وای لێ کردووی بەختیار بیت؟»

کامیل گەیلانی: «هۆیەکەی نهێنی نییە. من ڕەخنەگرانە بیرم لە ژیان دەکردەوە. دیتم ژیانێکی زڕ نەبوو.»

ئەمەل دەنقل: «ئەمە ڕایەکی دروستە. وەک زانراوە، لە سەرەتای تەمەنی ئەدەبیتاندا گرینگیتان بە کەلەپووری عەرەب داوە.»

کامیل گەیلانی: «چونکە بڕوام وابوو، شارەزایی پەیداکردن لە

شکۆمەندییەکانی ڕابردوو، یارمەتیمان دەدات لە لایەنە خراپەکانی ئەمڕۆ ڕزگارمان ببێ.»

ئەمەل دەنقل: «بەڵام لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام نەبووی. بگرە گواستتەوە سەر گرینگیدان بە ئەدەبی زارۆکان. بەرهەمێکی زۆر و هەمەڕەنگت پێشکێش کردن.»

کامیل گەیلانی: «بۆیە بۆ منداڵانم نووسی، چونکە هەستم کرد، ڕابردوو تەنیا ڕابردووە و ناگەڕێتەوە. دەبێ زۆرترین گرینگی بە ئێستا بدرێ. بنیاتنانی ئێستایش لە منداڵانەوە دەست پێ دەکات. لە بەرهەمەکانمدا، بیرۆکەی وەهام پێشکێش بە منداڵان کردووە، بەشداریی لە پەروەردەکردنیاندا بکات. تا لە داهاتوودا هەم سەرکەوتوو، هەم خاوەنی ڕەوشتی جوان بن.»

ئەمەل دەنقل: «بەڵام ئەو سەرکێشییە دەکەم و ڕاستیت پێ دەڵێم، کە ڕەنگە بتانڕەنجێنێ. کتێبەکانت پشتگوێ خراون و بێزراون. ئەو بیرۆکانەی بڕوات پێیان هەبوو، بەکەڵکی منداڵانی بنیاتنەری داهاتوو نایەن. ئەگەر بەکەڵکیش بێن، لە یاد کراون و دوژمنایەتی دەکرێن. منداڵانی ئێستا، ئەوانەی ئەوسا نین. نەخشەکانی گەندەڵکردن و شێواندنیان، بەردەوام سەرکەوتن بەدەست دێنن. بەرد بە بەردی خۆی، ئەگەر بەچەکوشی پۆڵا چەکوشکاریت تێدا کرد، وردوخاش دەبێت.»

کامیل گەیلانی: «بە دڵنیاییەوە تۆ یەکێکی لەو ڕەشبینانەی، کە لە هەقیقەتی ژیانی مرۆڤایەتی بێ ئاگان!»

ئەمەل دەنقل: «ئەگەر بڕوات بەقسەکانم نییە، دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ دنیای زیندووان و بەچاوی خۆت ببینی چی ڕوو دەدات. جا ئەوسا لە ڕاستگۆییم دڵنیا دەبیت.»

کاتێک کامیل گەیلانی لە قوتابخانەیەک نزیک بووەوە، گوێی لە

هاتوهاوارێکی خۆش بوو، کە لە ناخی منداڵانێکەوە هەڵدەقوولا. ئەوان سەرگەرمی یاری و مەزاق بوون. گەشایەوە و بڕوای پتری پەیدا کرد و تێ گەیشت، کە ئەوەی ئەمەل دەنقل وتی قسەیەکی ڕووتی بێ بناغە بوو. دوای چەند هەناسەیەک، لە گۆڕەپانی قوتابخانەکە خۆی دیتەوە. کۆمەڵێک قوتابیی ژیکەڵە دەوریان دا. گەورەترینیان لە دە ساڵانی تێ نەدەپەڕاند.

کامیل گەیلانی بەمنداڵانی وت: «دەخوازم هەندێک پرسیارتان لێ بکەم.»

منداڵان دەنگیان لێ هەڵبڕی. دەیانپرسی: «ئاخۆ تۆ پۆلیسی؟.. لە ڕادوێ و تەلەڤزیۆن کار دەکەیت؟ ڕۆژنامەنووسی و دەتەوێت ڕاپۆرتێکی وێنەدار لەمەڕ قوتابخانەکەمان بنووسی؟»

منداڵێکیان، کە بۆنی دوژمنکاری و بەرەنگاریی لێوە دەهات، وتی: «من لە بریی هاوڕێکانم وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە. فەرمووو بەئارەزووی خۆت بپرسە!»

کامیل گەیلانی: «دەخوازی لە داهاتوودا ببیت بەچی؟»

منداڵ: «دوو ئاواتم هەن. ئەوی ڕاستی بێت، سەرسامم نازانم کامیان هەڵبژێرم؟»

کامیل گەیلانی: «ئاواتی یەکەمت چییە؟»

منداڵ: «دەمەوێت ببمە دزێکی نێودەوڵەتی، ڕۆژانە ڕۆژنامەکان لەسەرم بنووسن و پۆلیسی دنیا بەدوامەوە بن!»

کامیل گەیلانی: «دزیکردن شوورەییە!»

منداڵ: «پیرەمێرد نەبوویتایە نەتدەوت دزیکردن شوورەییە! ئەوەی دزی نەکات دەبەنگە و نازانێت چۆن لەگەڵ هەقیقەتەکانی ژیاندا مامەڵە بکات!»

کامیل گەیلانی: «ئاواتی دووەمت چییە؟»

منداڵ: «ببمە فڕۆکەوان.»

کامیل گەیلانی: «ئەمەیان ئاواتێکی مەزنە. دیارە بۆیە دەتەوێ ببیتە فڕۆکەوان تاکو دژی دوژمنان بجەنگیت و ئاسمانی نیشتمان بپارێزیت!»

منداڵ: «نەخێر. ئامانجی یەکەمم ئەوەیە، لەو بەرزاییییەوە تف لە دنیا بکەم!»

کامیل گەیلانی: «ئەی کێت خۆش دەوێت؟»

منداڵ: «نەجوا فوئاد، نادیە جوندی، عادیل ئیمام و دورەید لەحەام!»

کامیل گەیلانی: «بێگومان، دایک و باوک و قوتابخانە و نەتەوە و نیشتمانەکەشت خۆش دەوێت.»

منداڵ: «ئەوە تۆ باسی چی دەکەیت؟ من باسی ئاسمانت بۆ دەکەم و تۆیش باسی ڕێسمانم بۆ دەکەیت؟»

کامیل گەیلانی: «ئەدی ئەو قارەمانە عەرەبەی ڕێزی دەگریت و بە پێشەنگی خۆتی دەزانی کێیە؟»

منداڵ: «ئارسین لۆبین و جێمس بۆند!»

کامیل گەیلانی: «ئەگەر کوێرێکت دی بەڕێگەیەکی پڕ لە چاڵ و کۆسپدا دەڕۆی، چی دەکەیت؟»

منداڵ: «بەتوندی دەستی دەگرم و دەیبەمە لێواری چاڵێک، پاڵێکی پێوە دەنێم تاکو بکەوێتە ناوی!»

کامیل گەیلانی: «ئەدی ڕات لەسەر درۆ چییە؟»

منداڵ: «گرینگترین چەکێکە، کە زانایان دایان هێنابێت. ئەوەی بەکاری بهێنێت سەردەکەوێ. ئەوەیشی بەکاری نەهێنێت، دووچاری نشوستی دێت و پەشیمان دەبێتەوە!»

کامیل گەیلانی: «ئەدی ڕات لەسەر دووڕووەکان چییە؟»

منداڵ: «زیرەکترین کەس خۆیانن!»

کامیل گەیلانی: «ئارەزووی کتێب خوێندنەوەت هەیە؟»

منداڵ: «جا بۆچی بخوێنمەوە؟ من بەبێ خوێندنەوەش کەسێکی ڕۆشنبیرم!»

کامیل گەیلانی: «داخۆ ئەم وەڵامانە تەنیا ڕای خۆتن، یان گوزارشت لە ڕای برادەرەکانیشت دەکەن؟»

منداڵان دەنگیان هەڵبڕی و ڕایان گەیاند، کە بەگەرمی لەگەڵ هەموو وەڵامەکانی برادەرەکەیانن.

کامیل گەیلانی بە زەبوونییەوە چاوی تێبڕین. ئەمجا وەک تۆقیو، بەڕاکردن قوتابخانەکەی جێ هێشت. بەپەلە لەم نامەخانەوە خۆی بەو نامەخانەدا کرد. دەستی بەکۆکردنەوەی هەموو کتێبەکانی کرد، کە کاتی خۆی بۆ منداڵانی نووسیبوون. ئەمجا بەناخێکی تووڕە و تینووی تۆڵەوە، هەموویانی سووتاند. بەمەیش ئاهێکی تێ گەڕا.

بەڵام ئەم بەوەی نەزانی، کە دوای ئەوەی ڕۆیشت، منداڵان سەبارەت بە کەسیەتیی ئەو، زۆریان قسە کرد و پێیان وابوو فەرمانبەرێکە و لەلایەن دەوڵەتەوە، بۆ مەبەستێک نێردراوە و ڕاسپێردراوە. بۆیە بە گاڵتەجاڕییەوە قاقا پێ کەنین و جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد: خۆ دەربازکردن لە زەبروزەنگی دوژمنێک، کە نازانێ بەزەیی بەری چ دارێکە، لێمان دەخوازێت فریوی بدەین و بیخەڵەتێنین، تاکو وابزانێت گوایە ئامانجەکانی هاتوونەتە دی.

سەرچاوە: زکریا تامر، نداء نوح، ط١، لندن، ریاض الریس للکتب والنشر، ١٩٩٤، ص، ١٦١ مم ١٦٦.

* امل دنقل: شاعیرێکی شۆڕشگێڕی وڵاتی میسرە. هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە پێشبینیی شکستی ساڵی ١٩٦٧ی کردبوو. بەتوندی دژی سەردانەکەی سەرۆکی میسر (سادات) بۆ وڵاتی ئیسرائیل وەستایەوە و دژی ڕێککەوتن بوو. ئەم هەڵوێستەی لە شیعرە بەناوبانگەکەیدا بەسەردێری (لا تصالح) بەدیار دەکەوێت. ئەو دەمە

قسەیەک لەنێو ڕووناکبیرانی میسردا باو بوو، دەڵێت: "کاتێک شەو باڵ بەسەر قاهیرەدا دەکێشێت، ئیدی ئەو شارە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی سەرباز و ئەمەل دەنقلەوە." ناوبراو بەتەمەنێکی کورتەوە بەنەخۆشی سەری نایەوە. لە دیوانەکانی:

اقوال جديدة عن حرب البسوس

البكاء بين يدي زرقاء اليمامة

## وڵاتی بێ نووسەر

پادشا تەوا توورە بوو. ویستی پیش بخواتەوە. بەڵام تووڕەیی لە چاوەکانییەوە سەری کرد. مۆن و دڵڕەق دەینواند. بەدەنگێک، کە هەوڵێکی زۆری لەگەڵدا دا تاکو ئاسایی بێت، بە وەزیری وت: «ئاخۆ تۆ لەوە دڵنیای هەرچی لە شانشیندا ڕوو دەدات بۆت گێڕاومەتەوە؟»

وەزیر وتی: «من تەنانەت شەڕی نێوان ژن و مێرد و دڵدارەکانیشم نەپەڕاندووە. دەنگوباسی تەڵاق و هۆیەکانیشیم لەلا باس کردوویت.»

پادشا وتی: «تۆ ئەوەی بێ بایەخ بێت بۆم دەگێڕیتەوە. بەڵام ئەوەی گرینگ و مەترسیدار بێت لێمی دەشاریتەوە!»

وەزیر وتی: «ئەگەر پادشا فرمانی زیندانیکردنی هەتاهەتاییی بۆ دەربکردمایە، هێشتا حاڵم لەم حاڵەی، کە ئێستا تێی دام باشتر بوو!»

پادشا وتی: «ئەم بەیانییە یەکێک لە ژنەکانم پێی وتم، گوایە شاعیرێک، بە شیعرێک دای شۆریوم. ئێستا شیعرەکە بەسەر زاری خەڵکەوەیە و شەوانە وەک نوکتە بەدەم پێکەنینەوە هەر دەیڵێن و دەیڵێنەوە. ئەم هەواڵە ڕاستە یان درۆیە؟»

وەزیر وتی: «ئەو شاعیرە سەرسەرییە ئێستا لە زینداندا ناڵەناڵ و داد و فیغانێتی و کەس بە دەنگییەوە ناچێت. زیندانیش جێی دەبێت هەتا بەشیعرێکی پیاهەڵدان لەو شیعرە داشۆرینە پاشگەز نەبێتەوە!»

پادشا وتی: «کەواتە هەواڵەکە ڕاستە!»

وەزیر سەری دانەواند و وتی: «هەواڵەکە ڕاستە!»

پادشا وتی: «ئەی بۆچی ئاگەدارت نەکردووم؟»

وەزیر وتی: «چونکە پەیڕەوم لە کاردا ئەوەیە، کارە گرینگەکان لەلای خاوەن شکۆ باس بکەم و بە شتی بێ بایەخەوە خەریکی نەکەم!»

پاشا وتی: «بەڵام ئەمە حاڵێکە تەحەمول ناکرێت. هەیە دامان دەشۆرێت، جا بۆ ئەوەی دەمکوت بێت، گەرەکە دەمی چەور بکەیت. ئەگەر نەیدەیتێ لە داشۆریندا بەردەوام دەبێت، بگرە پێی لێ هەڵدەبڕێ. ئەویشی، کە پیاماندا هەڵدەدا و پەسندمان دەدا، ئەویش هەر داوای پارە دەکات و هەقدەستی پیاهەڵدانەکەی دەوێ. ئەگەر دەمی چەور نەکەین ئەوا لێمان هەڵدەگەڕێتەوە.» پادشا بێدەنگ بوو. لە فیکران ڕۆچوو. ئەمجا بەوەزیری وت: «ڕاوچییەکان لە دەریا و ڕووبارەکاندا ماسی ڕاو دەکەن. چ پێویستییان بەشیعر هەیە؟»

وەزیر وتی: «ڕاوچییەکان ئەوەی مەبەستیان بێ، نان و گۆشت و ژنە.»

پادشا وتی: «جووتیار زەوییەکانیان دەکێڵن، تۆو دەوەشێنن، ئاو دەدەن و سەرەوکاریی مەزراکانیان دەکەن. ئاخۆ پێویستییان بە شیعر هەیە؟»

وەزیر وتی: «جووتیار هەردەم چاویان بڕیوەتە هەور. ئەوەی نیگەرانیان بکا بێ بارانییە!»

پادشا وتی: «کرێکار کۆشک و خانووبەرە دروست دەکەن. ڕێگە و شەقام ڕادەکێشن. ئاخۆ هیچ پێویستییەکیان بە شیعر هەیە؟»

وەزیر وتی: «کرێکار هەموو کات خەیاڵیان ها بەلای ئەوەوە بەزووترین کات خۆر ئاوا ببێت و کرێی زێتر وەربگرن!»

پادشا وتی: «بازرگانان دەکڕن و دەفرۆشن. ئیدی چ پێویستییەکیان بەشیعر هەیە؟»

وەزیر وتی: «وەک چۆن چرپاکەم دەناسم، ئاوایش بازرگانەکانیش

دەناسم. مادام دەکڕن و دەفرۆشن و قازانج دەکەن ئیدی لە هیچیان کەم نییە!»

پادشا وتی: «مادام خەڵک شیعریان بەلاوە گرینگ نییە. ئیدی بۆچی یاسایەک دەرنەچێت شیعر هۆنینەوە قەدەغە بکات؟»

وەزیر زەردەخەنەی هاتێ و بە پادشای وت: «داخۆ گەورەم ماوەم پێ دەدات دوو قسان بکەم؟»

پادشا وتی: «قسان بکە. کێ دەمی گرتووی؟»

وەزیر وتی: «ئەگەر بڕیاری وەهاش بدرێت هێشتا هەر وەک پێویست سوودی نابێت. چونکە شیعر وەک دەردی بێ دەرمان وەهایە، ئەوەی تووشی بوو چاکبوونەوەی نییە و هەر دەبێ شیعر بڵێت. شاعیر وەک قەلەڕەشە. قەلەڕەش بۆ ئەوە خەڵق بووە بغاقێنێ. شاعیریش بۆ شیعر وتن. ئەم بڕیارە ئەگەر دەریش بچێت، تەنیا پڕوپووچەکانیان دەترسێنێت و پەیڕەوی دەکەن. بەڵام شاعیرانی تر، هیچ شتێک نییە لە شیعر نووسینیان بخات. لە زیانەکانی ئەم بڕیارەش ئەوەیە، پڕوپاگەندەی دوژمنکارانە لە دژی وڵاتەکەمان بڵاو دەبێتەوە، گوایە ئێمە دژی شیعر و ئەدەب و ئازادیی بیرین. دوژمنەکانمان ئەم بڕیارە بەهەل دەزانن بۆ شێواندنی ناوداوی شانشینەکەمان لەنێو دەوڵەتاندا!»

پادشا وتی: «کەواتە مافی هاونیشتمانێتی لە شاعیران دەسێنینەوە، لە وڵات قاویان دەدەین!»

وەزیر وتی: «بەتەنیا شاعیر قاو نادەین. بگرە هەموو قەڵەم بەدەستەکان قاو دەدەین. چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و ڕەخنەگرانیش دەردەکەین. پێویستە گرینگییەکی تایبەت بەقاودانی ڕەخنەگران بدرێت. چونکە ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی چکی کرد، کە ئەوان فێری ڕەخنە لێگرتنی بوون، بادەدەنەوە سەر ڕەخنەی کۆمەڵایەتی. لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیشەوە

لادەکەنەوە بەلای ڕەخنەی سیاسیدا!»

پادشا وتی: «چاکە، ئەوەی قەڵەم بەدەست بێت و وشەیەکی نووسیبێت قاوی دەدەین!»

وەزیر وتی: «جا بۆچی دەریان پەڕێنین؟.. ئەگەر دەرمان پەڕاندن، ئەوا لە ڕووی مەعنەوییەوە سوودمەند دەبین، بەڵام لە ڕووی مادییەوە بە زیان دەشکێتەوە.»

پاشا وتی: «تێ ناگەم. چۆن لە ڕووی مادییەوە سوودیان لێ وەردەگرین. لە کاتێکدا ئەوانە خراپترین و بێ چاوڕووترین دەرۆزەکەرن؟»

وەزیر وتی: «وڵاتی کاڵفام و تەپۆی وا هەن پێویستییان بەم نموونانە هەیە. بەردەوام ڕای دەگەیێنن، کە ئەوان ئامادەن بۆ ڕاگرتنیان. ئێمەش بەنرخێکی هەرزان بۆیان دەنێرین!»

پادشا بەخۆشی و سەرسووڕمانەوە وتی: «لەو ڕۆژەوە لەدایک بووم تاکو نهۆ، ئەمە مەزنترین پێشنیازی بەکەڵکە گوێم لێ دەبێ!»

پێشنیازی وەزیر جێبەجێ کرا. شانشین لە ئەدیبان چۆڵ کرا. ئاکام هیچ ئاڵوگۆڕێک ڕووی نەدا. ئەوەندە هەبوو، گیای بەهار ڕەنگی پەڕی.. ڕەنگە سەوزە پاراوەکەی خۆی ون کرد.

نداء نوح، ص، ٣٢٩ ــ ٣٣٣

## پادشا بە وەزیری وت

پادشای سوێرقسە بە وەزیرە پیرە گوێڕایەڵەکەی خۆی وت: «من هەموو ئەو مەرجانەم تێدایە ببمە بەختەوەرترین پیاوی سەرزەوی!»

وەزیر وتی: «بەڵکو بەختەوەرترین پادشا و کەس خۆتی. خوا لە چاوی بەد بتپارێزێ!»

پادشا وتی: «ئەوەندەم پارە هەیە شارێکی پێ دروست بکەم، خانووەکانی لە زێڕ بن!»

وەزیر وتی: «پەنا بەو خوایەی بە ئارەزووی خۆی بەشی کەسانێک دەدات و کەسانی تریش بێبەش دەکات.»

پادشا وتی: «شاژنێکی جوانیشم هەیە خۆشی دەوێم!»

وەزیر وتی: «بۆچی ئافرەت هەیە بتبینێ و خۆشی نەوێی؟»

پادشا وتی: «وەزیرێکی ئاقڵ و داناشم هەیە، ئامۆژگاریم دەکات. لە پێناومدا خۆی بەخت دەکات!»

وەزیر وتی: «ئەوەی ڕێزی لێ دەنێیت و بەدانا وەسپی دەدەی، هێشتا لە دنیای داناییدا هەنگاوی یەکەمی نەناوە!»

پادشا وتی: «میرغەزەبێکم هەیە، سەری دوژمنانم دەپەڕێنێت!!»

وەزیر وتی: «ناحەزانت هەر ئەو ڕۆژە مردن، کە بیریان لە دوژمنایەتیت کردەوە!!»

پادشا وتی: «فەرماندەیەکی سوپام هەیە کۆشکەکانم دەپارێزێت.»

وەزیر وتی: «خوا بکات کۆشکەکانت زۆر و دوژمنانت کەم بن!»

پادشا وتی: «بەڕێوەبەری پۆلیسیشم هەیە، بەر لەوەی دز دزییەکەی بکات دەیگرێت!!»

وەزیر وتی: «پێویستە پەرە بەتواناکانی خۆی بدات، تا بتوانێ بەر لەوەی دزەکە لەدایک ببێت بیگرێ!»

پادشا وتی: «هەرچی بۆ بەختیاریی مرۆڤ پێویست بێت هەمە، کەچی هێشتا بەتەواوی بەختیار نیم!»

وەزیر بە پادشای وت: «لە دنیادا هەموو شتێک پەیدا دەکرێت بێجگە لە بەختیاری. بەختیاری ئەو گوڵە یاخییەیە، کە لە باخچەکانی دڵدا نەبێ گەشە

ناکات. دڵیش ئەو منداڵە سەرچڵە ئەتوار سەیرەیە!»

پادشا وتی: «من دەزانم چی دەتوانێت بەتەواوی بەختەوەرم بکات!»

وەزیر وتی: «منیش کوڵەمانگ بەڕۆژوو دەبم و شوکری خوا دەکەم بۆ ئەوەی کەرەمی هەتا سەر بێت.»

پادشا وتی: «من لە ئەدیبم کەمە. ئەدیبێک نووسینەکانی بۆ شانشینەکەم تەرخان کردبێت، تاکو بۆ نەوەکانی داهاتوو ببێتە کەلەپوور. پێی بوتری ئەدیبی دەرباری پاشا!»

وەزیر وتی: «جا ئاسانە. ئەدیبە بەناوبانگەکان، لەبەر دەرگانەکەتدا وەک مێش و کوللە و تۆز، دەیکەن بە شان شانێن. کێت دەوێ؟ موتەنەببی، تەوحیدی، مەعەڕی، جاحظ؟ ئەگەر ئارەزووشت لە نووسەری بیانی بێت، ئەوا باشترین ئەدیب بە هەرزانترین نرخ لە دەرەوە دێنین، هەروەک چۆن ئۆتۆمۆبێل و فڕۆکە و گەنم و گۆشت و کەرێ و برنج و میوە و سەوزە دەهێنین!»

پادشا وتی: «من ئەدیبێکی ناسراو و بەناوبانگم ناوێت. ئەوە درۆزنە، هەرچەندە خۆی بە دڵسۆز و گوێ لەمست پێشان بدات هەر بەلووتبەرزی و لەخۆبایی دەمێنێتەوە!»

وەزیر وتی: «کەس تاقەتی ئەدیبی لووتبەرز و لەخۆباییی نییە!»

پادشا وتی: «هەموو خاوەن بەهرەیەک لووتبەرز و لەخۆبایین و دڵسۆزییان تەنیا بۆ بەهرەکەی خۆیان هەیە. هەستی وەها دەنوێنن، وەک یەکێک بن لە ئەفرێنەران.. ئەدیب ئەگەر هەستی کرد خەڵک خۆشیان دەوێت، ئیدی ئەو خۆشەویستییە بە هیچ شتێک ناگۆڕنەوە. من ئەدیبێکی منداڵکاری نەناسراوم پێویستە؛ تاکو بەئارەزووی خۆم پەروەردەی بکەم. دڵسۆزم بێت. کوێرانە گوێڕایەڵم بێت. هەموو هەناسەیەک هەست بەوە بکات تەنیا من سەرکردە و سەرگەورەم!»

وەزیر وتی: «بەڵام منداڵکار هەر بەمنداڵی نامێنێتەوە. گەورە دەبێت و دەبێتە خاوەن فیز!»

پادشا وتی: «ئەوەی دەسەڵاتی هەبێت کەسێک بەرز بکاتەوە، دەتوانێ نزمیشی بکاتەوە. ئەوەی لەباریدا بێت خەڵک دەوڵەمەند بکات، هەژاریشیان دەکات!»

وەزیر وا خۆی نیشان دا گوایە بەقووڵی لە فیکران ڕۆچووە. ئەمجا بە پادشای وت: «هەبوو نەبوو، سەردەمی زوو، پیاوێک هەبوو ژنێک و کوڕیژگەیەکی هەبوو. ئەوەی لێی تێک دابوو ژنە نالەبارەکەی بوو، کە سەری لە شەڕ و دەردیسەری دەخورا. پیاوەکە چەندی قین لە ژنەکەی بوو ئەوەندەیش کوڕەکەی خۆش دەویست. نەیتوانی ڕێگەیەک بدۆزێتەوە تا لە دەست ژنەکەی ڕزگاری بێت. ڕۆژێک لە ڕۆژان، بێچووە کەمتیارێکی ڕاو کرد و هێنایەوە ماڵ. زۆر بەدەوریدا هات و خزمەتی کرد. بەو هیوایەی، کە گەورە بوو ژنەکەی بخوات. کەمتیار گەورە بوو. پیاوەیش هەستی کرد ڕۆژی ڕزگاری نزیک بووەتەوە. بەڵام کەمتیارم کەمتیار ژنەی نەخوارد، چونکە گۆشتەکەی جیڕ بوو. بگرە منداڵە گۆشت ناسکەکەی خوارد!»

پاشا وتی: «ئەگەر حیکایەتەکەت نەختێک درێژتر بوایە، بەبێ حەبی خەو دەنوستم!»

وەزیر وتی: «لێ گەڕێ با حیکایەتێکی تری کورتت لەسەر ئەدیبە گزگلەکان بۆ بگێڕمەوە!»

پاشا بە وەزیری وت: «پێویست بە حیکایەتی تر ناکات. کارەکەم یەکلایی کردەوە. بەنهێنی، کارگەیەکم بۆ بەرهەمهێنانی ئەدیبی گوێڕایەڵ دامەزراندووە. دوای چەند هەفتەیەک بەرهەمی دەکەوێتە بازاڕەکانەوە.»

پاشا بەگاڵتەی نەبوو. کارگەکە چالاکانە کاری دەکرد. ئەدیبی پووچ و ملکەچی خاوەن دەسەڵاتەکان، پەلاماری شار و گوندی گۆی زەوییان دا. هەر

خۆشیان لە هەموو کات و شوێنێکدا باڵادەستن. ئەدیبە خاوەن بەهرەکانیش ناچاری دوورەپەرێزی و بێدەنگی و خۆکوژی بوون. یان ناچاری تەحەددا و بەگژداچوونەوە بوون. بەڵام هەتا لە جەنگێکدا سەردەکەون، لە سەداندا دەیدۆڕێنن.

نداء نوح. لاپەڕە، ٢٩٨/ ٢٩٢

## تاقیکردنەوە

پاشا بە ڕوخساری گرژەوە سەرنجی وەزیری دا و پێی گوت: «دەزانی تەواو لە قسەکانت جاڕس بووم. هەر پرسیارێکم لێ کردی بەر لەوەی لێو هەڵبێنیتەوە وەڵامەکەی دەزانم!»

وەزیر: «بەڵێنت پێ دەدەم مرۆڤێکی نوێ بم، وەک ئا ئەم ساتەوەختە لەدایک بووبم. شەرت بێت لەمەولا وەڵامی وەهات بدەمەوە سەرسووڕهێن بێت و باوەڕ نەکەیت ئەوە منم قسان دەکەم!»

پادشا: «تاقیکردنەوەیەکی قورست دەکەم. ئەگەر دەرنەچووی واوەیلا بەحاڵت!»

وەزیر: «ئەگەر دەرنەچووم پێم خۆشە سەرم بپەڕێنی!»

پادشا: «یەکەم پرسیاری ئەم تاقیکردنەوەیە ئاوایە: چی بکەم تا دەستەڵاتم چەسپاو بێت و هیچ مەترسییەک نەتوانێت هەڕەشەی لێ بکات؟»

وەزیر: «مەترسییەکان زۆر و جۆرەوجۆرن. بەڵام خراپترینیان ئەوەیە، کە لە هاووڵاتییەک دەوەشێتەوە دووڕوویی و ماستاو و فێڵ و درۆ نازانێت. بەکوێر دەڵێت: تۆ کوێریش و کەڕیشی!»

پادشا: «ئەمەیان وەڵامێکی نامۆیە و چاوەڕوانم نەدەکرد!»

وەزیر زەردەخەنە گرتی و بەپادشای وت: «سوپاس بۆ خوا، لە تاقیکردنەوەی سەروەرماندا سەرکەوتنم بەدەست هێنا!»

پادشـــا بەلاقــرتیــیــەوە گــوتی: «وا پێ دەچێ پێــشنیــازم بۆ بکەیت، هەر هاووڵاتییەک پیاوچاک و پاک و ڕاستگۆ بوو ڕاپێچی زیندانی کەم!»

وەزیر: «نانا.. ناکرێ پێشنیازی وەهاتان بخەمە بەردەست.»

پادشا: «بۆچی؟»

وەزیر: «چونکە بۆ ڕاپەڕاندنی پێــویست بەوە دەکــات ژمــارەیەکی زۆر زیندان دروست بکەین. ئێ زیندان دروستکردنیش پارەیەکی زۆری گەرەکە. ئەم پارە زۆرەیش لە خەزێنەی پادشای سەروەرمان دەردەچێت.»

پادشا: «ئەی کەواتە چ پێشنیازێکت هەیە؟»

وەزیر: «پێشنیازەکەم ئاڵۆز نییە. بگرە زۆر بەسانایی جێبەجێ دەبێت و لە ئەنجامی دڵنیام و مەبەستیش دەپێکێت!»

پادشا: «تا ئێستا لەو لایەنەوە سەرکەوتووی، کە توانیوتە بموروژێنی. درەنگە قسە بکە و پێشنیازەکەت ڕوون بکەرەوە.»

وەزیر: «گەورەم خاوەن شکۆ، ئەو پلە و پایانەی گرینگ و خەتەرناکن، بەکەسانی پڕوپووچ و دووڕوو، ساختەچی و خۆهەڵکێشیان بسپێرە!»

پادشا بە بێزارییەوە وتی: «ئەم پێشنیازە سەخیفە بێ بایەخە چییە؟.. دەتەوێ دەوڵەتەکەم بڕووخێنی؟»

وەزیر بەشانازی و بڕوابەخۆبوونەوە وتی: «پێشنیازەکەم ڕووخێنەر نییە. مەبەستیشم تەنیا پاراستنی دەسەڵاتی ئێوەیە. هەر ئەوەیش دەتوانێ بەسەر ئەو مەترسییانەدا زاڵمان بکات، کە لە خەڵکی ڕەسەن دەوەشێنەوە. مرۆڤەیلی هیچ و پووچ و دووڕوو، ئەگەر لەسەر کورسیی گرینگ دانیشتن، تەنیا لەگەڵ ئەو کەسانەدا مامەڵە دەکەن، کە وەک خۆیانن. ڕێزی ئەوانەیان لەلایە، کە لە خۆیان پڕوپووچترن و لە خۆیان زێتر ملکەچ و دەستماچکەرن. لەو حاڵەدا خەڵکە ڕەسەنەکە خۆیان بە تەنیابال و چەوساوە و بێزراو دەبیننەوە. جا ئەوسا، یان تا ئەوپەڕی دنیا هەڵدێن، یان لەسەرخۆ و بێدەنگ

جەستەیان دەپووکێتەوە و وردە وردە دەمرن. یاخۆ خۆیان دەکوژن. بەهەموو بارێکدا، خاوە نشکۆی پادشام پارێزراو و سەرکەوتوو دەبێت. ئیدی هیچ مەترسییەکیش هەڕەشە لە دەسەڵاتی ناکات!»

پادشا ماوەیەکی باش بیری کردەوە، ئەمجا ڕووی دەمی لە وەزیر کرد: «پێشنازەکەت بێتام و دڵڕەقانە و تاڵە. بەڵام گونجاوە و پڕ بەپێستێتی. هەوڵ دەدەم دەستبەجێ ڕای پەڕێنم!»

وەزیر خۆشحاڵ بوو. بەڵام خۆشحاڵییەکەی چەند هەناسەیەکی خایاند. چونکە پادشا بەدەنگێکی گڕ و بە ویقارەوە، بە وەزیری ڕاگەیاند، کە لەم ساتەوەختەوە لە وەزیری خراوە. وەزیر ساکا و بە پادشای وت: «چ گوناهێکم کردووە، تا ئەم سزا قورسە ناڕەوایە بدرێم؟»

پادشا وتی: «من سزات نادەم. بگرە پێشنیازەکەی خۆت جێبەجێ دەکەم. مادام ئەم پێشنیازە دروست و زیرەکانەیەت درکاند، کە لە مەترسی دەمپارێزێت و دەسەڵاتم پایەدار دەکات، ئەمە خۆی بەڵگەیە، کە تۆ پیاوێکی پڕوپووچ نیت. کەواتە تۆ شایانی هیچ پلە و پایەیەکی گرینگ نیت!»

هەرکە وەزیر گوێی لە قسەکانی پادشا بوو. بە زەوق و کەیفێکی ڕاستینەوە، دایە قاقای پێکەنین. پادشا سەری لەم ئاکارەی سووڕما. پرسی: «سەیرە، من لە وەزیری دەرم کردووی، کەچی تۆ پێ دەکەنی.!»

وەزیر: «بۆچی لە خۆشیاندا پێ نەکەنم؟.. لە کاتێکدا پێشنیازەکەم جێبەجێ دەکەیت و هەموو مرۆڤێکی ڕەسەن دەچەوسێنیتەوە. کەواتە منیش دڵنیام دەگەڕێمەوە سەر پلە و پایەی خۆم. بەڵکو پۆستێکی تری وەهایشم پێ دەسپێری زۆر کەس ئیرەییم پێ ببەن. ئەگەر من پڕوپووچیش نەبم ئەوا ئاکارەکانی ترم وەهام لێ دەکەن شیاوی پۆستێک بم، گەلێک لە پۆستی وەزیر گرینگتر!»

پادشا بە لاپرەسەنییەوە پرسی: «ئاکارەکانی ترت کامانەن؟»

وەزیری لەسەرکار لابراو وەڵامی نەدایەوە. بگرە بە بڕوا بەخۆبوونەوە قاقای پێکەنینی لێ بەرز بووەوە. چونکە پڕوپووچ و سووک و سەلیم و غەدارەکانیش خوایەکیان هەیە بیانپارێزێت و هەرچیش بخوازن پێیان دەبەخشێت.

نداء نوح، لاپەڕە، ٣٠٦ ــ ٣٠٩.

## شووتی

مەلا نەسرەدین سێوێکی لەسەر مێزە لە تەختە چێکراوەکە دانا و بە پەنجەیەکی باریک و درێژ ئاماژەی بۆ کرد و لە قوتابییە بچکۆلەکانی پرسی: «چی دەبینن؟»

قوتابیان بە چاوی برسییەوە بۆیان ڕوانی و هاواریان کرد: «سێو»

بەڵام قوتابییەک، لە تووڕەییدا ڕووی سوور هەڵگەڕا و وتی: «نەخێر ئەوە سێو نییە، بگرە شووتییە!»

مەلا نەسرەدین لێیپرسی: «کێ پێی وتی ئەوە شووتییە و سێو نییە؟»

قوتابییەکە وتی: «باوکی وەزیرم پێی وتم!»

مەلا ساکا.. قوتابییەکانیش هاواریان لێ هەڵسا و جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد، کە سێوە و شووتی نییە. بەڵام کوڕە وەزیر هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی، کە شووتییە.

مەلا بە قوتابییەکانی وت: «پێویست بە ناکۆکی ناکات. هەمووتان ڕاست دەڵێن. ئەم میوەیە دوو ناوی هەیە. زستانان پێی دەوترێت سێو، هاوینانیش پێی دەوترێت شووتی!!»

## خۆر

مەلا بەردەوام شانازیی بەزیرەکی و دانایی خۆیەوە دەکرد. ڕۆژێکیان

هەژارێک هاتە لای، داد و بێدادی ئەوەی بوو خۆر ناکەوێتە ماڵەکەی.

مەلا پێی وت: «تەنیا خۆر لەم کارە بەرپرسە. نامەیەکی بۆ بنێرە، داوای لێ بکە با سەردانی ماڵەکەت بکات.»

پیاوە هەژارەکە وتی: «ئەوا نامەیشم بۆ نووسی. کێ هەیە بیگەیێنێتە خۆر؟»

مەلا وتی: «ئەوانە دەیگەیێنن، کە خۆر دەگاتە ماڵەکانیان!»

هەژارەکە وتی: «جا تۆ دڵنیای لەوەی نامەکەم دەگەیێننە خۆر؟»

مەلا وتی: «ئەی گوایە بۆچی نایگەیێننە خۆر؟»

پیاوە هەژارەکە وتی: «لەوانەیە لەوە بترسن، ئەگەر خۆر ماڵی ئێمەی ڕووناک کردەوە، ئیدی جارێکی تر ڕێی نەکەوێتەوە ماڵی ئەوان!»

مەلا بێدەنگ بوو. لەو ڕۆژەوە وازی لە شانازیکردن بەزیرەکی و دانایی خۆیەوە هێنا.

نداء نوح، لاپەڕە، ٣٥٠.

## پادشای ڕاوەستاو

کاتێک برسێتی و بێدادی باڵی ڕەشیان بەسەر وڵاتەکەدا کێشا، ئیدی خەڵکەکە پەتی ئۆقرەیان پسا. مەلا ئامۆژگاریی کردن داد و بێدادی خۆیان ببەنە لای پاشاکەیان. ئەوانیش چوونە دەربار و باسی باری نالەباریی خۆیانیان بۆ کرد و بە تووڕەیییەوە دەنگیان هەڵبڕی:

«هەموو برسیمانە.»

«پەتا بێ ئەمانە و نوژدار قاتییە.»

«منداڵەکانمان بێ قوتابخانەن.»

«ڕۆژنامەکانمان باسی کوێرەوەرییەکانمان ناکەن.»

«زیندانەکان زۆرن، لە پەستدا ژمارەیان زیاد دەکات.»

«دز ڕێز لێنراوە و دزی لێکراو سزا دەدرێت.»

پادشا هاتە قسە و بەدەنگێکی گڕەوە بە خەڵکەکەی وت: «خوا بەو سەراوردەوە شایەتە، من بێ ئاگا و کەمتەرخەم نیم. ماوەیەک لەمەوبەر دەنگوباسی ئەو کارەڕەهاتەی وا ڕۆژانە تووشتان دێت، گەیشتە لام. بەوەیش دڵتەنگ و نیگەران بووم و خەوم لێ زڕا. هەموو سەرگەورەیەکیش لە دەست و پێوەندەکەی خۆی بەرپرسە. ئەوا بڕیام دا، ئەو کورسییەی، کە لەسەری دانیشتووم بەجێی نەهێڵم تا نەخشەیەکی وەها دادەڕێژم دەرامەتتان چاکتر بکات. بەڵام ئەوەندە هەیە تاکو ئێستا هیچی وەهام بەخەیاڵدا نەهاتووە!»

لاوێکی زاربەگلەیی، بەتووڕەییەوە بە پادشای وت: «ئەی بۆچی ئەوەت بەخەیاڵدا نەهات کورسییەکەت چۆڵ بکەیت؟»

پادشا تووڕە بوو. شمشێری گارد و سەرباز و هاوکارانیشی تووڕە بوون. مەلا نەسرەدین هەڵی دایە و بە پەنجەیش ئاماژەی بۆ لاوە سەرکێشەکە کرد: «بیبەخشە گەورەم، لاوێکی نەفامە. نازانێت ئەوەی دەیەوێت چۆن چۆنی دەری بڕێت. فێری ئەوە نەبووە گفتوگۆ لەگەڵ پادشایاندا بکات. ئەو ویستی بڵێت: «ئەو خەڵکە لێقەوماوە، کلۆڵیی خۆیان بیر دەچێتەوە ئەگەر بێتو پادشای خۆیان ببینن لەسەر کورسییەکەی خۆی هەڵبسێت و بەپێوە ڕابوەستێت!»

پادشا هاودەردیی لەگەڵ دەست و پێوەند دەربڕی و ئارەزووەکەیانی بەجێ گەیاند. چەند هەناسەیەک بەپێوە وەستا. خەڵکەکە چاویان ڕۆشن بووەوە و بەدیتنی شاد بوون، کاتێک لەشولارە پڕەکەی و دەستە جلکەکەیان بینی، کە بە تاڵی زێڕ چنرابوو. بەو ڕەنگەی، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووخساری ئەو خەڵکە برسییە دەچوو.

نداء نوح، لاپەڕە، ٣٥١ ــ ٣٥٢.

پیر محەمەد جڵەوی ئەسپەکەی شل کرد. ئەو دەبوایە لە کاتی خۆیدا و بەر لەوەی هەموو شتێک لە بەین بچێت بگاتە دێ. ئەسپ هەڵی دایە چورناڵە، بەهەموو وزەیەکییەوە، ئاوزەنگیتەقێن بەنێو دەشتێکی بەریندا، کە لەوەدا بوو خۆری بەسەردا هەڵبێ و سەرانسەری ڕۆشن بکاتەوە غاری دەدا. کاتێک محەمەد لە گوند نزیک بووەوە، دیتی دووکەڵێکی ڕەش لە خانووەکان بەرز دەبێتەوە. بەبێزارییەوە بەخۆی وت: «هەموو شتێک لەبەین چوو!» سوار پیادە بوو. لغاوی ئەسپەکەی لە قەدی درەختێک ئاڵاند و بەڕاکردن گەیشتە گوند. ماڵەکان دەسووتان. ژنان فیزاحیان لێ بەرز بووەوە. منداڵەکانیش بەجۆرێکی وەها هەڵدەبەزینەوە، پێ دەچوو بەکەیف بن و لە هەوای خۆیاندا بن. پیاوان حەپەساوانە هاواریان دەکرد و نەیاندەزانی چی بکەن. پیاوێک هاواری لە محەمەد کرد: «خۆ چاوت تێوە بوو پیر محەمەد چ کارەساتێکمان بەسەردا هات؟»

محەمەد پێی وت: «هەرچی خوا لە چارەی نەنووسیبێ ڕوو نادات.»

پیاوێکی تر بە محەمەدی وت: «پیر سەرنج بدە. ڕەنجی هەموو تەمەنمان بەبا چوو، وەک هەر نەیشبووبێت.»

محەمەد پێی وت: «کەس دەسەڵاتی کاری خوای نییە. گرینگ ئەوەیە خۆت و خێزانەکەت سەلامەت بن.»

محەمەد سەرنجی ژنە گریاوەکانی دا. زۆر پەشیمان بوو.. ئەگەر ئەو بەر لە نوێژی بەیانی و دوای نوێژ دەم بەنزا، لە خواوەند نەپاڕایەتەوە تاکو ئاگر لە گوندەکە بەربدات بۆ ئەوەی سزای خەڵکە گەندەڵ و گەندەڵکارەکان بدات، ئەمە ڕووی نەدەدا، کە ڕووی دا. بەڵام لەم ساتەوەختەدا خەڵکی گوندەکەی وەک هەژار و جێگەی سۆز و بەزەیی هاتنە پێش چاو. خۆر لە گوند هەڵات، لە کاتێکدا خانووەکانی و مزگەوتەکەیشی دەسووتان. بەڵام ماڵی فاسقترین

ئافـرەتێک، کە ژنی پووچـترین پیـاوی گوند بوو، بێ زیـان بوو. مـحـەمـەد بە جووتێک چاوی ئەبڵەقـەوە سەیری ئاسمانی کرد. ئەمجا مێزەرەکەی داگرت. دیتی مێزەری تاین وەک بنی مەنجەڵ ڕەش داگەڕاوە.

نداء نوح، لاپەڕە، ١٢٥ ـ ١٢٦.

## خێڵەکان

داوامان لە شـەو کرد هەروا بە ئەنگوستـەچاوی بمێنێتـەوە. بەسـەر لمدا بەرەو خـێـوەتەکـانیـان کـشـاین. لەسـەر ئەوە ڕێک کـەوتبـووین تـا ئەو کـاتەی شمشێرەکانمان بەخوێنیـان ڕەنگ دەکەین فزەمان لێوە نەیەت. بەڵام یەکێکی لەخـۆبایـیـمـان پەتی پسـاند و نەعـرەتەیەکی دوور و درێژی لێ دا.. ئیـدی ژنەکانیان بەدەم لەرزی تۆقینەوە، لە خێوەتەکانیان دەرپەڕین. وەک بیانەوێت ببنە جەسـتـەیەک، کۆ بوونەوە و خۆیان پێکەوە نووساند. بەگوێـی یەکـتـردا چپـاندیان. ئەمـــجـا خـــۆیان ڕووت کـــردەوە.. ڕووتوقـــووت بەرەوڕووی شـمشێرەکانمان وەستـان و وتیان: «ئابڕووچوون لە مردن باشترە!» کاتێک خۆمـان کوتـایە دەوارەکانیانەوە، دیمان پیاوەکانیـان لە پرخـەی خـەودان. لە بەرچاومـاندا وەک مـردوو دەیانـنواند. سـەرمـان بڕین و لە ڕەشمـاڵەکـانیـان دەرهـاتـین. جلکی ئافـرەتەکـانیـانمان بەتاڵان هێنا و شـەکـەت و مـاندوو گەڕاینـەوە بۆ خێڵـەکەی خـۆمان.. خەومـان دەهات. هـەرچەند بەرگریمان کرد بێـهـوودە بـوو. خـەو، خپ ئێـمـەی بەزەویدا دا و چاومـان نوقـاند و چـووینە شیـرین خـەوەوە.. پیـاوانی خێڵـێکی تر دایان بەسـەر ڕەشمـاڵەکـانماندا و سەریان بڕین. ژنەکانیشمان نەیانتوانی ڕزگارمان کەن.

نداء نوح، لاپەڕە ٢٩.

## حەوت وەسێتەکە

قوتابییەک بە مەلا نەسرەدینی مامۆستای خۆی وت: «زۆرم لەسەر دە وەسێتەکە بیستووە بەڵام سەرم لێیان دەرناچێت و نازانم کامانەن؟»

مەلا وتی: «بۆچی دەپرسی؟»

قوتابی وتی: «ئەی تۆ هەموو کات هانم نادەی؟ ئەوە نییە هەموو کات دەڵێی شوێن زانست کەون ئەگەر لە وڵاتی چینیش بێت؟»

مەلا وتی: «لە زەمانی کۆندا ئامۆژگارییەکان دە بوون. پاشان هەندێک گۆڕانکارییان بەسەردا هات و لە تەنیا حەوت ئامۆژگاریدا کۆ کرانەوە.»

قوتابی وتی: «ئامۆژگاریی یەکەم چییە؟»

مەلا وتی: «ئەگەر ڕۆژێک ناچار کرای ببیتە پیاوکوژ یان کوژراو، دوودڵ مەبە و مەترسێ. بەزیندوویی بەنەفرەت بکرێیت و سووکایەتیت پێ بکرێ دەها باشترە تا ئەوەی بە مردوویی بتلاوێننەوە و ببیتە جێگەی بەزەیی و سۆز!»

قوتابی وتی: «ئەی دووەم ئامۆژگاری چییە؟»

مەلا وتی: «بۆ ئەوەی نەبیتە دز و گۆشتت بجوون، یان دزی لێکراو و گاڵتەی ئەوەت پێ بکەن غافڵگیر کراوی. خاوەنی هیچ شتێکی ئەوتۆ مەبە، کە شایانی دزین بێت!»

قوتابی پرسی: «ئەی ئامۆژگاریی سێیەم چییە؟»

مەلا وتی: «شەو و ڕۆژ، پایز و زستان هاوین و بەهار بێدەنگ بە. لەگەڵ کەسدا مەدوێ، لەگەڵ خۆتدا بدوێ، ئەویش بەچپە. تاوانی شێتبوون چاکترە لە تاوانی تری سەر بەفەتارەتدەر!»

قوتابی پرسی: «ئەی چوارەم ئامۆژگاری چییە؟»

مەلا وتی: «درۆ شەڕێکە لێ دەرچوونی نییە. شەڕەکان هەندێک جاران

شەڕ و بەڵای گەورەترت لە کۆڵ دەکەنەوە!»

قوتابی وتی: «ئەی ئامۆژگاریی پێنجەم؟»

مەلا وتی: «گەمژە بە، ئەگەر گەمژەیی بتوانێت لە شەوی بێ کۆتایی ڕزگارت بکات!»

قوتابی وتی: «ئەدی شەشەم ئامۆژگاری چییە؟»

مەلا وتی: «هەر کاتێک تووشی کەسێکی پڕوپووچی فشەکەر هاتیت، بە مەزن و شکۆدار بۆی بڕوانە. دڵنیابە ئەو ڕۆژە دێت دەبێتە سەرگەورەت و دەست بەسەر کاروبارتدا دەگرێت!»

قوتابی پرسی: «ئەی ئامۆژگاریی حەوتەم و دوا ئامۆژگاری چییە؟»

مەلا وتی: «زیندوو بووی یان مردوو؛ ڕەخنە لە خزمەتکاری سوڵتان مەگرە.. ئەوانە ئەگەر هاتوو ئازارت دان، لێت بێدەنگ نابن. ئەگەر خراپەت لەگەڵدا کردن، چەندیش بچووک بێت لە بیریان ناچێتەوە.. لێبووردن و بەخشین نازانن!» قوتابییەکە، بە هەر حەوت ئامۆژگارییەکە سەرسام بوو. بڕوای وابوو سوودیان هەیە. پەیمانی بەمەلا دا، کە گوێڕایەڵیان بێ. بەڵام لە پاشاندا بەناچاری لە پەیمانەکەی ژیوان بووەوە. مەلایش لەپێش گۆڕی قوتابییەکەی سوێندی خوارد، ئەو بێتو جارێکی تر سەر بەو قوتابخانەیەدا نەکاتەوە.

نداء نوح، لاپەڕە، ٣٤٣ ــ ٣٤٤.

## خۆری بێزراو

زاناکە، بە ئەنگوستی هێمای بۆ ئەو قەفەزە کرد، کە مشکێکی تێدا بەندبوو. بە قوتابییەکانی چواردەوریشی وت: «ئەم مشکە برسییە، بۆ چەند ڕۆژێک دەچێت هیچی نەخواردووە. وای لێ هاتووە ئامادەیە هەرچییەکی بدەیتێ بیخوات.»

زاناکە هەندێک ناوکە فستقی بۆ هەڵدا. مشکەکە پەلاماری فستقی دا و بە تاسوقەوە خواردی.

دوای چەند ڕۆژێک، جارێکی تر لەپێش قەفەزەکەدا وەستا و بە قوتابییەکانی وت: «ئێستا مشکەکە وەک جاری پێشوو برسییە. بەڵام ئەمڕۆ خواردنێکی جیاوازی دەدەمێ.»

زاناکە، پیسترین شتێک، کە لە سەرەنگوێلکدا پەیدا بکرێت ئەوەی دایە. مشکەکەش وەک هار خواردی. دوای چەند ڕۆژێکی تر، زاناکە دیسان قوتابییەکانی بردەوە بۆ لای قەفەزی مشکەکە. بە ویقار و شکۆوە وتی: «ئەمڕۆ تاقیکردنەوەیەکی زانستیی دەگمەن لە گۆڕێیە. سەرنجی بدەن و لە واتاکانی تێ بگەن. ئێستا مشکەکە، لە هەموو کاتێک برسیترە!»

زاناکە فستقی لە قەفەزەکەدا بۆ دانا. لە پاڵ فستقەکەدا بڕێک پەینیشی بۆ ڕۆ کرد، کە بۆگەنێکی پیسی لێوە دەهات. مشکەکە یەکسەر و بێ دوودڵی بەرەو پەینەکە چوو. بە تاسوقەوە خواردی و ئاوڕیشی لە فستقەکە نەدایەوە.

نداء نوح، لاپەڕە، ١٦٩ ــ ١٧٠.

# مەرگ بەدەم چڕینەوە

چیرۆکی: رشاد أبوشاور

گۆرانیبێژەکە مرد. گۆرانیبێژێکی لاو و شەنگ. ئەو چون ئەستێرەیەکی کشا و لە ژیانماندا درەوشایەوە. ئەو لە ئوتێلی (...)دا ماڵئاوای لێ کردین، کە ژوانگەی چینی سەرەوەیە، لە کۆنە دەوڵەمەند و تازەپیاکەوتوو و پیاوانی دەسەڵات. ئا لەو جێیەدا و لەو دەمەدا، کە میوانەیلێک بۆ مۆرکردنی گرێبەستی بازرگانی لەوێ میوان بوون، ئەو کۆچبار بوو.. هەواڵی مردنەکەیشی وەک ئاگر و پووشوو، دەماودەم بڵاو بووەوە. خۆ مەرگی گۆرانیبێژەکە مردنێکی ئاسایی نەبوو. کەی ئەو وەختی مردنی بوو؟.. ئەو هێشتا لە هەرەتی لاویدا بوو. تەنیا هەفتەیەک بەسەر بیست و پێنج ساڵەی لەدایکبوونیدا تێ پەڕیبوو. خۆ ئەو بەوەستانی دڵ کۆچی دوایی نەکرد. بگرە بەدەم گۆرانی وتنەوە سەری نایەوە!.. بەسەریدا سەپێنرا لە سەعات دەی شەوەوە تا بەیانی گۆرانی بڵێ. کاتێ برای سەرۆکی ڕێزدار پەلاماری (هیچ وشەیەک لەمە گونجاوتر پێ نازانم) بەڵێ پەلاماری هۆڵە گەورەکەیان دا، کە بە هۆڵی (هەزار و یەکشەوە) ناسراوە و بۆ شەوڕابواردن تەرخانە. ئەو لەگەڵ دەستەیەک حیمایە و هاوەڵ و هاوپیاڵەکانیدا بوو، کە هەرگیز دەستبەرداریان نابێت و ئەوانیش خەمساردی لە ڕاپەڕاندنی هیچ کام لە ئارەزووەکانیدا نانوێنن. شەو بێدارن، ئێشک دەگرن و بە خۆیان و ژنەکانیشیانەوە دەچنە ژێر باری گێرە و کێشەی سەرگەرمی و بەدمەستی و ڕابواردن، کە بە بەرچاوی ڕێزدار برای سەرۆک خۆیەوە، ڕووداوی کتوپڕ و چاوەڕواننەکراوی لێ دەکەوێتەوە.. بەشی یەکەمی کۆمیدیاکەمان بینی.

ئەگەرچی کارەساتێک بوو بۆ خۆی، بەڵام نازانم چۆنی بگێڕمەوە. پێکەنینێک بوو تا ڕادەی گریان.. ئەوانەی ڕێیان کەوتبووە ئەوێندەرێ شوکرانەبژێر بوون، بەوەی توانییان لەو شەوە ( بۆسە)یەدا، ئابڕووی خۆیان بپارێزن.. لەپێش چاوی خۆیاندا ئەو کارەساتە ڕووی دا.. ئەوان تا ئەو حەلەی ئەو گۆرانیبێژە لاوە هەرەسی هێنا و بوو بەلاشەیەکی بێ گیان؛ لەوێ مابوونەوە..

ئەو بە بەرچاوی هەموویانەوە، ژن و کچ و دەزگیرانەکانیشیان لەگەڵدا لەوێ بوون کە، ئەم کەتنەی قەوماند. لە بەختی سیام؛ منیش یەکێک بووم لە ئامادەبووان. دەڵێم توانییان ئابڕووی خۆیان لە تکاندن بپارێزن. چونکە برای سەرۆکی خۆشەویست (پاڵەوانی مێژوویی، مامۆستا، وەک رادیۆ و کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی ناوەخۆ و وتاربێژان، لە ئاهەنگ و بۆنە ڕەسمییەکاندا پەسندی دەدەن) بووە بەهۆی ئەوەی کەتنی گەورە گەورە لە ئوتێلە گەشتیارییەکانی پایەتەختەکەماندا بنێتەوە. ئەو شالاوی بۆ هەر شوێنێک برد، ئیدی دەمودەست پێک هەڵدەدا. ئەمجا دەکەوێتە چاولەوەڕاندن. چاو بەنێو ئافرەتەکاندا دەگێڕێ، کە لەگەڵ مێرد و کەسوکاریان، یاخۆ لەگەڵ دڵخوازیاندا هاتوون. دوای ئەوەی مەست دەبێت، هۆش لەدەست دەدات و لەنگەری تێک دەچێت، ئیدی کۆ ناکاتەوە لەوەی بچێتە سەر مێزی کام ژنە، یان کام کچەی سەرنجی ڕابکێشی و تەکلیفی لێ دەکات سووڕێ سەمای لەگەڵدا بکات. حیمایەکانیشی خێرا دەورپشتی دەتەنن. بەم شێوەیە ترس و تۆقین دەنێنە نێو دڵی ئەو خەڵکەوە.. هەر زوو ئامۆژگاریی (عەلا)ی هاوڕێم کرد؛ نەخەڵەتابێ خۆی بە ئوتێلە گەورەکاندا بکات، چونکە کەتنی کتوپڕ و ناجۆری زۆرم لە برای جەنابی سەرکۆمار بیستووە. بەڵام عەلا لێکدا لێکدا لێی دووبارە دەکردمەوە:

(لەم قەپیلکی دوورەپەرێزییە بچۆ دەرەوە، پیاو.. خۆ ژیان هەر تەنیا نووسین و خوێندنەوە نییە!) ئەوە عەلا بوو ئوتێلی (...)ی بۆ شەوبەسەربردن

هەڵبژارد، نەک من: (زۆر سەرسامی دەنگی ئەو گۆرانیبێژە لاوە و سەمای ئەو خاتوونە هونەرمەندە بەناوبانگەم، کە ئەمشەو لەو ئوتێلەدا، تاوێ سەما پێشکێش دەکات.)

ناقایلانە لێم پرسی:

(تۆ دەتەوێ بینەری تۆپەڵە گۆشتی لەریو و گوێدێری سترانگەلێک بم، کە نامهەژێنن و شادیم پێ نابەخشن؟)

(هەر زەمانە و هونەرمەندی خۆی هەیە براله..)

هەرچەند لە گۆتاوەڕۆ چاوەڕواننەکراو و کتوپڕەکانی ئاگەدارم کردەوە، کەچی ئەو پێ کەنی و بە تانووتەوە وتی:

(وا دەزانی هەر بەوەی لە هەندەران دەژیم ئیدی تەواو بێ ئاگام؟ نا برا.. ئێمەی بازرگان بۆنی هەموو شتێک دەکەین. خۆ بازرگانی تەنیا کڕین و فرۆشتنی کالا نییە. بازرگانی زانست و زانیاریشە سەبارەت بە بارودۆخی خەڵک و وڵات، سەبارەت بەئاسایش، هەڵسوکەوتی تاک و فەرمانگەکانی دەوڵەت.. دوای ئەوەش، خۆ ئێمە ژنەکانمان، یان... لەگەڵ خۆماندا نابەین..!)

(من لەگەڵ هاوسەرەکەمدا بەوەفام. وەک تۆ دۆنجوان نیم.. پارەداریش نیم!)

لەگەڵ عەلادا، هاوڕێی تەمەنین. لە قۆناغی سەرەتاییەوە بگرە بۆ دواناوەندی و تا بەتەواوکردنی زانکۆ دەگات، من بەشی وێژەی عەرەبی و ئەو بەشی بازرگانی، هەر هاوڕێ بووین.

عەلا کەیفی هاتێ، کاتێ کەژاوەی برای سەرۆکی دی وەک ڕەشەبا، خۆی بەهۆڵەکەدا کرد. چپاندییە گوێم: "دەرفەتێکە بۆ ناسینی. ئەگەر توانیم ئاشنایەتیی لەگەڵدا پەیدا بکەم ئەوا دەکرێ بەهۆی ئەوەوە، گرێبەستی گەورەی بازرگانیم بۆ دەربچێ.. دەزانم خواردەیەکی بەهەڵپەیە، بەلام

میوانداریی دەکەم.. چونکە لەوسەرەوە قازانجێکی زۆر دەکەم. ئەو هیچ سیفەتێکی ڕەسمیشی لە دەوڵەتدا نییە، بەڵام بڕیار بەدەستە. چی بکەم برادەر، لە وڵاتانی عەرەبدا کاروبارەکان ئاوها بەڕێوە دەچن.. خزمایەتیی سەرۆک، لە خۆیدا پلەو پایەیەکی بەرزە. دەسەڵاتێکە سنووری یاسا دەبەزێنێ. خۆ گۆڕینی ئەم بارودۆخە کاری ئێمەی بازرگان نییە. کاری ئێمە ئەوەیە قازانج بکەین."

برای سەرۆک مژووڵی خواردنەوە بوو. ئەو پێکەکەی فڕ دەکرد؛ ئەمجا پەنجەی بەسمێڵی تەڕیدا دەهێنا. چاوی دەلەوەڕاند. سەرنجی برسیی بە ڕووخساری ژناندا، کە خۆیان دابووە پاڵ مێردەکانیان و جەستەی ئەوانیان کردبووە پەناگە، دەگێڕا.. منیش بێدار بووم و بە تەواوی وریایییەوە، هەموو جووڵەیەکم خستبووە ژێر چاودێرییەوە. لە کاتێکدا عەلا جوان پێکەکەی گرتبوو، سەرنجی برای سەرۆکی دەدا و لە دەرفەتێک دەگەڕا بیقۆزێتەوە و بەخۆشیی ئەو نۆش، پێکەکەی بەرزی بکاتەوە، بەڵکو سا ئەمە خوایە تەڵەکە بیگرێ و لەم سۆنگەیەوە ڕێچکەیەک بۆ بەستنی جۆرە پێوەندی و میانەیەک بکاتەوە، ببێتە مایەی فەڕ و قازانج بۆی. دانیشتوانیش پیاو و ژن سەریان لەیەک نزیک دەخستەوە.. ژنان بەبیانووی توالێتەوە دەکشانەوە و بزردەبوون و پیاوەکانیان لە دڵەڕاوکێدا جێ دەهێشت. چیی تر شادیی سەرەتای ئاهەنگ بە ڕوویانەوە نەدەبینرا. گۆرانیبێژەکەیش بەملاو بەولادا خۆی لار دەکردەوە و دووبارەی دەکردەوە: «يا زين الرجال ؛ بعدك حالي حال»..
بەمایکەکەیش ئاماژەی بۆ برای سەرۆک دەکرد. ئەویش لەگەڵ ڕیتمی گۆرانییەکەدا بۆی دەلەنگی. دەستی چەپی بادەدا و وشەکانی گۆرانییەکەی دەوتەوە:

(بەردەوام بە. بیڵێرەوە.. سەرلەنوێ.. هەمدیسرۆ.. دەی ئازیزم.. هەر لە ئێستاوە تا بەیانی هەمان سترانم گەرەکە؟)

پێکەکەی فڕ کرد و دەنگی هەڵبڕی: (بەخۆشیی هەموو لایەک!) بەلارەلارە هەڵسا. چاوی بەمێزەکاندا گێڕا و پرسی: "کوان، ئەوە ژنان کوێوە چوون؟ لە کوێ خۆیان شاردەوە؟ من توانای شەونشینیی وەها بێتامم نییە.. مەبەست چییە لە، لەم...؟"

لە هەناسەیەکدا دارمایە سەر کورسییەکەی. لە پڕ هاواری لێ هەڵسا: (دەرگەکان داخەن. چوونە دەرەوە تەنانەت بۆ توالێتیش، بەبێ ڕەزامەندیمان قەدەغەیە، حاڵی عەرزم بوون؟!)

شەونشینی درێژەی کێشا و بێزاریش ڕوو لە زیادبوون بوو. ترسی کۆتاییەکی کارەساتبار خزایە دەروونی ئامادەبووانەوە. پیاوێکی بەتەمەن هاواری لێ هەڵسا، بەهەردوو دەستیشی پاڵەپەستۆی بۆ نێو لینگی دەهێناو دەیگوت: "من نەخۆشیی شەکرەم لەگەڵە، خۆم پێ ڕاناگیرێ، دەبێ سەعاتی جارێک میز بکەم.." برای سەرۆکی هێژایش ئەمەندەی بەس بوو. پێکەنین گرتی. پچڕپچڕ توانجی دەهاویشت:

(دەک بەنەفرەت بی، هەموو سەعاتێ هەڵدەمیزێ؟.. دیارە میزڵدانت لەگەڵ سەعاتی بیگ بندا میقات کردووە!.. ئێستا بۆمان ساغ بووەوە کە شەکری ئەم وڵاتە لە کوێدا خۆی حەشار داوە، ئەی شیرینەپیاو. ئەی ئەو کەسەی شەکرت بۆ خۆت مۆنۆپۆڵ کردووە..!)

نازانم لەبەر دڵی ئەو، یان هەر لەبەرئەوەی شتەکە خۆی جێگەی پێکەنین بوو، هاوپیاڵەکانی برای سەرۆک دایانە حیلکەحیلکی پێکەنین. هاوکات حیمایەکانیشی لیقەلیق پێکەنین، بەڵام هێشتا وەک هەمیشە پاشماوەی گرژی و مۆنی، بە ڕووخساری هەڕەشاوییانەوە دیاربوو. برای سەرۆک لە بۆشاییدا دەستی بادەدا و سترانبێژیش لە نوێ سترانەکەی پاتە دەکردەوە. برای سەرۆکی هێژا داوای لێ دەکرد شاد و کەیفخۆش بێت و هاوکات لەگەڵ بڕگەکانی گۆرانییەکەدا زیاتر مەی بنۆشێ.

پیاوە بەتەمەنەکە، خۆی پێ ڕانەگیرا. میزی بەخۆیدا کرد و پانتۆڵەکەی لە گمێزدا شڵپەی دەهات. جۆگەلەی میز بەبان مەڕمەڕی هۆڵەکەدا ڕێچکەی بەست و پیاوە بەتەمەنەکەیش لووشکەلووشک دایدایە قوڵپی گریان. سەرە ماش و برنجییەکەی نابووە نێو دەستەکانی و خۆی لەسەر مێزەکە گرمۆڵە کردبوو. برادەرەکانیشی بەورتەورتێکی ناڕوون دەیانچپاندە گوێیدا. دیاربوو دەیانویست دڵی بدەنەوە و بڕێک لە کاریگەریی ئەم کارەساتە پڕ لە شەرم و شوورەیییەی کەم بکەنەوە.. کاتێ سەرنجی سەعاتەکەمم دا، ساکام. سێی دوای نیوەشەو بوو. بە عەلام وت: (خەریکە بەیان دەدا!) عەلا بە تەڵفیسییەوە پرسی: (دەتەوێ بچی بۆ نوێژ؟)

(وادیارە وڵاتی غەریبی ئاکاری تێک داوی. ئەگەرچی گەلێ شتی فێر کردووی بەڵام زۆریشی بیر بردوویتەوە، هاوڕێم!)

گەرسۆنەکان دەفرە بەتاڵەکانیان لادەبرد و پەرداخە پیسەکانیان بەهی خاوێن دەگۆڕی، مەیان دەهێنا و بێدەنگ سەرقاڵی کاری خۆیان بوون. نێوچاوانیان گرژ، لە بوونەوەری ئامێرئاسا دەچوون. غیرەتم دایە بەرخۆم و لە یەکێکیانم پرسی:

(بەڕاست لە پای چی، بەو شێوەیە کاکی سترانبێژ ئەشکەنجە دەدا؟)

(مامۆستا گیان من دەتناسم و گەلێ بەرهەمی ئێوەم لە ڕۆژنامەی نیشتمانی ئازاددا خوێندوونەتەوە. بۆیە ئەم نهێنییەت لەلا دەدرکێنم: ئەوە یەکێ لە قەپاتمەکانی برای سەرۆک، کە لە بەردڵیدا خۆشەویستترینیانە، دڵی ئا بەم گۆرانیبێژی حازرییەدا چووە. بۆیە ئەمیش لێی چووە بە قیندا و تا وێرانی نەکات دەستی لێ هەڵناگرێ. تاکو بۆ هەموو ئەوانەی، کە بەنیاز بن توخنی قەپاتمەکانی بکەون بیکات بەپەندی پسات!!.. ئامان مامۆستا، نەکەی ئەوەی بیستت لە زاری منەوە بیگێڕیتەوە؛ دەنا سەریش و زمانیشم لە دەست دەچن!!)

(باشە ئێمە تاوانمان چییە؟)

(لە بەدبەختیمانە مامۆستا گیان!.. دەستی من و دامێنت، ئارام بە و پشووت درێژ بی، دەنا هەرچی چاوەڕوانی ناکەی ڕوو دەدا!)

بەهۆی مووسیکی بەرز و هاوار و ناڵەی گۆرانیبێژەوە، کە ڕەنگە سەری سەدەم جاری بووبێ گۆرانییەکە بڵێتەوە، گوێمان لە بانگی بەیانی نەبوو.. سەعات دای لە پێنجی بەیانی.. برای سەرۆک پیکەکەی دوور هەڵدا و وردوخاش بوو.. هاڕاندی و گوڕاندی:

(کاتی خۆی لە وڵاتی چین، ئەوانەی بەمەرگ سزا بدرانایە، دەهاتن بەدەم پێکەنینەوە دەیانکوشتن. منیش داهێنەری مەرگ بەدەم چڕینەوەم.. یەکێکیان...)

ئاماژەی بۆ سترانبێژ کرد: (ئەمشەو بەدەم چڕینەوە دەمرێ!) ئەمجا قاقا پێ کەنی و وتی:

(دەمەوێ مافم نەفەوتێ و ئەم داهێنانە نوێیە بەناوی خۆمەوە تۆمار بکرێ!.. هەروەها دەشمەوێ لە فەرهەنگی گینسدا، بۆ ژمارە پێوانەییەکان؛ ناوی هونەرمەندێک تۆمار بکەم، کە بەئامادەبوونی جەماوەرێکی زێدە بەڕێز و بەنەزاکەت، بۆ ماوەی شەش سەعات و بێوەستان گۆرانییەکی لەگەڵ موسیکدا، وتووەتەوە!)

دڵنیام تاکو نهۆ هۆڵی هەزار و یەکشەوە، شەوی وەهای بەخۆیەوە نەدیوە. ئەوانەی ئەم ئوتێلە پێنج ئەستێرەییەیان بنیات ناوە، پێشهاتی وەهایان چاوەڕوان نەکردووە. ئەوانەی، کە بیرۆکەی دروستکردنی ئەم هۆڵەیان بەخەیاڵدا هاتووە و ناویان ناوە هەزار و یەکشەوە؛ بەنیاز بوون شکۆی شەوانی عەرەب بگێڕنەوە دۆخی جارانی. ئەوان لەو خەیاڵەدا نەبوون شەوی هاوچەرخی عەرەب بەم ڕادەیەش قێزەون بێ. ئێمە نوقمی بۆدڕنی مەی بووبووین. بەو گمێزەشی لە شەرواڵی پیاوە زەندەقچووەکەوە چۆڕابوو، بەرەو

موکێتە گوڵڕەنگییەکەی، کە لەگەڵ ڕەنگی مەڕمەڕەکەدا گونجاو بوو، دەخزا. لەگەڵ بۆنی تر، کە لەو زگە هەڵئاوساوانەی، لەبەر زۆریی ئەو باووبژانەی تێیاندا پەنگیان خواردبووەوە و چیی تر توانای خۆڕاگرییان نەمابوو، کاس بووبووین. هەمووشی بەهۆی ئەو خواردن و مایە زۆرەوە بوو، کە برای سەرۆکی خۆشەویستمان فەرمانی هێنان و خواردن و نۆشکردنیانی دابوو.. سترانبێژ بەتەواوی سیس و زەرد هەڵگەڕا. وەک پەلاسی لێ هات. هەرەسی هێنا و بەجارێک تەختی زەوی بوو. لەگەڵ ئەوەیشدا بەدەنگێکی زۆر نزم، کە زیاتر لە نووزەنووز دەچوو، هەر گۆرانیی دەچڕی. بەڵام موسیکژەنەکان ئامێرئاسا دەستیان هەر لە کاردا بوو. دەیانژەند و جەستەیان لەنێو جلکەکانیاندا گرمۆڵە بووبوو، پێ دەچوو بەبەریان دەڵب بووبن.. چاویان ژێرەوژوور، لەوەدا بوو ئامێرەکانیان لەدەست بەربیێتەوە.. ئەرێ بەڕاست ئەوە ئێمە بووین مۆتەکەی ئەو شەوەمان گوزەراند؟.. قاقای برای سەرۆک کاو ناکاوێ بەرز دەبووەوە، ئەوانەی بەئاگا دەهێنایەوە، کە لەوەدا بوون چاو لێک بنێن. خێرا خێراش دەیخوڕییە سترانبێژ:

(هەڵسەوە ماڵەکەم؛ ئەی گۆیندەی لاوان.. ئەی کوڕی قۆز، ئەی خۆشەویستی...)

لەودەمەدا پێی زانی کەوا منیش لەوێ ئامادەم. چاوی تێ بڕیم، لەسەر کورسییەکەی گینگڵی دەدا و پێکەکەشی لەنێو پەنجەکانیدا دەجووڵاند:

(ها.. ڕۆژنامەنووس، داخۆ بەنیازی چی یاداشتەکەی، نووسەری دیار و ناسراو، دەبێ لەسەر ئەم شەونشینییە چاوەڕواننەکراوە، چ ڕاپۆرتێ بهۆنیتەوە؟)

بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا، ئەوەی لە ئەقڵی کەسدا نەبوو ڕووی دا، کاتێ گۆرانیبێژی لاو زۆری لە خۆی کرد و ویستی ڕاست ببێتەوە تاکو لە وتنەوەی گۆرانییەکەیدا بەردەوام بێ، وەلێ نەیتوانی؛ بەجارێک هەرەسی

هێنا و مایکرۆفۆنەکەی لەدەست پەڕی. ئیدی ژەنین لاڵ بوو. کەفەژیلەیەکی چڕ لە دەمی گۆرانیبێژەوە دەرپەڕی. خۆیشی لوولی خوارد و کەوت. عودژەنەکە ئامێرەکەی بە کورسییەکەیدا هەڵپەسارد و بەسەر گۆرانیبێژدا چەمایەوە. دەستی برد بزانێ داخۆ دەماری ئەو جەستە کفت و بێ جووڵەیەی لێ دەدا: (تەواو.. تەواو.. لێ نادا..!!)

ئەمجا برای سەرۆکی مەزن و بەدەوریدا دەست و دایەرەی هەڵسان. برای سەرۆک چووە کن لاشەی سترانبێژ و تەواو بەسەر لاشەی بێ گیانیدا نوشتایەوە. بەکەمتەرخەمییەوە سەیرێکی کرد. هەڵسایەوە و خێسەیەکیشی لە جەماوارەکە کرد:

(خۆ بەچاوی خۆتان دیتتان چەند دڵسۆز بوو. خوا لە گوناهەکانی خۆش بێ، لەبەر خاتری من ئەو گۆرانییەی ئەوەندە وت و وتەوە تا کەوت و گیانی سپارد. گەلێکم مۆچیاری کرد زۆر نەخواتەوە و ئەوەندەش شەوارە نەگرێ چونکە ئەو ناساغ بوو. بەڕاستی ئازیز و لەبەر دڵان بوو. حەیفێکم، لەدەستمان چوو. ئێمە هونەرمەندێکی لاوی بەتوانامان لەدەست چوو.)

ئەمجا خۆی گورج کردەوە و بەدەم جووڵەیەکی شانۆئامێزەوە قیڕاندی: "هەڵسنەوە کوڕینە، فاتیحایەک بۆ گیانی پاکی بخوێنن." وەک ئەوەی فرمێسکەکانی، بسڕێ پەنجەکانی بەچاوانیدا هێنا.

سەرچاوە: الموت غناء، رشاد أبوشاور، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ص،٣١ ـ ٣٨.

رشاد أبوشاور، ڕۆماننووس و ڕۆژنامەوانێکی فەلەستینییە. لە گوندی (ذكرين)ی قەزای (الخليل) ١٩٤٢/٦/١٥ لەدایک بووە. ٦ ڕۆمان و ٨ کۆمەڵە چیرۆک و٢ کتێبی منداڵان و یەک دەقی شانۆ و ٣ کتێبی هەمەجۆری بڵاوکردووەتەوە. ژمارەیەک لە کتێب و چیرۆکەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانانی دنیا، بەتایبەت زمانی ڕووسی و فارسی.. چەند جارێک خەڵاتی ڕۆژنامەوانی و چیرۆکی وەرگرتووە. (الموت غناء ـ مەرگ بەدەم چڕینەوە) دوابەرهەمێتی، کە ٢٤ کورتە چیرۆکی لەخۆ گرتووە.

## ڕاوکار و ماسیی زێڕین

"ئەفسانەیەکی ڕووسییە، کاتی خۆی پۆشکین بەشیعر دای ڕشتووە"

پێرەمێردێک لەگەڵ ژنەکەیدا، لە کەناری دەریای شین دەژیان. ئەوان هەژار بوون و لە کولبەیەکی گڵیندا ژیانیان دەگوزەراند. ئەم پیاوە ژیانی بە ڕاوەماسی بەڕێوە دەچوو، ژنەکەشی قوماشی دەچنی. ڕۆژێکیان ماسییەکی گچکەی زێڕین بە تۆڕەکەیەوە بوو. ماسی لێی پاڕایەوە، «لێم گەڕێ پیرەمێرد با بڕۆم، لە پاداشتی ئازادیدا، هەر چییەک دڵت بیخوازێت خەڵاتت دەکەم.»

ڕاوچی سەری سووڕمابوو، دەیشترسا، چونکە ئەو پێشتر نەیدیبوو ماسی قسان بکات. ماسییەکەی مەرەخەس کرد و بەسۆزەوە پێی وت: «بڕۆ خوا ئاگەدارت بێ، ماسیی زێڕین. من هیچ شتێکم لە تۆ ناوێت.»

ڕاوکار گەڕایەوە ماڵ و ئەم ڕووداوە سەیرەی، کە لە کەناری دەریادا بەسەری هاتبوو بۆ ژنەکەی گێڕایەوە. بەڵام ئەو بەتووڕەیی سەرزەنشتی کرد و وتی: «تۆ ئەوەندە بێ مێشکی داوای هیچت لێ نەکردووە! هیچ نەبێت دەبوو داوای بانیۆیەکی تەختەت لێ کردبا خۆمانی تێدا بشۆین، لە کەیەکەوە ئەوەی خۆمان شکاوە.»

پیرەمێرد گەڕایەوە بۆ کەناری دەریا. وردیلە شەپۆلەکان بە هورووژم دەڕژانە سەر لمی کەنار. لەوێوە بانگی ماسییە زێڕینەکەی کرد. ماسی بە مەلە هەڵکشایە سەر ڕووی دەریا و پرسی: «چیت دەوێت، پیرەمێرد؟»

ئەویش چەمایەوە و لە وەڵامدا وتی، ژنەکەی سەرزەنشتی کردووە، چونکە ئەو پێویستی بە بانیۆیەکی نوێ هەیە.. ماسی دڵنیای کرد و پەیمانی دایە داخوازییەکەی بهێنێتە دی.

کاتێک ڕاوکار گەڕایەوە ماڵ بانیۆیەکی نوێی لەوێ بینی. بەڵام ژنەکەی بەسەریدا شیراندی و وتی، «ئاخر تۆ ئەوەندە بێ مێشکی! بگەڕێرەوە بۆ لای ماسی! داوای خانوویەکی نوێی لێ بکە.»

ڕاوکار دیسان بۆ لای دەریا گەڕایەوە، ئاسمان و دەریا بە یەکیاندا دابوو، بانگی ماسییەکەی کرد. ئەویش بە مەلە سەرکەوتە نزیک ئەو جێیەی ڕاوکاری لێ وەستابوو. ئەم، دوای خاترخواستن وتی ژنە هەڵەشەکەی داوای خانوویەکی نوێ دەکات. ماسییەکە دڵنیای کرد و ئەرێی دا ئاواتەکەی بەدی بێنێت.

کاتێک گەڕایەوە، خانووە چکۆلەیەکی نوێ و جوانی بەدەروازەی بینی. بەڵام ژنەکەی قایمتر بەسەریدا شیراندی، «ئاخر تۆ ئەوەندە گێلی، بچۆرەوە بۆ لای ماسی! من نامەوێت ژنە لادێییەکی ئاسایی بم، دەمەوێت ببمە ژنە خانەدان!»

پیرەمێردە هەژارەکە گەڕایەوە دەریا. شەپۆلەکان بەرز هەڵدەچوون و بەگژ کەناردا دەچوون، ئاسمانیش لە جاران تاریکتر دەینواند. بانگی ماسییە زێڕینی کرد، ئەویش بەدیارکەوت و لە داخوازیی پیرەی پرسی. پیرەمێرد بە نەزاکەتەوە نوشتایەوە و ڕوونی کردەوە: «تکایە تووڕە مەبە ئەی خاوەن شکۆ، ماسیی زێڕین، ژنەکەم شێت بووە. ئەو دەیەوێت ببێتە ژنە خانەدان!» ماسییە زێڕینیش گفتی پێ دا.

وەختایێ گەڕایەوە ماڵ چی ببینێت؟ دیتی کولبەکەی بووبووە خانوویەکی گەورە. ژنەکەی چاکەتێکی فەروی گرانبەهای لە بەردایە، سەرویێچێکی خەتخەتی نایابی لەسەرە، ملوانکەیەکی مرواریی لە گەردنە و چەندین ئەنگوستیلەی زێڕیشی لە پەنجەیە. ژمارەیەکی زۆریش کارەکەر لە دەوری دەهاتن و دەچوون و بە ئارەزووی خۆی تێی دەسرەواندن. ڕاوکار وتی: «سڵاو خاتوونەکەم، هیوادارم ئێستا ئاسوودە بیت!» ژنە هەر بێزیشی

نەهات وەڵامی بداتەوە، بگرە لە بریی وەڵام فرمانی بەسەردا دا بڕوا وەلبێت و لە تەویلەی ئەسپەکان ژیان بەسەربەرێت.

دوای چەند هەفتەیەک، ژنە فرمانی بە مێردی دا تاکو لە پێشیدا ئامادە بێت. ئەمجا فەرمانی پێ دا دیسان بچێتەوە کەناری دەریا و پێی وت: «من تاکو نهۆیش لەبن فەرمانی ئەوانەدام، کە لە سەروو خۆمەوەن! دەخوازم ببمە شاژنی هەموو وڵات!»

پیرەمێرد بە ترسەوە وتی، «ئەوە تۆ شێت بووی پیرەژن؟ تۆ لە داوونەریتی شاهانە نەشارەزای، تۆ دەبیە گاڵتەجاڕی هەموو لایەک.» لەسەر ئەم قسانەی، ژنە بە تووڕەییەوە خێسەی لێ کرد و زللەیەکیشی سرەواندە ڕوومەتی و فرمانی دایە گوێڕایەڵی بێت.

پیرەمێرد دیسان گەڕایەوە کەناری دەریا، دیتی ئاو بەگژ ئاسماندا دەچێت و دەریا تاریک دەنوێنێت. گازی کردە ماسییە زێڕینەکە. کاتێک ماسی بەمەلە گەیشتە ڕۆخی دەریا، ئەم چەمییەوە و پێی وت ژنەکەی دەیەوێت ببێتە شاژنی وڵات. ماسییەکە دڵنیای کرد و داوای لێ کرد بگەڕێتەوە ماڵەوە.

کاتێک ڕاوکاری ماسی گەیشتەوە، کۆشکێکی مەزنی بینی، لەو کۆشکەدا ژنەکەی لەسەر تەختی شاهانە دانیشتبوو، میر و کەیخودایان لە خزمەتیدا بوون. چوار کەناری بە پاسەوانی تەیار گیرابوو. پیرەمێرد زەنەقی چوو، وەلێ لەگەڵ شاژندا بەقسە هات و وتی: «سڵاو خاوەن شکۆ. هێڤیدارم نهۆ شادمان بیت.» بەڵام ئەو تەنانەت ڕوویشی تێ نەکرد. بگرە پاسەوانەکان لەو ناوە دووریان خستەوە.

چەند هەفتەیەک ڕابورد، شاژن بەشوێن پیرەمێردی ڕاوکاریدا ناردەوە و دیسان فەرمانی بەسەردا دا، کە بچێتەوە بۆ کەناری دەریا.. ئەمجارەیان داوا لە ماسییە زێڕینەکە بکات، تاکو ببێتە کارەکەری و خۆشی بکاتە

قـەراڵیـچـەی زەوی و دەریـا. ڕاوکـار بـەڕادەیەک لێی ترسـا، تەنانەت نـەیوێرا نارەزاییش دەربڕی. گوێڕایەڵانە گەڕایەوە بۆ لای دەریا.

لەوێ گـەڕداوێکی تووڕە و ترسـناک لەگـەڵ برووسـکە و هـەورەناڵـەدا هەڵی کردبوو، مـەزنە شـەپۆل شـالاویان بۆ کـەنار دەهـێنا و دەشکانەوە. پیـرەمـێرد بەهەمـوو دەنگی هاواری کرد و مـاسـییـە زێـڕینەکـەش لەنێو شـەپۆلەکانەوە سەری دەرهێنا. داواکارییە نوێیەکەی ژنەکەی بۆ ڕوون کردەوە. ئەمجارەیان مـاسـیی زێڕین وەڵامی نەدایـەوە، بگرە بایدایـەوە و بە مـەلـە لەناو دەریاکـەدا بزر بـوو. دوای ئەوەی بێـــهـــوودە مـــاوەیەک لـە چاوەڕوانیـــدا مـــایەوە و هـیـچ وەلامـێکی دەسـتگیـر نەبوو، ڕێ و ڕێ گـەڕایەوە مـاڵ.. کـاتێکی بەخـۆزانی گـەڕایـەوە لای کـولبــە کـۆنـە قـوڕینـەکـەی و پیـرێـژنە هەژارەکـەی و چاڵە تەختەیەکی شکاو بۆ خۆشۆردن.

سەرچاوە:

Russian Crafts

The Fisherman and the Golden Fish

# کوردستان ئیسلامییە

نووسینی: د. فهمی الشناوی

ڕووناکبیری کورد هەردەم گلە و گازندەی ئەوەیەتی، کە هزرڤانانی ئیسلام، بەتایبەت لە جیهانی عەرەبیدا، لە ئاست مەسەلەی کورددا بێدەنگەیان لێ کردووە و گوێیان لە هەموو ئەو ناهەقییانەیش خەفاندووە کە بەردەوام دەرهەق بە نەتەوەکەمان کراوە و دەکرێ، وەک ئەوەی ئەسڵەن کورد هەر موسڵمانیش نەبێ، ئەو هزرڤانانە ئەو هەموو ڕەنج و قوربانییانەشیان بیر چووەتەوە، کە کورد لە سەروەختی سەلاحەدیندا پێشکێش بەجیهانی ئیسلامی کرد و... هتد. بەڵام جاروبار، لێرە و لەوێ، هەڵدەکەوێ پیاوی بەڕێزی وەک (د. فهمي الشناوي) بە تەواوی ڕاشکاوییەوە لەسەرمان هەڵبداتێ. ناوبراو داعییەیەکی ئیسلامیی بناڤ و دەنگ و بوێرە.

فەرموون بەری خۆتانی بدەنێ بزانن لە سەروبەندی ئەنفالی ناوزڕاو و لە هەڕەتی توغیانی بەعس و دوامای یەکەتیی سۆڤیەتدا، چ بەرگرییەک لە کورد و کوردستان دەکات؟ چۆن کورد بە سەرباشقەی گشت نەتەوە موسڵمانەکانی جیهان دەزانێ؟ نەک هەر ئەوەندە، بگرە بەدڵ و بەگیان چاوی بڕیوەتە ئەو ڕۆژەی گەلی کورد ڕابێت و جیهانی ئیسلام لە میحنەت ڕزگار بکات و هەر بۆ خۆیشی سەروەری دنیای ئیسلام بێت.. بەڵێ ئەم هزرڤانە ئیسلامییە پێی وایە، کە تەنیا کورد لە باریدا هەیە جارێکی تر دنیای ئیسلام یەک بخاتەوە و ڕابەرایەتیی یەک ملیار ئیسلامیش هەر لە خۆی دێت. هۆکارەکانیشی ڕوون دەکاتەوە.

ئەوەندە هەیە لە ڕووی جوگرافیای کوردستانەوە تووشی غەفڵەتێکی

بچووک هاتووه، کە هەموو خوێنەرێک هەستی پێ دەکات و هیچ لە گرینگیی تێزەکانی کەم ناکاتەوە. ئێوە زەینی بدەنێ، بزانن چی بە عەرەب دەڵێ! لەم کورتە پێشەکییەدا، دەمەوێ بڵێم: لەبەر زۆر هۆ، کە ئێرە جێگەی شرۆڤەکردنیان نییە و ئێستایشی لەگەڵدا بێت، ڕاگەیاندنی کورد لە زۆربەی ئەو نووسینانە بێ ئاگایە کە بەردەوام لێرە و لەوێ لەسەر دۆزی کورد دەنووسرێن. ئێوە بەوردی سەرنج لەم پرۆژەیە بدەن کە شناوی لەمەڕ دۆزی کورد پێیەتی و دەیخاتە ڕوو. گەرچی ئەم وتارە لە گۆشەنیگای هزری ئیسلامییەوە نووسراوە و ڕەنگە بەلای هەندێکیشمانەوە نامۆ بێ. بەڵێ خەڵکانێک هەن بەچاوی ڕێزەوە دەڕواننە ئێمە. بەشبەحاڵی خۆم دید و بۆچوونی لەم جۆرەم لەلای کورد خۆی، بە ئیسلامییەکانیشمانەوە بەرچاو نەکەتووە. پێم وایە دەبوو سەرکردەکانی کورد زوو ئەم پیاوە ڕێزدارەیان بناسیایە و ڕێزیشیان لێ بنایە. ئێستاش نەچووە بچێ. فەرموون ئێوە و دەقی وتارەکەی (د. فهمي الشناوي):

*

پێشتریش باسم کردووە، کە کورد حاڵی حازر هەتیوەکانی ئومەتی ئیسلامن. ئەوان مافیان بەسەرمانەوە هەیە، دەبێ ئەو مافانەیان پێ بدرێتەوە. (وأما اليتيم فلا تنهر) هیچ کەس لە هیچ جێیەک وەکو ئێستای کورد تێک نەشکاوە و نەچەوساوەتەوە. ئەوان لە هەموو جێیەک مافی هاووڵاتیبوونیان لێ زەوت دەکرێ. لە خوێندن بێبەشن. بە پلە دوو نەبێ دانامەزرێن و خزمەتگوزارییان پێشکێش ناکرێ. ئەوا وتمان ئەوانیش شان بەشانی تێکڕای هاووڵاتییان بە مافەکانیان شاد بوون، بەڵام ئێوە چۆن بە خۆتانی ڕەوادەبینن لاف و گەزاف بە مەسەلەی نەتەوایەتیی عەرەبەوە لێ بدەن، لە کاتێکدا مافی ئەوەتان لەوان زەوت کردووە تەنانەت خەونیش بە مافی نەتەوایەتیی کوردەوە ببینن؟ وەهاشی حیساب دەکەن، گوایە ئەگەر هاتوو مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد چێ بوو، ئەوا دەبێتە پیلان و مەترسی

لەسەر سێ نیشتمان!

ئەدی ئێوە چۆن ددان بەوەدا دەنێن، کە دەبێ هەر نەتەوەیەک نیشتمانی تایبەت بەخۆی هەبێت و سەڵاوات لە دیداری نیشتمانپەروەری دەدەن و دەڵێن: نیشتمانپەروەری لە ئیمانەوەیە و پاشانیش دێن لەوانی حەرام دەکەن نیشتمانی خۆیان هەبێ، واتە بێ ئیمانی بەوان ڕەوا دەبینن! باشە چۆن چاوەڕوانی ئەوەیان لێ دەکەن، کە کوردی عێراقی (بۆ نموونە)، شەڕ لە دژی کوردی ئێرانی، یان کوردی تورکیایی برای بکات و خوێنی برای خۆی بڕێژێ لە پێناوی کەسانی تردا، کە کورد نین؟.

بۆچی بەدوو تەرازوو کێشانە دەکەن؟

بۆچی ئێوە سەنگ و تەرازووی جیایان لەگەڵدا بەکار دەهێنن؟ ئاخر چۆن دەبێ بانێکە و دوو هەوایان لەگەڵدا مامەڵە بکەن، نیشتمان لەلای خۆتان پیرۆزە؛ گۆرانیی بۆ دەچڕن، سروودی پێدا هەڵدەدەن، هۆسەی بۆ دەکەن. هونەر و کەلەپووره تایبەتییەکانی زیندوو دەکەنەوە، کەچی ئەگەر کورد بیر لەم جۆرە شتانە بکەنەوە، ئێوە بە خیانەت و پیلانگێڕی بۆیان حیساب دەکەن؟ ئەوە ئێوە لە کەینێوە کوردتان بە کۆیلە کردووە، لە کاتێکدا دایکیان ئەوانی ئازاد هێناوەتە دنیاوە؟ (ومتی إستعبدتم الأكراد وقد ولدتهم أمهاتهم أحرارا ؟) ئاخۆ ئەو کاتەی سەلاحەدین باڵادەست بوو، کورد ئێوەی بە کۆیلە کرد؟

بۆچی ئەم وتەیەی عومەری کوڕی خەتابتان دێتەوە یاد کاتێ مامەڵە لە تەک مەسیحییەکانی میسردا دەکەن، کە لەسەر دینێکن غەیری دینی ئێوە، کەچی کاتێک کوردەکان، کە لەسەر دینی خۆتانن و داوای ئازادی دەکەن، ئەم وتەیەتان نایەتەوە یاد؟ یان، چۆن دەبێ کاری وەها لە نێوان تیپە جیاکانی یەک ئومەتدا، کە ئوممەتی ئیسلامە، ڕوو بدات؟ بگرە چۆن بوار دەدەن، جیاوازکاری و بە دوو تەرازوو کێشانەکردن و قەدەغەکردنی

ئازادییەکان بلکێنرێتە ئاینی ئیسلامەوە، لە کاتێکدا ئیسلام خۆی بۆ ئەوە هاتووە ئەو ناهەقییانە نەهێڵێ؟

ئەگەر ئێمە سەربەخۆیی نیشتمانیمان بۆ هەر نیشتمانێک لە میسر یان تورکیا یان شام یان عێراق یاخۆ ئێران داوا کرد، ئەوا دەبێ بواری هەمان داواکاریش بە کوردان بدەین. ئەگەر ئێمە بواری مەسەلەی نەتەوایەتیمان دا، جا عەرەبی بێ یان تورکی یاخۆ غەیری ئەوان، ئەوا دەبێ هەمان دەستوور، بوار بۆ مەسەلەی نەتەوایەتیی کوردیش برەخسێنین. خۆ ناکرێ یەکسانی بەرەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە ئەگەر لەگەڵ کورددا پیادە بکرێ، کەچی بەرەنجامی باشی لێ بکەوێتەوە ئەگەر لەگەڵ غەیری کورددا پەیڕەو کرا.

یەک لە باری مرۆڤ، وتەیەکی جوانە: (خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە – حب الوطن من الأیمان) کارێکی جوانیشە خۆشەویستیی نیشتمان لە دڵ و دەروونی گشت منداڵانی جیهاندا بڕوێنین و بیانخەینە سەر ئەم ڕێیە... کەچی منداڵی کورد لەم خۆشەویستییە بێبەش بێت و لێی قەدەغە بکرێت. سەرباری ئەمەیش لە نیشتمانی خۆیدا زمانی کوردی نازانێت. بە یەکسانی شان بەشانی غەیری کورد کار و پلە و پایەی پێ نادرێ و لە ڕووی تەندروستی و گەلێک لایەنی ترەوە مافی هاووڵاتیبوونی ڕەچاو نەکراوە.

تۆ وەهای نابینی کاتێک ئەوان، کە وشەی (بەکوردبوون– الأستکراد)یان لەسەر زمانە، بەو واتایە بەکاری دێنن، کە هاوواتایە لەگەڵ وشەی (بە کەرکردن و زەبوونکردندا ـ الأستحمار والأستضعاف).. توو ئەو خوایە پێم ناڵێی ئیتر چۆن کوردان بتوانن مومارەسەی نیشتمانپەروەرێتی بکەن، کە هەستێکی سروشتییە و وەک هەستی مرۆڤ وایە بەرانبەر بە دایکی؟ ئەی باشە چی بکەن؟ لە یەک کاتدا شەڕی سێ وڵاتیان پێ دەکرێ، کە برێتین لە

تورکیا و عێراق و ئێران؟ چ ڕەوای هەقە، لە کاتێکدا بەشێک لە وڵاتانی عەرەب بۆ خۆیان ئیعتیرافیان بە ئیسرائیل کردووە، بەشێکی تریش ناچار کراون ئیعتیرافی پێ بکەن. کەچی یەک لە باری کورد کەس ئیعتیراف بە کوردستانی نیشتمانیان ناکات.

کام نیشتمانەشیان دەگری لەوانەی ڕۆهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، لەلایەن خودی ئیمپریالیزمەوە سنووریان بۆ کێشراوە. ئەو قەوارەکانی دەستنیشان کردوون و نیشانەکانی سنووری بۆ چەقاندوون و ئەمجا لەملا و لەولاوە (پادشا)ی بۆ هێناون یان بۆ داتاشیون.. لە کاتێکدا ئەم هەمووتاوانانەی ئەنجام داوە و بەمجۆرە دەوڵەتی عوسمانیی کەرت و پەرت کردووە بۆ ئەم وردە نیشتمانۆکانە، کەچی زۆر سوور بووە لەسەر ئەوەی ڕێگە لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان بگرێ. کردووشێتی بەچوار پارچەوە، وەک چۆن کولێرەیەک بە چوار پارچەوە دەکەی تاکو چوار برسیی پێ تێر بکەی. بەشێک بۆ تورکیا. بەشێک بۆ عێراق. بەشێک بۆ باشووری ڕووسیا. ئەگەرچی وەکو تر ئیمپریالیزم هانی ئەوەی داوە دەوڵەتۆکەی تایفی دروست بکات. ئیسرائیل بۆ یەهوود و لبنان بۆ ماروون و چیایەک لەولاتر بداتە دورزییەکان، بەڵام بە هیچ شێوەیەک دەرفەتی بە کوردەکان نەداوە دەوڵەتی کوردستان چێ بکەن. بە مەرجێک ژمارەی کوردەکان (٣٠) ئەوەندەی دانیشتوانی ئیسرائیل و ماروون و درووز و ئەوانی ترش زیاترە. وەک ئەوەی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا لەسەر زوڵم و بێدادی دەرهەق بە کورد کۆک و تەبا بن.

لە دیدی ئیمپریالیزمی ڕۆئاواوە هیچ هۆیەک بۆ ئەم مەحرووومکردنە نییە، ئەگەرچی لەسەر کەرت و پەرتکردنی ناوچەکەیش یەکن. وەکو تر سەبارەت بە کورد، هیچ هۆکارێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە. بەڵام چاک دەزانێ، کە ئەو کوردانە (ئینکیشاری)ی ئیسلام و (پروسیە)ی ئیسلامن.. ئەوانە شۆڕەسوارانی ئیسلامن.

ئەگەر ئیمپریالیزم، ئەڵمانیای بۆ ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا دوو کەرت کردبێت ئەوە بۆ ئەوەی بووە، تاکو ئەڵمانیایەکی یەککگرتووی بەهێز چێ نەبێت. بەسوپایەکی تەیارەوە هێرشیان بێنێتە سەر، وەک لە جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەمدا کردی، ئەوان کوردستانیان کرد بە (چوار) پارچەوە.. بریا هەر پارچەیەکیان یەکەیەکی کوردیی سەربەخۆ بوایە، حاڵی وەک حاڵی ئەڵمانیا بووایە.. نەء وانییە.. ئەوان هاتن هەر بەشێکیان بە نیشتمانێکی ترەوە لکاند. بۆیە دابەشکردنی کوردستان لە هی ئەڵمانیا دڵڕەقانەتر بوو. ئەوان ئەم تاوانەیان لە دژی نیشتمانی کوردستان نەکرد، بگرە لە دژایەتیی خودی ئیسلامدا ئەم تاوانەیان ئەنجام دا، تاکو ڕێگە لە بەردەم یەککگرتنی توخمە شەڕوانەکەی ئیسلامدا بگرن.

کوردەکان سەرەڕمی سەرفرازیی ئیسلامن. ئەگەر هاتوو نووکە تیژەکەی ڕمەکە درزی برد و بوو بە چوار پێنج بە شەوە، ئەوا سەرفرازییەکەمان لێ تێک دەچێ. ئەوەی ئەمڕۆ ڕووس لە دژی ئەفغان و موسڵمانەکانی باشووری ڕووسیادا ئەنجامی دەدا هیچ نییە لە چاو ئەوەدا، کە بە کورد دەکرێ. بگرە لە بێدەنگییەکی ترسناکدا چەندین جار لەوان زیاتر و خراپتریان پێ دەکرێ. ئەمەشیان بۆ ئەوەیە هەتا گەورەترین پێویستیی سیاسی بۆ سەدەی داهاتوو مسۆگەر بکەن، کە برێتییە لە ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانی چینێکی ئیسلامیی شەڕوان، کە چینی کوردانە، یان دەکرێ پێیان بڵێین سەرەڕمی ئومەتی ئیسلام.

ئەوان لە ڕووسیا و لە ڕۆئاوایشدا پێشوازیی لەو موسڵمانە دووڕووانە دەکەن کە بە نهێنی و، لەنێو کۆشکەکاندا، لە تاریکیدا لەگەڵ نوێنەرانی ئیسرائیلدا کۆ دەبنەوە، ئەوانەی خاچیان لە مل کردووە. پێشوازی لەو موسڵمانە ملکەچە گوێ لەمستانە دەکەن، کە پارە و پوولەکانیان لە سندووقی کلێساکان و سندووقی چەک و هی (ڕیبا)دا حەشار دەدەن. ئەو موسڵمانە ملکەچانەی، کە تەنیا بۆ دیمەن و خۆ بە شەڕوان و موجاهید

پێشاندان چەکیان لێ دەکرن. تەنانەت ئەمەیشیان پێ ڕەوا نابینن، ئەگەرچی لە داهاتوودا دەکەوێتە دەست خاچپەرستان. یان دەکەوێتە دەست لایەنێک، کە لە خاچپەرستەکانیش گوێڕایەڵی (وەلا) زیاتر بێ بۆیان.

بەڵام کوردستان، نە پارەی هەیە و نە چەک. بگرە خاوەنی برِوایە.. لەگەڵ ئەوەیشدا لێی تۆقیون و سوورن لەسەر پێشگرتن لە چێبوونی دەوڵەتی کوردستان.. ئاخر کوردستان وەک نیشتمانێک جیاوازە لە باقیی نیشتمانەکانی تر. خەڵکی ناتوانن بیهێننە پێش چاوی خۆیان چۆن کوردستان چێ دەبێ. ئاخۆ نیشتمانە؟ یان نەتەوەیە؟ ئەگەر نیشتمان بێ، ئەوە مانای وایە بەچێبوونی کوردستان چوار دەوڵەت دەبەزێ. کە تورکیا و ئێران و عێراق و ڕووسیایە، ئەمجا لەسەر کەلاوەکانی ئەمان نیشتمانی کورد پێک دێ. ئەدی نەتەوەیە؟ ئەگەر نەتەوەیش بێ، ئاخۆ لە نەتەوەی عەرەب بەهێزترە؟ بەڵام ئێمە ئاگەدارین، کە پڕۆژەی نەتەوایەتیی عەرەب لە سەردەمی حوسێنی کوڕی عەلییەوە هەتا جەمال عەبدولناسر هەرەسی هێناوە. بۆیە وا پێویست دەکات نەتەوەی کورد، بۆ ئەوەی دەرکەوێت و چێ ببێت زۆر لە نەتەوەی عەرەب بەهێزتر بێ.

کوردەکانیش ڕۆژێ لە ڕۆژان بیریان لە نیشتمانێک نەکردووەتەوە بەو واتایەی ئێمە تێی دەگەین، هەروەکو بیریان لە نەتەوەیەکیش نەکردووەتەوە بەو واتایەی ئێمە تێی دەگەین. ئەوەی کوردان دەستبەرداری نابن ئەوەیە: داوا دەکەن براکان یەک بگرنەوە. ئەو کوردانەی کە لە تورکیادان لەگەڵ ئەوانەیاندا کە لە عێراق و ئێران و ڕووسیادا دەژین بەپێی ئەو مافەی براکان لە هەر جێیەکی ئەم جیهانەدا هەیانە، یەکبگرنەوە. بەپێی ئەو مافەی ئەندامانی هەر خێزانێک لە سەرانسەری دنیادا کۆ دەکاتەوە. بەڵام ئەوەتا ئەوان بە زۆر، بە شێوەیەکی نامرۆڤانە، بگرە دڕندانەیش داگیر کراون و لە نێوان چوار نیشتماندا دابەش کراون و لێیان قەدەغە کراوە یەک بگرن. وەک ئەوەی لە خواری خواری کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا بن یان تلّپەی مرۆڤ بن.

## واتای چێبوونی کوردستان

چێبوونی دەوڵەتی کوردستان تەنیا یەک واتای هەیە. کوردستان لە ڕێگەی یەکەتییەکی گشتگری دەوڵەتانی ڕۆئاوای ئاسیاوە نەبێ چێ نابێ. یەکەتییەکی ئیسلامی، کە سنووری نێوان ئێران و عێراق و تورکیا و تورکستان (باشووری ڕووسیا) بسڕێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەیشە، کە ناهێڵن کوردستان چێ ببێ. ڕۆئاوا ناهێڵێ. ڕووسیا ناهێڵێ. پادشاکان و بەکرێگیراوەکانی ڕۆئاوا لە ئاسیادا ناهێڵن. چونکە بە ڕێگرتن لە دروستبوونی، ئەوا پێش لە چێ بوونی دەوڵەتێکی یەکگرتوو، یان خیلافەتێکی ئیسلامی دەگرن.

وەک تێبینی دەکرێ لەم سەدەیەدا ئیسلام لە هەموو ئاسیادا بەتەواوی بووەتە ئامانجی دوژمنان. تورکیا بەرەو ئەو جەهلانیيەتە چووە، کە پێی دەڵێن عەلمانییەت. عێراق بووەتە بەعسی و جڵەوی داوەتە دەست میشێل عەفلەق و تاریق حەننا عەزیز. ئەمانە لە نوێ نامەی خاچپەرستییان هەڵگرتووە. فەلەستین، لە ڕۆئاوای ئاسیادا بووەتە نیشتمانی یەهوود.

هەر لە ڕۆئاوای ئاسیادا، ماروونییەکانیش بۆ چێکردنی نیشتمانێکی تایبەت بە خۆیان هان دەدرێن. پاکستانیان تێک شکاند و کردیان بە پاکستانی ڕۆهەڵات "بەنگلادیش" و پاکستانی ڕۆئاوا. دەستیان بە پشتی هیندستاندا دا، تا دووجاران لەگەڵی بەشەڕ بێ و وایان کرد لە پێشبڕکێی ئەتۆمیدا پێشی بکەوێت. سەبارەت بە ئێرانیش هەوڵ دەدەن بزاڤی ئیسلامیی تێدا بخنکێنن و هەموو جیهانی سوننەی لێ ڕاست بکەنەوە بەو بیانووەی، کە شیعەمەزەبە، یان گوایە ئەوان مەجووسن، یان ئەوان خومەینییەت پەیرەو دەکەن نەک ئیسلام.

تورکستانی ڕۆهەڵاتیشیان کردووە بە پارچەیەک لە ڕووسیا و هەموو ئاکارێکی ئیسلامەتییان لێ داماڵیوە. ئا بەم شێوەیە لە ئاسیادا ئیسلام

سەردەبڕن. ئیدی چۆن چاوەڕوان دەکەی کوردستان چێ ببێ، لە کاتێکدا دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان لە خۆیدا شۆڕشێکی ئیسلامیی گشتگری ئەوتۆ دەخوازێ، بتوانێ عێراق و تورکیا و باشووری ڕووسیا بە جارێ ڕابماڵێ. یان واتای دروستبوونی کوردستان یەکەتییەکی گشتگری پێشوەختە دەگەیێنێت، هەموو ئەم وڵاتانە بگرێتەوە. یان واتای دروستبوون، هاتنەوە مەیدانی هەموو ڕەگەزە شەڕوان و خۆڕاگر و پشوودرێژەکانی ئیسلامە، کە ئەمەی ئێستا هەیە شتێکی زۆر کەمە لە چاویدا. لەلاتان شاراوە نییە، کە سەلاحەدینی ئەیووبی کورد بوو. ئەوە کوردەکان بوون، کە شمشێری خاچپەرستەکانیان شکاند. لە سەردەمێکدا، کە عەرەب ملیان کەچ کرد و لە ئاستیاندا نوشتانەوە، بگرە بەشێکی زۆریان کلکیان لەگەڵ میرانی خاچپەرستەکاندا گرێ دا و پەیمانیان لەگەڵیاندا بەست.. هەر بۆیە خاچپەرستەکانی ئەمڕۆ تۆڵە لە نەوەکانی سەلاحەدین دەکەنەوە.

## کوردستان و شۆڕشی ئیسلامی

شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران گشت هەقیقەتەکان دەزانێ، هەموو سەرکردەکانیشی بڕوایان پێیەتی، یان بڕوایان بە زۆربەیەتی. چونکە بڕوایان بە یەکەتیی ئوممەتی ئیسلام لە هەر پێنج کیشوەرەکەدا و بەهەموو نیشتمان و نەتەوە و ڕەگەزەکانیەوە هەیە. چونکە ستراتیجییەتی ئیسلام وەهایە. ئیسلام بەبێ بوونی دەوڵەتێک پێک نایەت. دەوڵەتیش بەبێ هەبوونی ئوممەتێک پێک نایەت. ئوممەتیش پێک نایەت هەتا هەموو سنوورە نیشتیمانی و نەتەوەیی و ڕەگەزی و جوگرافیاییەکان تێ نەپەڕێنێ.

## ئیسلام ڕێوڕەسمە و یاسایە و شەرعییەت

هەرچی ڕێوڕەسمەکانە ئەوا بڕێتین لە فەریزەتەکان و... شەریعەتیش لەسەر ڕێوڕەسم نەبێ بنیات نانرێ و دوای ڕاپەڕاندنیان دێ و لەنێو قەومێکدا

بەڕێوە دەچی، کە ڕێورەسمەکان جێبەجێ بکەن. تاکو ئەگەر شەریعەت پیادە کرا ئەوا فرمانی خوا لەنێو خەڵک و لەمەڕ مەسەلەکان بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدات. دوای ئەمەیش یاسای فەرمانڕەوا، ئیمام، خەلیفە، ئەمیرول موئمینین یاخۆ هەرچی ناوێکی لێ دەنێن، دێت.. ئەوە، کە دەبێتە نوێنەری پێغەمبەری خوا (د.) بۆ خەڵک و بۆ هەموو وڵات و هەموو نەتەوەیەک. ئیمام، فەرمانڕەوا، یان حکوومەت نوێنەری یاسا و شەرعییەتن. ئەوانیش ئیمام و فەرمانڕەوا و حکوومەتیان بۆ کورد ناوێ.

چێکردنی حکوومەتێک بۆ تەواوی کوردان هەنگاوێکی پێشکەوتووە، وەختێک ڕوو دەدات، کە ئیسلام لە تورکیا و عێراق و سووریا و باشووری ڕووسیادا سەرکەوتنی بەدەست هێنابێ. ئەو چرکەساتە ڕوو دەدات، کە لەو وڵاتانەدا ئیسلام لە دیلی ڕزگاری بووبێ. ئیدی ئەو پێشهاتە دەبێتە هەنگاوێکی مەزن بۆ پەڕینەوەی ئیسلام بە ئاسیادا بەرەو هەموو جیهان. چێبوونی کوردستان هاتنەدیی خەونی هەموو موسڵمانانە. کۆتایییەکی شادیهێنە بۆ ئەو چاوەڕوانییە دوور و درێژەی لە پێناوی چرکەساتی ڕزگاریدا کێشایان. لە ئێستادا، کە مەسەلەی کوردمان پشتگوێ خستووە ئەوە لە ڕووی نەفامینمانەوەیە، لە ئاست ئەم واتایانەدا. لە ڕووی دواکەوتنمانەوەیە لە سەرفرازی. پەککەوتەیی تێکڕای ئوممەتی ئیسلام دەگەیێنێ لە خۆڕزگارکردن، لە پاشکۆیەتی و ملکەچی و زیللەت.

تەنیا دوو شێواز هەن بۆ چێکردنی کوردستان. هەردووکیشیان بە ئیسلامەوە بەندن. چونکە گومانی تێدا نییە هەر دەبێ کوردستان نووکە ڕمی ئیسلام بێت. بەڵێ نووکی ئەو خەنجەرەیە، کە توانای بڕین و پێشڕەوی و غەزووی تێدایە. بەهرەکانی ئەم گەلە و چارەنووس وەهای هێناوە کە شمشێری ئیسلام بێت. چونکە کورد تەنیا نەتەوەن لە نێوان گەلانی موسڵماندا، کە کەمایەتیی غەیرە موسڵمانیان لەنێودا نییە. سەرلەبەریان موسڵمانن. لەو ڕۆژەوە بوون بە ئیسلام تا ئەمڕۆ هەر هەموویان شەڕوانن.

ڕێگەی یەکەم بۆ چێکردنی کوردستان ئەوەیە، کە خیلافەتێکی ئیسلامی دابمەزرێ هەموو موسڵمانان یەک بخات. بەم پێیە کورد لەنێو ئەم کیانەدا دەبێتە ولایەتێکی یەکگرتوو.

ڕێگەی دووەم ئەوەیە، کە یەکەم جار دەوڵەتی کوردستان پێک بێت، وەک نیشتمانێک هەموو کوردان کۆ بکاتەوە، ئیدی دوای ئەوە، ئەوان خۆیان دەتوانن هەموو موسڵمانان ناچار بەیەکگرتن بکەن. بەم پێیە دەوڵەتی کوردستان، جا ڕاستەوخۆ بێ یان ناڕاستەوخۆ دروست ببێ. لە هەردوو حاڵەکەدا، کوردستان، دەتوانێ یەکەتیی ئیسلام بەسەر ئوممەتی موسڵماندا بسەپێنێ. لە ڕوانگەی ئەم هەقیقەتە ڕوون و ئاشکرایەوە، بووەتە کارێکی سروشتی، ئەگەر هەر سیاسەتوانێک بڕوای بەیەکگرتنی ئیسلام نەبێ ئەوا تەرکیز دەکاتە سەر داپڵۆسین و قڕکردنی کورد. لەخۆوە بێ، یان بەبێ هۆشیاری، ئەم کارە دەکەن. ئەمە وەک هەستێکی خۆڕسکە لە کن هەموو ئەو حاکمە عەلمانییانەی کە دژ بە یەکەتیی ئیسلامن.

لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی تورکیای عەلمانییەوە، ئەتاتورک وەهای کرد. سەدامیش لە یەکەمین سەعاتەکانی دەستبەکاربوونیەوە هەر وەهای کرد. شێوازی کوردقڕان لە هەردوو نموونەکەیشدا، کۆمەڵکوژ و گشتگر و، بە شێوەی جینۆساید بەڕێوە چوو.. بەکورتی، کێشەی یەکگرتنی گەلی کورد کێشەی هەموو سیاسەتوانێکە ئەگەر یەکگرتنی ئیسلامی بەهەند گرتبێ. هەروەها ئەمە کێشەیەکە بەپێکهاتنی ئوممەتی ئیسلام و یەک خیلافەتییەوە بەندە. هەردوولایان تەواو پێوەندییان بەیەکەوە هەیە.

چارەسەری ئیسلامییانە بۆ پرسی کورد بریتییە لە کارکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی ئیسلام. هەروەک لە چارەنووسی کوردانیش نووسراوە، کە بە خوێن و ڕۆح و شمشێر، ئیسلام بپارێزن و لە پێشەنگی ئەوانەدا بن، کە لە نوێ دەوڵەتی خیلافەت بنیات دەنێنەوە.. کوردان ناتوانن

بێجگە لەوەی، لە ڕێگەی خـوادا نووکـە حەربـە بن، هـیـچی تر ببن.. داخـۆ لەم دۆخە تێ دەگەن؟

سـەرچاوە: المختـار الإسـلامي، العـدد (٩٦) السنة الحـادية عـشـرة، ١٤١١ هجـرية ـ يناير١٩٩٠ميلادية، ص: ٣٢ ـ ٣٨.

# سێ خەون

نووسینی: ئەنتۆنیۆ تابوکی

لە سای دارچوالەی ژنەکەتا، وەختایێ مانگی ئۆگۆست، لەودیو خانووەکەتەوە هەڵدێ، ئەگەر خواوەندەکان زەردەخەنە گرتنی، هەنگینێ دەتوانی خەونی کەسێکی تر ببینیت. (گۆرانییەکی چینیی کۆنە)

***

زۆرجاران ئارەزوو دەکەم، خەونی ئەو هونەرمەندانە بزانم کە خۆشم ویستوون. لە بەدئیقباڵیدا، ئەوانەی وا لەم کتێبەدا باسیان دەکەم، ڕێڕەوی شەوانەی ڕۆحی خۆیان بۆ جێ نەهێشتووین. ئەم بۆشاییەیش زۆرمان فریو دەدات پەنا بۆ ئەدەب ببەین. لەوێوە پڕی بکەینەوە و قەرەبووی ئەوە بکەینەوە، کە فەوتاوە. لەگەڵ ئەوەیشدا من لەوە بەئاگام، کە ئەم سەربووردە برێتییانە، زادەی خەیاڵی پیاوێکن مەیلی ها بەلای خەونە نادیارەکانەوە، لەگریمانەی کلۆڵ بەولاوە هیچی تر نین. وەهمی کاڵەوەبوون، بنیاتنانەوەی دوور لە شیمانەی ڕوودانن. دەبێ بەم شێوەیە بخوێنرێنەوە. بەڵام ڕۆحی کارەکتەرەکانم، کە ئێستا لەبەری ئەوبەرەوە خەون دەبینن، خەون بەنەمریی خۆیانەوە دەبینن.

(ئەنتۆنیۆ تابوکی)

## ١

## خەونی (ئەرتوور ڕامبۆ)ی، شاعیر و سەرگەردان

شارلڤیل ١٨٤٥، مارسیلیا ١٨٩١، لە خێزانێکدا هاتە دنیاوە، سروشتی خۆسەپێن، وشک و ئاینیی پاشڤەڕۆی هەبوو. لە تەمەنی شازدە ساڵیدا لە ماڵ هەڵات بەرەو پاریس، تاکو بداتە پاڵ ڕاپەڕینی کۆمۆنەی پاریس. لەوێ ژیانێکی شلەژاوی پڕ لە سەرگەردانی و سەرەڕۆیی دەست پێ کرد. ئەو وەک نەیزەکێک بە دیمەنی شیعری فرانسیدا ڕەت بوو، چەندین قەسیدەی لەدوای خۆی جێ هێشت، کە مۆرکی جۆرە لیریکێکی نامۆیان پێوە دیارە. (پۆڵ ڤەرلین)ی شاعیری خۆشەیست، کە لە شەڕێکدا فیشەکێکی دەمانچەی پێوەنا. برسێتیی نۆشی و قەرەوێڵەی تیمارخانەکانی تاقی کردەوە. دوای ئەوەی وازی لە شیعر هێنا، وێڵی ئەوروپا بوو.. لەگەل تیمێکی سیرکدا بە ئەورووپادا گەڕا. لە حەبەشە، بوو بە قاچاخچی. لە سۆنگەی تووشبوونیەوە بە تیراوێ لە ئەژنۆیەکیدا، بۆ فرەنسا گەڕایەوە، کە لەوێ دەبوو بە ناچاری بیبڕنەوە. بەو هۆیەوە لە خەستەخانەی مارسیلیا مرد.

*

لە شەوی ٢٣ی حوزەیرانی ١٨٩١دا، لە تیمارخانەی مارسیلیا، شاعیری سەرگەردان، ئەرتوور ڕامبۆ خەونێکی دیت. لەو خەونەدا بە هاوکاریی دارشەقێک لە (ئەردین) دەپەڕییەوە. لاقە بڕاوەکەیشی لە بنباڵیدا هەڵگرتبوو. دەڕۆیشت، لاقە بڕاوەکەی لە کاغەزی ڕۆژنامەوە ئالاندبوو، کە بەخەتی درشت یەکێک لە شیعرەکانی خۆی تێدا بڵاو کرابووەوە.

شەویش تازە دوولایی بووبوو. مانگ پڕ و کێڵگەکان ڕەنگی زیویان گرتبوو. ئارتووریش گۆرانیی دەچڕی. گەیشتە دەروازەی ماڵە جووتیارێک، کە یەکێک لە پەنجەرەکانی ڕۆشن بوو. لە کێڵگەکەدا، لەبن مەزنە دارچوالەیەکدا پاڵ کەوت و لەسەر گۆرانی چڕین بەردەوام بوو. ئەو

گـۆرانییـەکی شـۆڕشگێڕیی دەچڕی، بـاسی لە تفـەنگێک و لە ژنێک دەکـرد. دوای کـەمـێک دەروازەکـە والاّ بوو، ژنێکـی لێ بەدیارکـەوت و بەرەو لای ئەم هات. ژنێکی گــەنجی پـرچ درێژ بـوو. ئەگــەر ئـارەزووت لە تـفــەنگە وەک لە گۆرانییەکەدا باسی دەکەیت، ئەوا من دەتوانم بتدەمێ. ژنەکە وەهای وت. لە ئەمباری دانەوێڵەکەدا دانەیەکم هەیە.

ڕامبـۆ لاقە بڕاوەکـەی خـۆی گوشی و دەسـتی بەپێکەنین کـرد. دەچمـە پاڵ کۆمۆنەی پاریس، بۆیە پێویستم بەتفەنگێک دەبێت.

ژنەکە بۆ لای گەنجینەی دەغڵودانەکە پێشی کـەوت، کە تەلارێکی دوو نهۆم بوو. نهۆمە زەوینییەکەی چەند پەزێکی تێدا بوو، لە نهۆمی سەرەوەیشدا، کە بە پەیژەیەک بـۆی سـەردەکـەوت، گـەنجـینەی دانەوێڵـە هەبـوو.. من ناتوانم بۆ ئەوێ سـەربکەوم. ڕامبـۆ وای وت. لێرە لـەنێو مـەڕەکاندا چاوەڕوانت دەکـەم.. لەسـەر کـایەکە پاڵ کـەوت و شـەرواڵەکـەی داکەند، کـاتێک ژنەکـە هـاتە خـوار، دیتی ئامادەیە لەگەڵیدا بنوێت. ئەگەر ئارەزووت لە ژنێکە، وەک گۆرانییەکەت باسی دەکات، ژنەکـە وتی، من دەتوانم ژنێکی وەهـات بدەمـێ. ڕامبـۆ دەسـتی کـردە ملی و لێی پرسی: ئەو ژنە نـاوی چییـە؟ نـاوی ئوریلیایـە، چونکە ژنێکە لەنێو خەونەوە هەڵقووڵاوە. ئەمجا خۆی ڕووتوقووت کردەوە.

لەنێـوان مـەڕەکاندا تـێک ئالاّن. ڕامـبـۆ، لاقـە بڕاوەکـەی لە نزیک خـۆیەوە گرتبوو. کـاتێک ئەوان لەیەک بوونەوە. ژنەکە وتی ڕاوەستە. ڕامبـۆ وتی ئـاخر ناتـوانم، دەبێ بڕۆم. لـەگـەڵم وەرە دەرەوە. با پێکەوە دیمەنـی بەیان ببـینین کـاتێک گزینگ دەدا. وەختـایێ پێکەوە چوونە حـەوشـەکـەوە، ڕۆژی ڕووناک بوو. تۆ گـوێت لەو هـاوار هـاوارە نییـە، ڕامـبـۆ وەهـای گـوت، بەڵام من گـوێم لێیانـە، لە پاریسـەوە دێت و بانگم دەکەن، ئەوە ئازادییـە، ئەوە بـانگەوازێکی دوورە.

ژنەکـە هێشـتا لـەژێر دار یوسـفییـەکـەدا ڕووتوقـووت بوو. لاقی خـۆمت لەلا

جێ دێڵم. ڕامبۆ وتی، ئاگەداری بە.

ئەوجا بەرەو ڕاستە ڕێگەکە چوو. چەند جێی سەرسووڕمانە، ئەو چیی تر نالەنگێ، وەک ئەوەی جووتێک لاقی هەبێت، ڕێگە دەبڕێت. ڕێگەکە لەژێر پێیەکانیدا تەقوهووڕی بوو. سپێدە لە ئاسۆدا ڕوون بوو. ئەویش گۆرانیی دەچڕی و دڵشاد بوو.

ل/ ٨٩- ٩٣

٢

خەونی ڤلادمێر مایاکۆڤسکی، شاعیری شۆڕشڤان

١٨٩٣، لە یەکێک لە گوندەکانی جۆرجیا، لەدایک بوو. شێوەکاری، تەلارسازی و پەیکەرسازیی خوێند، بەهەرزەکاری چووە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی نهێنییەوە و سەرمای زیندانەکانی نۆشی. دوای ئەوەی بیری نوێخوازی کاری تێ کرد، بوو بە پێشەنگی ئایندەخوازەکان و بە دەستێک بەرگی پرتەقاڵییەوە، بەقەتار گەشتێکی بەنێو ڕووسیادا کرد. بەخوێنگەرمییەوە تێکەڵ بەشۆڕشی بەلشەفیک بوو. بەرپرسیارەتیی گرینگی لە ڕێکخراوە هونەرییە شۆڕشگێڕییەکاندا پێ سپێردرا. ڕێکخەر و بانگەشەکار بوو، وێنەکێشی پۆستەر و دانەری شیعری تووڕە و داستانی بوو. لە ١٩٢٥دا، کورتە قەسیدەیەکی خەمناکی بەسەر لینیندا هەڵدا.. بەڵام یەک لە باری هونەرمەندە پێشەنگەکان، دۆخەکان لە وڵاتدا ڕووەو تەنگژە ملی دەنا.. دوای نائومێدی و نۆبەتی تۆقین، دووچاری ڕاڕاییەک هات، لێی نەدەبووەوە. ئەو ڕۆژانە زۆرجاران دەستی دەشۆری. کاتێک لە ماڵ دەردەچوو سابوونێک لە گیرفانیدا بوو. ئەو خۆی کوشت، بەپێی گێڕانەوە فەرمییەکە بە گوللەی دەمانچە، ساڵی ١٩٣٠.

*

لە سێی نیساندا، دوا مانگی ژیانی، ڤلادمێر مایاکۆڤسکیی شاعیر و شۆڕشگێڕ، هەمان ئەو خەونەی بینی، کە ساڵێک بوو لێ ڕاهاتبوو، شەوانە دەیدیت.

دیتی لە میترۆی مۆسکۆیە، لە قەتارێکدایە بەوپەڕی خێرایی داژوێ. ئەو بەخێرایی سەرسام بوو. چونکە ئارەزووی لە داهاتوو و ئامێرەکان بوو. بەڵام ئێستا هەست دەکات ئارەزوویەکی تۆقێنەر بۆ دابەزین بەسەریدا زاڵە. بەبێزاریشەوە شتێکی هەڵگێڕ و داگێڕ دەکرد، کە لە گرفانیدا پاراستبووی. بۆ ئەوەی دڵپەرتییەکەی خۆی بخواتەوە، بەجوانی دانیشت، کورسییەکی لە نزیک ژنێکی کورتەباڵاوە هەڵبژارد، کە ڕەشی پۆشیبوو. توربەیەک ئازووقەی بەدەستەوە بوو. کاتێک مایاکۆڤسکی لە تەنیشتییەوە دانیشت، پیرەژنە کورتەباڵاکە بەترس و تۆقینێکەوە ڕاپەڕی. ئاخۆ ئەدگارم بەو ڕادەیەش بێزەوەرە؟ مایاکۆڤسکی لە ناخی خۆیدا وەهای وت. ئەمجا بۆ پیرەژنە کورتەباڵاکە زەردەخەنە گرتی. وتی: مەترسێ، من تەنیا پەڵە هەورێکم. نیازی هیچ شتێکم نییە ئەوەندە نەبێت دەمەوێت لەم قەتارە دابەزم.

دواجار قەتارەکە لە وێستگەیەک وەستا، ئەو بێ ئەوەی بەخۆی زانیبێت دابەزی. خۆی بەیەکەم ئاودەستدا کرد، کە لەپێشییەوە بوو. ئەو شتەی دەرهێنا، کە لە گیرفانیدا پاراستبووی. ئەویش بنیسکە سابوونێکی زەرد بوو، لەو جۆرەی جلکشۆرەکان بەکاری دەهێنن. بەلۆعەکەی کردەوە و بە بایەخپێدانەوە دەستەکانی دەشۆری. بەڵام ئەو چڵکەی بە نێولەپەکانیەوە بۆنی دەهات نەدەڕۆیی. ئەوە بوو دووبارە سابوونەکەی خستەوە گیرفانی و بەرەو ڕاڕەوەکە ملی نا. وێستگەکە چۆڵ بوو. لە قووڵاییدا، لەژێر مەزنە پۆستەرێکدا، سێ پیاو بۆ دیتنی هاتن، کاتێک ئەویان بینی. ئەوان پاڵتۆی ڕەشی موشەمما و شەپقەی لبادیان پۆشیبوو. پۆلیسی سیاسی بوون، هەرسێکیان بەیەک تۆن وتیان، پشکنینی خۆپارێزی، مایاکۆڤسکی دەستەکانی هەڵبڕی و لێ گەڕا بیپشکنن.

تۆ بڵـێی ئا ئەمـە چی بێت؟ یـەکێکیـان بەبێـزارییـەوە وای پرسـی، کـاتێک بنیسکە سابوونەکەی بەدەستییەوە گرتبوو.

نازانم، مایاکۆڤسکی بە لەخۆڕازیبوونەوە وتی، من هیچ لەسـەر ئەم شتانە نازانم، من بەدەر لە هـەورێک هیچی تر نیم.

ئەوەیان کـە لێـپێـچـینەوەی لە تەکدا دەکـرد بە مـەکرەوە چپـاندی: ئەمـە سابوونە، بێگومان تۆ زۆر دەستـەکانت دەشۆرێت، ئەوەتا هێشتـا سـابوونەکە تەڕە. مـایاکۆڤسکی هیچی نـەوت، هەنیە بە ئارەقە تەڕبووەکەی سـڕی. وەرە لەگـەڵمـان. یـەکـێکیـان وای وت و باڵـی گـرت، لـە کـاتێکدا دووانەکـەی تر شوێنیان کەوتبوون.

بە پلیکانەکـاندا سـەرکەوتن، تا گـەیشـتنە وێسـتگەیەکی فـراوان، کـە لە هـەوای کراوەدا بوو، لەژێریەوە دادگەیەک هەبوو، دەستـەیەک دادوەر بە جلکی سـەربازییـەوە، لەگـەڵ ژمـارەیە منداڵ، کە بـە پۆشـاکی بەریاندا وەک بێبـاوک دەردەکەوتن.

سێ کـەسـەکە بەرەو قـەفەزی تۆمـەتبـاری برديان و سـابوونەکەشـیـان دایە دەست یەکێک لە دادوەرەکان. دادوەر دەستی دایە بڵندگۆ و وتـی: دەزگەکانی ئاســایش تاوانبـارێکیـان بە تـاوانەکـەوە گـرتووە، ئەوەتا ئـامـرازی کـردەوە گومان لێکراوەکە لە تەنکەی باخەڵیدا بووە.

منداڵـە هـەتیـــوکـــەوتـووە ئامـــادەبووەکـــان، بـەئاوازێکی تەوســـاویـی دەســتــەجـــەمـــعی هـاواریان کـرد. دوو پاســەوان هـاتـن، جلکیــان لـەبەر مـایاکـۆڤـسکی داکـەند، بەرگـێکی فـشـوفـۆڵی زەردیان لـەبەر کـرد و بەرەو قـەتارەکـە دایانە پێش، کـە چڕە دووکـەڵی لێـوە بڵند دەبوو، کـە شـوفـێـرێکی نیــوەڕووت دەیهــاژوو، ڕواڵـەتێکی دڵڕەقــانەی پـێـوە دیاربـوو. لەو قــەتارەدا، مـیـرغـەزەبێک کـڵاوێکی تایبـەت بە مـیـرغەزەبانـی لەسـەر نـابوو، قـامـچـییـەکی بەدەستەوە بوو.

ئێستاش، با بزانین تۆ چ کارێکت لەدەست دێت، میرغەزەبەکە وەهای وت، قەتارەکەیش بەخێرایی ڕێگەی دەبڕی.

مایاکۆڤسکی سەیری دەرەوەی کرد، زانی ئەوان بە ڕووسیای مەزندا تێ دەپەڕن. دێهات و پادەشتی بەرفراوان، کە لەوێدا ژنان و پیاوان بەدەستبەستراوی لەسەر زەوی دانیشتبوون.

ئەو میللەتە چاوەڕوانی شیعرەکانی تۆن، میرغەزەبەکە وای وت، دەی شیعر بخوێنە ئەی شاعیر. ئەوجا بە قامچی تێی کەوت. مایاکۆڤسکی خراپترین قەسیدەکانی خۆی خوێندەوە. قەسیدەگەلی بە حەماس و وردەکاری بارگران بوون. کاتێک ئەو شیعری دەخوێندەوە، خەڵکەکە مەچەکیان هەڵبڕیبوو، خۆی و دایکیان بەنەفرەت دەکرد. ئا لەودەمەدا ڤلادمێر مایاکۆڤسکی خەبەری بووەوە، چوو لە توالێت دەستەکانی بشوات.

ل/١٢١- ١٢٦.

٣

خەونی فیدریکۆ گارسیا لۆرکا، شاعیر و دژبەری فاشیزم

لە پارێزگەی گرەنادە ١٨٩٨ لەدایک بووە. لە مەدرید خوێندوویەتی، هاوڕێی گرینگترین هونەرمەندانی نەوەکەی خۆی بوو. ئەو شاعیر، موسیکزان، شێوەکار و شانۆکار بوو. لە ١٩٣٢دا، حکوومەتی کۆماری ڕای سپارد تیپێکی شانۆیی دابمەزرێنێت، پرۆژەکەی گواستنەوەی بەرهەمە کلاسیکییەکان بێت بۆ سەر شانۆ، بۆ خزمەتی ڕەشە خەڵکەکە. لێرەوە تیپی لابارکا پێک هات، کە شانۆی گەڕۆک بوو، لۆرکا بەتەواوی ئیسپانیادا دەگێڕا. لە ١٩٣٦دا، کۆمەڵەی ڕووناکبیرانی دژ بەفاشیزمی بنیات نا. لە سرووده قووڵەکان و زۆربەی شیعرەکانیدا، گۆرانیی بە باڵا و بە داوونەریتی قەرەجەکانی ئەندەلووسدا، بە ستران و عەشقی ئەواندا دەچڕی. لە

١٩٣٦دا، له نزیک گرەنادە، بەدەستی چەتەکانی فرانکۆ کوژرا.

*

شەوێک لە شەوانی ئابی ١٩٣٦، له ماڵەکەی خۆیدا له گرەنادە، فریدریکۆ گارسیا لۆرکا، شاعیر و دژبەری فاشیزم خەونێکی دیت. لەو خەونەدا لەسەر تەختەی شانۆ گەڕۆکە چکۆلەکەی خۆی بوو. بەهاوکاریی پیانۆ گۆرانیی قەرەجانەی دەچڕی. ئەو پۆشاکی ڕەشی فەرمیی پۆشیبوو، بەڵام شەپقەیەکی ئەندەلووسی، لێوار فراوانی لەسەر نابوو. جەماوەرەکەیش بریتیبوون له پیرەژنی پرسەباری شان و مل بەشاڵی ڕەش. ئەوان بەجۆش و خرۆشەوە گوێیان بۆ شل کردبوو. دەنگێک لەو هۆڵەدا داوای گۆرانییەکی لێ کرد، فیدریکۆ گارسیا لۆرکایش بۆی چڕی. گۆرانییەک بوو لەمەڕ ملانێکان و باخەیلی پرتەقاڵ، لەمەڕ ژانەکانی ئەڤین و مەرگ.

کاتێک لە گۆرانی چڕین بووەوە، فیدریکۆ گارسیا لۆرکا لەپێشیان ڕاوەستا و سڵاوی لە جەماوەر کرد. ئەوجا پەردە دادرایەوە، ئا لەودەمەدا هەستی بە لەبەینچوونی کەوالیسی پشت پیانۆکە کرد. زانی کە شانۆکە بەسەر گوندێکی چۆڵکراودا دەڕوانێت. فیدریکۆ گارسیا لۆرکا لە نێوان لۆچی پەردەکەوە ڕوانی، دیتی لە پڕێکدا هۆڵی شانۆ چۆڵوهۆڵ بووە. ڕووناکییەکانیش کز بوون. لەم چرکەساتەدا گوێی بە قروسکەیەک زرنگایەوە. لەدوایەوە سەگێکی ڕەشی دیت، کە پێ دەچوو چاوەڕوانی بێت. لۆرکا هەستی کرد دەبێ شوێنی کەوێت و هەنگاوێکی نا. وەک چاوەڕوانی ئاماژەیەک بێت پێشتر لەسەری ڕێک کەوتبێ، سەگەکە بەشێنەیی دەڕۆیشت. بۆ کوێ پێشمکەوتووی سەگە ڕەشە چکۆلانەکە؟ فدریکۆ گارسیا لۆرکا ئاوای پرسی. سەگەکە بەئازارەوە قروسکاندی و فیدریکۆ گارسیا لۆرکا موچڕکێکی پێدا هات. ئەو سووڕا و سەرنجی دواوەی دا، دیتی هەرچی پێداویستییە لە قوماش و تەختە دروستکراوەکانی شانۆکەی هەیە بەجارێک نەماون. تەنیا ژووری چۆڵی شانۆ و پیانۆکە لەوێ، لەژێر تریفەی

مانگەشەودا ماون. وەک پەنجەگەلێکی نادیار دەستگەمەی پێ بکات، پیانۆکە بەتەنیا ئاوازێکی کۆنی دەژەند. گوندەکە بەشوورەیەک دابڕابوو: شوورەیەکی سپیی درێژی بێ کەلَک، کە دەکرا لە پشتییەوە گوندێکی تر ببینیت. سەگەکە وەستا و جارێکی تر قروسکاندی. فیدریکۆ گارسیا لۆرکایش وەستا. ئا لەودەمەدا لەپشت شوورەکەوە دەستەیەک سەرباز دەرکەوتن و بەدەم پێکەنینەوە چواردەوریان گرت. جلکی ڕەنگ تۆخ لەبەردا و شەپقەی سێقۆچیان لەسەر نابوو. بەم دەست تفەنگ و بەو دەست شووشەی شەرابیان هەلَگرتبوو. سەرکردەکەیان بستەبالآیەکی بێزەوەر بوو. سەرێکی زۆر قۆقزی هەبوو. تۆ ناپاکیت، بستەبالَەکە وتی، ئێمە میرغەزەبین و بۆ گیانی تۆ هاتووین. فیدریکۆ گارسیا لۆرکا تفی کردە ڕووخساری، لە کاتێتردا سەرباز ئەویان دەردەست کردبوو. بستەبالآکە بێ شەرمانە قاقای لێ دا و بەسەر سەربازەکاندا شیڕانی کە، شەروالَەکەی دابکەنن. تۆ ژنیت، بستەبالآکە وتی، بۆ ژنان نالایقە شەروالَ لە پێ بکەن، ژنان دەبێت بەندی ژووری مالَەکانیان بن و سەریشیان بە لەچک داپۆشن. بە ئاماژەیەک لە بستەبالآوە، سەربازەکان بەستیانەوە، شەروالَەکەیان لە پێ داکەند و سەریان بەشالَێک داپۆشی. ئەی ئەو ژنە گوێڕایەلَە بۆگەنەی بەجلک خۆی وەک پیاو پێشان دەدات، بستەبالآکە وتی، کاتی ئەوەت هاتووە لە مریەمی پاکیزە بپاڕێیتەوە. فیدریکۆ گارسیا لۆرکا تفی کردە نێوچاوانی، ئەویش. بەدەم وشککردنەوەیە حیلکەحیلک پێ دەکەنی، ئەوجا دەمانچەی کێشا و لوولەکەی خستە نێودەمی فیردریکۆ گارسیا لۆرکاوە. ئەو لە هەموو لایەکی گوندەکەوە گوێی لە ئاوازی پیانۆ دەبوو. سەگەکە دەیقروسکاند. فیردریکۆ گارسیا لۆرکا گوێی لە تەقەیەک بوو. لەنێو پێخەفەکانیدا قیت بووەوە، لە خانووەکەی خۆیدا لە گرەنادە بە قۆنداخی تفەنگ لە دەرگەی مالَەکەیان دەدا.

ل/١٢٧- ١٣١

سەرچاوە: أنطونيو طابوكي، أحلام أحلام، ترجمة، رشيد وحتي، منشورات الجمل، كۆلونيا (ألمانيا)، الطبعة الأولى، ٢٠٠٧.

سەرنج: ئەنتۆنیۆ تابوکی، وێڕای ئەوەی ڕۆمانووس، چیرۆکنووس، ڕەخنەگر، وەرگێڕ و توێژەرە، حاڵی حازر مامۆستای زمان و ئەدەبی پورتوگالیشە، لە زانکۆی سینا، لە ئیتاڵیا.

# زمانی فیتوو

## ڕێگەیەکی تر بۆ ئاخاوتن

مەزاتێکەکان لە چیاکانی ئۆکساکا (Oaxaca)ی وڵاتی مەکسیک دەژین. وەلێ مەزاتێکەکان پێویستییان بە تەلەفۆنی دەستی نابێ. چونکە ئەوان دەتوانن لە دووریی پترلە دوو کیلۆمەترەوە پێوەندی لەگەڵ یەکتردا گرێ بدەن؛ بەتایبەت لەو کاتانەدا لە کێڵگەکانی قاوەدا کار دەکەن کە کەوتوونەتە قەدپاڵی چیاکان. بەڵام چلۆن ئەم کارە ڕادەپەڕێنن؟ ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر ئەوان زمانی فیکەیان گەشە پێ دا، کە هەر لەسەر زمانی ئاخاوتنیانەوە (مازاتێکۆ) بینات نراوە.

لاوێکی مازاتێک بەناوی (پێدرۆ) دەڵێ: مازاتێکۆ تۆنە زمانە. واتە کاتێ ئێمە زمانی فیتو (فیکە) بەکار دەبەین، لاساییی تۆن و ڕەزمی زمانی ئاخاوتن دەکەینەوە. ئێمە کاتێک فیکە لێ دەدەین پەنجەکانمان بەکار ناهێنین، بگرە تەنیا لێومان بەکار دێنین. برادەرەکەی پێدرۆیش سوودی زمانی فیتۆ ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ:

ئێمە ئەم شێوازە، بۆ پێوەندیی گرێدان لە دوورەوە بەکار دەبەین. بە زۆری بۆ وتوبێژی کورت. بیهێنە پێش چاوی خۆت، باوکێک کوڕەکەی بۆ کڕینی (تۆرتیللاس) ناردبێ، بەڵام بیری چووبێ داوای لێ بکات (تەماتە)یش بکڕێ. ئەگەر کوڕەکەی تەواو دوور کەوتبێتەوە و باوکی دەنگی پێیدا نەگات؛ ئەوا دەتوانێ لە ڕێی فیکەوە کورتە نامەیەکی بۆ بنێرێ.. کاتێک من سەردانی شوێنێکی چەپەک دەکەم، پێویستیم بەوە نابێ بگەڕێمەوە ماڵەوە و ئاگەداریان بکەم. هەر بەفیکە ئاگەداریان دەکەمەوە و بێ خەم بەردەوام دەبم.

پێدرۆ لەسەری دەڕوات: بۆ ئەوەی بزانین ئەوە کێیە کە دەئاخڤێ، ئەوا هەریەکەمان بە شێوەی تایبەتی خۆی فیکە لێ دەدا . بەزۆری پیاوەیلی مازاتێک زمانی فیکە بەکار دەبەن. شتێکی ئاساییە، ژنانیش تێی دەگەن و لەوانەیشە لە نێوان خێزانەکەیاندا بەکاریشی بهێنن. بەڵام ژنان لەگەڵ هەموو کەسێکدا ئەم زمانە بەکار ناهێنن. چونکە لەوانەیە کارێکی نەشیاو بێ.

زمانی فیتوو بەتەنیا بە مازاتێکەکان تایبەت نییە. بگرە لە (دوورگەکانی کەناری)یش بەکار دێت. هەروەها لە کینا و پاپوا نیو گۆیانایش بەکار دێ. بە زۆری لەنێو ئەو کەسانەدا بڵاوە، کە لە چیاکاندا و لەنێو دارستانە چڕەکاندا دەژین. بە دڵنیاییەوە زیاد لە حەفتا زمانی فیتوو هەیە! بەڵێ داهێنانەکانی مرۆڤ جێی سەرسامین، کاتێک ئەم داهێنانە لەگەڵ ئارەزوومەندییەکی لە ڕادەبەدەر یەکانگیر دەبێ. ئەویش پێوەندی گرێدانە، کە تەنیا فانتاسیا سنووری بۆ دادەنێ.

سەرچاوە:

Fljte Sprog
Vgn op, februar 2009
Af Vgn op Skribent i Mexico